پرۆژەی کتێبی گۆڤاری(کۆچ)، ژمارە ( )

لەبارەی

رۆژهەڵاتناسییەوە

ئەم بەرهەمە بە مامۆستای بەڕێزم پرۆفیسۆری

یاریدەدەر(د.کەمال عەلی) پێشکەشە

لەبارەی

رۆژهەڵاتناسییەوە

ئامادەکردنی

سەلام عەبدولکەریم

پێشەکی

حەبیب محەمەد دەرویێش

چاپی یەکەم ۲۰۱۳ .....سلێمانی

- ناوی کتێب: له بارەی رۆژهەڵاتناسییەوە
- ئامادەکردنی: سەلام عەبدولکەریم .
- دیزاینی ناوەوە: ئەرسەلان تۆفیق، لوقمان عەلی.
- دیزاینی بەرگ سۆران نەقشبەندی.
- چاپ:چاپی یەکەم.
- چاپخانەی بینایی
- شوێن: سلێمانی، ٢٠١٣
- تیراژ: ٥٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی ( ) ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

وتەیەکی پێویست لەبارەی ئەم بەرهەمەوە

بواری رووناکبیریی کوردیی لەقۆناغی دروستبوون‌و بونیاتاندایە، لەو نێوەندەشدا بەشێکی گرنگی پرۆسەی بونیاتنانەکە پەیوەستە بەکتێبخانەی کوردییەوە، بەجۆرێ کتێبخانەی کوردی پێویستی بەتێرو تەواوکردن هەیە، بەشێوەیەك کارکردن بۆپڕکردنەوەی کەلێن‌و بۆشاییەکانی ئەو کتێبخانەیە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە. بەشبەحاڵی خۆم هێندەم پێمکرابێت یاخود دەرفەتم بۆرەخسابێت، هەوڵمداوە لەبوارو پسپۆڕی خۆمەوە بنوسم‌و کاربکەم بۆئەوەی ئەو قەرزە ئاینی‌و نەتەوەیی‌و نیشتمانییەی لەسەر شانمە بەگوێرەی توانا بیدەمەوە.

لەراستیدا هیچ نەتەوەیەك ناتوانێ بوونی نەتەوایەتی خۆی بسەلمێنێت ئەگەر بێتو نەتوانێ کایەی رووناکبیری‌و رۆشنبیریی خۆی گەشە پێبدات‌و بیباتە پێشەوە. ئامادەیی کتێبخانە لەنێو هەر نەتەوەو میللەتێکدا رەگەزێکی سەرەکی ناسنامەی ئەو نەتەوەیە دەردەخات، بۆیە ئێمە کەوەك میللەتێکی چەوساوەو ژێردەستە سەردەمانێکی زۆر لەژێر دەستی داگیرکەراندا بووین، نەمانتوانیوە کار بۆکایەی رووناکبیریی‌و رۆشنبیریی‌و کتێبخانەی کوردی بکەین، بەڵام لەئێستای ئازادی کوردستاندا ئیدی دەبێ هەرکەسەو لای خۆیەوە قۆڵی مەردایەتی لێهەڵبماڵێت‌و ئەرکی خۆی بەجێبهێنێت، چونکە هێشتا لەکتێبخانەی کوردیدا زۆر بابەت‌و بوار هەن، کەزانیاری‌و کتێب‌و مەعریفەی پێویست بەزمانی کوردی لەبارەیانەوە بوونی نییە یاخود هەیە، بەڵام کەمەو وەك پێویست نییە، لەکاتێکدا خوێنەرو قوتابی‌و خوێندکاری کورد پێویست‌و ئاتاجی زۆریان هەم بۆخۆیان‌و هەم لەپرۆسەی خوێندنی زانکۆو پەیمانگەو قوتابخانەکاندا پێیەتی. بۆیە هیوادارم ئەم بەرهەمە

کەلێنێك لەو کتێبخانەیە پڕبکاتەوەو سودێکی زانستیو مەعریفیش بەخوێنەرانی کوردو قوتابیانی کورد لەهەر جێگەیەکی کوردستانو جیهاندا هەبێ بگەیەنێت.

ئەمجارەش پێمخۆشبوو بەرهەمێکی دیکە لەبوارو کایەیەکی تایبەتو جیاوازدا پیشکەشی کتێبخانەی کوردی بکەم بەناوینشانی(لەبارەی رۆژهەلاتناسییەوە)، چونکە هەردوو بابەتی رۆژهەلاتناسییو کوردسناسیی لەقۆناغی زانکۆ لەزانکۆکانی کوردستاندا وەك بابەت دەخوێنرێنو توێژینەوەیان لەبارەوە دەنوسرێت، بەڵام زانیاریو کتێبو سەرچاوەی پێویست بەزمانی کوردی لەبارەیانەوە کەمو دەگمەنەو نییە، بۆیە وەك هەستکردن بەبەرپرسیارێتییەك بەپێویستمزانی سەرەتا لەگۆڤاری(کۆچ) ئەو دوو بابەتە وەك دۆسیەو مەلەفی گۆڤارەکە لەدوو ژمارەی سەربەخۆدا بخەینەڕوو، بەخۆشحاڵییەوە دەستەی گۆڤارەکە ئامادەسازی بۆکردو توانرا بەشێکی زۆری ئەم بەرهەمەی لێبکەوێتەوەو لەدواتردا بەگرنگمانزانی لەچوارچێوەی کتێبێکی سەربەخۆدا بەچاپی بگەیەنین، بۆیە بەسوپاسەوە بەشی رووناکبیریی سەنتەری ئێلبەگی جاف وەك پرۆژەی کتێبی کۆچ، خەرجی بەچاپ گەیاندنی ئەم کتێبەیان گرتە ئەستۆو توانرا بەهاوکاری هەموو لایەك بکەوێتە بەردەستی خوینەرانی کوردو کتێبخانەی کوردییەوە.

بێگومان ئەم بەرهەمە هەوڵو ماندووبوونی هەموو ئەو بەڕێزانەیە، کەوەك نووسەرو ئامادەکردنو وەرگێڕان بابەتیان نوسیوەو پێشوەخت لەگۆڤارەکەدا بڵاوکرداوەتەوەو لەپێڕستو لەگەڵ بابەتەکانی خۆیاندا ناوەکانیان نوسراوەو ئەرکی ئامادەکردنو کارکردنیش بۆی وەك کتێبو سەرچاوەیەکی زانستی کەوتە سەرشانی من، بۆئەوەی ئەگەر گۆڤارەکە

هەواڵنامەی کتێبی

نەگەیشتبێتە دەستی خوینەرانی کورد، لانیکەم ئەم کتێبە بگاتە بەردەستیان‌و سودی لێوەربگرن. هەر سەرنج‌و پێشنیازو تێبینی‌و رەخنەیەکیش هەبێت بەخۆشحاڵییەوە لەڕێگەی ئەو ئیمەیلەی خۆمەوە لەخزمەتی هەموو خوێنەرێکدام وەریبگرین‌و بۆچاپەکانی داهاتوو سودی لێوەربگرین.

لەکۆتاییدا بەپێویستی دەزانم ئەرک‌و ماندووبوونی ئەم بەرهەمەم پیشکەشی مامۆستای زۆر بەڕێزو ئازیزم(د.کەمال عەلی) مامۆستا لەبەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی بکەم، کەوەک باوک‌و براو مامۆستایەک بەردەوام هاندەرو هاوکاری سەرەکی من بووە بۆئەوەی لەبواری خوێندندا زیاتر بچمەوە پێشەوەو خزمەتی زیاتر بەنەتەوەکەم بکەم، بۆیە ناتوانم چاکەی گەورەی ئەو بەسەر خۆمەوە لەیاد بکەم‌و دەمەوێت ئەگەر بەم بەرهەمە بچووکەش بێت، هیچ نەبێت پاداشتی بەشێك لەچاکەکانی بدەمەوەو هیوادارم لێم قبوڵ بکات.

هەواڵنامەی کتێب

سەلام عەبدولکەریم

خوێندکاری دکتۆرا

لەبواری مێژووی نوێ و هاوچەرخ

زانکۆی سلێمانی

Salam_۸۰jornalist@yahoo.com

هەوالنامەی کتێب

پێشەکی

رۆژهەڵاتناسیی یەکێکە لەو بابەتە زانستیە گرنگانەی لێکۆڵینەوەیەکی وردو خوێندنەوەیەکی قوڵی هەمەلایەنەی گەلانی رۆژهەڵاتە لەروی سیاسیو کۆمەڵایەتیو سایکۆلۆجیو جوگرافی...، کە لەلایەن رۆژئاواوە کراوە بۆ رۆژهەڵات، خوێندنەوەیەك، کە توانیویەتی هەمو لایەنە بەهێزو لاوازەکانی کۆمەڵی رۆژهەڵات دیاریبکات، بێگومان لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتیەکان زیاتر لەدەوری دوئامانجی سەرەکی دەسوڕێنەوە، ئامانجێکیان تەنها لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بێ مەبەستە، واتە کەسی لێکۆڵەری رۆژهەڵاتناس توێژینەوەیەکی زانستی روت دەکات لەسەر ئەوگەلەی کە دیاریکردوەو ئەو بوارەی کە مەبەستیەتی توێژینەوەی لەسەربکات، واتە کەسی توێژەر کەسێکی زانستی رۆژئاواییەو مەبەستێکی زانستیشی هەیە لەلێکۆڵینەوەکەداو لەکۆتاییدا توێژینەوەیەکی پێشکەشکردو بۆ ناسینی ئەو گەلە وژهەڵاتیەی تەنها گەلە نارۆژهەڵاتیەکان کەسانی زانستی سودی لێوەرناگرن، بەڵکو خودی ئەو گەلەی دیراسەکەی لەسەرکراوە دەتوانێت سودی لێوەربگرێتو خوێندنەوەی وردتر لەسەرخۆی بکاتو گەشە بەلایەنە پۆزەتیڤەکان بدات لەهەمو رویەکەوەو لێکۆڵینەوەش لەو نەهامەتیانە بکات کە کەلێنی نێگەتیڤین لەژیانو مێژوویدا.

ئامانجەکەی تری لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتیەکان کەلەلایەن رۆژئاواوە لەسەریکراوە دیراسەیەکی ئامانجدارەو بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کە بریتیە لەبەکارهێنانێکی ئەو لێکۆڵینەوانە لەلایەن دەوڵەتە رۆژئاواییە کولونیاڵەکانەوە بۆ دیاریکردنی ستراتیژو تەکتیکی پێویست بۆمەبەستی توپۆڵکردنو داگیرکردنێکی زانستییانەی ئەو گەلانە، واتە کەسی توێژەر یان

هەوالنامەی کیب

ئەو گروپە رۆژهەلاتانەسە گروپێکی زانستی دەوڵەتیە بەهەرناوێکەوە بێت کە هەڵدەستێت بەتوێژینەوەو خوێندنەوەیەکی قوڵی گەلێکی رۆژهەلاتی دیاریکراو لەروی سیاسیو ئابوریو سایکۆلۆجیو مێژووی.... بەمەبەستی دۆزینەوەی هەمو خاڵە بەهێزو لاوازەکانی ئەو گەلانە بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا دەرئەنجامێکی زانستی ئەوتۆ بەرهەمبێت کە یارمەتی دەوڵەتە داگیرکارەکان بدات بۆ ئەوەی بتوانێت رێگا زانستیەکان بەکاربهێنێ بۆ دەستەمۆکردنی ئەو گەلانە.

هەرچۆنێك بێت ئەو دیراساتە رۆژهەلاتناسیانە، کە بێگومان تائێستاش هەر بەردەوامە، دنیایەك لەلێکۆڵینەوەو دیراساتە کە بەداخەوە لەلایەن ئێمەی کورد زۆر بەکەم نەبێت خوێندنەوەی بۆ نەکراوە لەکاتێکدا ئێمەی کورد بۆ زانینی مێژووی خۆمان زیاتر پشت بەمێژوو دەبەستین کە رۆژهەلاتناسەکان نوسیویانە، چونکە گەلی ژێردەستە بوینو نەتوانراوە هەمو مێژووی خۆمان بنوسینەوەو تائێستاش زۆر لەروداوە مێژووییەکان وەك گرێیەك ماوەتەوەو لەلامان روون نیە.

رۆژهەلاتناسیی لەلایەن زۆربەی گەلانەوە خوێندنەوەی بۆ کراوەو ئەو تێڕوانینە رۆژئاواییە جاریێکیتر لەلایەن خودی رۆژهەلاتەوە بەرهەمهاتوەتەوەو تاڕادەیەك هەندێك لێکۆڵینەوە توانیویەتی لەرێگای خوێندنەوەی دەقە رۆژهەلاتناسیەکان رۆژئاواش بخوێندرێتەوە، واتە جارێکیتر ئەو دەقانە بەرهەمهێنراوەتەوە کە پێدەچێ یەکێك لەو دیراساتانە خوێندنەوەکەی ئیدوارد سەعیدە بەناوی رۆژهەلاتناسیی(الاستشراق) کە بوەمایەی چەندەها خوێندنەوەی ترو مشتومڕو رەخنە.

هاوڵاتیی کێبڕکێ

ئێمەی کورد زۆر پێویستمانە دیراسات لەسەر رۆژهەڵاتناسیی بکەین، ئەوەندەی بەئێمە کرابێت لەگۆڤاری (کۆچ) تەرخانکردنی دو ژمارەی گۆڤارەکە بو بۆ (رۆژهەڵاتناسییو کوردناسیی) کە هیوادارین دەرگایەك بوبێت بۆ توێژەرو ئەکادیمی کورد بۆ لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی فراوانتر لەسەر رۆژهەڵاتناسیی، لێرەشدا دەستخۆشی لە (م. سەلام عەبدولکەریم) دەکەین، کە ئەرکی بەکتێبکردنی ئەو بابەتانەی گرتە ئەستۆ بۆ ئەوەی هەمو بابەتەکان لەشێوەی کتێبێکدا بکەوێتە بەردەستی خوێنەری کورد بۆ زیاتر سودوەرگرتن لێی، کە پێدەچێ گۆڤارەکە بەو شێوەیە نەکەوێتە بەردەست.

حەبیب محەمەد دەرویش

سەرنوسەری گۆڤاری(کۆچ)

هەوڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

خوێندنگە رۆژهەڵاتناسییەکان

و: سەلام عەبدولکەریم

خوێندنگەی رۆژهەڵاتناسیی ئیتالی

(١)

بێگومان دەبێت لەئیتالیاوە دەستپێبکەین، چونکە لانکەی توێژینەوە عەرەبیو ئیسلامییەکان لەئەوروپابووە، بەجۆرێك پاپاکان رووبانکردە توێژینەوەی زمانی عەرەبی، لێرەوە بڕیارێکی پاپایەتی بۆدامەزراندنی شەش کۆرسی زمانە رۆژهەڵاتییەکانو زمانی عەرەبی لەزانکۆکانی(پاریس، کامبردج، سلامنکا، پۆلۆنیا، ئۆکسفۆرد) دەرچوو. هاوکات کۆمەڵێك لەمەسیحییەکانی وڵاتی شام هاوکارییان لەگەڵ کەنیسەی کاسۆلیکیدا بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی کاسۆلیکییەت لەرۆژهەڵاتدا کرد، ئەم هاوکاریو هاریکارییەش بەیەکگرتنی هەردوو کەنیسەی مارۆنیو کاسۆلیکی لەساڵی(١٥٧٥)دەستیپێکرد، مارۆنییەکان هەستان بەوەرگێڕانی ژمارەیەك کتێبی ئایینی بۆ سەر زمانی عەرەبی.

بایەخدانی ئیتالیا بەجیهانی ئیسلامی بەردەوامبوو، رۆژهەڵاتناسان لەبواره جۆراوجۆرەکاندا دەرکەوتن، بۆ نموونە رۆژهەڵاتناس(لیون کایتانی) دانراوە گەورەکەی بەناونیشانی حەولییات ئەلئیسلامی(حولیات الاسلامی) بڵاوکردەوە. رۆژهەڵاتناس(کارلۆ نیللینو)ش، گەردوونناسیو وێژەیی لەزانکۆی قاهیرە خوێندووە.

ناودارترین رۆژهەڵاتناسانی خوێندنگەی رۆژهەڵاتناسیی ئیتالی:

هەولێر کتێب

١-ديفيد سانتيلانا(david santillana١٨٥٥-١٩٣١ز):

ئەم رۆژهەلاتناسە لەولاتی میسر لەدایکبووە، بڕوانامەی دکتۆرای لەبواری یاسا لەزانکۆی رۆما بەدەستهێناوەو پسپۆڕی لەفیقهی ئیسلامیوفەلسەفەی ئیسلامیدا وەرگرتووە، لەدانانی هەردوو یاسای مەدەنیو بازرگانی بەپشتبەستن بەشەریعەتی ئیسلامی کارئاسانیکردووە. لەزانکۆی میسر وەکو مامۆستای مێژووی فەلسەفە کاریکردووە، پاشان لەزانکۆی رۆما وەکو مامۆستای یاسای ئیسلامی کاریکردووەو زۆر بەرهەمووپاشماوەی لەبواری فیقەو یاسای بەراوردکاریدا هەیە.

٢- لیونی کایتانی caetani leone(١٨٩٦-١٩٢٦ز):

لەدیارترین رۆژهەلاتناسانی ئیتالییە، چەند زمانێکی لەوانە زمانی عەرەبیو فارسی زانیوە. وەکو باڵوێزی وڵاتەکەی لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاریکردووە، هەروەها سەردانی زۆر لەولاتانی رۆژهەلاتی کردووە، وەك هیندستانو ئێرانو میسرو سوریاو لوبنان. دیارترین دانراوەکانی بریتییە لەکتێبی حەولییات ئەلئیسلامی(حولیات الاسلامی)، کە پێکهاتووە لە(١٠دە) بەرگو تیایدا دەربارەی مێژوویی ئیسلام تاوەکو ساڵی(٣٥ك) دواوەو زۆر لەپارەو سامانەکەی لەنێرژە زانستییەکان بۆتوێژینەوەی ناوچەکانی رۆژهەلات بەخشیوە، کتێبەکەی بەناوی(حولیات الاسلامی) بەمەرجەعێکی گرنگ بۆ زۆر لەرۆژهەلاتناسان دادەنرێت.

٣- کارلۆ نیللینۆ carlo alfonso nallino(١٨٧٢-١٩٣٨ز):

لەشاری تۆرینۆ لەدایکبووە، زمانی عەرەبی لەزانکۆی تۆرینۆ فێربووە. وەکو مامۆستای زمانی عەرەبی لەپەیمانگەی زانستی رۆژهەلات لەشاری

هەولێر بۆ کتێب

ناپۆلی ، پاشان لەزانکۆکانی پالێرمۆو رۆما کاریکردووە. هاوکات وەکو مامۆستای مێژوو، توێژینەوە ئیسلامییەکان لەزانکۆی رۆما دەستنیشانکراوە. لەلایەن زانکۆی میسریشەوە وەکو وانەبێژێك بۆ بواری گەردوونناسیوپاشان لەئەدەبی عەرەبیودواتریش لەمێژووی باشووری دوورگەی عەرەبی لەقۆناغی پێش هاتنی ئایینی ئیسلامدا بانگهێشتکراوەو وانەی وتووەتەوە.

خوێندنگەی رۆژهەڵاتناسیی هۆڵاندی

(٢)

خوێندنگەی رۆژهەڵاتناسیی هۆڵاندی بەیەکێك لەخوێندگە گرنگەکان دادەنرێت، بەشێوەیەك رۆڵو پێگەی تایبەتی خۆی لەبواری توێژینەوە رۆژهەڵاتناسییەکاندا هەیە. لەم نێوەندەدا کتێبەکەی د.قاسم سامەڕائی بەناونیشانی(رۆژهەڵاتناسیی لەنێوان بابەتیبوونو هەڵچووندا) بەمەرجەعێکی گرنگ لەبواری توێژینەوەی رۆژهەڵاتناسیی هۆڵاندیدا دادەنرێت، بەجۆرێك باسی لەوە کردووە رۆژهەڵاتناسیی هۆڵاندی لەرۆژهەڵاتناسیی ئەورووپی جیاواز نییە، چونکە هۆڵاندا لەخولگەی پاپایەتی کاسۆلیکیدا سووڕاوەتەوەو بایەخی گرنگی بەتوێژینەوەی رۆژهەڵات داوە.

رۆژهەڵاتناسە هۆڵاندییەکان بایەخیان بەزمانی عەرەبیو موعجەمەکانیان داوە، هەروەك بایەخیشیان بەلێوردبوونەوەوساغکردنەوەی دەقو تێکستە عەرەبییەکانیش داوە. ئەو تایبەتمەندێتییەی رۆژهەڵاتناسیی هۆڵاندی لەوانیتر پێجیادەکرێتەوە، بریتییە لەبوونی دامەزراوەی(برل)، کەچاپکردنی فەرهەنگی ئیسلامیو بڵاوکردنەوەی لەهەردوو چاپی

یەکەمودووەمیدا گرتەئەستۆ. هەروەك ئەو دامەزراوەیە هەڵدەستێ بەچاپکردنی زۆر کتێب دەربارەی ئیسلامو مسوڵمانان. دیارترین رۆژهەڵاتناسە هۆڵاندییەکان بریتین لە(سنوك هور گرونیە)، کە بانگەشەی مسوڵمانبوونی خۆی کردووەو ناوی خۆی ناوە(حاجی عەبدولغەفار)، بەجۆرێك رۆیشتووە بۆ شاری مەککەو گەشتێکی بۆ ئەو شارە ئەنجامداوەو بۆماوەی(٦)شەش مانگ تیایدا ماوەتەوە، تاوەکو دەسەڵاتدارانی سعودییە لەوڵاتە دەریانکردووە. پاشان گەشتی کردووە بۆوڵاتی ئیندۆنیسیا بۆکارکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هۆڵاندا بۆ هاوکاریکردنی داگیرکاری هۆڵاندی لەو وڵاتە.

لەناودارانیتری رۆژهەڵاتناسیی هۆڵاندی(دی خویە)مان هەیە(ساڵی ١٩٠٩ز مردووە)، دیسان(فنسنك) یەکێکیترە لەرۆژهەڵاتناسە ناوداڕەکانی هۆڵاندا، کەخاوەنی دانراوی موعجەم ئەلموفەهرەس لیئەلفاز ئەلحەدیس ئەلشەریف(معجم المفهرس لالفاظ الحدیپ النبوی)، هاوکات کتێبێکیشی لەبواری بیروباوەڕی ئیسلامیدا هەیە. جگە لەمانە رۆژهەڵاتناسانیتری وەکو(ونسنك و دوزی)یش رۆڵی خۆیان لەنێو خوێندنگەی رۆژهەڵاتناسیی هۆڵاندیدا هەبووە.

د.قاسم سامەڕائی لەکتێبەکەیدا باسی لەوە کردووە رۆژهەڵاتناسیی هۆڵاندی لەساڵانی رابردوودا دەرکەوتنی رەوتو گرووپێکی لەرۆژهەڵاتناسە لاوەکان بەخۆوە بینیوە، بەتایبەت ئەوانەیان ئارەزوویان بەلای تێڕوانینی بابەتییانەدا بۆ ئایینی ئیسلامو کێشەکانی هەبووە، دەرکەوتنی ئەم رەوتە رۆژهەڵاتناسە لاوانە تورەیی رۆژهەڵاتناسە بەتەمەنەکانی وروژاند. بەهەرحاڵ هۆڵاندا مەڵبەندێکی بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە عەرەبیو

هەواڵنامەی کتێب

ئیسلامییەکان لەوڵاتی میسردا هەیە. زانکۆی لیدن ڕێکخستنی کۆنگرەیەکی جیهانی دەربارەی ئیسلام لەسەدەی بیستویەکدا، کە لەڕۆژی(١٩٩٦/٧/٣) بەڕێوەچوو، بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کاروباری ئیندۆنیسی گرتە ئەستۆ. لەکۆنگرەکەدا(١٢٠) سەدوبیست لێکۆڵەرو توێژەر لەسەرانسەری جیهاندا ئامادەبوون، ئەندامانی کۆنگرەکە توێژینەوەیان دەربارەی ڕەوشی جیهانی ئیسلامی لەسەدەی داهاتوودا(کەمەبەست پێی سەدەی بیستویەکە– وەرگێڕ)، لەمیانەی سێ تەوەرەدا پێشکەشکرد، کەبریتیبوون لە:

ئەلف– ئیسلامو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

بێ– ئیسلامو گەشەپێدان.

جیم– ئیسلامو خوێندن.

کۆنگرەی دووەم لەوڵاتی میسر گرێدرا، کەشەقڵێکی فەرمییانەی هەبوو، هەروەك زۆریش لەکۆنگرەی یەکەم زانستیتر بوو. تائێستاش(دیارە مەبەست کاتی نووسینی ئەم بابەتەیە– وەرگێڕ) کۆنگرەی سێیەم نەبەستراوە.

گرنگترین ناودارانی ڕۆژهەڵاتناسیی هۆڵاندی

١–رانیهارت دوزی rienhart dozy(١٨٢٠–١٨٨٣ز):

لەڕۆژی(١٩٢٠/٢/٢١) لەشاری لیدن لەدایکبووە، لەقۆناغی ناوەندیدا دەستی بەخوێندنی زمانی عەرەبی کردووەو درێژەی بەو خوێندنە لەزانکۆدا داوە. ساڵی(١٨٨١) دەربارەی توێژینەوەکەی بەناونیشانی ئەخبار بەنی عەباد عەن ئەلکوتتاب ئەلعەرەب(اخبار بنی عباد عن الکتاب العرب) بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە. ئەم ڕۆژهەڵاتناسە بایەخی

هەوڵنامەی کتێب

بەدەستنووسە عەرەبییەکان داوە، بەتایبەت کتێبی ئەلزەخیرە(الژخیرە)ی ئیبن بەسامو جگە لەویش بایەخی بەکتێبەکانیتر داوە. هاوکات بایەخی بەمێژووی مسوڵمانان لەئەندەلوس داوەو دیارترین کتێبی بریتییە لەکتێبی(مێژووی مسوڵمانان لەئیسپانیا)، کە لەچەند بەرگێك پێکهاتووە.

٢- مایکڵ دی خویە Michael de goje(١٨٣٦-١٩٠٩ز):

لەرۆژی(١٨٣٦/٨/٩) لەدایکبووە. لەزانکۆی لیدن خۆی بۆتوێژینەوە رۆژهەڵاتییەکان تەرخانکردووە، مامۆستاکانی بریتیبوون لەرۆژهەڵاتناس(دوزی)و نامەی دکتۆراکەی بەناونیشانی نموونەیەك لەنووسراوە رۆژهەڵاتییەکان لەپەسنی مەغریبدا نموزەج مین ئەلکیتابات ئەلشەرقییە فی وەسف ئەلمەغریب(نموژج من الکتابات الشرقیە فی وصف المغرب)، کە لەکتێبی مەعجەمولبولدان(معجم البلدان)ی یەعقوبییەوە وەرگیراوە. ئەم رۆژهەڵاتناسە لەبواری وانەوتنەوە لەزانکۆی لیدن کاریکردووە، گرنگترینو دیارترین بایەخدانەکانی لەبواری جوگرافیاو مێژووی ئیسلامیدا بووە. لەبەرهەمەکانیشی لێوردبوونەوەو ساغکردنەوەی کتێبی فتوحولبولدان(فتوح البلدان)ی بلازەرییە. هەروەك بەشداریو سەرپەرشتیارێتی لەلێوردبوونەوەوساغکردنەوەی کتێبی تاریخ ئەلتەبەری(تاریخ الگبری)دا کردووەو بەرهەمی زۆری تری هەبووە.

٣- سنوك هور گرونیە Christian snouk hurgronga(١٨٥٧-١٩٣٦ز):

لەرۆژی(١٨٥٧/٢/٨) لەدایکبووە، زانستی ئایینناسیی(لاهوتی) خوێندووە، پاشان دەستی بەخوێندنو توێژینەوەی زمانی عەرەبیو ئیسلامی لەسەر دەستی رۆژهەڵاتناس(دی خویە) کردووە. لەسەر دەستی

رۆژهەلاتناسانی دیکەی وەك رۆژهەلاتناسیی ئەڵمانی(نۆلدکە)وانەی خوێندووە. نامەی دکتۆراکەی دەربارەی حەج لەشاری مەککە سالّی(١٨٨٠) بووە. وەك مامۆستا لەپەیمانگەی پێکهێنانو دروستکردنی فەرمانبەران لەهیندی رۆژهەلات(ئیندۆنیسیا) کاریکردووە. ئەم رۆژهەلاتناسە مسوڵمانبوونی خۆی راگەیاندووەو ناوی خۆی ناوە عەبدولغەفارو گەشتی بۆ شاری مەککە کردووەو ماوەی(٦) شەش مانگو نیو تیایدا ماوەتەوە، لەو ماوەیەدا ناسراویو زانیاری لەسەر ژمارەیەك کەسایەتی شاری مەککە پەیداکردووە، بەتایبەت ئەو کەسانەیان، کەبنەچەورەچەڵەکیان بۆ دوورگەکەکانی ئیندۆنیسیا گەڕاوەتەوە. بابەتو کەرەستەی کتێبەکەی زانیاریو مەعریفەیە دەربارەی شاری مەککە. دواتر گواستویەتییەوە بۆ کارکردن لەئیندۆنیسیاو بۆ خزمەتکردنی کۆلۆنیالیزمی هۆڵاندی چووەتە ئەو وڵاتە، بەشێوەیەك وەکو راوێژکاری کارگێڕی کۆلۆنیالەکان لەسالّی(١٨٩١) کاریکردووە. رۆژهەلاتناس سنوك هور گرونیە بەنموونەی ئەو رۆژهەلاتناسانە دەژمێردرێت، کەخزمەتی گەورەی کۆلۆنیالیزمی کردووەو بەشێکی زۆری زانستو مەعریفەکەی بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوەو خستوویەتییە خزمەتییەوە.

٤- ئەرنست ونسنك wensik arnest(١٨٨٢- ١٩٣٩):

لەسەر دەستی رۆژهەلاتناس هۆتسمانودی خویەو سنوك هور گرونیەو سخاو قوتابی بووە. لەتوێژینەوەکەیدا بەناونیشانی(محەممەدو جوولەکە لەمەدینە)سالّی(١٩٠٨) بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە. دەستی بەکارکردن لەکتێبی موعجەم ئەلموفەهرەس لیئەلفاز ئەلحەدیس ئەلشەریف(معجم المفهرس لالفاڤ الحديپ الشريف) بەپشتبەستن بەژمارەیەکی

گەورە لەتوێژەرانوکۆمەککردن لەلایەن ئەکادیمیای زانستەکان لەشاری ئەمستردامودامەزراوە هۆڵاندیوئەوروپییەکانیترەوە کردووە. کتێبێکی لەبواری پەراوێز نووسینی فەرموودەدا فەهرەسەت ئەلحەدیس(فهرسه الحديپ) کەفوئاد عەبدولباقی وەریگێڕاوە بەناونیشانی میفتاح کونوز ئەلسوننە(مفتاح كنوز السنه) دەرکردووە. ئەم رۆژهەڵاتناسە سەرپەرشتی چاپکردنی کتێبەکانی رۆژهەڵاتناس سنوك هور گرونیەی لەشەش بەرگدا کردووە. خۆیشی چەند دانراوێکی هەیە لەوانە کتێبێك لەبواری بیروباوەڕی ئیسلامی، گەشەکردنو پەرەسەندنی مێژوویی.

٥- جاك واردنبرگ waardenberg Jacque(١٩٣٠-١٩٩٥):

لەرۆژی(١٩٣٠/٣/١٥) لەدایکبووە. یاسای لەزانکۆی ئەمستردام خوێندووەو دیسان زانستی لاهوتی لەهەمان زانکۆ خوێندووە، زمانی عەرەبی لەماوەی نێوان(١٩٥٣-١٩٥٦) لەزانکۆی ئەمستردامو لەزانکۆی لیدنو لەقوتابخانەی زمانە زیندووە رۆژهەڵاتییەکان لەپاریس خوێندووە. واردنبێرگ یارمەتییەکی رێکخراوی یۆنسکۆی بۆسەردانی هەندێ دەوڵەتی عەرەبیوئیسلامی بەدەستهێناوە، بۆیە سەردانی هەریەکە لەئێرانو لوبنانو میسرو ئەردەنی کردووە. نامەی دکتۆراکەی بەناونیشانی(ئیسلام لەئاوێنەی رۆژئاوادا)یە، کە لەزانکۆی ئەمستردام پێشکەشیکردووە.

هاوکات لەپەیمانگەی توێژینەوە ئیسلامییەکان لەزانکۆیەك لەکەنەدا لەماوەی نێوان(١٩٦٢- ١٩٦٣) وانەی وتۆتەوە. هەستاوە بەئەنجامدانی گەشتی زانستی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی زانکۆکان لەجیهانی عەرەبیدا بۆهەریەکە لەوڵاتانی تونسولوبنانوسوریاوعێراقوئەردەن کردووە. لەلایەکیترەوە وەکو توێژەرێکی گەشتیار لەزانکۆی کالیفۆرنیا- لۆس

ئەنجلۆس کاریکردووەو لەبواری وانەوتنەوەشدا لەزانکۆی ئۆتریخت لەهۆلاندا لەنێوان ساڵانی(١٩٨٧–١٩٨٨) کاریکردووە، پاشان گواستیویەتییەوە بۆ زانکۆی لۆزان لەسویسراو تاوەکو خانەنشین بووە ساڵی(١٩٩٥) تیایدا ماوەتەوە. ئەم رۆژهەلاتناسە بەرهەمی زۆری لەبواری توێژینەوە ئیسلامییەکاندا هەیە، لەوانە کتێبی(ئیسلام لەئاوێنەی رۆژئاوادا)و(واقیعی زانکۆ عەرەبییەکان) کەدوو بەرگە. هەروەها کتێبی(رێگە کلاسیکییەکان بۆ توێژینەوەی ئایین)، سەرەڕای ئەمانە لەنووسینەوەی ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامیدا(دائرە المعارف الاسلامیە) بەشداریکردووەومادەی رۆژهەلاتناسانی لەو ئەنسکلۆپیدیایە نووسیوە.

خوێندنگەی رۆژهەلاتناسیی فەرەنسی

(٣)

خوێندنگەی رۆژهەلاتناسیی فەرەنسی لەگرنگترین خوێندنگە رۆژهەلاتناسییەکان دەژمێردرێت، بەتایبەتی لەکاتی دامەزراندنی خوێندنگەی زمانە زیندووە رۆژهەلاتییەکان ساڵی(١٧٩٥)، کەرۆژهەلاتناسیی ناودار(سلفستر دی ساسی) سەرکردایەتیکرد. ئەم رۆژهەلاتناسە بەراگری رۆژهەلاتناسیی ئەورووپی لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم بەبێ رکابەر دەژمێردرێت.

د.قاسم سامەرائی لەکتێبێکیدا دەنوسێت:"سلفستر دی ساسی، رۆژهەلاتناسیی ئەورووپی، بەبۆیەیەکی فەرەنسی بۆیە کردووە"، بەڵام بایەخدانەکانی دی ساسی هەمەچەشن بوون، بەشێوەیەك زمانی عەرەبیو ئەدەبی عەرەبیو میژووی گرووپەکانو جوگرافیای گرتووەتەوە. هەروەها

ماوەیەك بووە، كەبریتیبووە لەوەی پسپۆڕی تێدا ونكراوە، بەجۆرێك رۆژهەڵاتناس بەچوونە ناوەوەی بۆ ئەم بوارە وا گومانی دەبرد دەتوانێت لەهەموو شتێكدا بنووسێت، كەپەیوەندی بەئایینی ئیسلامو موسوڵمانانەوە هەبێت، بەڵام ئەم تەوژمە زۆر بەردەوامبووە دوای ئەو ماوەیە تاوەكو رۆژی ئەمڕۆمان.

رۆژهەڵاتناسیی فەرەنسی پێش هەڵمەتەكەی فەرەنسا بۆ سەر میسرو دوای ئەویش چالاكبووە، ناپلیۆن لەگەڵ خۆیدا ژمارەیەكی گەورەی لەزانایان لەبوارە جۆراوجۆرەكان بۆمیسر بردووە، بۆئەوەی موسوڵمانانو زانایانیان بەشارستانییەتی رۆژئاوا سەرسامبكات. هەروەها بۆزیاتر توێژینەوەی رەوشی كۆمەڵگە ئیسلامییەكان. دەربارەی ئەو هەڵمەتە كتێبێكی قەبە بەناونیشانی(پەسنی میسر) دەرچوو. نفوزی رۆژهەڵاتناسیی فەرەنسی دوای گەیشتنی محەمەد عەلی پاشا بۆ دەسەڵات لەمیسر بەردەوامبوو، بەشێوەیەك نێرژە زانستییەكان لەسەردەمی محەممەد عەلی پاشادا دەستیپێكردو لەژێر سەرپەرشتی رۆژهەڵاتناسیی فەرەنسی(جۆمار)دا بوو.

تورکیاو ئێرانو مەغریب نێرژەی هاوشێوەیان نارد. (د.محەمەد سەباغ) لەكتێبەكەیدا دەربارەی نێرژە ناردنو مەترسییەكانی دەنوسێت:"هۆكار لەوەدا بوو یەكەم نێرژە زانستییەكان رووبەرەكردە فەرەنسا، لەبەرئەوەی یەكەم دەوڵەتی ئەوروپییە، كەسیكولاریزمی وەك میتۆدی ژیان وەرگرتووە، هاوكات گەندەڵی رەوشتی(الفساد الاخلاقی) تیایدا بەبەراورد بەدەوڵەتە ئەوروپییەكانیتر زیاتر بڵاوبووەتەوە".

مەنونی لەكتێبەكەیدا بەناونیشانی(هەستانەوەی مەغریبی عەرەبی نوێ) باس لەوە دەكات سەرپەرشتیاری سەر لیژنە مەغریبییەكە بۆ

دەسەڵاتدارانی فەرەنسای نووسیوە: "رێگەبدەن بەو کەسانەی دێنە ناو فەرەنسا بۆماوەیەکو دوای کۆتایی هاتنی کارەکەیان لەفەرەنسا بمێننەوە، بۆئەوەی بەشارستانییەتی رۆژئاواو مەزنێتی فەرەنسا تێربین". رۆژهەڵاتناسیی ئینگلیزی(بەرنارد لویس) دەڵێت:"مامۆستا فەرەنسییەکان، ئەوانەی فەرەنسا ناردبوونی بۆ راهێنانی سوپای تورکی لەگەڵ خۆیاندا کتێبی هەڵبژێردراویان هەڵگرتبوو لەبوارەکانی ئەدەبو هزر هەڵگرتبوو، هەروەک خوێندکارە نێردراوەکان لەسەر خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبو رۆشنبیری هاندەدران".

فەرەنسییەکان لەسەردەمی ئێستادا زۆر مەڵبەندی توێژینەوەی رۆژهەڵاتناسییان دامەزراندووە، لەوانە(زانکۆی سۆربۆن لەپاریسو زانکۆی کانو بەشە زانستی زانکۆکانو زانکۆی لیۆنو زانکۆی ئێکس، ئێن بروفانسو جگەلەوانیش لەمەڵبەندە گرنگەکان)، ئەمانە بریتین لەپەیمانگەی توێژینەوەی کۆمەڵگە ناوەندییەکان. هەروەها مەڵبەندی توێژینەوەو توێژینەوەی جیهانی عەرەبیو ئیسلامی، ئێستا فەرەنسا میوانداری ژمارەیەک توێژەری موسوڵمان دەکات، کە لەرووی بیروباوەڕو هزرییەوە لایانداوەو دەرفەتیان بۆ رەخسێنراوە بۆ بڵاوکردنەوەو پەخشکردنی بیروبۆچوونەکانیان.

هەواڵنامەی کتێب

ناودارترین رۆژهەلاتناسانی خوێندنگەی رۆژهەلاتناسیی فەرەنسی

١- سیلفستەر دی ساسی(silversterde sacy) ١٧٥٨ – ١٨٣٨.

لەشاری پاریس لەساڵی(١٧٥٨) لەدایکبووە، زمانی لاتینیو یۆنانی فێربووە، پاشان لەسەردەستی هەندێ کەس وانەی خوێندووە، وەك قەشە(مۆرو بارکارۆ). دواتر زمانەکانی عەرەبیو تورکیو فارسی خوێندووە. لەسەر بڵاوکردنەوەی دەستنووسە رۆژهەلاتییەکان لەکتێبخانەی نیشتمانی پاریس کاریکردووەو ژمارەیەك توێژینەوەی دەربارەی عەرەبو ئەدەبیات نووسیوەو ژمارەیەك لەدەستنووسەکانیشی ساغکردۆتەوە.

وەك مامۆستای زمانی عەرەبی لەخوێندنگەی زمانە رۆژهەلاتییە زیندووەکان لەساڵی (١٧٩٥)دامەزراوەو کتێبێکی لەبواری(نەحو) بۆ سەر زمانی ئینگلیزیو ئەڵمانیو دانیمارکی وەرگێڕاوە، ساڵی(١٨٣٣)یش بووە بەبەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە.

کاتێك کۆمەڵەی ئاسیایی دامەزرا، ساڵی(١٨٢٢) وەك سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردراوە، گرنگترین بایەخپێدانەکانی دەربارەی(دروزییەکان) بووەو لەمبارەیەوە کتیبێکی دەربارەیان لەدوو بەشدا داناوە. ولاتی فەرەنسا لەسەردەمی ئەم رۆژهەلاتناسەدا رووگەی رۆژهەلاتناسان لەهەموو سەرانسەری کیشوەری ئەوروپا بووە. یەکێك لەلێکۆڵەران دەڵێت:"سیلفستەر دی ساسی رۆژهەلاتناسیی لەسەردەمی خۆیدا بەبۆیەی فەرەنسی بۆیەکردووە". دی ساسی لەگەڵ حکومەتی فەرەنسیدا کاریکردووەو کاری وەرگێڕانی بەیاننامەکانی حکومەتی فەرەنسا بووە، کە لەکاتی داگیرکردنی جەزائیرو لەکاتی داگیرکردنی میسریشدا لەهەڵمەتەکەی ناپلیۆنەوە ساڵی(١٧٩٨)دا بڵاودەکرانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

٢- لویس ماسینیۆن:(Massingon luis)(١٨٨٣ - ١٩٦٢):

لەشاری پاریس لەدایکبووەو بڕوانامەی دبلۆمی خویندنی بالای لەتوێژینەوە دەربارەی مەغریب بەدەستهێناوە، بڕوانامەی دبلۆمی لەزمانی عەرەبی لەقوتابخانەی زمانە رۆژهەلاتییە زیندووەکان(فوسحەو گشتی)دا بەدەستهێناوە. سەردانی هەریەکە لەجەزائیرو مەغریبی کردووەو لەجەزائیر پەیوەندی لەنێوان خۆی‌و هەندێ لەگەورە رۆژهەلاتناسان لەنموونەی گولدزیهرو ئاسین بلاشیرو سنوك هورخرونییەو لێ شاتیلیەدا بەستووە.

ئەم رۆژهەلاتناسە پەیوەندی بەپەیمانگەی فەرەنسی بۆ شوێنەوارە رۆژهەلاتییەکان لەقاهیرە چەند سالێك(١٩٠٧-١٩٠٨)دا کردووەو لەسالی(١٩٠٩) بۆ میسر گەڕاوەتەوەو لەوێ هەندێ وانەی لەزانکۆی ئەزهەر وتووەتەوەو جلوبەرگی ئەزهەری پۆشیوە. سەردانی زۆر ولاتی ئیسلامی کردووە، لەوانە حیجازو قاهیرەو قودسو لوبنانو تورکیا. وەك یاریدەدەری توێژەر لەکۆرسی کۆمەلناسی ئیسلامی لەپەیمانگەی فەرەنسا سالانی(١٩١٩-١٩٢٤) کاریکردووەو سالانی(١٩٢٦ - ١٩٥٤) بووە بەمامۆستای کۆرسی ناوبراوو بەڕێوەبەری توێژینەوەکان لەقوتابخانەی زانستی بالا تاوەکو خانەنشینبوونی سالی(١٩٥٤).

ماسینیۆن بەبایەخدان بەتەسەوفی ئیسلامی بەناوبانگە، بەتایبەت حەلاج، بەشێوەیەك دیوانی ئەلتەواسین(الگواسین)ی حەلاج ساغکردۆتەوەو نامەی دکتۆراکەیشی بەناونیشانی(ئازارەکانی حەلاج، شەهیدی تەسەوف) لەدوو بەشدا بووەو لەکتێبێکدا، کەلاپەڕەکانی لەهەزار لاپەڕە زیاتر دەبێت بلاوکردووەتەوە. ئەم کتێبە بۆسەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوە. هاوکات ماسینیۆن بایەخیشی بەشیعەو شیعەگەرایی داوە. لویس ماسینیۆن بەوە

ناسراوە، کەپەیوەندی لەگەڵ حکومەتی فەرەنسیدا هەبووەو پرسو ڕاوێژی پێکراوە.

٣- ریجیس بلاشیر(R.L.BLACHER) ١٩٠٠ – ١٩٧٣:

لەشاری پاریس لەدایکبووەو خوێندنی ناوەندی لە(دار ئەلبەیزا)وەرگرتووەو زمانی عەرەبی لەکۆلێژی ئەدەبیات لەجەزائیر تەواوکردووە، ژمارەیەك پۆستی زانستی گرتووەتەدەست، لەوانە مامۆستای زمانی عەرەبی لەپەیمانگەی(مەولای یوسف) لەریباتی پایتەختی مەغریبو بەڕێوەبەری پەیمانگەی توێژینەوەی باڵای مەغریب بووە(١٩٢٤–١٩٣٥). هەروەها مامۆستای کۆرسی ئەدەبی عەرەبی بووە لەقوتابخانەی زمانە رۆژهەڵاتییە زیندووەکان لەپاریسو مامۆستای وانەبێژ بووە لەزانکۆی سۆربۆن. پاشان بەڕێوەبەری قوتابخانەی توێژینەوەی باڵاو زانستی بووە، دواتریش مامۆستای زمانی عەرەبیو شارستانیەتی عەرەبی بووە لەپاریس. دیارترین بەرهەمەکانی وەرگێڕانی ماناکانی قورئانی پیرۆز بووە لەگەڵ کتێبێکیتر بەناونیشانی(وی ئەدەبی عەرەبی) لەدوو بەشدا، کەئیبراهیم گەیلانی بۆسەر زمانی عەرەبی وەریگێڕاوە. هاوکات کتێبێکی دیکەی هەیە بەناونیشانی(ئەبو تەیبی موتەنەبی) توێژینەوەیەکە لەمێژووی ئەدەبیدا.

٤- مەکسیم رۆدنسۆن(Maxin Rodinson) ١٩١٥:

لەرۆژی(١٩١٥/١/٢٦) لەشاری پاریس لەدایکبووەو بڕوانامەی دکتۆرای لەئەدەبیاتدا بەدەستهێناوە، پاشان بڕوانامەی لەقوتابخانەی نیشتمانی بۆ زمانە رۆژهەڵاتییە زیندووەکانو قوتابخانەی زانستی باڵا بەدەستهێناوە، ژمارەیەك پۆستی زانستی لەهەریەکە لەسوریاو لوبنانو لەپەیمانگە شوێنکەوتەکانی حکومەتی فەرەنسی لەوێ گرتووەتەدەست. هەروەها

هەوالنامەی کتێب

پۆستی بەڕێوەبەری توێژینەوەکانی لەقوتابخانەی زانستی بۆ توێژینەوەی بالا، بەشی زانستە مێژوویی‌و زمانەوانییەکان گرتووەتەدەست، پاشان تیایدا لەبەشی زانستە ئابووری‌وکۆمەڵایەتییەکان وانەبێژ بووەو ژمارەیەك میدلیای ویسام‌و خەڵاتی لەلایەن دامەزراوە زانستییە فەرەنسی‌و ئەورووپییەکانەوە پێبەخشراوە. ژمارەیەك دانراوی هەیە لەوانە(ئیسلام‌و سەرمایەداری)و(کێشکردنی ئیسلام)و(محەممەد)و(ئیسرائیل‌و رەتکردنەوەی عەرەب). هەروەك ژمارەیەك توێژینەوەی مێژوویی‌و مێژوویی ئابووری لەجیهانی ئیسلامیدا هەیە.

دواجار خوێندنگەی رۆژهەڵاتناسیی فەرەنسی چەندین رۆژهەڵاتناسی دیکەی لەخۆگرتووە، وەك:(هنری لاوست، کلود کاهین، شارل بیلا، ئەمیل درمنجهم، لویس گاردییە، رۆژهەڵاتناسیی فەرەنسی بەڕەچەڵەك بەلجیکی لامانس، ئەندرییە ریمۆندو روبید مانتران‌و جگەلەوانیش).

خوێندنگەی رۆژهەڵاتناسیی ئینگلیزیی

(٤)

یەکەم بەشی زمانی عەرەبی لەزانکۆکانی بەریتانیا لەساڵی(١٨٣٢–١٨٣٦) لەهەر دوو زانکۆی کامبردج‌و ئۆکسفۆرد بەدوای یەکدا دامەزرا، خوێندنی عەرەبی ئیسلامی شەقڵێکی تاکەکەسی بەسەردا زاڵبوو، بەڵام لەوکاتەدا کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی لێبڕاوانە لەسەر تەواوکردنی داگیرکاری خۆی لەسەر هیندستان کاریدەکرد، پاشان تەسلیمکردنەوەی بەحکومەتی بەریتانی. کۆمپانیاکە هەستا بەدامەزراندنی مەڵبەندە رۆژهەڵاتناسییەکان لەهیندستان بۆراهێنانی فەرمانبەران، تاوەکو بتوانن

هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەیدا بکەن. کۆمەڵە رۆژهەڵاتناسییەکانیشی دامەزراند وەك کۆمەڵەی بەنگالی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، مەڵبەندە رۆژهەڵاتناسییەکان لەبەریتانیا بڵاوبوونەوەو شاری لەندەنی پایتەخت چۆڵبوو، نموونەی ئەم مەڵبەندانە تاوەکو سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لۆرد کیرزن لەیەکێك لەدانیشتنەکانی پەرلەماندا، راشکاوانە پێویستی دامەزراندنی نموونەی ئەم مەڵبەندانەی راگەیاندو پێیوابوو لەپێکهاتە پێویستەکانی ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیای ئەو سەردەمەیە. هاوکات قوتابخانەی توێژینەوە رۆژهەڵاتی‌و ئەفریقییەکان لەساڵی ١٩١٦ز دامەزراو هەندێ لەگەورە رۆژهەڵاتناسانی لەنموونەی تۆماس ئەرنۆلدو ئەلفرید جیرۆمو جگەلەوانیش بۆ گوێزرایەوە، قوتابخانەکەش لەگەشەکردن‌و پەرەسەندن بەردەوامبوو، تاوەکو بوو بەمەڵبەندی رۆژهەڵاتناسیی یەکەم لەبەریتانیاو حکومەتی بەریتانیا لیژنەیەکی راسپارد بۆتوێژینەوەی بارودۆخی توێژینەوە ئیسلامی‌و ئەوروپییە رۆژهەڵاتییەکان‌و رۆژهەڵاتی‌و ئەفریقییەکان لەساڵی(١٩٤٧). لیژنەکە راپۆرتێکی دانا، کەراسپاردەی گرنگی لەخۆگرتبوو، لەوانە زیادکردنی پاڵپشتیکردنی ناوەندەکانی توێژینەوە رۆژهەڵاتناسییەکان‌و دەستەبەرکردنی زۆر لەوەزیفە‌و هاوکاری بۆ توێژەران، لیژنەکە لایەنە سودمەندەکانی لەو توێژینەوانە دیاریکرد، کەبریتیبوون لەحکومەتی بەریتانی لەپلەی یەکەمدا، نێرژە مژدەدەرییەکان‌و دەزگای وێستگەی بەریتانی‌و وەزارەتی بازرگانی‌و دامەزراوە بازرگانییەکان، کەبەرژەوەندی خۆیان لەجیهانی ئیسلامیدا هەبوو. حکومەتی بەریتانیا پێویستی بەچاوگێڕانەوە بەبارودۆخی توێژینەوە عەرەبی‌و ئیسلامییەکاندا دوای شەڕی دووەمی جیهانی هەبوو، بۆیە لەمبارەیەوە لیژنەیەکی سەرۆکایەتی سێر ولیام هایر

هەوڵدەری کتێب

سالّی(١٩٦١) رایسپاردن بۆئەوەی بەم کارە هەستنو دامەزراوەی رۆکفللر کۆمەکی دارایی پێشکەش بەو لیژنەیە کرد، بۆ دابینکردنی(١٠) زانکۆی ئەمریکیو دوو زانکۆی کەنەدی بۆ سودوەرگرتن لەئەزموونی ئەمریکی لەبواری توێژینەوە عەرەبیو ئیسلامییەکاندا، لیژنەکە راپۆرتی خۆی پێشکەشکرد، کەپوختەی گەشتە ئەمریکییەکەو چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی توێژینەوە عەرەبیو ئیسلامییەکان لەزانکۆی بەریتانیا لەخۆگرتبوو. راسپاردەی دیکەشی سەرلەنوێ بۆ پاڵپشتیو کۆمەکیکردنی ئەو توێژینەوانەو سود وەرگرتنی شارەزایی ئەمریکا لەو بوارەدا لەخۆگرتبوو.

ناودارترین رۆژهەلاتناسانی خوێندنگەی رۆژهەلاتناسیی ئینگلیزیی:

١- ولیام بدوین(William bedwen) ١٥١٦ – ١٦٣٢:

وەك سەرپەرشتیاری کەنیسەی(ئێلیزەبێرگ) کاریکردووەو لەگەڵ کارکردنی کەنیسەییدا سەرقاڵی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەزمانی عەرەبی بووە. نووسینەکانی زیاتر پڕبوون لەنووسینی بوغزو رقاوی دژی ئیسلامو دەربارەی پەیامبەر محەمەد(د.خ).

٢- جۆرج سیل(GORGE SALE) ١٦٩٧ – ١٧٣٦:

لەشاری لەندەن لەدایکبووە، لەسەرەتاوە پەیوەندی بەفێربوونی تیۆلۆژیا(ئایینناسی)یەوە کردووەو لەسەر دەستی مامۆستایەك لەسوریا فێری زمانی عەرەبی بووەو زمانی عیبریشی زانیوە. لەدیارترین کارەکانی وەرگێڕانی ماناکانی قورئانی پیرۆز بووەو پێشەکیشی بۆ نووسیوە، کەهەندێ توێژەری جیهانی ئیسلامی پێیانوایە ئەو پێشەکییە گومانو

قسەهەڵبەستنی زۆری تێدایە، بەڵام عەبدولڕەحمان بەدەوی دەڵێ:"وەرگێڕانەکەی سیل رووندو ئاشکراو پتەوە، بۆئەوەش بەدرێژایی سەدەی هەژدە برەوێکی مەزنی پەیداکردووە، بەجۆرێك لێیەوە قورئان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەڵمانی سالّی١٧٤٦". لەبابەتێکی تردا بەدەوی دەڵێ:"سیل بەرامبەر ئیسلام بەهۆی بیروبۆچونەکانیەوە کەسێکی بەویژدان بووە، سەرەڕای ئەوەی بەشێوەیەکی دەمارگیرییانە بەمەسیحو مژدەدەرە مەسیحییەکانو بڕیارە پێشووە ساختەکانیان باوەڕدار بووە".

٣- دیفید ساموێل مرگلیوس (SAMUEL MARGOLIOUTH DAVID) ١٨٥٨ - ١٩٤٠:

ژیانی زانستی بەتوێژینەوەی یۆنانیو لاتینی دەستپێکردووەو پاشان بایەخی بەخوێندنی زمانە سامییەکان داوەو دواتریش فێری زمانی عەرەبی بووە. لەگرنگترین دانراوەکانی ئەو بەرهەمانەیە، کە لەژیاننامەی پێغەمبەرایەتیدا نووسیویەتی، لەگەڵ کتێبەکەی دەربارەی ئیسلام، ئەم کتێبە بەدەمارگیریو لایەنگیریو دوورکەوتنەوە لەبابەتیبوونو زانستیبوون دەناسرێنەوە، وەك عەبدوڕەحمان بەدەوی پەسنی کردووە. هەروەها بایەخی بەکولتوری عەرەبی وەك بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی ئەدەبیاتی یاقوتی حەمەویو نامەکانی ئەبو عەلای مەعەریو جگەلەوانیش لەتوێژینەوەیتر داوە.

هاوڵاتیامەی کتێب

٤-تۆماس ولّکەر ئارنۆلّد(SIRTHOAS WOLKER ARNOLD) ١٨٦٤- ١٩٣٠:

ژیانی زانستی لەزانکۆی کامبردج دەستپێکردووە، بەشێوەیەک خۆشەویستی بۆزمانەکان دەرکەوتووەو فێری زمانی عەرەبی بووە. وەک تۆێژەرێک لەزانکۆی(عەلی کرا) لەهیندستان کاریکردووە، لەوێ(١٠)ساڵی بەسەربردووەو لەو ماوەیەدا کتێبە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی(بانگەواز بۆ ئیسلام) داناوە، پاشان وەک مامۆستای فەلسەفە لەزانکۆی لاهور کاریکردووە. لەساڵی(١٩٠٤) بۆ لەندەن گەڕاوەتەوە بۆئەوەی ببێتە ئەمینداری یاریدەدەری کتێبخانەی کارگێڕی حکومەتی هیندی شوێنکەوتەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، لەهەمانکاتیشدا وەک مامۆستای ناموتەفەریغ لەزانکۆی لەندەن کاریکردووە.

ساڵی(١٩٠٩) بۆ ئەوەی ببێتە سەرپەرشتیاری گشتی بەسەر قوتابیە هندییەکانەوە لەبەریتانیا هەڵبژێردراوە، لەو وەزیفە زانستییانەی تیایدا بەشداریکردووە ئەندامێتی دەستەی نوسەرانی فەرهەنگی ئیسلامی لەچاپی یەکەمدا بووە، کە لەشاری لیدن لەهۆڵەندا دەرچووەو پەیوەندیشی بەقوتابخانەی توێژینەوە رۆژهەڵاتیو ئەفریقییەکان لەزانکۆی لەندەن دوای دامەزراندنی ساڵی (١٩١٦)کردووە. دواجار وەک مامۆستای گەشتیار لەزانکۆی میسر ساڵی(١٩٣٠) کاریکردووە. چەند دانراوێکی هەیە، جگەلە کتێبەکەی(بانگەواز بۆ ئیسلام)، لەوانەش کتێبی(جێنشینی)و کتێبێکیتری دەربارەی بیروباوەڕی ئیسلامی هەیە. لەنووسینی کتێبی کولتوری ئیسلام لەچاپی یەکەمدا بەشداریکردووە، سەرەڕای چەندین نووسینو توێژینەوەیتر لەبواری هونەرە ئیسلامییەکاندا. هەرچەندە ناوبانگی ئارنۆلّد ئەوەیە، کە

لەرۆژهەڵاتناسە میانڕەوەکانە، بەڵام دوای توێژینەوەی ورد لەنووسینەکانی بۆمان دەردەکەوێت، کە لەگەڵ رۆژهەڵاتناسیی جگەلەخۆی بەشداری لەتانەدان لەئایینی ئیسلام بەشێوازێکی هێمن کردووە، بەتایبەتی لەکتێبەکەیدا(جێنشینی)و هەروەها لەکتێبی(بانگەواز بۆ ئیسلا)یشدا. هەروەک یەکێک لەتوێژەران لەپەیمانگەی جیهانی بۆ بانگەوازی ئیسلامی لەشاری مەدینە ئەمەی رووونکردۆتەوە.

٥- سیر هاملٚتون جب(SINLTOIL TON R.A.GIBB):

هاملٚتون جب لەشاری ئەسکەندەریە لەرۆژی(١٨٩٥/١/٢) لەدایکبووە. لەتەمەنی پینج سالٚیدا بۆ ئیسکوتلەندا بەمەستی خوێندن گوازراوەتەوە، بەڵام هاوینی لەگەڵ دایکی لەئەسکەندەرییە بەسەربردووە. بۆخوێندنو توێژینەوەی زمانە سامییەکان پەیوەندی بەزانکۆی ئەدنبرەوە کردووە. وەک وانەبێژێک لەقوتابخانەی توێژینەوە رۆژهەڵاتیو ئەفریقییەکان لەزانکۆی لەندەن سالٚی(١٩٢١) کاریکردووەو لەپلەو پۆستە ئەکایمییەکاندا پلە پلە چووەتەسەر، تاوەکو بووە بەمامۆستای زمانی عەرەبی سالٚی(١٩٣٧).

بۆبەڕێوەبردنی پۆستی کۆرسی زمانی عەرەبی لەزانکۆی ئۆکسفۆرد هەلٚبژێراوەو دواتر گواستوویەتییەوە بۆوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆئەوەی وەک بەڕێوەبەری مەلٚبەندی توێژینەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی هارڤارد کاربکات، دوای ئەوەی وەک مامۆستای زمانی عەرەبی لەزانکۆی ناوبراو کاریکردووە. سەرەڕای بایەخدانی زمانەوانی، جب بایەخیشی بەمێژووی ئیسلامو بلاوبوونەوەیداوە، بەگەورە رۆژهەڵاتناسان لەنموونەی تۆماسوئارنۆلدو جگەلەوانیش کاریگەرو سەرسامبووە. دیارترین بەرهەمەکانی جب بریتییە لە: کتیبی(والاکارییە ئیسلامییەکان لەئاسیای

ناوەڕاست) لەسالّی)(١٩٣٣)و(توێژینەوە لەئەدەبی عەرەبی هاوچەرخ)و (ئاراستە نوێیەکان لەئیسلامدا). لەدانانی کتێبی(ئیسلام بۆ کوێ ئاراستەدەکرێت)یشدا بەشدارکردووە. هاملتون جب لەبایەخدانو توێژینەوەی زمانو ئەدەبو مێژووەوە گواستویەتییەوە بۆ بایەخدان بەتوێژینەوەی جیهانی ئیسلامی هاوچەرخ، کە جێگەی روانینی رۆژهەلّاتناسیی ئەمریکییە، کاتێك بۆ توێژینەوە هەرێمی یان توێژینەوەی ناوچەکان دامەزرا، جب کتێبیکی هەیە بەناونیشانی(محەمەدیزم) پاشان جارێکیتر بلّاویکردەوە بەناونیشانی(ئیسلام)، دواجار کتێبێکیشی دەربارەی پەیامبەری ئیسلام(د.خ) هەیە.

٦- مونتگمری وات(MONTGOMERY WATA):

لەکریس فایف لەرۆژی(١٩٠٩/٣/١٤) لەدایکبووە، باوکی قەشە ئەندرۆ وات بووەو وانەی لەهەریەکە لەئەکادیمیای لارخ(١٩١٤-١٩١٩)و لەکۆلێژی جۆرج واتسۆن لەئەدنبرەو زانکۆی ئەدنبرە لەسالّی(١٩٢٧-١٩٣٠)و کۆلیژی بالیول لەئۆکسفۆرد(١٩٣٠-١٩٣٣)و زانکۆی جینا لەئەلّمانیا(١٩٣٣)و زانکۆی ئۆکسفۆردو زانکۆی ئەدنبرە لەماوەی(١٩٣٨-١٩٤٠)و بۆ(١٩٤٣) لەسەریەك خوێندووە.

وەك چاودێرو سەرپەرشتیاری چەند کەنیسەیەك لەلەندەنو لەئەدنبرە کاریکردووەو لەبواری ئیسلامدا لای قەشەی ئەنجلیکانی لەقودس پسپۆڕە، دوای خانەنشینکردنی بۆ کارکردن لەپۆستە ئایینییەکاندا گەڕاوەتەوە.

وەك سەرۆکی بەشی زمانی عەرەبیو توێژینەوە ئیسلامییەکان لەزانکۆی ئەدنبرە لەماوەی(١٩٤٧-١٩٧٩) کاریکردووە، پلەی مامۆستایەتی زانکۆی سالّی(١٩٦٤) بەدەستهێناوە بۆ کارکردن وەك مامۆستای گەشتیار

لەهەریەك لەم زانكۆیانەی خوارەوە بانگهێشتكراوە:(زانكۆی تۆرنتۆ١٩٦٣و١٩٧٨، كۆلیژی فەرەنسا لەپاریس ساڵی ١٩٧٠و زانكۆی جۆرج تاون لەواشینتۆن ساڵی١٩٧٨–١٩٧٩).

چەندین دانراوی دەركردووەو بڵاوكردووەتەوە لەبەناوبانگترینیان ئەمانەن:

- محەمەد لەمەككەو محەمەد لەمەدینە.
- محەمەد پەیامبەرو پیاوی دەوڵەت.
- فەلسەفەی ئیسلامیو بیروباوەڕ.
- هزری سیاسی ئیسلامی.
- كاریگەری ئیسلام لەئەوروپای سەدەكانی ناوەڕاستدا.
- فەندەمیتالیزمی ئیسلامیو نوێبوونەوە.
- پەیوەندییە ئیسلامییە– مەسیحییەكان.

لەكۆتا كتێبەكانیشی:

- حەقیقەتی ئایین لەسەردەمی ئێستاماندا ساڵی(١٩٩٦).
- ماوەی پێكهاتنی هزری ئیسلامی ساڵی(١٩٩٨).
- كورتەی مێژووی ئیسلام ساڵی(١٩٩٥)و جگە لەم كتێبانە زۆریترییش.

بەم نزیكانە خانەنشینكراوەو ئێستا وەك سەرپەرشتیارو چاودێری یەكێك لەكەنیسەكان لەناوچەی ئەدنبرە كاردەكات.

٧– ئارسەر جۆن ئاربری(Arthar gohan Aeberry) ١٩٠٥ – ١٩٦٩:

لەرۆژی ١٩٠٥/٥/١٢ ز لەشاری پۆرتسمۆس لەباشووری بەریتانیا لەدایكبووەو پەیوەندیكردووە بەزانكۆی كامبردجەوە بۆ خوێندنی زمانە

کلاسیکییەکان وەک لاتینیوێنانی، لەلایەن یەکێک لەمامۆستاکانیەوە کە ناوی(منس) بووە هاندراوە بۆ خوێندنی زمانی عەرەبیو فارسی، گەشتی کردووە بۆ میسر بۆ پەیوەندیکردنوتەواوکردنی خوێندنی عەرەبی، گەڕاوەتەوە بۆ میسر جارێکیتر بۆ کارکردن لەکۆلێژی ئەدەبیاتو وەک سەرۆکی بەشی توێژینەوە دێرینەکان(یۆنانیولاتینی)، هەروەها سەردانی فەلەستینوسوریاو لوبنانی کردووە.

بایەخی بەئەدەبی عەرەبی داوەوشانۆیی(مەجنون لەیلا)ی ئەحمەد شەوقی وەرگێڕاوە، هەروەک کتێبی ئەلتەعەڕوف ئیلا ئەهل ئەلتەسەوف(التعرف الی اهل التصوف) کردووە، درێژەیداوە بەبایەخدانەکانی بەتەسەوف ئەوەش بەبڵاوکردنەوەی کتێبی ئەلمەواقیف وەلموخاتەبات (المواقفوالمخاگبات)ی نقرسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی.

ئاربری لەگەڵ وەزارەتی جەنگی بەریتانیا لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا کاریکردووەو بایەخیداوە بەراگەیاندنوسانسۆری پۆستە. ساڵی ١٩٤٣ز کتێبەکەی بەناونیشانی:(رۆژهەڵاتناسە بەریتانییەکان) دەرکرد، پۆستی مامۆستای کۆرسوزمانی عەرەبی لەقوتابخانە توێژینەوە رۆژهەڵاتیوئەفریقییەکان گرتەدەست، پاشان گواستییەوە بۆ زانکۆی کامبردج بۆ گرتنی پۆستی مامۆستایی کۆرسی زمانی عەرەبی لەو زانکۆیە دیارترین کۆششەکانی ئاربری وەرگێڕانی ماناکانی قورئانی پیرۆز بووە، بەشێوەیەک یەکەم هەڵبژاردنەکانی لەهەندێ ئایەتی قورئانی پیرۆز لەگەڵ پێشەکییەکی درێژدا دەرکردووەو پاشان وەرگێڕانەکەشی تەواوکردووەوساڵی ١٩٥٥ بڵاویکردووەتەوە.

٨- بێرنارد لویس(Berratd lewis) ١٩١٦ز

لویس لەرۆژی ١٩١٦/٥/٣١ز لەدایکبووەوفێرکردنی یەکەمی لەکۆلێژی ولّسۆن‌وقوتابخانەی پیشەیی پێگەیشتووە، بەشێوەیەك خوێندنی ناوەندی تەواو کردووەو هیچ سەرچاوەیەك باس لەوە ناکات کە زانیاری ئایینی جوولەکەی تایبەتی پێگەیشتبێ‌وخوێندبێت.

پەیوەندیکردووە بەزانکۆی لەندەنەوە بۆ خوێندنی مێژوو، پاشان گواستوویەتییەوە بۆ فەرەنسا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆم لەتوێژینەوە ساماییەکاندا ساڵی ١٩٣٧وەك خوێندکارێك لەسەر دەستی رۆژهەلّاتناسیی فەرەنسی لویس ماسینۆن‌و جگەلەویش، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ زانکۆی لەندەن‌وقوتابخانەی توێژینەوە رۆژهەلّاتی و ئەفریقییەکان و بڕوانامەی دکتۆرای ساڵی ١٩٣٩ز دەربارەی نامە بچووکەکەی سەبارەت بەرەچەلّەك‌وبنەچەی ئیسماعیلیە بەدەستهێناوە لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا بانگکراوە بۆ بەجێهێنانی خزمەتی سەربازی‌وخزمەتەکانی بۆ وەزارەتی دەرەکی لەساڵی ١٩٤١ – ١٩٤٥ز خواستراوە لەساڵی ١٩٤٩ بووە بەمامۆستای کۆرسی مێژووی ئیسلامی ساڵی ١٩٤٩و پاشان بووە بەسەرۆکی بەشی مێژووی گشتی ساڵی ١٩٥٧ز وەك سەرۆکی ئەم بەشە ماوەتەوە تاوەکو گواستوویەتییەوە بۆوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵی ١٩٧٤ز.

بۆ کارکردن وەك مامۆستای گەشتیار لەژمارەیەك لەزانکۆی ئەمریکی‌وئەوروپییەکان بانگهێشتکراوە لەوانە زانکۆی کۆلۆمبیاو ئەندیاناو کالیفورنیا لەلۆسئەنجلوس‌وزانکۆی ئۆکلاهۆماو برنستۆن کە گوازراوەتەوە بۆی‌وتیایدا ساڵی ١٩٧٤ز کاریکردووە تاوەکو خانەنشینبوونی ساڵی ١٩٨٦ز لێرەدا وەك بەڕێوەبەری بەشداری پەیمانگەی ئەنانبرگی جوولەکە بۆ

توێژینەوەی جوولەکەیی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەشاری فیلادلفیا لەولایەتی پەنسلڤانیا دامەزراوە.

لویس بەیەکێك لەو رۆژهەلاتناسانە دادەنرێت کە بەرهەمی یەکجار زۆری هەبووە(توانای هەبووە لەسەر گێڕانەوەودووبارەبوونەوەی هەندێ لەو شتانەی کە پێشتر بەشێوەیەکیتر بڵاوێکردوونەتەوە.. بایەخدانی لویس هەمەچەشنوهەمەجۆر بووە لەمێژوویی ئیسلامیدا بەشێوەیەك دەربارەی گرووپی ئیسماعیلییەکانوحەشاشییەکانودەربارەی مەزهەبەجیاوازەکان لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا شتی نووسیوە، هەروەها دەربارەی خودی کۆمەڵگەی ئیسلامی شتی نووسیوە، بەڵام لەساڵەکانی دواییدا پێش کەمێك لەخانەنشینکردنی دەستیکردووە بەبایەخدان بەکێشەکانی جیهانی عەرەبیو ئیسلامی هاوچەرخ، بۆیە دەربارەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان(فەندەنێتالیزم)و دەربارەی ئیسلامودیموکراسی شتی نووسیوە.

خزمەتو راوێژەکانی بۆ هەر یەکە لەحکومەتی بەریتانی کە رایسپاردووە بەگەشتێك بۆ ژمارەیەك لەزانکۆکانی ئەمریکاووتاردانی رادیۆییوتەلەفزیۆنی، ساڵی ١٩٤٥ز پێشکەشکردووە، هەروەك راوێژپێکردنی بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا زیاتر لەجارێك پێشکەشکردووە، لەیەکێ لەجارەکاندا لە١٩٧٤/٣/٨ز وتارێکی بۆ ئەندامانی لیژنەی کاروباری دەرەوە لەکۆنگرێسی ئەمریکا دەربارەی کێشەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست پێشکەشکردووەولەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیلەوە پاش دوو هەفتە لەپێشکەشکردن بڵاوکردووەتەوە.

قوتابخانەی رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی

(٥)

رۆژهەڵاتناسیی لەسەرەتاکانی نۆزدەیەم دەستیپێکردو شەقڵی ئایینی بەسەریدا زاڵبوو، بەڵام لەگەڵ بێئاگانەبوونی خواستە سیاسییەکاندا، بۆیە چۆن بۆ بەریتانیا ئیمپراتۆرییەتێك دەبێت کە خۆری لێ ئاوانەبێت، بەڵام بۆ ئەمریکا بایەخدانی کۆڵۆنیالیزمی ئەبێت، هەر دوو ئامانجەکە بەشداربوونوکۆمەڵەی رۆژهەڵاتی ساڵی(١٨٤٠ز) دامەزراوتوێژەرانی خۆی نارد بۆ جیهانی عەرەبیو ئیسلامی، هەندێ زانکۆی ئەمریکی سووربون لەسەر ئەوەی دەستنووسە ئیسلامییەکان چنگبخەن، بۆیە زانکۆی برنستون(**Princeton**) رێژەیەکی لەدەستنووسەکان کڕی تاوەکو وایلێهات دووەم گەورەترین کۆمەلەدەستنووسە ئیسلامییەکانی لەخۆگرت.

نێرژە مژدەدەرەکان لەوڵاتی شام چالاکبوونوکەوتنە جموجوڵوخوێندنگەو پەیمانگەی زانستی دامەزرا، لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەشداو لەساڵی(١٨٨٩ز–١٣٠٧ك) پێشەنگەکانی نێرژە عەرەبییەکان گەیشتنە بەسرە بەسەرۆکایەتی رۆژهەڵاتناسیی بەناوبانگ(ساموێل زویمر)و ئەو نێرژەیە تاوەکو ساڵی(١٩٧٣ز) بەردەوامبوو. رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی دوای نیوەی سەدەی بیستەم رێسانسێکی تەواوی بەخۆوەبینی کاتێك بەریتانیا شوێنەکانی خۆی بۆ نفوزی ئەمریکا چۆڵکرد، هەروەك(مایلز کۆپلاند) لەکتێبەکەیدا:(گەمەی نەتەوەکان) باسیکردووە، ئەمریکییەکان بیستیانەوە کە پێویستیان بەژمارەیەکی گەورە لەتایبەتمەندەکان لەکاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، بۆیە حکومەتی ئەمریکی ساڵی(١٩٥٢ز) مەرسومێکی دەرکردوبەگوێرەی ئەو مەرسومە رێژەیەکی

گەورەی بۆ هاندانی زانکۆکان تەرخانکرد بۆ کردنەوەی بەشەکانی توێژینەوە عەرەبی‌و ئیسلامییەکان، بۆ ئەوەش پسپۆڕی لەم بوارەدا لەزانکۆ ئەورووپییەکان هێناو پێشکەشیکرد، لەبەریتانیا هەر یەکە لە(گوستاف ڤۆن گرۆنباوم‌وهاملتۆن جب‌وبەرنارد لویس)و جگەلەوانیش ئامادەبوون، (هاملتۆن جب) مەڵبەندی توێژینەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەزانکۆی (هارڤارد) دامەزراند و(گرۆنباوس)یش مەڵبەندێکی لەزانکۆی کالیفۆرنیا لەشاری لۆس ئەنجلۆس دامەزراند.

توێژینەوە عەرەبی‌و ئیسلامییەکان لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا گەشەیسەند بۆ وەرگرتنی چەمکێکی نوێوشێوەیەکی نوێ، بۆیە تا ئاستێکی گەورە سەردەمی رۆژهەڵاتناسی وا بانگەشەی بۆ خۆی دەکرد کە هەموو شت کە تایبەت بێت بەجیهانی عەرەبی‌و ئیسلامییەوە دەزانێت لەهەموو بوارەکاندا، توێژینەوەکان زۆرترین وردی‌وتایبەتمەندی لەناوچەیەکی دیاریکراوولەلقێك لەلقەکانی مەعریفەدا لەخۆگرت.. ئەم نوێکردنەوەیە بواری کردەوە لەبەردەم تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکاندا بۆ کارئاسانیکردن لەپەرەسەندن‌وگەشەسەندنی توێژینەوە عەرەبی‌و ئیسلامییەکاندا بەشێوەیەك هەندێ لەنامەی زانستی بۆ ماستەرو دکتۆرا لەژێر سەرپەرشتی زیاتر لەبەشێکی زانستیدا بێت، هەروەك دەربارەی رۆژهەڵاتناسی هۆڵاندی‌و ئەڵمانی باسکراوە، بەبوونی دەنگی میانڕەو، بۆیە لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ژمارەیەك لەتوێژەرەوان دەرکەوتن کە بانگەوازی راوەستاندنی شێواندنی بەئەنقەستی وێنەی ئیسلام‌وموسڵمانیان لەمیدیای ئەمریکیدا یان لەنووسراوە ئەکادیمییەکاندا دەکرد، لەوانەش بۆ نموونە(ئیسپۆزیتۆم) بوو، هەروەك تێبینیدەکەیت، کە هەندێ لەوانەی لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا

هاوسۆز بێت، دەرك بەزیادەڕۆیی ئەمریكا دەكات لەپشتگیریكردنی بەرژەوەندییەكانی جوولەكەوپێشخستنی تەنانەت بەسەر بەرژەوەندیوڵاتەیەككگرتووەكاندا، لەگەڵ رێزماندا بۆ هەر یەكێك كە دەربارەی ئیسلام بەباشی دەدوێت، بەڵام دەبێ بیخەینە ژێرئاگاییەوە، هەروەك پێویستە لەسەر موسڵمانان كە سووربن لەسەر ئەوەی دەبێت بوونیان هەبێت لەنەخشەی میدیای رۆژئاوادا.. ئەم بەشە پێناسەی هەندێ لەدیارترین رۆژهەڵاتناسانی ئەمریكی لەخۆدەگرێت بەناونیشانی(لاپەڕەیەك لەرۆژهەڵاتناسیی ئەمریكی هاوچەرخ) كە بریتییە لەبەشێك لەكتێبێك بەناونیشانی(توێژینەوە لەرۆژهەڵاتناسیی ئەمریكی هاوچەرخ)و لەشاری جدە سالّی(١٤٢٠ك/٢٠٠٠ز) دەرچووە.

دیارترین رۆژهەڵاتناسە ئەمریكییەكان:

١- كرنیلیۆس فاندیك: CORNILIUSVAN dYKE

زمانی عەرەبی لەلوبنان خوێندووە كارئاسانیكردووە لەدامەزراندنی قوتابخانەیەك كە لەناوكی زانكۆ ئەمریكییەكە بوون،بەشداریكردووە لەتەواوكردنی وەرگێڕانی تەورات بۆ سەر زمانی عەرەبی، هاوكات كتێبی لەبواری زانستیدا هەیە.

٢- دنكان بلاك ماكدۆنالّد: Dunckan Blak Mac Donold(١٨٦٣-١٩٤٣ز).

بنەچەی ئینگلیزییەو سەرەتا خوێندنی لەشاری گلاسكۆ لەئیسكوتلەندا دەستپێكردووە، پاشان گواستوویەتییەوە بۆ بەرلین بۆ خوێندن لەگەڵ رۆژهەڵاتناس زاخودا، هەروەها رۆیشتووە بۆوڵاتەیەككگرتووەكانی ئەمریكا

ساڵی(١٨٩٣ز) بۆ فێربوونی زمانە ساماییەکان.. لەوڵاتەیەکگرتووەکان قوتابخانەیەکی کەنەدی بۆ نێرژەکان ساڵی(١٩١١ز) دامەزراندوەولەگەڵ(ساموێل زویمر)دا لەهەمان ساڵدا بەشداریکردووە لەدامەزراندنی گۆڤاری جیهانی ئیسلامی، بەرهەمەکانی هەمەجۆرن لەنێوان توێژینەوە شەرعییەکانوتوێژینەوە زمانەوانییەکاندا.

٣- جۆرج سارتۆن: George Sarton(١٨٨٤-١٩٥٦ز).

بەبنەچە بەلجیکییەوتایبەتمەندە لەزانستە سروشتیوماتماتیکییەکاندا، زمانی عەرەبی لەزانکۆی ئەمریکی لەبێروت(١٩٣١-١٩٣٢ز) خوێندووە، وانەی دەربارەی چاکەی عەرەب بەسەر فیکری مرۆیی وتووەتەوە، لەگەڵ ماکدۆنالددا سەرپەرشتی گۆڤاری(ئیزیس)ی لەساڵی(١٩١٣-١٩٤٦ز) کردووەو دیارترین بەرهەمەکانی بریتییە لە(دەروازەیەك بۆ مێژووی جیهان).

٤- گۆستاڤ ڤۆن گرونباوم: Grunbaum Gustarvon(١٩٠٩-١٩٧٢ز).

لەشاری ڤیەننا لەرۆژی(١٩٠٩/٩/١ز) لەدایکبووە، لەزانکۆی ڤیەننا ولەزانکۆی بەرلین خوێندوویەتی، کۆچیکردووە بۆوڵاتەیەکگرتووەکانوپەیوەندیکردووە بەزانکۆی نیۆیۆرك ساڵی(١٩٣٨ز)، پاشان زانکۆی شیکاگۆ، پاشان لەزانکۆی کالیفۆرنیا گیرسایەوەونیشتەجێبووە، بەشێوەیەك کارئاسانیکردووە لەدامەزراندنی مەڵبەندی توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دواتر ناوی خۆی بەسەردا دابڕی، گرنگترین کتێبەکانی بریتییە لە:(ئیسلام لەسەردەمی ناوەڕاستدا)، هەروەك بایەخیداوە بەتوێژینەوەی ئەدەبی عەرەبیو لەم بوارەدا بەرهەمی زۆری هەیە.

٥- جۆرج رنتز: George Rentz

لەواشینتۆنولەزانکۆی فلیپینولەزانکۆی کالیفۆرنیا خوێندوویەتیولەزمانی عەرەبیو ئەدەبیاتی عەرەبیدا تایبەتمەندێکی وەرگرتووە، لەباڵوێزخانەی ئەمریکا لەقاهیرە کاریکردووە بەشی توێژینەووەرگێڕانی لەکۆمپانیای ئارامکۆ دامەزراندووە، بەشداری لەپرۆژەی میژووی زارەکی بۆ ناوچەی کەنداوی عەرەبیوەك ئەمینداری کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی ستانفۆر کاریکردووە، دیارترین بایەخدانەکانی بریتیبووە لەبزووتنەوەی(شێخ محەممەد عەبدلوەهاب) بەشێوەیەك بابەتی نامەی دکتۆراکەی بووە، نووسراوی زۆرە دەربارەی دوورگەی عەرەبی لەلایەنی میژوویی‌وجوگرافییەوە، ماوەی چەند ساڵێکە مردووە.

٦-ویلفرد کانتویل سمیس: Wilfred cantwen smith

لەکەنەدا ساڵی(١٩١٦ز) لەدایکبووە، زمانە رۆژهەڵاتییەکانی لەزانکۆی تۆرنتۆ خوێندووە، بڕوانامەی ماستەرودکتۆرای لەبواری توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی نزم لەزانکۆی برنستۆن بەدەستهێناوە، تایبەتمەندە لەتوێژینەوەی ئیسلام‌وبارودۆخەکانی جیهانی ئیسلامی هاوچەرخ‌وکتێبەکەی لەم بوارەدا بەناوبانگە بەناونیشانی(ئیسلام لەسەردەمی نوێدا).

وەك مامۆستا لەزانکۆی هارڤاردولەپەیمانگای توێژینەوە ئیسلامییەکان لەزانکۆی مقیل لەکەنەدا کاریکردووە، هەستاوە بەوتنەوەی وانەی ئایینی ئیسلامی لەکۆلێژی نۆرمانی مەسیحی لەشاری لاهوری پاکستان ساڵانی(١٩٤١-١٩٤٥ز) بۆ کارکردن وەك مامۆستای گەشتیار لەژمارەیەك لەزانکۆکانەوە بانگهێشتکراوە، بەم تازەییانە ساڵی(١٩٩٨) ژمارەیەك کتێبی

دەرکردووە، لەوانە:(نموونەی باوەڕ دەربارەی جیهان)وکتێبی(باوەڕ تێڕوانینی مێژوویی)و کتێبی(باوەڕوباوەڕ هێنانوجیاوازی نێوانیان).

٧- باربرا رجینا فرایر ستواسر: Fryer Stowasser Bar bara Regina

لەئەڵمانیا لەدایکبووە، بەشێوەیەك فێرکردنی یەکەمی پێگەیشتووەوپێیوتراوە، پاشان بڕوانامەی زانکۆیی لەزانکۆی ئەنقەرە لەتوێژینەوەی زمانی تورکی عوسمانی نوێوزمانی فارسیوعەرەبیو سۆفیگەرێتیدا بەدەستهێناوە، بڕوانامەی ماستەری لەزانکۆی کالیفۆرنیا لەلۆسئەنجلۆس لەمێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستوشارستانییەتەکەیدا بەدەستهێناوە، بڕوانامەی دکتۆرای لەزانکۆی منستر(Munster) لەئەڵمانیا لەتوێژینەوە ئیسلامییەکاندا بەدەستهێناوە، ژمارەیەك پۆستی گرتووەتە دەست لەوانە مامۆستای یاریدەدەر لەبەشی زمانی عەرەبی لەزانکۆی جۆرج تاون لەوانشینتۆنی پایتەخت، پاشان وەك بەڕێوەبەری مەڵبەندی توێژینەوە عەرەبییە هاوچەرخەکان لەهەمان زانکۆ دەستنیشانکراوە. لەماوەی نێوان(١٩٩٣) تاوەکو ئێستا ژمارەیەك دانراوی هەیە لەوانە:(ژن لەقورئانولەفەرموودەولەراڤەدا)، هەروەها کتێبی:(پەرەسەندنی ئایینیوسیاسی، هەندێ بیروبۆچوون دەربارەی ئیبن خەلدونومەکیاڤیللی).

هەروەها ژمارەیەکی گەورە لەتوێژینەوە دەربارەی توێژینەوە ئیسلامییەکانوبەتایبەت ئەوەی کە پەیوەستە بەژنەوە لەئیسلامدا لەکۆنونوێدا، ئەندامی دامەزرێنەربووە لەئەنجومەنی ئەمریکی بۆ کۆمەڵەکانی توێژینەوە ئیسلامییەکان، ئەندامبووە لەکۆمەڵەی

رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکیوئەندامی رابیتەی ئەمریکی بووە بۆ مامۆستایانی زمانی عەرەبی.

٨- ریچارد بولّیت: Richard Bulliet

لەزانکۆی هارڤارد خوێندوویەتی بەشێوەیەك بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەمێژوودا لەساڵی(١٩٦٢ز) بەدەستهێناوەوبڕوانامەی ماستەری ساڵی(١٩٦٤ز) لەتوێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدەستهێناوەوبڕوانامەی دکتۆرای ساڵی(١٩٦٧ز) لەمێژوو توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدەستهێناوە، لەژمارەیەك لەزانکۆکانی وەك هارڤاردو زانکۆی بێرکلی لەکالیفۆرنیاو زانکۆی کۆڵمبیا کاریکردووە، بەشێوەیەك سەرۆکایەتی پەیمانگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەماوەی نێوان(١٩٨٤-١٩٩٠ز)و لەماوەی(١٩٩٣) تاوەکو ئێستا کردووە، چەندین پۆستی زانستی لەژمارەیەك دامەزراوەکاندا گرتووەتە دەست، لەوانە رابیتەی توێژینەوە ئێرانییەکان.

ئەندامی ئەنجومەنی ئەمیندارانی پەیمانگەی ئەمریکی بووە بۆ توێژینەوە ئێرانییەکان خزمەتگوزاری راوێژی بۆ ژمارەیەك لایەنە زانستیو سیاسییەکان پێشکەشکردووە لەوانە: دەزگای میدیای ولّاتەیەکگرتووەکان، شوێنکەوتەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەروەها بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوگۆڤاری تایمووجگەلەوانیش. ژمارەیەك دانراوی هەیە لەوانە: توێژینەوە لەمێژووی کۆمەلّایەتی ئیسلام لەسەدەکانی ناوەڕاستداوگۆڕانکاری بۆ ئیسلام لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، هەروەها کتێبی؛(ئیسلام، تێڕوانینێك لەدەرەوە) بەشداری میدیایی کردووە لەرۆژنامەورادیۆوتەلەفزیۆندا.

قوتابخانەی رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی

(٦)

توێژەرە ئەڵمانییەکان بایەخیان بەتوێژینەوە عەرەبیو ئیسلامییەکان داوە لەماوەیەکی زووەوە، جێگیربووە کە مارتن لۆسەری رابەری ریفرۆمی ئایینی لەئەوروپا لەو کەسانەبووە کە سەرساموکاریگەر بووە بەفیکری ئیسلامی، کاتێك لەکەنیسەی کاسۆلیکی لەرۆما هەڵگەڕایەوەویاخیبوو، بەڵام هەڵوێستی لۆسەر زۆر دوژمکارانە بوو بەرامبەر ئیسلامووبەتایبەت بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی رۆژهەڵاتناسە ئەڵمانییەکان بەجیدیەت لەتوێژینەوەولێکۆڵینەوەکانیاندا جیادەکرێنەوە، تەنانەت توێژینەوە ئیسلامییەکان لەئەوروپا لەسەردەمێك لەسەردەمەکان بەبۆیەی ئەڵمانیووبەخەسڵەتی ئەڵمانی رەنگکردبوو.

لەمبارەیەوە(د. قاسم سامەرائی) دەڵێت:(قوتابخانەی رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی بەتەنها دەریخست کە بایەخێکی زانستی داوە بەئیسلام لەکاتێکی زووتر لەقوتابخانەکانیتری رۆژهەڵاتناسیی ئەوروپی)، رۆژهەڵاتناسە ئەڵمانەکان بایەخیاندا بەدەستنووسەکانوبەمێژوویی ئیسلامی، بەشێوەیەك کتێبی(مەغازی)ی واقیدی مێژوونووس دەرکەوتودەستکرا بەلێکۆڵینەوەوتەحقیقکردنی کتێبەکەی تەبەری، هاوکات کۆششوهەوڵەکانی کارل برۆکلمان لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی(مێژووی ئەدەبی عەرەبی) دەرکەوت.

تائێستاش رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی لەزۆرێك لەزانکۆکاندا گەشەیسەندووە، هاوکات رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی بایەخیداوە بەمەسەلەهاوچەرخەکان، بەجۆرێك رۆژهەڵاتناس(رانیهارد شوتز) لەمانگی(١٩٨٦/٩ز) لەزانکۆی برنستۆن لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا وانەیەکی پێشکەشکردووە بەناونیشانی(ئیسلامی سیاسی لەسەدەی بیستەمدا).

دیارترین رۆژهەلاتناسانی ئەڵمانی:

١- یوهان جاکوب رایسکە: Jahan takob Reike(١٧١٦-١٧٧٤ز).

رایسکە بەدامەزرێنەری توێژینەوە عەرەبییەکان لەئەڵمانیا دادەنرێت، بەشێوەیەك فێربوونی عەرەبی خۆی دەستپێکردووەوپاشان لەزانکۆی لایبزیگ خوێندوویەتیودواتریش بۆ زانکۆی لیدن بۆ خوێندنوتوێژینەوەی دەستنووس عەرەبییەکان تیایدا گواستوویەتییەوە، هەروەك بایەخیداوە بەزمانی عەرەبیو شارستانیەتی ئیسلامی، رایسکە هەستاوە بەدوورخستنەوەی توێژینەوە عەرەبیو ئیسلامییەکان لەتوێژینەوە تێۆلۆژییەکان کە ئەو توێژینەوە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا جیادەکرانەوە.

٢- یولیوس فیلهاوزن: Tullius wellhausen(١٨٤٤-١٩١٨ز).

لەتوێژینەوەی مێژووی ئیسلامیوگرووپە ئیسلامییەکاندا تایبەتمەندێتی وەرگرتووە، لەدیارترین بەرهەمەکانی تەحقیقکردنی مێژووی تەبەرییە، هەروەها کتێبێکی داناوە بەناونیشانی(الامبراگوریە العربیە و سقوگها) ئەم کتێبەی فیلهاوزن بەناوی(الدولەالعربیە و سقوگها) شی هەیە- وەرگێڕی کوردی- لەبواری بایەخدانی بەگرووپە ئیسلامییەکانیش، کتێبێکی داناوە بەناونیشانی(پارتە ئۆپۆزسیۆنوبەرهەڵستکارەکان لەئیسلامدا)، لەگەڵ کتێبی(خەواریج وشیعە) هاوکات کتێبیکیشی دەربارەی پەیامبەری ئیسلام(د.خ) هەیە بەناونیشانی(رێکخستنی محەممەد بۆ کۆمەڵ لەمەدینەدا)، هەروەها کتێبی(محەممەدوئەو باڵوێزخانانەی کە رووبەڕوبونەتەوە).

٣-تیۆدۆر نۆلدکە: Teodor nolodeke(١٨٣٦-١٩٣٠ز):

لەشاری هامبورگ لەدایکبووە لەڕۆژی ١٨٣٦/٣/٢ز لەو شارە زمانی خوێندووەو لەزانکۆکانی لایبزیگوڤیەننا ولیدن وبەرلین خوێندوویەتی. وەك مامۆستای زمانە ئیسلامییەکان ومێژووی ئیسلامی لەزانکۆی(توبنجن) دامەزراوە، دیسان لەزانکۆی ستراسبۆرگ کاریکردووە بایەخی بەشیعری نەفامی وڕێساکانی زمانی عەرەبی داوەوکتێبێکی بەناونیشانی(هەڵبژاردە لەشیعری عەرەبی) دەرکردووە.

لەگرنگترین دانراوەکانی کتێبی(مێژووی قورئان)ە کە ساڵی(١٨٦٠ز) بلاویکردووەتەوە وبریتیبووە لەنامەی دکتۆراکەی وتیایدا دەربارەی ڕێکوپێککردنی سورەتەکانی قورئانی پیرۆز دواوەوهەوڵیداوە ڕێکوپێکیکردنێکی ڕاهێنەرانە کە خۆی داهێنانبکات، عەبدولڕەحمان بەدەوی وا باسدەکات کە ڕۆژهەڵاتناس نۆلدکە بەگەورەی ڕۆژهەڵاتناسانی ئەڵمانیا دادەنرێت.

٤- کارل برۆکلمان: carl Brockelmann(١٨٦٨-١٩٥٦ز).

لەڕۆژی ١٨٦٨/٩/٧ لەشاری ڕۆستۆك لەدایکبووە، دەستیکردووە بەخوێندنی زمانی عەرەبی، کە لەقۆناغی ناوەندیدابووە، لەزانکۆ زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانوزمانە کلاسیکییەکان وەك یۆنانیولاتینی خوێندووەو، لەسەر دەستی ڕۆژهەڵاتناس نۆلدکەش خوێندوویەتی، برۆکلمان بایەخیداوە بەتوێژینەوەی مێژووی ئیسلامیولەم بوارەشدا کتێبێکی بەناوبانگی هەیە، بەناونیشانی:(مێژووی گەلانی ئیسلامی)، بەڵام لای موسوڵمانانوجیهانی ئیسلامی ئەم کتێبەرەخنەوسەرنجوتێبینی لەسەرە، لەگرنگترین دانراوەکانی کتێبی(مێژووی ئەدەبی عەرەبی) کە لەشەش بەشدا وەرگێڕاوە.

٥- جوزیف شاخت: Josef Schacht(١٩٠٢-١٩٦٩ز).

لەرۆژی ١٩٠٢/٣/١٥ز لەدایکبووە، زمانە رۆژهەلاتییەکانی لەزانکۆی برسلاو لایبزیگ خوێندووە، چووە بۆ کارکردن لەزانکۆی میسری سالّی(١٩٣٤ز) بۆ وتنەوەی ماددەی فیقهی زمانی عەرەبیو زمانی سریانی، بەشداریکردووە لەدەستەی نووسەرانی ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامی لەچاپی دووەمییەوە، شاخت بەبایەخدانی بەفیقهی ئیسلامی دەناسرێت، بەلّام خاوەنی بەرهەمە لەبواری دەستنووسەکانداو هەروەها لەزانستی قسەولەمێژوی‌وزانستەکانی فەلسەفەشدا.

٦- ئەنا ماری شمیل: Annememarie Schimmel(١٩٢٢):

لەبەناوبانگترین رۆژهەلاتناسە هاوچەرخە ئەلّمانییەکانە، خوێندنی زمانی عەرەبی لەتەمەنی پازدە سالّییەوە دەستپێکردووەوژمارەیەك لەزمانی موسولّمانانی زانیوە کە بریتیبوون لەتورکی، فارسی، ئۆردۆ، لەژمارەیەك لەزانکۆکانی ئەلّمانیاو لەولّاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو لەئەنقەرە خوێندوویەتی، بایەخیداوە بەتوێژینەوەی ئیسلامۆهەولّیداوە ئەو مەعریفەیە بەشێوازێکی زانستی‌وبابەتی پێشکەشبکات، تاوەکو ئەو خەلّاتەی کە نووسەرێك لەئەلّمانیا بەدەستیدێنێ‌وپێیدەوترێ خەلاتی ئاشتی ئەناماری شمیل بەدەستیهێناوە، بەلّام هەندێ لایەنی دژ بەمیتۆدو شێوازی کارکردنی شمیل هەولّیاندا ئەو خەلاتە بەدەستنەهێنێ، لەبەرئەوەی شمیل وا ناسرابوو کە لەتوێژینەوەکانیدا دەربارەی ئیسلام میتۆدێکی زانستی‌وبابەتی‌وبێلایەنی گرتووەتەبەر.

تەنانەت شمێل هێندە بەتواناو لێهاتوو بووە کە بانگخوازی ئیسلامی لەئەورووپا(د. زەکی عەلی) زیاتر لەچل سالّ لەمەوپێش دەرکی بەپێگەی رۆژهەلاتناسێکی دیاری وەکو شمیل کردووەو دەلّێ:(لەسەرەوەی دەستەی

نووسەرانی گۆڤاری فیکروهونەر)، ئەناماری شمیل پسپۆڕ لەتوێژینەوەی محەممەد ئیقبالێ، داناو شاعیری پاکستان، کە بەرهەمەکانی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی ئەڵمانیوئیقبالێ دیوانێکی شیعری هەیە بەناونیشانی (جاویدنامە)وکتێبی ریسالەت ئەلمەشریق عەن ئەلفارسییە(رساله المشرق عن الفارسیه)، شمیل لەگەورە زانایانی ئەڵمانیی.. وزۆر شرۆڤەو وەسفی ئیسلامو موسوڵمانانی کردووە، هەروەها(د.زەکی عەلی) درێژەی پێدەداتو دەربارەی شمیل دەڵێت:(شمیل زۆر کتێبوبەرهەمی دەرکردووەو نووسیوە لەوانەش کتێبی(محەممەد)(د.خ) کە دیاردەکانی مەزن راگرتنو گەورەیی پەیامبەری لای موسوڵمانان لەخۆگرتووە.

هاوکات سەرۆکی ئەنجومەنی بالای موسوڵمانان لەئەڵمانیا بەشێوەیەك مەدحی ئەناماری شمیلی کردووە، بەوەی تا ئێستاش بەردەوام نووسراوەکانی وەرگێڕانەکانی شێوازو خەسڵەتی بابەتیوزانستیان دەربارەی ئیسلام لەخۆگرتووە)، هەندێ وای بۆدەچن کە ئەنا ماری شمیل موسوڵمان بووبێت، بەڵام موسوڵمانبوونەکەی شاردبێتەوە، بەتایبەت(شێخ ئەحمەد زەکی) رایوایە، بەڵام یەکلاییە نەبووەتەوە تا چەند ئەم راستە لەرووی زانستییەوە، هەروەك بەمدواییانە ئەناماری شمیل کۆچی دوواییکردووە.

قوتابخانەی رۆژهەڵاتناسیی ئیسپانی

(٧)

توێژەرانی ئیسلامی بەگشتی وا لەرۆژهەڵاتناسیی ئیسپانی دەڕوانن کە لەئامێزی بزووتنەوەی دوژمنکارانەدا بۆ ئیسلام‌وموسوڵمانان گەشەیکردووە، هەروەك بیرورِاشیانوایە کە ئامانجی رۆژهەڵاتناسیی ئیسپانی بریتیبووە لەرقلێبوون‌وتۆڵەسەندنەوەوشێواندن، رۆژهەڵاتناسیی ئیسپانی (خوان غویتسولو) لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی(لەرۆژهەڵاتناسیی ئیسپانی)دا نموونەیەکی لەم جۆرە شرۆڤەکردووەو پێیوایە کاتێك رۆژهەڵاتناسە ئیسپانییەکان شتیان نووسیوە دەربارەی ئیسلام‌وموسوڵمانان ئەوا بەناوی مەسیحییەتەوە دەنووسن‌ورەفتار دەکەن‌ودەدوێن لەرووبەڕووبونەوەی شارستانییەتێکی ئاییندارداو، لەباشترین بارەکانیشدا، ئامادەکردنی رابردووی سەروەری کە جیهانی ئیسلامی ناسیویەتی، پاڵیانپێوەدەنێت بەرەو خۆهەڵکێشان لەسەر داڕووخانی هەنووکەیی(داروخان لەبیروبۆچوونیاندا)، هەروەها پاڵیانپێوەدەنێت بەرەو گیرخواردنی سروشتی دەربارەی هەرسکردنی پێشکەوتنی ئەورووپی. هاوکات(غویتسولو) توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتناسە ئیسپانییەکانی دەربارەی زمانە ئیسلامییەکان وا شرۆڤەکردووە، بەوەی زمانی شارستانییەتێکی لەناوچووو دابڕاون لەزمانەکانی ئێستا کە خۆی بریتییە لەمیراتگری شەرعی بەشێوەیەکیش بڕیاری لەسەر دەدەن بەوەی نەبووبێت یان کەمتر لەنەبوو.

توێژەرانی جیهانی ئیسلامی بۆچوونیانوایە کە پاڵنەری ئایینی‌و تێکەلاو بووە بەپاڵنەری کۆڵۆنیالیزمی سیاسی، کاتێك بزووتنەوەکانی داگیرکاری ئەورووپی بەرەو جیهانی ئیسلامییەوە دەستیپێکردوئیسپانیا تموحی هەبوو

لەناوچە دراوسێکانیوبۆ ئەم مەبەستەش رۆژهەڵاتناسانی خۆی ئامادەباشکرد بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەکان بۆ زانینی مواسەفاتی دانیشتوانو شەقڵو سروشتو ئەدگارەکانیانو بازرگانیو کشتوکاڵییان، هەروەك بۆ زانینی زمانو دیالێکتیکە لۆکاڵییەکان، حکومەتی ئیسپانی ژمارەیەك مەڵبەندی بۆ فێرکردنی عەرەبی عامیومەغریبی دامەزراندو ژمارەیان لە(٥٠) قوتابخانە تێپەڕی.

ئیسپانیا تائێستا پارێزگاری لەزۆرێك لەدەستنووسی عەرەبیو ئیسلامییەکان دەکات لەکتێبخانە گەورەکەیدا وەك کتێبخانەی (ئەسکوریاڵ)و کتێبخانەی نیشتمانی مەدرید لەگەڵ کتێبخانەی کۆمەڵەی توێژینەوە نیشتمانییەکان.

دیارترین رۆژهەڵاتناسە ئیسپانیەکان

١- مقیل ئاسین بلاسیوس: Migule Asin Placios(١٨٧١-١٩٤٤ز).

لەرۆژی ١٨٧١/٧/٥ لەشاری سەرەقەستە لەدایکبووەو پەیوەندیکردووە بەکۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەرەقەستەوە، لەگەڵیشیدا پەیوەندیکردووە بەپەیمانگای مەجمەعییەوەوتیایدا وەك قەشەیەك دەرچووە، زمانی عەرەبی لەسەر دەستی رۆژهەڵاتناس(بیرا) خوێندووە، دواتر پەیوەندیکردووە بەزانکۆی مەدرید بۆ بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا دەربارەی غەزالی، کۆرسی زمانی عەرەبی لەزانکۆی مەدرید گرتووەتەدەست، لەدیارترین بەرهەمە زانستییەکانی توێژینەوەیەکیەتی بەناونیشانی ئەلروشدییە ئەللاهوتییە فی مەزهەب ئەلقدیس تۆما ئەلئەکوینی(الرشدیه اللاهوتیه فی مژهب القدیس توما

الاکوینی)، هەروەها توێژینەوەیدیکەی دەربارەی کاریگەربوونی شاعیری ئیتالی(دانتی) بەناونیشانی ئەلئوخرەوییات ئەلئیسلامییە فی ئەلکۆمیدیا ئەلئیلاهییە(الاخرویات الاسلامیه فی الکومیدیا الالهیه) دواجار دەستیکردووە بەبایەخدان بەئیبن حەزمەوقورتوبیوئەبو حامیدی غەزالیومحێدین ئیبن ئەلعەرەبی لەگەڵ رۆژهەلاتناس(بیرا) دا بەشداریکردووە لەدەرکردنی گۆڤاری رۆشنبیری ئیسپانی(١٩٠٦–١٩٠٩ز) وەك ئەندام لەئەکادیمیای پاشایەتی بۆ زانستە مۆراڵییەکان ساڵی(١٩١٢ز) هەڵبژاردراوەو وەك ئەندامیش لەئەکادیمیای ئیسپانی دەستنیشانکراوە ساڵی ١٩١٩ز).

٢– سیکودی لوسنیا باریدیس: secode lucena Paredes.

لەشاری غەرناتە لەدایکبووەو فەلسەفەی لەکۆلێژی ئەدەبییات لەزانکۆی غەرناتە خوێندووە، وەك راوێژکار بۆ رۆشنبیریوفێرکردن لەنیشتەجێبوونی ئیسپانی لەمەغریب کاریکردووە، وەك مامۆستای زمانی عەرەبی لەزانکۆی غەرناتە دامەزراوەوساڵی(١٩٤٢ز) دواتر وەك بەڕێوەبەری پەیمانگەی توێژینەوە عەرەبییەکان لەغەرناتە دەستنیشانکراوەودیسان وەك سەرۆکی بەشی توێژینەوە عەرەبییەکان لەپەیمانگای توێژینەوە ئەفریقییەکان لەمەدرید کاریکردووە، لەمەجمەعی هونەرە جوانەکان وەك ئەندام هەڵبژێردراوە، بەرهەمی زۆری هەیە لەبواری لێکۆڵینەوەوتەحقیقکردنی دەستنووسەکانولەتوێژینەوە دەربارەی شەریعەتی ئیسلامیومێژووی ئیسلامیوشوێنەوارە ئیسلامییەکان.

٣– ئمیلیو گارسیا گومیز: Emiliovarcia Gomez.

لەشاری مەدرید لەدایکبووەو لەزانکۆی مەدرید وانەی خوێندووە وەك مامۆستا لەزانکۆی غەرناتەوزانکۆی مەدرید کاریکردووە، بەڕێوەبردنی

پەیمانگەی ئیسپانی گرتووەتەدەست، سەردانی سوریاولوبنانی کردووە، وەك ئەندام لەمەجمەعی زانستی عەرەبی لەدیمەشق ساڵی(١٩٤٨ز) هەڵبژێردراوە، وەك باڵوێزیوڵاتەکەی لەبەغدادولوبنان کاریکردووە، توێژینەوەی زۆری هەیە لەئەدەبی عەرەبیو وەرگێڕانی هەندێ شیعری عەرەبی بۆ سەر زمانی ئیسپانی.

٤- بوش فیلا: villa Bosch:

لەشاری فیگرا ساڵی(١٩٢٢ز) لەدایکبووە، فیقهی زمانە سامییەکانی لەزانکۆی بەرشلۆنە خوێندووەو لەزانکۆی مەدرید بروانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوەو توێژینەوەکەی بەناونیشانی ئەلئیقتاع، مەملەکەت ئەلتەوائیف عەلا عەهد بەنو رەزین(الاقگاع، مملکه الگوائف علی عهد بنو رزین) بووە، لەوانەوتنەوەی زمانی عەرەبی لەهەردوو زانکۆی بەرشلۆنەوزانکۆی سەرەقەستە کاریکردووە، پۆستی مامۆستای یاریدەدەری بۆ مێژوو، سیستەمە ئیسلامییەکانی لەزانکۆی مەدرید گرتووەتە دەستووەك ئەمینداری کتێبخانەی پەیمانگەی توێژینەوە عەرەبییەکان لەمەدرید کاریکردووەوپاشان وانەی مێژوو، سیستەمی ئیسلامییەکانی لەزانکۆی سەرەقەستە وتووەتەوە.

سەرۆکایەتی کۆمەڵی ئیسپانی بۆ رۆژهەڵاتناسان گرتووەتەدەست، ئەندامی کۆمەڵەی باکووری ئەمریکا بووە بۆ توێژنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، توێژینەوەکانی زیاتر لەبواری توێژینەوە ئیسلامییەکانوجوگرافیاومێژوودا بووە، هەروەك بایەخیداوە بەکێشەکانی جیهانی عەرەبی هاوچەرخ.

٥- فیدریکو کورینتی: Fedrico Coriente.

لەشاری غەرناتە لە١٤/١١/١٩٤٠ز لەدایکبووە، زمانە رۆژهەڵاتییەکانی لەزانکۆی مەدرید خوێندووە، لەزانستی زماندا بروانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە، وەک بەڕێوەبەری مەڵبەندی رۆشنبیری لەقاهیرە سالانی(١٩٦٢-١٩٦٥ز) کاریکردووە، پۆستی مامۆستایی زمانە ئیسپانییەکانی لەقوتابخانەی(ئۆلسنی بالا) لەزانکۆی(عەین شەمس) لەهەمان ماوە گرتووەتەدەست، پاشان بووە بەسەرۆکی بەشی زمانی ئیسپانی لەزانکۆی(محەممەدی پێنجەم) لەشاری ریبات تا سالانی(١٩٦٥-١٩٦٨ز)، لەزانکۆی فیلادلفیا وەک مامۆستای زمانە رۆژهەڵاتیوعەرەبییەکان کاریکردووە، مامۆستای کۆرسی زمانی عەرەبی بووە لەزانکۆی سەرەقەستە سالی ١٩٧٦ز.

قوتابخانەی رۆژهەڵاتناسیی روسی

(٨)

رۆژهەڵاتناسی لەروسیا لەماوەیەکی دوورەوە بەهێز بووە بەشێوەیەک کە پەیوەندییەکانی نێوان روسیاوجیهانی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی دەوڵەتی عەبباسی، بەجۆرێک دەوڵەتی ئیسلامی روسیا بالۆێزخانەکانیان ئالۆگۆڕکردووە، کاتێکیش هەندێ ناوچەی ئیسلامی چووە چوارچێوەی روسیاوە، بایەخدانی روسیا بەئیسلامووجیهانی ئیسلامی زیادیکرد، روسیا بۆ توێژینەوە عەرەبیو ئیسلامییەکان لەئەوروپاو بەتایبەتی لەفەرەنسا نوێنەری نارد بەشێوەیەک روسیا هەندێ توێژەری بۆ خوێندن لەقوتابخانەی رۆژهەڵاتە زیندووەکان لەپاریس نارد. بایەخدانی روسیا بەرۆژهەڵاتناسیی

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە بەهێز بوو، کاتێك هەندێ زانکۆی روسی کۆرسیان بۆ زمانی عەرەبو ئیسلام کردەوە، لەو زانکۆیانەش زانکۆی کازان‌وزانکۆی مۆسکۆووزانکۆی پترسپۆرگ‌وکۆلیژی لازاریف‌وهیتریش.

دیارترین رۆژهەلاتناسانی روسی:

١- ن.ن. بارتۆلد : v.v.Barthold(١٨٦٩-١٩٣٠ز).

مێژووی ئیسلامی لەزانکۆی پترسپۆرگ خوێندووەووەك مامۆستای مێژوویی رۆژهەلاتی ئیسلامی تیایدا کاریکردووە، بایەخیداوە بەسەرچاوەکانی مێژووی عەرەبی ئیسلامی، هەروەك بایەخیداوە بەتوێژینەوەی ئیبن خەلدون‌وتیۆرییەکەی لەفەرمانڕەواییدا، وەك ئەندام مەجمەعی زانستە روسییەکان‌ووەك سەرۆکی لیژنەی رۆژهەلاتناسان هەلبژێردراوە کتێب‌ونووسراوی زۆری هەیە لەبواری ئیسلامیداودەربارەی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب(ر.خ) شتی نووسیوە.

٢- ئیگناتیۆس کراتشکوفسکی: Julianovic Krqovskij Ignaij

لەرۆژی ١٨٨٣/٣/١٦ز لەدایکبووە، منداڵێتی لەشاری تاشقەند بەسەر بردووە، بەشێوەیەك کە زمانی ئۆزبەگی فێربووە، هاوکات زمانە کلاسیکیەکانی یۆنانی‌و لاتینی خوێندووەوە، خۆی دەستی کردووە بەفێربوونی زمانی عەرەبی، لەساڵی(١٩٠١) ز پەیوەندیکردووە بەکۆلێژی زمانە رۆژهەلاتییەکان لەزانکۆی سان پترسپۆرگ، ژمارەیەك زمانی خوێندووەوە لەوانە، زمانی عیبری‌و حەبەشەیی‌و تورکی‌و فارسی، مێژووی ئیسلامی لەسەردەستی رۆژهەلاتناس بارتۆلد خوێندووەوە، سەردانی

ژمارەیەك لەد ەولّەتانی عەرەبیو ئیسلامی کردووە لەوانە، تورکیاوسوریاولوبنانومیسر، هەروەك زانیاری دەربارەی زۆر لەناودارانی فیکری عەرەبیو ئیسلامی وەرگرتووە، لەوانە شێخ محەممەد عەبدەوشێخ محەممەد کورد عەلیوجگەلەوانیش، هەروەها کراتشکوفسکی بایەخیداوە بەشیعری عەرەبی لەسەردەمی ئومەویوسەردەمی عەبباسیدا.

٣- ئیڤانۆڤ: W.ivanov(١٨٨٦-١٩٠٧ز).

بایەخیداوە بەتوێژینەوەی گرووپی ئیسماعیلییەکان، لەپاشماوەکانی دەستنووسە ئیسلامییەکان لەمۆزەخانەی ئاسیایی، بەلّگەنامەگەلێکی نوێ بۆ توێژینەوەی حەجاجوبیروباوەڕی فاتمییەکان.

٤- کریمسکی: A.E. Krymsjy(١٨٧١-١٩٤١ز).

لەزانکۆی مۆسکۆ لەماوەی نێوان(١٨٩٢-١٨٩٦ز) زمانەکانی سلاڤیوعەرەبیو فارسی خوێندووە، لەماوەی نێوان(١٨٩٦-١٨٩٨ز) لەسوریا ژیاوەووەك مامۆستای زمانی عەرەبیو ئەدەبیاتی عەرەبی لەکۆلێژی لازاریف کاریکردووە، هەروەها وەك مامۆستای زمانی عەرەبی لەزانکۆی کازان لەماوەی نێوان(١٨٩٨-١٩١٨ز) کاریکردووە، پۆستی سکرتێری مەجمەعی زانستە ئۆکرانییەکانی گرتووەتەدەست. سەرۆکایەتی بەشی خوێندنی بالّای لەخاکوف پاش شۆڕشی بەلّشەفیکی سالّی(١٩١٧ز) کردووە، لەپاشماوەکانی کتێبی(جیهانی ئیسلامیوداهاتووەکەی، ١٨٨٩ز)،(مێژووی ئیسلام لەدوو بەشدا،١٩٠٤ز)،(ئەدەبی عەرەبی هاوچەرخ لەهەر دوو سەدەی هەژدەونۆزدە، مۆسکۆ،١٩٠٦ز).

٥- شمیت: A.E. Schmidt(١٨٧١-١٩٤١ز).

فێربوونی لەسەر دەستی رۆژهەڵاتناسان(روزین‌وگولدسیهر) پێگەیشتووە، لەتوێژینەوەی زمانی عەرەبی‌و مێژووی ئیسلامیدا پسپۆڕی وەرگرتووە، وەك مامۆستا لەزانكۆی پترسپۆرگ ماوەی بیست سالّ كاریكردووە، پاشان گواستوویەتییەوە بۆ تاشقەند سالّی(١٩٢٠ز) بۆ دامەزراندنی زانكۆیەك تیایداوبووە بەیەكەم سەرۆكی ئەو زانكۆیە، لەپاشماوەكانی(مێژووی ئیسلام)،(پەیامبەر محەممەد(د.خ))،(هەولّی رێكخستنەوە لەنێوان سوننەوشیعەدا)،(پەراوێزی دەستنووسە عەرەبییەكان لەتاشقەند).

رۆژهەڵاتناسیی لەدەوڵەتانیتری ئەورووپا

١- پۆل كراوس: Krans pal Eliezer (١٩٠٤ – ١٩٤٤ز):

سالّی ١٩٠٤ز لەشاری پراگ لەچیكۆسلۆفاكیا لەخێزانێكی جوولەكە لەدایكبووە، كۆچیكردووە بۆ فەلەستین بۆ ئەوەی لەیەكێك لەكۆلّۆنەكاندا بژی، لەقوتابخانەی توێژینەوە رۆژهەڵاتییەكان لەزانكۆی عیبری لەقودس‌وانەی خوێندووە، پاشان گواستوویەتەوە بۆ بەرلین بۆ ئەوەی لەوێ پلەی دكتۆرا بەدەستبهێنێ، بایەخی داوە بەكلتوری زانستی ئیسلامی‌و توێژینەوەی دەربارەی جابری كوڕی حەییان‌و بەیرونی‌و رازی هەیە، لەگەلّ لویس ماسنیۆندا كارئاسانیكردووە لەتوێژینەوەو دیراسەكردنی(حەلاج) دا.

هەروەك توێژینەوەیەكی سەربەخۆی دەربارەی مێژووی بێباوەڕی لەئیسلامدا هەیەو د. عەبدولڕەحمان بەدەوی‌وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی‌و بلّاویشیكردووەتەوە، دواجار كراوس خۆی دەكوژێ‌و بەخۆكوشتن دەمرێت.

٢- هنری لامانس: henry lammens

لەشاری خنت لەبەلژیکا لەرۆژی ١٨٦٢/٧/١ز لەدایکبووە، لەکۆلێژی یەسوعی لەبەیروت خوێندوویەتی‌و ژیانی بەرەهبانی تیایدا دەستپێکردووە،(د. عەبدولڕەحمان بەدەوی) دەربارەی دەڵێت: لامانس کەسێکی بەلژیکی‌و راهیبێکی یەسوعی زۆر دەمارگیربووە دژی ئیسلام، زۆر هەژار بووە لەرووی پاکێتی لەتوێژینەوە‌و ئەمانەتداری لەگواستنەوەی دەقەکان‌و تێگەیشتنیدا هەروەك بەپارادایمێکی خراپی ئەو توێژەرانە دادەنرێت کە لەسەر ئیسلام توێژینەوەیان ئەنجامداوە لەنێوان رۆژهەڵاتناساندا،وەك مامۆستای کۆلێژی یەسوعی لەبیروت کاریکردووە، بەشێوەیەك مێژووو جوغرافیای‌وتووەتەوە، پاشان بووە بەمامۆستای مێژووی ئیسلامی لەپەیمانگای‌وانە رۆژهەڵاتییەکان لەهەمان کۆلێژ.

سەرنووسەری گۆڤاری رۆژهەڵاتی گرتووەتەدەست، هەروەها سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی گۆڤارێکی مژدەدەری بەناوی ئەلبەشیر(البشیر) گرتووەتەدەست کتێب‌و نووسراوی هەیە دەربارەی ژیانی پەیامبەرایەتی‌و دەربارەی خەلیفەکانی راشیدین‌و ئومەوی.

٣–بوهل: F.Bum(١٨٥٠ – ١٩٣٢ز)

لەشاری کۆپنهاگنی دانیمارك لەدایکبووە، لاهوتی خوێندووە‌و فێری عەرەبی بووە، لەهەردوو زانکۆی ڤیەننا‌و لایزگلەنێوان سالاّنی(١٨٧٦–١٨٧٨ز)وانەی‌وتووەتەوە، سەردانی ژمارەیەك لەوڵاتانی عەرەبی کردووە، لەوانە: میسرو فەلەستین‌و سوریا‌و لوبنان‌و تورکیا، بڕوانامەی دکتۆرای لەنەحوی عەرەبی‌و مێژووی زماندا بەدەستهێناوە،وەك مامۆستای پەیمانی کۆن(المعهد القدیم) لەزانکۆی کۆپنهاگن کاریکردووە لەپاشماوەکانی

کتێبەکەیەتی دەربارەی پەیامبەر(د.خ) هەروەها هەندێ لەبەشەکانی قورئانی پیرۆزی بۆ سەر زمانی دانیمارکی‌وەرگێڕاوە.

٤- ئیگناس گولدزیهر Goldziher Iganaz(١٨٥٠ – ١٩٢١ز):

لەرۆژی ١٨٥٠/٦/٢٢ز لەخێزانێکی جوولەکە لەدایکبووە، لەبۆدابیست خوێندوویەتی پاشان لەزانکۆی بەرلین‌و پاشان گواستوویەتییەوە بۆ زانکۆی لایبزگ‌و تیایدا پەیوەندیکردووە بەبەشی توێژینەوە رۆژهەلاتییەکانەوە، گەشتیکردووە بۆ قاهیرە‌و سوریا‌و ئامادەی هەندێوانە بووە لەزانکۆی ئەزهەر.

لەزانکۆی بودابست لەبواری توێژینەوە عەرەبی‌و ئیسلامییەکاندا کاریکردووە، بووە بەمامۆستای زمانە سامییەکان ساڵی(١٨٨٤ز) زۆر شتی نووسیوە دەربارەی ئیسلام لەرووی بیروباوەڕو شەریعەت‌و میژووەوە، تا رۆژگاری ئەمڕۆمان کاریگەری خۆی هەبووە لەتوێژینەوە رۆژهەلاتناسییەکاندا بەشێوەیەك کتێبەکانی بەهەموو زمانە ئەوروپییەکان بڵاوبووەتەوە، بۆ نموونە تائێستا زانکۆی برنستۆن بڕیاریداوە کتێبەکەی گولدزیهر بەناونیشانی(توێژینەوە ئیسلامییەکان) لەپرۆگرامەکانی بەشی توێژینەوەکانی رۆژهەلاتی نزیك بخوێنرێت، هەروەك زانکۆی ناوبراو هەستاوە بەبڵاوکرنەوەی‌وەرگێڕانێکی نوێ بۆ ئەم کتێبەلەگەڵ لێدوانەکانی رۆژهەلاتناسی بەرنارد لویس لەسەری زۆرێك لەنووسەرانی ئیسلامی رەدی بۆچوون‌و کتێب‌و بیروڕاکانی گولدزیهریان داوەتەوە، کە دیارترینیان(د. مستەفا سباعی)یە لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی ئەلسوننەوەمەکانەتەها فی ئەلتەشریع ئەلئیسلامی(السنه ومکانتها فی التشریع الاسلامی).

قوتابخانە رۆژهەڵاتناسیەکان لەجیهانی ئیسلامیدا

ئەورووپییەکانو ئەمریکییەکان سووربوون لەسەر دامەزراندنی مەڵبەندەکان بۆ توێژینەوە عەرەبیو ئیسلامییەکان لەجیهانی ئیسلامیدا، بۆ ئەوەی لەوواڵاتانە نزیکبنو قوتابیانو توێژەرە خۆرئاواییەکانوەك مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بەکاریبهێنن‌و دیسان بۆ فێربوونی زمانە ئیسلامییەکانیش، هەروەها بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری خۆرئاوا، بۆ ئەم مەبەستە رۆژئاوا دەستیکرد بەدامەزراندنی ئەو مەڵبەندانە لەسەدەی نۆزدەیەمەوە بەشێوەیەك نێرژە مژدەدەرە رۆژئاواییەکان دامەزرا، لەگەڵ کۆلیژو زانکۆو مەڵبەندەکانی توێژینەوەدا بەم شێوەی لای خوارەوە:

- فەرەنسا:

١- پەیمانگای فەرەنسی بۆ شوێنەواری رۆژهەڵاتییەکان لەقاهیرە(١٨٨٠ز)

٢- پەیمانگای خوێندنی باڵا لەتونس(١٩٤٥ز)

٣- پەیمانگای توێژینەوە مەغریبییەکان- ریبات(١٩٣١ز)

٤- پەیمانگای فەرەنسی لەدیمەشق(١٩٣٠ز)

لەگەڵ ئەمانەدا باڵوێزخانەکانی فەرەنسا لەسەرانسەری جیهاندا مەڵبەندی رۆشنبیریان دامەزراندووەو خولی جۆراوجۆریان لەزمانی فەرەنسیو شارستانییەتی فەرەنسیدا پێشکەشکردووە، هەروەك زانیاریشیان دەربارەی فەرەنسا پێشکەشکردووە.

- بەریتانیا:

١- مەڵبەندی توێژینەوە عەرەبییەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست(شلان- لبنان).

٢- کۆلیژی دەلهی(١٧٩٢-١٨٧٠ز).

٣- کۆلیژی فۆرت-ولیام.ب. کلکتا لەهیندستان(١٧٩٩-١٨٣٦ز)

٤- کۆلیژی شارژنە ڤیکتوریا، کە بریتییە لەقوتابخانەیەکی ناوەندی لەمیسرو تیایدا زۆرێك لەمنالآنی چینی دەولّەمەند لەسەرانسەری جیهانی عەرەبی دەخوێنن، فێرکردن تیایدا بەزمانی ئینگلیزییە.

باڵوێزخانەی بەریتانی لەهەموولآتێك مەڵبەندێکی رۆشنبیری هەیەو ئەنجومەنی رۆشنبیری بەریتانی سەرپەرشتیدەکاتو خولی هەمەجۆر لەفێرکردنی زمانی ئنگلیزیدا پێشکەشدەکات، هەروەها کتێبخانەیەکیان هەیە، کە لاوان کاتە بەتاڵەکانیانی تێدابەسەردەبەن، بێگومان لەگەڵ هەندێ لەو کرێکارە ئنگلیزییانەی کە تیایدا کاردەکەن لەو مەڵبەندانە قسەدەکەنو بەریەکدەکەون.

٥- پەیمانگەی توێژینەوە مەغریبیەکان لەتەتوان.

- وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا:

١- زانکۆی ئەمریکی - بێروت.

٢- زانکۆی ئەمریکی - قاهیرە

٣- کۆلیژی ئەمریکی لەبەیروت- کە بریتییە لەقوتابخانەیەکی ناوەندیو تیایدا گەورە بەرپرسانی لەجیهانی عەرەبی دەخوێنن

٤- زانکۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئەستەمبوڵ- تورکیا

٥- قوتابخانەی توێژینەوە رۆژهەڵاتی - ئەمریکییەکان لەقودس

٦- قوتابخانەی ئەمریکی بۆ لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتییەکان لەبەغداد

٧- پەیمانگای توێژینەوە یەمەنییەکان لەسەنعا.

هاوکات ئەمریکا پەیمانگای زۆری هەیە بۆ فێرکردنی زمانی عەرەبی بۆ کارمەندانی باڵوێزخانەکانی لەجیهانی عەرەبیدا، لەهەریەکە لەتونسو شاری فارس لەمەغریبو یەمەن، هەروەها بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر کۆمەڵگە عەرەبیو ئیسلامییەکان.

سەرچاوە:

مالّپەڕی مەدینەی مونەوەرە بۆ توێژینەوە رۆژهەڵاتناسییەکان.

ئارکۆنو رەخنەی رۆژهەلاتناسیی

ن. مەحمود عەزەب

و. ئومێد تۆفیق

لەئێستاو رابردودا رۆژهەلاتناسیی جێگای مشتومڕەو سمبولەکانی لەزۆرکاتدا بەنازانستیو ناباتیانە توێژینەوەیان لەسەر دەکرێ، هۆی ئەمە ئەوەیە عەرەبو موسڵمانەکان لەلایەن خۆیانەوە کاتێ رۆژهەلاتناسییو رۆژهەلاتناسەکان تاوتوێدەکەن، زۆرترینیان لەژێر کاریگەری هەستو سۆزدا لەم پرۆژەیە دەڕوانن. لەوێدا رۆژهەلاتناسیی پەیوەستدەکرێ بەجوڵانەوەی کۆلۆنالیزمیو ناسناوێکی تەڵخی بۆ دروستدەبێ.

ئەو کەسانەش بەرۆژهەلاتناسیی دەناسرێت لەم پێناسەیە تەرێز دەکەنو بەپێچەوانەوە وایان پێباشە بە (عەرەبناس arabnisants) یاخود شارەزای بابەتە ئیسلامییەکان (lslanologues) ناودێربکرێن، ئەم دەربڕینە بەم شێوەیە نییە گشت عەرەبو موسڵمانێك لەژێر کاریگەری هەستدا دەربارەی ئەم بابەتە نوسیویانە، هەروەك هێماکانی رۆژهەلاتناسیی بەگشتی تاریکبینیو لەراوبۆچونو توێژینەوەکانیاندا لایەنگرانە نەیاننوسیوە.

لەم تاوتوێ کورتەدا دەربارەی ئەم بابەتە، یەکێك لەزانا گەورەکانی بواری بابەتە ئیسلامییەکان لەزانکۆکانی فەرەنساو ئەوروپامان لەگەڵە واتا محمەد ئارکۆن مامۆستای مێژوی هزری ئیسلامی.

ئارکۆن لەوڵاتێکی خاوەن رۆشنبیری عەرەبی‌و ئیسلامی پێگەیشتوە، ژیانی خۆی لەو زانکۆیانەوە دەستپێکردوە‌و مامۆستا فەرەنسییەکان وانەیان تێداوتوەتەوە، پێش ئەوەی بگوازرێتەوە فەرەنسا، بەجیهابینی‌و تێڕوانینە گشتییەکانی ئەو وڵاتە ئاشنابوە، هەروەك (ئیستیفان فێڵد) دەڵێ"سەرەتای ژیانی خوێندن‌و عەقڵگەرایی ئارکۆن بەتێپەڕاندنی سنورەکان دەستیپێکرد تا ئەو دەمەی لەساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی (ئیبن روشد بۆ بیری ئازاد) وەردەگرێ".

لەدرێژەی قسەکانیدا فێڵد دەڵێ "پێدەچێ باشترین رێگا بۆ وەسفی ژیان‌و هەڵسوڕانەکانی محمەد ئارگون دەستەواژەی تێپەڕاندنی سنورەکانی بێت بەهەمیشەیی، سنوری یەکەم لای ئەو یەکەم پێگەی لەدایکبونیەتی، ئارکۆن لەساڵی (١٩٢٨) لەرەچەڵەکی بەربەری لەدایکدەبێ، کاتێ رودەکاتە خوێندنی زانکۆ سنوری جوگرافی دەشکێنێ، چونکە دەریای ناوەڕاستی لەجەزائیرەوە تاپاریس بڕیوە بۆ خوێندنی سۆربۆن، پاشان رەگەزنامەی فەرەنسی وەردەگرێ‌و بەم پێیەش سنوری زمانەوانی‌و رۆشنبیری‌و سیاسی تێکدەشکێنێ. هەمو تێکشکاندنێك لای ئەو مالێئاوایی‌و ماندویی‌و خەفەتێك بوە، لەهەمانکاتدا کرانەوەیەکی نوێی بەخشیوە پاشان دەرفەتێك".

گرفتەکانی ئەم توێژینەوە کورتە پرسێکە دەڵێ "رەخنەگری رۆژهەڵاتناسەکان کاتێ دەبێ بەهەڵگری ئاوێنەی بەربەری، عەرەبی موسڵمان، زمان، لەساڵەکانی یەکەمی زانکۆیدا رۆژهەڵاتناسەکان دەبینێ‌و بەپێی میتۆدو زمانەکەیان دەخوێنێ‌و دەخوێنێتەوە‌و دواتر لەوڵاتەکەشیاندا کارەکانی تەواودەکات، بەچ پێودانگێکە لەناو کەسایەتی بابەتە ئیسلامییەکاندا دەبێتە دەستێکی کاریگەرو ئەو هەمو کتێب‌و بابەت‌و کۆرسانە بەرهەمدێنێ‌و دواتریش بۆ دنەدان لەسەرانسەری ئەوروپا‌و ئەمریکا

بگـره گشـت کیشـوەرەکانی جیهانـەوە بانگهێشـتدەکرێ، لەهەمانکاتیشـدا متمانەی زۆرێك لەتوێژەرەوە جیهانییەکانـەو لـەوەش زیـاتر لای لێپرسـراو و گەورە پیاوانی سیاسەت پێگەو رێزێکی ناوازەی بۆ دادەنرێ؟".

هەوڵێکی زۆردراوە بۆ پۆلێنکردنی ئارکۆن، داخـۆ رۆژهەڵاتناسـێکە یـان توێژەرێکی موسڵمانە؟ لەهەوڵەکانی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چـەردەیەك (جەدەڵو ئارگۆمێنت) لەرۆژهەڵاتو رۆژئـاوا خـۆی دەردەخـات، لەرۆژهـەڵات واتــە لەوڵاتــە عــەرەبیو ئیســلامەکان محمــەد ئــارکۆن خراوەتــە ژینگــەی رۆژهەڵاتناسەکانەوەو بەڵگەی ئەم پرۆسەیەش لای ئەوان، رەخنـەی ئارکۆنـە بۆ ئیسلامو میتـۆدە زانسـتییەکان بـەدەر لـەپیرۆزکردنو بەبڤـە سـەیرکردنی دۆگمــەکان، بــەڵام لــەرۆژئاوا پێیانوایــە ئــارکۆن بەســتایلێکی جیــاوازەوە دەربـارەی گرفتـەکانی لـۆژێکی ئیسـلامی دەنوسـێو بـۆ ئـەم بابەتـە تێـزە بنەڕەتییەکانی بەکارهێناوە، لەنامەی دکتۆراکەشیەوە خـۆی یەکلاکردۆتـەوە بــۆ رەخنــە لــەزەینی رۆژهەڵاتناســیی، ئــاڵۆزی زمانەکــەی، تایبەتمەنــدی وشەکانی، هەڵکۆڵراو دەستەواژە نامۆکانی رۆڵێکی بەرچاویان لەتێگەیشـتنی سانا لەوەی دەینوسـێو هەیـە هەمیشـە رۆژهـەڵاتو رۆژئـاوا بـەئاڵۆز نـاوزەد دەکرێ.

زۆر بەکــەمی بەرهەمــەکانی کــراون بەعــەرەبی، ئەگــەر کراشــبێ وەرگێڕانەکەی ئاسانو روننەبوە تائەو دەمەی بۆچونەکانی توێژەری شێلگیر (هاشم سالح) ناچـاربو بـۆ تێگەیانـدنی خوێنـەر لەبیروبۆچـونەکانی ئـارکۆنو دەرخی زمانەکەی، لەپەراوێزی کتێبەکانیدا شیکاری دەستەواژەو بیروڕاکانی بکات.

هەر لەبەر ئەم هۆیە لەگەڵ ئەوەی تەرەفدارو لایەنگری راکانی ئارگون بونیان هەیە، بەڵام لەزانکۆ عەرەبییەکاندا (هێشتا) لەقۆناغی گەشەکردندایەو ئەم پرۆسەیەش زۆر بەسستی بەڕێوەدەچێ.

لای ئەو توێژەرە موسڵمانانەی لەسۆربۆنو پاریس خوێندویانە، راکانی ئارکۆن جیاوازە، بۆیە هەندێکیان پێیانوایە یەکێکە لەرۆژهەڵاتناساکان، لەهەمانکاتدا لەمیتۆددا لەو کەسانە دوردەکەوێتەوە، کە لەرۆژئاوا بونەتە توێژەری زانستە ئیسلامییەکان، بۆیە ئارکۆن ماوەیەکی دورنابێ، لەپرۆسەی رۆژهەڵاتناسیدا لەبنەماو دیسپلینەکانی رۆژهەڵاتناسیی قوتارییبوە. لەئێستادا ئارگون زیندوە، قسەدەکاتو کتێب دەنوسێ، بەچەپو راستدا توێژینەوەکانی بڵاودەکاتەوە، بۆیە دەتوانیت پێگەکەی دیاریبکەیت،واتە بزانین داخۆ رۆژهەڵاتناسە یان نا.

ئەم کارە لەلایەکەوە ئاسانە چونکە خودی خۆی دەتوانێ بەشداربێو بەرپەرچبێ، یاخود پشتڕاستی سەرنجەکان بکاتەوە، بەڵام لەلایەکیترەوە ئەستەمە لەبەرئەوەی هێشتا پێنوسەکەی دانەناوە، لەجوڵەدایە، دەستەواژەکانی هەڵدەکۆڵێ، لەمەش زیاتر بەردەوامە لەسەر بەرچاوخستنی پرۆژە گەورەکەی کە ناوی (پراکتیکی بابەتە ئیسلامییەکان)ی لێناوە. گرفتەکان بەردەوامن، بەڵام داخۆ ئارگون خۆی بەرۆژهەڵاتناس دەزانێ؟ گرنگی ئەم بابەتە لەچیدایە.؟

ئارکۆن چۆن خۆی پێشکەشدەکات؟

لەگفتوگۆیەکی روبەڕودا لەگەڵ ئەحمەد ئەلشێخ لەژێر ناونیشانی (گفتوگۆی رۆژهەڵاتناسیی)، ئارکۆن خراوەتە ناو بیست گەورە رۆژهەڵاتناسیی بەناوبانگەوە، ئەحمەد لەلاپەڕە ٦٣دا دەڵێ: "لەچوارچێوەی گفتوگۆکانم لەگەڵ رۆژهەڵاتناسە فەرەنسییەکان رومکردە پرۆفیسۆر محمەد ئارکۆن کە بەرەچەڵەك جەزائیرییە، پرسیارم لێکرد ئەو چۆن ئەم واقیعانە تەفسیر دەکات"، هەندێك پێیانوایە رۆژهەڵاتناس وەك (جان بێر، برۆنسێڵ، هۆگۆن) لەبابەتێکدا لەژمارەیەکی رۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی نوسیویەتی، هەندێکیش بەرادیکاڵی دەیدەنە قەڵەم وەك (ئۆلیڤەر کاریە) لەکتێبەکیدا بەناوی (سەید قوتب)، (خوێندنەوەیەکی شۆرشگێڕانە بۆ قورئان) باسدەکات، لای هەندێکیترکتێبەکانی ئارکۆن لەدەرەوەی بازنەی ئیسلامە.؟ ئەم جیاوازییانەم خستنەبەردەم ئارگونو داوام لێکرد هەڵوێستی خۆی دەربارەی جوڵانەوەی رۆژهەڵاتناسیی دەستنیشانبکات.

ئەمەوێ تێبینییەك بدەم بەو کەسانەی پێیانوایە من دەربارەی رۆژهەڵاتناسو رۆژهەڵاتناسەکان دەنوسم، هەمو ئەو کتێبانەیان نەخوێندوەتەوە تائێستا نوسیومن، کتێبی یەکەمم، کە چارەسەری ئەو بابەتە دەکات ناوی (مرۆڤبون لەسەدەی چواری کۆچی)یم لێناوە، لەوێدا گەوهەری رۆشنبیری عەرەبیم لەماوەیەکی دیاریکراودا کۆڵیوەتەوە، بەڕای من ئەو سەردەمە گرنگترین ئەو ساتانەیە لەمڕۆدا، کە مێژوی هزری عەرەبی پێ تاوتوێدەکرێ، پشتم بەدەقی زۆرێك لەبیریارە موسڵمانەکان بەستوە.

لەو توێژینەوەی لەشەستەکاندا نوسیومە، هەوڵمداوە بەرپەرچی میتۆدی رۆژهەڵاتناسەکان لەباسی فەلسەفەی عەرەبیو بیری ئیسلامی

بەشێوەیەکی گشتی بدەمەوە هەڵوێستی من لەوێدا پەیوەندی بەگشت رۆشنبیری عەرەبی و ئیسلامییەوە هەیە، ئەمەش هەڵوێستێکی جەزائیریيانەیە کە لەجەزائیر گەورە دەبێ و لەسەردەمی کۆڵۆنیالیزمدا لەو وڵاتە دەژی.

ئەوەی لەناخمدابو هەمان حاڵەتی هاوڕێکانم بو، پەرچەکردارێك بو بۆ ئەو لاوازییەی کە لەناو ئەو زانکۆ جەزائیریيانەی مامۆستا فەرەنسییەکان وانەیان تێدادەوتەوە، بەدەستییەوە دەماننالاند، رەوشی سەردەستەی ئەوکاتە، رەوشی کۆڵۆنیاڵ بو، ئێمەش دەمانویست لەبەرامبەریدا بوەستین و رزگارمان بێت لەدەستی، ئەم هەستەم بەسەر ئەو کتێبانەوە، کە لەپەنجاکاندا لەجەزائیر نوسیبوم جێدەستی خۆیان دیاریکردبو، زیاتر کڵپەو تینی رۆشنبیری و هزری تاکێکی جەزائیری بەسەریاندا دەچەسپێ، کە لەنێوان ئامانجەکانی رزگارکردنی جەزائیرو ئەو بیروبۆچونانەی، کە لەرێگای فەرەنساوە بۆمان دەهات، خۆی وێنادەکرد، بەڵام وەکو توێژەرێك راستەوخۆ باسی ئەم حاڵەتەم نەکردوە.

ئەوکەسەی بەقوڵی ئەوەی نوسیومەو ئەوەی دەینوسم بیخوێنێتەوە، دەتوانێ لەبۆچون و ئاراستەکانمدا ئەم خورپە پەیوەستەی لکاوە بەزەمەنی کۆڵۆنیاڵەوە هەستپێبکات.

ئارکۆن لێرەداوەك ئەو خوێندکارە عەرەبانە وایە، کە لەزانکۆکانی فەرەنسادا دروستبون. غەمەکانی هاوشێوەیی غەمی هاوڕێکانی وایە کاتێ لەگەڵ زانکۆو مامۆستاکانیاندا دەهاتنە ئاخافتنن، ئەیەوێ لەگەڵ رۆژهەڵاتناس و زانکۆدا بەربەرەکانێیەکی ئایدۆلۆژیانە بسازێنێ، بەڵام کاتێك دێتە فەرەنسا لەروانگەیەکیترەوە رۆژهەڵاتناسیی بەدیدەکات و ئاماژەدەدات:

"هەرئەمەم لەپاریسدا دۆزییەوە، ئێستاش لەدژی خەبات دەکەم، بەڵام بەشێوەی میتۆدو مەعریفە نەك لەرێگای بەربەرەکانێی ئایدۆلۆژیاوە" هەر لەهەمانکاتدا بانگەشە دەکات بۆ: "زەرورەتی گۆڕینی ئەو میتۆدانەی موسوڵمانەکان هەزری ئیسلامیو تەعالیمەکانی شەریعەتیان لەسەر بونیاتناوە" لێرەدا پێدەچێ ترسی ئەوەی لێنیشتبێ لەسەر یەکێك لەو دو بالەبدرێتە قەڵەم، بۆیە بەرونی دوپاتیدەکاتەوە "لەبەرئەمە رەخنەیەکی تونـدم بەرامبەر ئەو رۆژهەڵاتناسەی دورن لەمیتۆدە سەردەمییەکانەوە هەیە".

موسڵمانەکانیش جێگەی رەخنەن، چونکە بەو لافەی مولکی (رۆژئاوان) خۆیان لەمیتۆدە سەردەمییەکان دور خستوەتەوە، ئەم قسەیە زۆر بێمانایە، ئایا لۆژیکی تایبەت بەرۆژئاواو لۆژیکی تایبەت بەموسڵمانان بونی هەیە؟ ئێمە مرۆڤین هەمو بابەتە مەعریفییەکان پەیوەستن بەزانینەوە لەسەر ئەم بنەما دەرونیو بنەڕەتییەوە پێویستە رەخنە لەمەعریفە بگرین، لەهەر کولتورو رۆشنبیرییەکدابێ رەخنە ئاڕاستەی ئەو ئەزمونو تەرزەبکەینەوەو لۆژیکی مرۆڤ بەرهەمیهێناوە ئیتر گرنگ نییە ئەو بابەتە، یابانییەك، ئەفریقییەك یاخود موسولمانێکی لەپشتەوەیە.

رەخنەی رۆژهەڵاتناسیی

لەناوەڕۆکدا زۆر بەکەمی رەخنە لەپرۆسەی رۆژهەڵاتناسیدا دەبینرێو بەدانسقە رەخنە بەسەر روبەرو میتۆدو بیری کارەکانیاوە زاڵە، بەڵام لەدەرەوەواتە لای موسڵمانەکان بابەتەکە ئاڵۆزاوییەو بەئاسانیو خێرایی بڕیاری تێدانادرێ، ئەگەر پنتێکی دیاریکراو سەرەتا وەربگرین، سەرەتای

رێنسانسی عەرەبو موسڵمانەکان لەرێگای دروستبونی زانکۆ عەرەبیو نائاییەکانەوە و قسەکردن لەرۆژهەڵاتناسییو رۆژهەڵاتناسەکان تێیاندا دەستنیشاندەکەین.

پێش ئەوەش نزیکەی سەدەیەك لەدەرکەوتنی ئەو بابەتە، گفتوگۆکانی تەهتاوی لەگەڵ دۆس و هاوڕێکانیدا سەریهەڵداوە، بەڵام سەرەتاکانی پێگەیشتنی جەستەیی لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە (ئەفغانیو عەبدە) پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بەسمبولەکانی رۆژهەڵاتناسیەوە بوە، دێنە ناوبازنەی زانکۆی قاهیرە دوای ئەوەش ژمارەیەك رۆژهەڵاتناس لەئەورووپای رۆژهەڵاتەوە بۆ هەمان زانکۆ بانگهێشتدەکرێن، ئێستاشی لەگەڵدابێ ناوەکانی: کارلۆ نیلینۆ مامۆستای مێژویی ئەدەبی عەرەبی تاسەردەمی ئەمەوییەکان، سێنتلاّنا مامۆستای مێژوی فەلسەفەی ئیسلامیو مێژویی وەرگێڕان، (میلۆنی) مامۆستای رۆژهەڵاتی کۆن، ئینۆلیتمان مامۆستای زاراوە سامییەکان، جێی رێزنو ئەو هەوڵو کۆششانەی داویانە بۆ توێژینەوەی کولتوری ئیسلامیو بڵاوەپێکردنی، بەرزدەنرخێندرێن، بەڵام هەر لەو کاتەدا قسە لەسەر هەندێ هەڵوێستی ئایدۆلۆژییانەی رۆژهەڵاتناسیی کراوەو بەردەوام توێژینەوە رەخنە ئامێزەکانی دژ بەرۆژهەڵاتناسیی رچەیان گرتو لەژێرکاریکەریی هەر دو روانگەتی میتۆدو سۆزداریو ئایدۆلۆژیادا دەرکەوتن.

پاشان ئیدوارد سەعید هاتو دەروازەیەکی نوێی کردەوەو چەندەها شیکاری مێژوییو ئەدەبیو دەرونی دروستکرد، تائەوپەڕی بابەتییانە نیشانداو توێژەرە رۆژهەڵاتیو رۆژئاواییەکانو خودی رۆژهەڵاتناسەکانی ناچارکرد، بیخوێننەوەو رێزی لێبگرن.

ئایا ئارکۆن‌و ڕەخنە ڕۆژهەڵاتناسییەکەی لەکوێدایە؟ توانا بێئەندازەو ئاڵۆزاوی‌و ئاوێتەو ناوازەکانی بۆ تێپەڕاندنی سنورو قەڵەمبازی کات‌و شوێن کەی دەردەکەوێ؟ ئەوکەسەی ڕەخنە لەڕۆژهەڵاتناس‌و ڕۆژهەڵاتناسیی دەگرێ بەوەدا دەناسرێتەوە تێکەڵە بەپرۆسەکەو لەتێڕوانینەکانیدا بوەتە خاوەن ڕەنگ‌و بونیادێکی سەربەخۆو بەمیتۆدێکی بێلایەنانەوە کاردەکات، چی دەڵێ؟

ئارکۆن‌و ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتناسیی

بەپێی قسەی خۆی لەچەمکی نیشتمانییەوە، واتە چەمکی کەسایەتی جەزائیری‌و ئامانجەکانی ڕزگاربونی پڕسیخنانی ئایدۆلۆژی ئەوولاتە، لەدەستی داگیرکەر، گواستوویەتییەوە بۆ سۆربۆن، ئەمەش بۆ خۆی لایەنێکی هۆشیارانەیەو کەسایەتییەکەی بارگاوی لێدروستکردوە، ئارکۆن دەڵێت "کاتێ گواستمەوە پاریس، دریژەم بەخوێندندا، کارامەیی دەرونی‌و ڕۆشنبیریم فراوانبو ئەو کات زانیم ئەوەی ئێمە پێیدەڵێین ڕۆژهەڵاتناسیی لەراستیدا جولّەیەکی زانستی پەراوێزییە"، بەهۆی کەڵەکەبونی هەندێ هۆکار، بەرای ئێمەوا دەردەکەوێ ڕەخنەی ئارکۆن بۆ ڕۆژهەڵاتناسیی ڕەخنەیەکی ناوخۆییە،وەك ئەوەی لەناواخنی خودی پرۆسەکەوە هاتبێ‌و لەدیوی ناوەوە بەدیبکات‌و بەمۆتیڤی جوگرافی‌و مێژویی‌و هزری، کاری ڕەخنەی بۆ ئەنجامبدات، ئەم ستایلەی ئارگون کاری لەسەر دەکات، ڕاستەوخۆ بەڕەو ریشەکانی ڕۆژهەڵاتناسیی‌و قولّایی‌و میتۆدی پرۆسەکە ملی ڕێی پێدەگرێ، بەڵام ئایا بەم فۆرمەو ئەوەی لەناخیدا لەپێدراو پێکهاتەو گەشەی تۆپکلّداری ئاراستە هێڵ بەڕەو زیندوکردنەوەی ئەو پرۆسەیەی ناوی

(زانستی نزیکگەرایی) واتە (توێژینەوەی کولتورو زانستە رۆژئاواییەکان بەنیگای رۆژهەلاتی) بەسەردا سەپێنراوە، ئارگون دەتوانێ شەن وکەوی بێلایەنەی رۆژهەلاتناسیی بکات یان نا؟

دەبێ ئەوە بزانین، ئارکۆن نە بەمیتۆدەوە نە جوگرافیاو لەدەرەوەی رۆژهەلاتناسیەوە نەهاتوە، پاشان پرۆژەی نزیکگەرایی هێشتالەقۆناغە سەرەتاییەکاندایە.

لەمەش زیاتر پرۆژەیەکە هەنوکە بەدوای چوارچێوەو میتۆدو میکانیزمەکانیدا وێلە. بەردەوام لەدڵەڕاوکێدایەو چواردەوری بەو پرسیارە ئاڵۆزانە تەندراوەو رەخنە لەسەر خودی پرۆسەکە دروستدەکات، مەرج نییە رەخنەی رۆژهەلاتناسیی مانای (رۆژئاوا گەریی) بدات بەدەستەوە، یەکەم روی لەتوێژینەوەی سمبوڵو میتۆدە مانیفێستکراوەکانە لەدێرزەمانەوە .. دوەمیش واتە (رۆژئاواگەریی).

روی لەرۆژئاواو کلتورە جۆربەجۆرەکانیەتی کە زیاتر لەجیهانێکی شێوە (خۆخۆیی فراوانی فڵت دەچێ) بەدەر لەم تێڕوانینەش بۆ رەخنەی ئارکۆن لەپرۆسەکە ئایا لەتوێژینەوەکانیدا بەروانینیکی ناوخۆییەوە ئارکۆن دەیەوێ کەمتەرخەمی رۆژهەلاتناس ئاشکرابکاتو دواتر بنەمایەکی بۆ دابنێ کە پیشتر پرۆسەکە نەیبوەو لەبەرئەمەیە هەوڵی بۆ دەدات؟ ئەو دەڵێ رۆژهەلاتناسیی جوڵانەوەیەکی زانستی پەراوێزە، لەم کاتەدا هیچ تۆمەتێکی جوگرافی ئاراستە ناکات، بەڵکو لەلوتکەی خۆیدا رۆژهەلاتناسیی جێدێڵێ، بۆ رونکردنەوەی زیاتر ئاماژە دەدات" مەبەستم بەتوێژینەوە عەرەبیو ئیسلامییەکان لەزانکۆکانی رۆژئاواوەیە، لەکونجێکی زانکۆدا متبوەو سەراپای ژیانی زانکۆی داگیرنەکردوە، ئەو توێژینەوانە زیاتر تایبەتن

بەهەندێ کەس دەیانەوێ لەبابەتگەلێکی دوردا رۆبچن کە بەلای بیری رۆژئاواو رۆشنبیریو کولتورەکەیەوە جێگەی گرنگی پێدانە".

ئەم دەستەواژەوامان لێئەکات بڵێین رەخنەی ئارکۆنی بۆ رۆژهەڵاتناسیی لەناوەڕۆکیەوە دێتو لەهەمانکاتیشدا ئاراستەیدەکرێتەوە، زۆرێك لەتوێژەرە عەرەبو موسڵمانەکان بگرە رۆژئاواییەکانیش وای بۆ ناچن ئارکۆن دەیەوێ بگەڕێتەوە ناو حەوشی ئیسلامو موسڵمانەکانو سۆزی بۆ هەڵبژێرێ یاخود رەخنە ئاراستەی رەخنەگرانی ئەم جیهانە بکات.

ئەم هەستەش لەئاست ئارکۆندا دێتەبون لەئەنجامی رۆشاندنێکی ساکاری لایەنی کەسایەتیو سۆزداری، ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بەزانستو توێژینەوە نییە. لەم روانگەوە ئێمە پێمانوایە ئارکۆن نەگۆڕاوەو هیچ سنورێکیشی بۆ ئەو رێگایە دانەناوە کە هەنگاوی یەکەمی لێوەهەڵگرت. کتێبی یەکەم کە چارەسەری ئەو بابەتە دەکات ناوی (مرۆڤبون لەسەدەی چواری کۆچی)یم لێناوە، لەو توێژینەوەیەدا کە لەشتەکاندا نوسیومە، هەوڵمداوە بەرپەرچی میتۆدی رۆژهەڵاتناسەکان لەباسی فەلسەفەی عەرەبیو بیری ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی بدەمەوە.

ئەوەی ئێمە پێیدەڵێین نەگۆڕان لەئارکۆندا، دەشێ قوڵبونەوەی بۆچونو جیهانبینیو شارەزاییەکی بێسنور بێ لەکەسایەتیدا، نەك وەرچەرخان لەئاڕاستەی بیرکردنەوەدا، ئەگەر ئەو رۆژە گەڕایەوەو مکوڕبو لەسەر پەراوێزبونی رۆژهەڵاتناسیی، لەو ساتەدا لەناواخنی کۆمەڵگەی زانستی رۆژئاواوە دێ، چونکەوا دەردەکەوێ زیاتر لەرۆژهەڵاتناسەکان، ئارکۆن شارەزاییەکی بێوێنەی لەپێویستییەکانی کۆمەڵگەی رۆژئاوایی و ئاتاجی کولتورو رۆشنبیرییەکەی هەیە لەئاست جیهانبینی یەك کە

رۆژهەڵاتناسیی لەناسناوی میکانیزمی کۆڵۆنیاڵ رزگاردەکات، ئەگەروا بو ئەوکات تانەیەك دەخاتە سەر لۆژیکی پرۆسەکەو بەکەمتەرخەمو هەگبە بەتاڵ نرخاندویەتی.

بەڵام ناکرێ لەپێشبڕکێی موسولمانەکاندا بەبەری بدرێتەقەڵەم، چونکە ئەو لەروانگەی کۆمەڵگەی رۆژئاواو پێویستیو غەمەکانییەوەو ناهەماهەنگبونی رۆژهەڵات لەگەڵیدا سەنگەردەگرێ، لەلایەکیتریشەوە لەئیدوارد سەعید جیادەبێتەوە، ئیدوارد سەعید لەپێشەکییەکەیدا دەنوسێ "ئەگەر ئێمە کتومت کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە وەربگرین دەکرێ رۆژهەڵاتناسیی تاوتوێ بکرێ، وەك دامەزراوەیەکی هاوبەش بۆ مامەڵە لەگەڵ رۆژهەڵاتدا شیکاربکرێ، مامەڵە بەو مانایە راپۆرتی لەبارەوە بدرێ، رای لەسەر بوترێ دانیپێدابنرێ، وەسفی بکرێ، لێیبتوێژرێتەوە تێیدا نیشتەجێببنو دەسەڵاتبگرن بەسەریدا".

رۆژهەڵاتناسیی وەك ستایلێکی رۆژئاوایی، بۆ زاڵبون بەسەر رۆژهەڵاتداو دوبارە بونیادنانەوەو رەشۆکردنی. لێرەدا یەکەم جیاوازی دێتە هەزری خوێنەر، پێیوایە:

١-تۆێژینەوەی عەرەبیو ئیسلامی (رۆژهەڵاتناسیی) لەزانکۆ رۆژئاواییەکاندا گۆشەگیرەو سەراپای ژیانی زانکۆی نەگرتوەتەوە.

٢- رۆژهەڵاتناسیی توێژینەوەیەکی تایبەتە، یاخود تاکگەرییە بۆ هەندێ کەس کە دەیانەوێ لەبابەتێکدا رۆبچن، کلتورو بیری رۆژئاوایی بەلایەوە گرنگە، بەڵام ئیدوارد بەم شێوەیە دەیبینێ "رۆژهەڵاتناسیی، دامەزراوەیەکە، کارێکی دەستە جەمعییە، بەڵام دامەزراوەکە کێیە؟ ئایا

تەنها خودی رۆژهەلاتناسەکان یاخود ئەوان بەشێکن لەقەوارەیەکی گەورە"، ئەم پرسە بەلای ئیدواردەوە گرنگ نییەو ئەوەی مەبەستیەتی بریتییە لە:

١-چۆن ئەم مامەڵە تەواودەبێ؟ لەرێگەی: راپۆرتدان، راوتن، دانپیانان، وەسهزردن، تۆڕینەوە.

٢-نیشتەجێبون تێیداو دەسەڵاتگرتن بەسەریدا. رۆژهەڵاتناس وەك ستایلێکی رۆژئاوایی، بۆ زاڵبون بەسەر رۆژهەڵاتداو دوبارە بونیادنانەوەو رەشۆکردنی.

ئەم بەراوردە بۆچی؟

لێرەدا ناتوانین بەشبەشکردن، یاخود وردکردنەوەیەکی تەواو ئەنجامبدەین، چونکە بەراوردی رۆژهەڵاتناسیی لەئیدوارد سەعیدەوە تا محمەد ئارکۆن پێویستی بەشیکردنەوەیەکی قوڵی کارەکانی هەر دو توێژەر هەیە، لەمەودواش سەرەڕای جیاوازی لەدەستپێکی پرۆسەکەو میکانیزمەکانی لای هەر دو بڕیار، زۆرجار پێکدەگەنەوەو یەکتری تەواودەکەن، بەڵام ئەوەی دەمانەوێ ئێستا پەنجەی لەسەر دابنێین، ئەو ئەرزەیە ئارگون تێیدا تەریکدەکەوێو وەك کاری دوەمی رەخنەی رۆژهەڵاتناسییو رۆژهەڵاتناسەکان، بەتێڕوانینێکی زانستی ئەکادیمی رون، لای ئەو دەستپێدەکات" رۆژهەڵاتناسەکان گرفتەکانی تویژینەوەو میتۆدە نوییەکانی ئەو بوارە، تەبەنی ناکەنو پرۆگرامی زانستە مرۆڤایەتییەکان لەزانکۆ رۆژئاواییەکاندا دانراوی پەنجاو شەستەکانە، بۆیە کاتێ بەراوردی ئەو میتۆدانە دەکەین رۆژهەڵاتناسەکان بەو پرۆگرامانەی توێژەرو مێژوزانو ئەنترۆپۆلۆژییەکانو زمانەوانەکان کاری لەسەردەکەن بەرهەمیانهێناوە،

جیاوازییەکی گەورە لەمیتۆدە رۆژهەلاتناسەکان ئاگایان لەدەستکەوتی ئەکادیمی لەسەرجەم بوارەکاندا نییە".

بەم شێوە بێ محمەد ئارگون باسیدەکات، ئەوان گۆشەگیربون، نەك تەنها لەزانکۆکاندا، بەڵکو لەناو بەشەکانیشدا، ئەم حاڵە هەستپێدەکرێ، ئەم واقیعە زۆر پڕکارەساتە، چونکە هەمیشە لەزاوزێو موتوربەکردندایەو لەئاکامیشدا بەنێگەتیف بەسەر زانستە ئیسلامییەکاندا دەشکێتەوە، خوێندکارە موسولمانەکان لەوڵاتەکانی خۆیانەوە دێنەناو ئەو بەشانە، بەڵام کاتێك دەگەڕێنەوە کۆمەڵگەکانیان، چەردەیەك هەڵەو ڕەشبینی دەخەنە هزری چواردەورەکانیان.

هەرکەس بەوردی نوسراوەکانی ئارکۆنی خوێندبێتەوە، یاخود گوێڕادێری وانەکانی بوبێت، هەستدەکات زۆر بەتوندی هێرشدەکاتە سەر ئەوکەسانەی میتۆدە سەردەمییەکانو گرفتە نوێیەکانی ئەو بوارە، پشتگوێدەخەن. لەدو قۆڵەوە ئەم سەرنجە ئاراستەدەکات:

١- بۆ توێژەرو لێکۆڵەرە رۆژهەلاتناسەکان:

ئەمە هەڵوێستی راستەقینەی منە سەبارەت بەرۆژهەلاتناس، بۆ ماوەی ئەم چەند ساڵە بەبەردەوام، لەوانەو کتێبەکاندا بانگەشەی ئەوە دەکەم پرۆگرامەکانی سەردەم لەتوێژینەوە ئیسلامییەکاندا پراکتیك بکرێت.

٢- بۆ توێژەرو لێکۆڵەرە ئیسلامییەکان:

پێویستە لێکۆڵەرە موسولمانەکان لەرەخنەی ئایدۆلۆژی ئەرگۆمێنتەوە بگوازنەوە بۆ رەخنەی زانستیو مەعریفی، ئەگەر ئەم کارەبکەن، ئەوکات دەزانن پێویستە ئەو میتۆدانەی توێژەرە ئیسلامییەکان لەهزری ئیسلامیو بابەتە ئیسلامییەکاندا، کاریان لەسەردەکەن، گۆڕانی بەسەردا بێ، چونکە

ئەگەر ئەپستمۆلۆژیا بەگرنگ نەگرین، ناتوانین لەمۆدێرنەکردنی ئەو باسانەی بابەتە ئیسلامییەکانی تێدا کۆبوەتەوە پێشڕەوی بکەین.

پاشان پێداگریدەکاتو دوبارەیدەکاتەوە"لەبەرئەمە رەخنەی تونـدم هەیە بەرامبەر ئەو رۆژهەلاتناسانەی دورن لەمیتۆدە سەردەمییەکانەوە. هەروەك موسڵمانەکانیش جێگای رەخنەن، چونکە بەو لافەی (رۆژئاواییـن) لەو میتۆدانە دورکەوتونەتەوە".

رەخنەی ئارکۆن لەموسڵمانو عەرەبەکان لەدێرزەمانەوە دەستپێکردوە، لەم رەهەندەدا بەشێوەیەکی زۆرتر لەهێڵە پانو بوارە گشتییەکاندا کاردەکات، دەگونجێ ئەم تەرزەی ئارکۆن شانبەشانی ئەو تەنگپێهەڵچنینە بێت لەوڵاتە ئیسلامییەکاندا روبەڕوی توێژەرو بیریارانی دەبێتەوە، چونکە کەمتر دەچێتەناو درێژەو تاوتوێی وردی دەرکەوتەکانی هەزری ئیسلامی، بەڵام لەبەرامبەردا رەخنەی ئارکۆن بۆ (بیری رۆژهەلاتناسیی) بەرەخنەیەکی زانستیو میتۆدیانە دەستپێدەکات، هەروەك خۆشی دەڵێ "ئەم تەرزە لای ئەو نوێیەو هەمیشە لەحاڵەتی بەردەوامیو گەشەدایە، جیاوازی نێوان وەرچەرخانو گەشەی ئەم ستایلەکارکردنەی ئارکۆن ئەوەیە، داوادەکات رۆژهەلاتناسەکان رێچکەی ئەو لەپرۆسەی گەشەی رەخنەیی بگرنەبەر، بەو مانایەی وەك چۆن ئەو لەبەرهەمەکانیدا بەو هزرو زەینە دەبەستێت تیۆریستە رۆژئاواییەکانو تێزەکانی شافیعیو ئیبن روشدو فارابی بەرهەمیانهێناوە، پێویستە بەو شێوازە ئەم بابەتانە رەنگدانەوە لەسەر میتۆدی کارەکانی ئەوان جێبێڵێ. لەم بازنەدا گەورەترین تێبینییەك دەردەکەوێ، جیاوازی ئارکۆنو رۆژهەلاتناسانە، چونکە ئەو خۆی بەرۆژهەلاتناس ناناسیی".

چەمکی کۆتایی لەرەخنەی ئارکۆندا بۆ رۆژهەلاتناسەکانو پرۆسەی رۆژهەلاتناسیی، کە دەمانەوێ لێرەدا یوەستین، سەرنجی ئارکۆنە لەمامەلەی رۆژهەلاتناسەکان لەگەڵ قورئانو ئەو توێژینەوانەی لەقورئانەوە سەرچاوە دەگرن، رەهەندی توێژینەوە قورئانییەکان لای رۆژهەلاتناسو بگرە زۆرێك توێژەری موسڵمان، رەهەندێکە زیاتر سیمای متبونو تەڕێزکردنی پێوەدەبینرێت.

لەکتێبێکیدا بەناوی (بیری رادیکاڵیو ئەستەمی بنبڕکردن، بەرەو مێژویەکیتری هزری ئیسلامی) وەرگێڕاوی (هاشم سالح –۲۰۰۲)، ئارکۆن بەشێکی لەناو ئەو کتێبەدا تەرخانکردوە بەناوی (قورئانو توێژینەوە رەخنەییە سەردەمەکان)و لەرەخنەی رۆژهەلاتناسەکاندا لەوێدا دەڵێ "دو پێدراو باسدەکەین، کە بەشکست دەدرێتە قەڵەم لەئاست ئەو رۆژهەلاتناسە رۆژئاواییانەی میکانیزمو وەرگێڕاوەکانی لۆژیکی مێژویی‌و فیلۆلۆجی تەبا لەگەڵ لۆژیکی زانستیدا بەکاردەهێنن".

۱–هەمو رۆژهەلاتناسەکان (جگەلە کەمێك) هیچ ئاسەوارێکیان دروستنەکردوە، تاتاوتوێی میتۆدو دڵەراوکێی ئەپستمۆلۆژیا دەوڵەمەندبکات، تەنها ئەو واقیعە فیزیکییە بەرهەستانەیان بەلاوە گرنگە بەواتاخۆماڵییەکانی خۆیانو بەپێوەدانی (چوارچێوەی مەعریفەی ویستراو) دەپێونو هەڵیدەبژێرن.

۲– دو جۆر شارەزایی رۆژهەلاتناسیی بونیان هەیە: باوەڕدارو بێباوەڕ، باوەڕدارەکان کاتێ لەکولتوری ئیسلامی دەکۆڵنەوە، رۆشنبیری لاهوتی مەسیحیو یەهودی خۆیان ئاوێتەی بابەتەکان دەکەن، بێباوەرەکانیش ئەوانەی بەپووچگەرایی‌و هیچگەرایی‌و تەنانەت لائیکی

دەناسرێن، بەتەواوەتی لەگوتاری ئایینیدا ماناو ئاماژەکان دەسڕنەوە یاخود پشتگوێیدەخەن، لێرەشەوە نایانەوێ بچنەناو تاوتوێی ئیمانەوەو بەو مانایەوەك دیسپیلنو ئاکارگەلێکی دەرهاویشتە لەگشت باوەڕدارێکەوە هەڵقوڵابێ، بەڵکو بەو مانایەی ئیمان ببێتە ئاوێنەیەکی دەرونی، کۆمەڵایەتی، مێژویی، زمانەوانی، بەم شێوەیە دەبینین قەیرانی سێنترۆالبونی، حەقیقەت بەتەواوەتی لەتوێژینەوەی ئەکادیمی قورئاندا چۆڵکراوە،وەك رونیشە (راستەقینە) تێزێکە ئامانجی یەکەمی پێش هەمو شتێك دروستکردنی پێودانگێکی رەهاو پیرۆزە بۆ راستەقینەی باڵا، بەو مانایەی دەبێتە هەبو واقیعێکی راستەقینە یاخود (لوغزی راست لەزمانی قورئاندا) وەك دەبینین بابەتی سێنترۆاڵ سەبارەت بەلۆژیکی ئایینی، وەك زەینی فەلسەفی زیاتر رەخنەو پێشڕەوی وەردەگرێ، بەڵام بەداخەوە ئەم بابەتە لای ئەو توێژەرانە بەکەمتەرخەمی مامەڵەی لەگەڵداکراوە. ئەم رەخنەیەی ئارکۆن سەبارەت بەتوێژینەوەی قورئان لەزانکۆ رۆژئاواییەکاندا بەدرێژی هێنامان، بەو ئامانجەی روپەڕی توێژینەوە کە فراوانبکەین، لەلایەکیتریشەوە هەستدەکەین لەچەمکێکیتری رۆژهەڵاتناسیدا (توێژینەوە سامییەکان) هەندێ بابەتی هاوشێوەو تێکەڵکراو پشتگوێخراو بونی هەیە.

ماوەتەوە بڵێین ئەم پۆلێنەی ئارکۆن بۆ رۆژهەڵاتناسەکانی کردوە، ئاسەوارەکانی بێبەشبونی باوەڕداری بەهەمو جۆرو پلەکانیەوە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە، لەسەر ئەو بابەتەی رۆژهەڵاتناسێك دەیخاتەڕو.

چینەکانی رۆژهەڵاتناسان

\

کۆکردنەوەی: عەبدولغەفار حەمیدە

و: سەلام عەبدولکەریم

١-ئوجانیو گریفینی Eugenio Griffini

(١٢٩٦-١٣٤٣ ك/ ١٨٨٦-١٩٢٥)

رۆژهەڵاتناسێکی ئیتاڵییە، لەئەندامانی مەجمەعی زانستی عەرەبییە، لەشاری میلانۆ لەدایکبووە و زمانی عەرەبی لەپەیمانگەی رۆژهەڵاتی لەشاری ناپۆلی خوێندوە، گەشتیکردوە بۆ یەمەن، تونس، تەرابلوسی رۆژئاواو میسر، لەگەشتەکانیدا جلوبەرگی عەرەبی لەبەرکردوە، پادشا فوئادی یەکەم ساڵی (١٩٢٢) وەك ئەمینداری کتێبخانە تایبەتییەکەی لەقاهیرە دایمەزراندوە.

گریفینی لەوێ ماوەتەوە تاوەکو مردنی هاوڕێکەی (لوکا بلترامی Luca Bltrami) نامەیەکی گریفینی لەوەرگێڕانەکەیدا بەزمانی ئیتاڵی بڵاوکردوەتەوە و تیایدا گریفینی شرۆڤەی کتێبخانەکەی کردوە، کە (١٢٢١) کتێب لەخۆدەگرێت و زۆربەیان دەربارەی رۆژهەڵاتی عەرەبین، لەگەڵ (٥٦) دەستنوسی عەرەبی، گریفینی راسپاردەیکردوە کە هەمو کتێبەکانی بدرێتە کتێبخانەی ئەبدۆسیانییە لەشاری میلانۆ، چەند دانراوێکی هەیە لەوانە (التحفه اللوبیه فی الغه العامیه الگرابلسیه، معجم لمفردات من الغه الایگالیه ومایقابلها من الغه العامه فی گرابلس الغرب) بڵاوکردنەوەی دیوانی (الاخگل)

بەنوسخە کۆنەکەی، کە لەیەمەن دۆزراوەتەوە، لەگەڵ (الفقه الزیدی) کە بۆ ئیمام زەیدی کوڕی عەلی دەگەڕێتەوە، هەروەها (قصیدە)ش کە دەوترێ هی ئیمروئولقەیسی شاعیرە.

٢-ئوجین میتوخ: Eugen mihwoch (١٣٦٢ك-١٩٤٣)

رۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانییەو لەئەندامانی کۆمەڵەی زانستی عەرەبییە، گرنگیداوە بەمێژوی عەرەب لەپێش ئیسلامداو لەنوسراوە یەمەنییەکانی بڵاوکردوەتەوە، دوبارە کتێبی (تأریخ سنی ملوك الارچ والانبیاو)ی حەمزە ئەسفەهانی چاپکردوەتەوە هەروەها کتێبێکیتری لەشاری بەرلین بەزمانی ئەڵمانی بۆ حەمزە ئەسفەهانی داناوەو تیایدا هەمو ئەو شتانەی کۆکردوەتەوە کە حەمزە ئەسفەهانی لەهەواڵو ئەوەی پەیوەستە بەدانراوەکانیەوە لەسەر راوەستاوە.

٣-ئوکتاڤ هوداس: Octave houdas (١٢٥٦-١٣٣٤ك/ ١٨٤٠-١٩١٦)

رۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسییەو مامۆستابوە لەقوتابخانەی زمانە رۆژهەڵاتییەکان لەپاریسوەك پشکنەری قوتابخانەکانی جەزائیر دەستنیشانکراوە، چەند کتێبێکی عەرەبی هەیە لەوانە (گرف مغربیە)، (مجموعە مکاتیب مخگوگە) وەرگێڕانی (٦٤) شەستو چوار سورەت لەقورئان، (رسالە فی تفسیر گباعە النصوص العربیە)، هەروەها هوداس بایەخو گرنگیداوە بەلێکۆڵینەوەو وردەکاریکردنی کتێب لەوانەش، (مێژوی سودان)ی سەعدی، (مێژوی فەتاش)و (هەواڵ دەربارەی یەکەم دەوڵەت

لەدەوڵەتـەکانی خانەدانـە عەلەوییـەکان)و (ژیاننامـەی سـوڵتان منکبرتـی)و (نزهه الحادی)ی محەمەد ئەلسەفیر ئەلمەراکشی.

٤- ئیڤارست لیڤی پرۆڤینسال Evariste Levi-Provenc
(١٣١١- ١٣٧٦ك / ١٨٩٤-١٩٥٥)

لەبنەڕەتـدا بەرەچـەڵەك فەرەنسـییەو بوەتـە عـەرەب، زۆر سـەرقاڵبوە بەراستکردنەوەی دەستنوسە عەرەبییـەکانو بڵاوکردنەوەیانـەوە، لەجـەزائیر لـەدایکبوەو فێربـوە لەشـەڕی دەردەنیـل لەسـوپای فەرەنسـیدا ئامـاەبوەو بریندارىبوەو گوازراوەتەوە بۆ میسر، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ فەرەنسـا، سـاڵی (١٩٢٠) وەك مامۆستا لەپـەیمانگەی زانستە باڵاکانی مەغریب لەشـاری ریبـات دامـەزراوەو دواتـریش لەسـاڵی (١٩٢٦) بـوە بەبەڕێوەبـەری پـەیمانگەکـە، لەمیانـەی ئـەوەداو سـاڵی (١٩٢٨) ماوەتـەوە بـۆ وتنـەوەی وانـەی مێـژوی عەرەبو شارستانییەتی ئیسلامی لەکۆلیژی ئەدەبیات لەجەزائیر.

هـــەروەك ســـەرقاڵبوە بەوتنـــەوەی وانـــەی مێـــژوی عـــەرەبو نوسراوەکانیانەوە لەپـەیمانگەی توێژینەوە ئیسلامییەکان لەزانکۆی سـۆربۆن لـەپاریس، بـەڕێوەبردنی پـەیمانگـەی ریبـات سـاڵی (١٩٣٥) وازیهێنـاوەو لەزانکۆی قاهیرەوە بانگهێشتکراوە بۆ وتنەوەی وانە ساڵی (١٩٣٨) وەزیـری پـەروەردی فەرەنسـا سـاڵی (١٩٤٥) لەنوسـینگەی خۆیـدا دایمەزرانـدوەو لەگەڵیدابوەو لەهەمان ساڵیشدا وەك مامۆستای زمانی عـەرەبیو شارسـتانی ئیسلامی لەکۆلیژی ئەدەبیات لەپاریس دامەزراوە، هەروەها کراوە بەبریکاری پەیمانگەی توێژینەوە سامییەکان لەزانکۆکەیدا.

پرۆفێسیسال ئەندامبوە لەهەردو کۆمەڵەی زانستی عەرەبی لەدیمەشق و کۆمەڵەی زمانەوانی لەقاهیرە، لەشاری پاریس مردوە، لەگەڵ (محمەدی کوڕی ئەبی شنب)دا هاوکاریکردوە لەپۆلێنکردنی دەستنوسە عەرەبییەکان لەگەنجینەکەی ریباتدا، چەند بەرهەمێکی بڵاوکردوەتەوە لەوانە: (نوسراوە عەرەبییەکانی لەئیسپانیا)، (نص جدید للتأریخ المرینی)، (ئیسپانیای موسوڵمان لەسەدەی دەیەمدا)، (شارستانیەتی عەرەبی لەئیسپانیا)، (بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە دەربارەی میژوی موەحیدین، مەبەست لەمیژوی دەوڵەتی موەحیدینە-وەرگێڕ)، (هەڵبژاردە لەمێژونوسانی عەرەب لەمەڕاکیش)، (البیان المغربی)ی ئیبن عەزاری، (مقتگفات تأریخیە عن برابرە القرون الوسگی)، (أعمال الأعلام، القسم الپانی فی اخبار الجزیرە الأندلسیە)ی ئیبن خەتیب، (یاداشتەکانی شا عەبدوڵڵا کۆتاپاشای غەرناتە)، (صفە جزیرە الأندلس)، (سبع وپلاپون رسالە رسمیە لدیوان الموحدین)، (جمهرە أنساب العرب)ی ئیبن حەزم، (رەچەڵەکی قوڕەیش)ی زوبەیری.

٥-ئینویستمان: Ennolitmann(١٢٩٢-١٣٧٧ك/١٨٧٥-١٩٥٨)

رۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانییەو لەئەندامانی کۆمەڵەی زانستی عەرەبییە لەدیمەشقو کۆمەڵەی زمان لەمیسر، لەگەڵ ژمارەیەك کۆمەڵەی ئەوروپی، لەشاری (ئولدنبگر) لەئەڵمانیا لەدایکبوە، ساڵی (١٨٩٨) بڕوانامەی دکتۆرای لەفەلسەفە لەزانکۆی (هالە) بەدەستهێناوەو ساڵی (١٨٩٩-١٩٠٠)و ساڵی (١٩٠٤-١٩٠٥) لەسوریا نیشتەجێبوە، لەگەڵ نێرژە ئەمریکییەکاندا، زانیاریو مەعریفەی دەربارەی زمانەکانی عەرەبیو حەبەشەییو عیبریو سریانیو فارسیو تورکی پەیداکردوە لەگەڵ زمانەکانیتریشدا.

زمانه سیاسییەکانی سالّی (١٩٠١) لەزانکۆی برنستۆن لەئەمریکاوتوەتەوە وەك مامۆستای زمانە سامییەکان لەزانکۆی (ستراسبۆرگ) لەئەلّمانیادا دامەزراوە لەنێوان سالّانی (١٩٠٦–١٩١٤) لەژمارەیەك زانکۆ گواستویەتەوە لەوانە: زانکۆی میسری کۆن، دواجار لەزانکۆی (تۆبنگن،Tubingen) گیرساوەتەوە، بەشێوەیەك بوە بەکتێبخانەی، لەو تۆێژینەوە جۆراوجۆرانەی نوسیویەتی، کە خۆی دەدات لە(٧٠٠) بەرهەم، لەوانە: لەزمانە حەبەشییەکانو ئەدەبیاتەکەی، هەورەها لەهەلّکۆلّینە سامییەکانو دیالێکە عەرەبییە کۆنەکان (سەفەوییەکانو سەمودییەکان)، هاوکات چیرۆکی (هەزار شەوە)ی بۆ سەر زمانی ئەلّمانی وەرگێڕاوە، چەند کتێبێکی بەزمانی عەرەبی داناوە لەوانە: (قصص فی الغه العربیه الدارجه)و (قصص العرب فی شرق الّردن) لەگەلّ وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ سەر زمانی ئەلّمانی، (أسماو البدو الدروز فی دیرهٔ حوران)و (لهجات عربیه شمالیه، قبل الاسلام) کە لەگۆڤاری کۆمەلّەی زماندا بلّاویکردۆتەوە.

٦–پۆل کراوس: paul Kraus (١٣٢٢–١٣٦٣ك/١٩٠٤–١٩٤٤).

رۆژهەلّاتناسێکی ئەلّمانی بەرەچەلّەك چیکۆسلۆڤاکی بوە، لەزانکۆی پراگ خوێندویەتیو فێربوە، لەزانکۆی بەرلین زانستە رۆژهەلّاتییەکانی پێگەیشتوەو خوێندویەتی، لەپەیمانگەی مێژو بۆ زانستەکان لەشاری بەرلین دامەزراوە، پاشان بوە بەمامۆستای زانکۆی بەرلین سالّی (١٩٣٣) لەزانکۆی سۆربۆن لەپاریس ماوەتەوە بۆ وانەوتنەوە، (١٩٣٦)و نیشتەجێبوە تامردوەو بیروڕاوایە خۆی کوشتبێ، چەند بەرهەمێکی هەیە لەوانە: (رسالە تأریخ الافکار العلمیه فی الاسلام) سێ بەشە، یەکەمیان دەقە عەرەبییەکانە، هەروەها (رسالە فی فهرست کتب محمد بن زکریا الرازی لابی الریحان

البیرونـی) کـه دەقو لێدوانـه، یارمـەتی لـویس ماسـینیۆنی داوە لەسـەر بڵاوکردنـەوەی (أخبـار الحـلاج). لەئینسـکلۆپیدیای ئیسـلامیدا توێژینـەوەی دەربـارەی مستەنسـرو رازیو ئـیبن راونـدیو ئـیبن جبێـر هەیـە، هـەروەها لـەگۆڤاری رۆشـنبیریدا لەمیسـر سـاڵی (١٩٤٤)وتـاری هەیـە بەناونیشـانی (لەروانگەی رۆژهەڵاتەوە)و جگەلەویش.

٧-برنارد درون: Bernard Darn (١٢٢٠-١٢٩٨ك/ ١٨٠٥-١٨٨١).

رۆژهەڵاتناسـێکی روسـییە، لەئـەڵمانیا لـەدایکبوەو خوێندویـەتی، حکومـەتی روسـی لـەلایبزگ پێشکەشـیکردوە بـۆ وانەوتنـەوە لەپەیمانگـەی خرکوف ساڵی (١٨٩٢)، پاشان لەپترسپۆرگ (لینینگراد)، سەرپەرشـتیارێتی کتێخانـەی ئاسـیاییو مۆزەخانـەی ئیمپراتـۆری گرتوەتـە دەسـت، زمـانی عەرەبی باش زانیوە لەگەڵ هەندێ لەزمانـە رۆژهەڵاتییـەکان، بـەزمانی خـۆی چەند کتێبێکی زۆری لەمێژوی قەفقازو غوزو کەرەجو ئەفغان داناوە، هاوکات شـرۆڤەی هەنـدێ شـوێنەواری رۆژهـەڵاتی کـردوە،وەك درواە عەرەبییـەکانو دەستنوسەکان، بەزمانی عەرەبی بەرهەمی هەیـە وەك (فهرسـت المخگوگـات الشرقیه) کـه پـارێزراوە، لەخانـەی کتێبـی پادشـایەتی لەپترسـپۆرگ لەگـەڵ (فهرست الکتب العربیه والفارسیه والترکیه فی الاستانه وفی مصـر وفی العجـم)، کە لەخانەی شوێنەوارە ئاسیاییەکان ئەم بەرهەمە بەدیدەکرێت.

٨-برنهارت موریتس:(١٢٧٥-١٣٥٨ك/١٨٥٩-١٩٣٩).

رۆژهەڵاتناسێکی ئەڵمانی بوە، هەستاوە بەگەشتکردن لـەنێوان عـیراقو مـەغریب بـۆ گـەڕان بـەدوای دەسـتنوسو شـوێنەوارە جوگرافییەکانـدا، ئەمینـداری کتێبخانـەی(پەیمانگـەی رۆژهـەڵاتی) بـوە لەبـەرلین، هـەروەك ئەمینداری خانـەی کتێبـی میسـریش بـوە لـەقاهیرە، بەرهـەمی (کۆمەڵەیـەك

دەستوخەتی عەرەبی لەسەدەی یەکەمی کۆچی تاکۆتایی سەدەی دەیەم بڵاوکردوەتەوە، کە (١٨٨) جۆر دەستوخەتی لەخۆگرتوەو ئێستا بریتییە لەچاپکراوە نایابەکان، لەگەڵ (جوگرافیای سروشتیو مێژویی دورگەی عەرەبی)، هەروەها لەگۆڤارە عەرەبیو ئەڵمانییەکاندا توێژینەوەی نوسیوە لەوانە: (کانزاکان لەوڵاتی عەرەبی کۆندا) کە (د.ئەمین رۆیحە) لەزمانی ئەڵمانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبیو لەگۆڤاری (عەرەب)دا بڵاوکردوەتەوە.

٩–رجیس.ل.بلاشیر: Blashere.R.L(١٣١٨–١٣٩٣ك/١٩٠٠–١٩٧٣).

یەکێکە لەزانا رۆژهەڵاتناسەکانو لەئەندامانی کۆمەڵەی زانستی عەرەبییە لەدیمەشقو کۆمەڵەی فەرەنسی بااڵ(ئەنستیتۆ) لەپاریس، بەرەچەڵەک فەرەنسییەو شارەزای باشی لەزمانی عەرەبیدا هەبوە، لەشاری مونروج (لەگەڕەکەکانی دەوروبەری پاریس) لەدایکبوەو وانەی ناوەندی لەدارلبەیزا لەمەغریب خوێندوەو لەکۆلیژی ئەدەبیات لەجەزائیر ساڵی (١٩٢٢) دەرچوە. وەک مامۆستا لەپەیمانگەی خوێندنی باڵای مەغریبی لەریبات ساڵی (١٩٢٤) دامەزراوە، لەساڵی (١٩٢٧)وەک موحازیر گواستویەتییەوە بۆ زانکۆی سۆربۆن لەپاریس، هەروەها بوە بەبەڕێوەبەری قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستی ساڵی (١٩٤٢)و سەرپەرشتی گۆڤاری (مەعریفە)ی لەپاریس کردوە کە بەزمانی عەرەبیو فەرەنسی بڵاودەکرێتەوە، چەند کتێبێکی زۆری بەزمانی فەرەنسی داناوەو هەندێکیان بۆ سەر زمانی عەرەبیو رەزامەندی نواندوە لەسەپاندنی خوێندنی زمانی عەرەبی لەهەندێ پەیمانگەی ناوەندی فەرەنسیدا، بەشداریکردوە لەخزمەتکردنی کێشە عەرەبییە مەغریبیو فەلەستینییەکان. لەکتێبو بەرهەمەکانی کە هەمویان چاپکراون برتییە لە(وەرگێڕانی قورئانی پیرۆ) سێ بەشە، (مێژوی ئەدەبی عەرەبی) کە (د. ئیبراهیم ئەلکەیلانی) بۆ

سەر زمانی عەرەبی وەریگێڕاوە، (قواعد العربیه الفصحی)و (أبوگیب المتنبی) کە (د. ئەحمەد حەمەد بەدەوی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لەگەڵ (معجم عربی فرنسی إنکلیزی).

١٠–پۆل کازانۆڤا: paul Casanova (١٣٣٤ك/١٩٢٦).

رۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسییەو لەجەزائیر لەدایکبوە، ساڵی (١٨٧٩) گەشتیکردوە بۆ پاریسو لەقوتابخانەی زمانە رۆژهەڵاتییە زیندوەکان خوێندویەتی، وەك ئەمینداری بەشی دراوە رۆژهەڵاتییەکان دامەزراوە، پاشان بوە بەمامۆستای زمانی عەرەبیو ئەدەبیاتی عەرەبی لەزانکۆی فەرەنسا ساڵی (١٩٠٩) سێجار هاتوەتە وڵاتی میسر: یەکەم لەساڵی (١٨٨٩)و کتێبێکی لێکۆڵینەوەی نوسیوە دەربارەی (قەڵای قاهیرە)، دوەم لەساڵی (١٨٩٢–١٩٠٩) بەپیشەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەیمانگەی فەرەنسی بۆ شوێنەوارە رۆژهەڵاتییەکان، سێیەم ساڵی (١٩٢٥)و مایەوە بۆوتنەوەی ئەدەبی عەرەبی لەزانکۆی میسر بەشێوەیەك موحازەرەکانی بەزمانی عەرەبی وتوەتەوە دەربارەی پەیوەندی نێوان هەر دو ئەدەبی عەرەبیو رۆژئاوایی، لەشاری قاهیرە کۆچی دواییکردوە.

هەندێ قسەی (ئیبن خلدون)ی لەمەڕ(بەربەرەکان)و چەند بەشێك لەدەستنوسەکەی (مەقریزی) لەشرۆڤەکردنی میسردا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی، هەروەها بەزمانی فەرەنسی کتێبێکی بەناونیشانی (محمەدو کۆتایی جیهان) داناوە، جگە لەوەی چەندین لێکۆڵینەوەی دەربارەی دراوە ئیسلامییەکانو ئامێرەکانی روانگە لای عەرەبو پێوانەو کێشەکانیان بەزمانی فەرەنسی نوسیوە.

١١–بیاردوج: Dr. Bayard Dodgei

(١٣٠٥–١٣٩١ك/١٨٨٨– ١٩٧١)

رۆژهەلاتناسێکی ئەمریکییەو لەئەندامانی کۆمەڵەی زمانی عەرەبی پەیامنێرانە، بڕوانامەی دکتۆرای لەبواری مافو زانستی ئاینیدا هەیە، ساڵی لەدایکبونو مردنو خوێندنی لەوڵاتەکەی خۆی بوە، وەك مامۆستاو ئەندام لەدەستەی زانکۆی ئەمریکی لەبەیروت ساڵانی (١٩٢٣–١٩٢٨) دامەزراوە، هەروەها وەك مامۆستا لەزانکۆی ئەمریکی لەقاهیرە لەساڵانی (١٩٥٦–١٩٥٩) دامەزراوەو سەرقاڵی بەڕێوەبردنی چەند پۆستێك بوە لەوانە: بەڕێوەبردنی فریاگوزاری رۆژهەلاتی نزیك بۆ سوریاو فەلەستین ساڵانی (١٩٢٠–١٩٢١) بەڕێوەبردنی کۆنگرەی رۆشنبیری ئیسلامی لەزانکۆی برنستۆن ساڵانی (١٩٥٢–١٩٥٣).

ئەم رۆژهەلاتناسە کتێبی (الفهرست)ی (ئیبن ئەلندیم)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینکلیزیو هەر بەزمانی ئینگلیزی کتێبی (الزهر)ی داناوە لەگەڵ کتێبی (التعلم الاسلامی)، هاوکات چەند وتارێکی لە(ژیانی ئیبن نەدیم) نوسیوەو کتێبەکەی (الفهرست)ی وەرگێڕاوەتە سەرزمانی عەرەبی.

١٢–بیبرشتاین کازیمرسکی B.kazimirski

(١١٩٤–١٢٨٢ك/١٧٨٠–١٨٦٥)

رۆژهەلاتناسێکی پۆلۆنییە، لەفەرەنسا نیشستەجێبوە، لەفەرەنسا فەرهەنگە گەورەکەی بەناونیشانی (کتاب اللغتین العربیه والفرنساویه) لەچوار بەرگدا بڵاوکردوەتەوە کە ئەم فەرهەنگە ناسراوە بە(فەرهەنگی کازیمرسکی)، هەروەها هەستاوە بەوەرگێڕانی ماناکانی قورئانی پیرۆز بۆ سەر زمانی فەرەنسی.

١٣-پیتەردی یونگ: Pieter de yong

(١٢٤٨-١٣٠٧ك/١٨٣٢-١٨٩٠)

رۆژهەلاتناسێکی هۆلاندییە، لەمامۆستاکانی کۆلیژی (ئوتریخت)ەو یارمەتی (دی خویە)ی رۆژهەلاتناسیداوە لەشرۆڤەکردنی دەستنوسەکانی زانکۆی لیدندا، بەزمانی عەرەبی کتێبی (المشتبه فی أسماو الرجال)ی زەهەبی بلاوکردوەتەوە، لەگەلّ (الّنساب المتفقه فی الخگ)ی ئیبن قەیسەرانیو (الگائف المعارف)ی سەعالیبی، هەروەك بەرهەمێکیتری هەیە بەناونیشانی (فهرست الکتب الشرقیه ألموجوده فی کلیه أوتریخت)، هەروەها (فهرست الکتب الشرقیه الموجوده فی أکادیمیه لیدن)، بەشی سێیەمو چوارەم لێی، لەگەلّ جوینبولدا کاریکردوە لەبلاوکردنەوەی کتێب (الخراج)ی یەحیای کوڕی ئادەمدا.

١٤–پیتەر یوهانس ڤت: Pieter Jojohannes veth
(١٢٢٩–١٣١٧ك/١٨١٤–١٨٩٩)

رۆژهەلاتناسێکی هۆڵەندییەو فەرەنسییە، بەبیر جان فت ناوی دەبەن، لەشاری دوردریخت لەدایکبوەو لەزانکۆی لیدن زمانی عەرەبی خوێندووە، لەزانکۆی ئەمستردام بانگهێشتکراوە بۆوانەوتنەوە،وەك ئەندام لەکۆمەڵەی زانستی سالّی (١٨٦٤) هەڵبژێردراوەو بەکتێبو نوسراوەکانی دەربارەی هیندو کۆڵۆنییە هۆڵەندییەکان بەناوبانگە، ماناکانی قورئانی پیرۆزی بۆ سەر زمانی هیندی وەرگێڕاوە، بەزمانی عەرەبی (لب الباب)ی سیوتی بلاوکردوەتەوە، هەروەها لێدوانی هەیە لەسەر کتێبەکەی (دوزی) لەمێژوی عەرەبدا بەزمانی ئیسپانی.

١٥–چارلّز ئامادامز charles adams
(١٣٠٠–١٣٦٧) ك –(١٨٨٣–١٩٤٨)

رۆژهەلاتناسێکی ئەمریکییە لەناوچەی پەنسلڤانیا، لەکۆلێژی(وست منستر) فێربوە، رۆیشتوە بۆ میسرو لەنێوان سالاّنی (١٩٠٩–١٩١٥) تیایدا ماوەتەوە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ئەمریکا لەهەردو زانکۆی هارفاردو شیکاغۆ فێری عەرەبی بوە، دواتروەك بەڕێوەبەری قوتابخانەی سیۆلۆژیا لەعەباسیدا لەقاهیرە دامەزراوە.

لەسالّی ١٩٣٩ وەك سەرۆکی بەشی زمانی رۆژهەلاتییەکان لەزانکۆی ئەمریکی لەقاهیرە دامەزراوەو لەوێش کۆچی دواییکردوە، کتێبێکی بەزمانی ئینگلیزی هەیە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە بەناونیشانی (نوێکردنەوە لەئیسلامدا) تیایدا دەربارەی لەشێخ محمەد عەبدەو ژمارەیەك لەپیاوانی نوێکردنەوەو نوێخواز کردوەو لەهەندێ لەتوێژینەوەکانیدا زیاتر تەرکیزی خستوەتەسەر کتێبەکەی (ئیسلامو بنەماکانی فەرمانڕەوایەتی)ی عەلی عەبدولڕازق.

١٦–سلستیۆ سکیابارلی: celes tiro schiarelli

(١٢٥٧–١٣٣٨) ك –(١٨٤١– ١٩١٩)

رۆژهەلاتناسێکی ئیتالییە، لەتۆرینیۆ فێری عەرەبی بوە، قوتابی رۆژهەلاتناسی ئەماری بوە لەفلۆرەنسە لەزانکۆی رۆما خوێندویەتی بەزمانی عەرەبی (قواعد الشعر)ی سەعلەبو (رحلە ابن جبیر) لەگەلّ وەرگێڕانی ئیتالّیدا بلّاوکردوەتەوە، زیادەی خستوەتەسەر دیوانی (ابن حمدیس)، بەشداریکردوە لەبلّاوکردنەوەی بەشێکی تایبەتی زمانی ئیتالّی لەپەڕاوی (نزهە المشتاق)ی ئیدریسی لەگەلّ وەرگێڕانی ئیتالیی‌و لێدواندا بەپەڕاوی (مرشد الطالب)ی ئیبن هائیمی بۆ چاپ ئامادەکردوە. بەزمانی ئیتالّی بەرهەمی هەیە دەربارەی عەرەب‌و میّژوەکەیان، لەدایکبونی لەناوچەی بیاحونتی بوەو مردنەکەشی لەرۆمییە.

١٧–تۆماس ڤان ئەربینۆس Thomas van erpenius

(٩٩٢–١٠٣٣) ك –(١٥٨٤–١٦٢٤)

رۆژهەلاتناسێکی هۆلّەندییە، بەدامەزرێنەری رێنسیانسی رۆژهەلاتناسی‌و رێکخەری رۆژهەلاتناسی لەولّاتەکەیدا دەژمێردرێت، لەجورکم (Gorkum) لەهۆلّەندا لەدایکبوەو لەلیدن فێربوەو خوێندویەتی، گەشتیکردوە بۆ ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئەلّمانیاو ئیتالّیا، دەلّێن زمانی عەرەبی لەسەردەستی کەسێکی میسری کە نازناوی (ئەبی زقن) بوە خوێندوە، لەماڵّەکەی خۆیدا چاپخانەیەکی عەرەبی دامەزراندوەو بوە بناغەی ئەو چاپخانە عەرەبییەی کە ئەمرۆ لەشاری لیدن بەناوی چاپخانەی بریل (Brin) ناسراوەو هەروەهاوەك مامۆستای زمانی رۆژهەلاتییەکان لەزانکۆی لیدن سالّی (١٦١٣) دامەزراوەو هەر لەشاری لیدن کۆچی دواییکردوە.

نوسراو کتێبی هەیە لەبوارەکاندا بۆ نمونە: (ڕێسکانی زمانی عەرەبی)و گرنگیداوە بەبڵاوکردنەوەی (منتخاب عن شعر الحماسە لابن تمام)و بڵاوکردنەوەی (مێژوی موسوڵمانان) کە بەشێکە لەمێژوی ئیبن عەمید (شێخ مەکین جەرجیس کوڕی عەمید)، لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی لاتینی، هەروەها بەرهەمی پەندەکانی لوقمانیشی بڵاوکردوەتەوە.

١٨–ئیۆدۆرویلیەم جان جورنبول Wilhelm Jeam Juyrboll

(١٢١٦–١٢٧٧) ك –(١٨٠٢–١٨٦١)

ڕۆژهەڵاتناسێکی هۆڵەندییەو لەشاری ڕۆتردام لەدایکبوەو لەو شارە خوێندویەتی، پاشان لەلاهایو لەزانکۆی لیدن،وەك مژدەدەرێکی پڕۆتستانی لەیەکێك لەگەڕەکەکانی دەوروبەری شاری لیدندا لەساڵی (١٨٢٦) دامەزراوەو لەزمانی عەرەبیدا سەرقاڵبوە، تابوە بەماموّستا لەزانکۆی لیدنو تامردنی ماوەتەوە، بەزمانی عەرەبی کتێبی (مراصد الاطلاع في أسماء الأمكنه والبقاع)ی عەبدولئەمین کوڕی عەبدولحەقی بڵاوکردوەتەوەو دەستیشیکردوە بەبڵاوکردنەوەی (النجوم الزاهرە)ی ئیبن تفریو دو بەشی لێدەرکردوە، پاشان ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی بوبر بەشەکانیتری بڵاوکردوەتەوە.

١٩–تیۆدۆر نۆلدکە Theodor noldeke

(١٢٥١–١٣٤٩) ك –(١٨٣٦–١٩٣٠)

لەگەورە ڕۆژهەڵاتناسەکانی ئەڵمانیایە، لەشاری هاربۆرگ لەداکیبوەو لەئەڵمانیاو لەزانکۆکانی گوتنگنو ڤییەننا‌و لیدنو بەرلین خوێندویەتی، دواتر ڕویکردوەتە زمانە سامییەکانو مێژوی ئیسلامیو وەك ماموّستای ئەو دو

بـواره لـەزانکۆی گـوتگن سـاڵی (١٨٦١) دامـەزراوە، پاشـان لـەزانکۆی کیـل سـاڵی (١٨٦٤)،و پاشـان لـەزانکۆی ستراسـبۆرگ سـاڵی (١٨٧٢) لەشـاری کارلسەوە (karlsruhe) مردوە، کتێبێکی بەزمانی ئەڵمانی هەیـە لـەبارەی عەرەبو مێژوەکەیانەوە چەندین بەرهەمیتریشی هەیە وەك (مێژوی قورئان)و (ژیـانی پێغەمبـەر محمـەد)و (توێژینـەوەی شـاعیرە پێشـوەکانی عـەرەب)و (نەحوی عەرەب)و (خمس المعلقات) کە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی ئەڵمانیو شـیکردوەتەوە لـەگۆڤارەکانی رۆژئـاواو مەوسـوعەکاندا لێکۆڵینـەوەی زۆری نوسیوە، لەوانە: (أمراو غسان) کە (د. بەندەلی جوزی)و (قوستەنتین زریـف) بۆ سەر زمانی عەرەبی وەریانگێڕاوە، هـەروەها بـەزمانی عـەرەبی بەرهـەمی (هەڵبـــژاردەی شـــیعرە عەرەبییـــەکان)ی هەیـــەو بەشـــداریکردوە لەسەرپەرشتیکردنی چاپکردنی مێژوی تەبەریداو بـۆ سـەر زمـانی ئـەڵمانیش وەریگێڕاوە، کەشە ئەنستانس کەرمەلی دەڵێت: (لـەنێوان هەڵمـەتی زانسـتی هاوچەرخدا نەمبینیوە کەسێ بگاتە لێکۆڵینەوەو تەحقیقی ئەو) هەروەك ئەو هەمو زمانە رۆژهەڵاتییەکانوەك زمانی عـەرەبیو عیـبریو ئـارامیو سـابئیو حەبەشـــیو جەگەلـــەوانیش بەباشـــی دەزانـــی جگەلـــەوەی راســـتکردنەوەو تـــەحقیقاتی لـــەو بوارانـــەدا هەیـــە، ســـەرەڕای زانـــینو شـــارەزایی لەزمانـــە رۆژئاواییەکاندا وەك زمانی یۆنانیو لاتینیو فەرەنسـیو ئینگلیـزیو ئیتـاڵیو ئیسپانیو زمانەکانی خۆی کە ئەڵمانی بوە.

٢٠–جان هجرت jenu humbert

(١٢٠٦–١٢٦٧) ك –(١٧٩٢–١٨٥١)

رۆژهەلاتناسێکی سویسرییە، لەشاری جنێف لەدایکبوە، زمانی عەرەبی لەسەر دەستی رۆژهەلاتناسی دی ساسی لەپاریس خوێندوە، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی‌و زمانە رۆژهەلاتییەکانی خوێندوەو چەندین کتێبی بەزمانی عەرەبی داناوە لەوانە (التقاگ الزهار فی محاسن الشعار) لەگەڵ وەرگێڕانێکی فەرەنسی‌و یەکێکیتری لاتینی هەروەها کتێبی (منتخاب عربیە) بەشی یەکەم لێی.

٢١– جاك ئۆگەست چربونو Jacques Auguste cherbonnean

(١٢٢٨–١٢٢) ك –(١٨١٣–١٨٨٢)

رۆژهەلاتناسێکی فەرەنسییە، زمانی عەرەبی لەرۆژهەلاتناسی دی ساسی وەرگرتوە لەگەڵ رۆژهەلاتناسی کوسان دی برسفالدا، حکومەتەکەی‌واتە فەرەنسا بۆ ڕێکخستنی خوێندنگەکانی لەجەزائیر هێشتویەتیەوە‌و لەشاری قوستەنتینییە (ئەستەمبوڵی ئێستا–وەرگێڕ) نیشتەجێبوە، لەکۆتایی ژیانیدا بۆ پاریس بانگهێشتکراوە بۆوتنەوەی زمانی عەرەبی لەقوتابخانەی زمانە رۆژهەلاتییەکاندا چەند بەرهەمێکی هەیە لەوانە (چیرۆکی هەڵبژاردە لەکتێبی عەرەبەموسوڵمانەکان) بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان، (المخاطبات فیما تحتاجة العرب من الولاة) کۆمەڵە قسەکردنێکە بەزاراوەی خەڵکی جەزائیر، لەگەڵ موعجەمی (عەرەبی فەرەنسی) کە دوبەرگە، هاوکات لەگۆڤاری ئاسیایدا چەند وتارێکی بڵاوکردووەتەوە دەربارەی شاعیرو نوسەرەکانی عەرەب، هەروەك چەندین گەشتنامە‌و چیرۆکی عەرەبی بۆ سەر زمانی فەرەنسی گواستوەتەوە.

٢٢–جاکوب جۆرج کریستیان ئەدلەر j.G.k. Adler

(١١٦٩–١٢٥٠) ك – (١٧٥٦ – ١٨٣٤)

رۆژهەلاتناسێکی دانیمارکییەو بایەخی بەنوسراوە کوفییەکانداوە، هەروەها مێژوی ئەبی فیدا (کورتەیەك لەهەوالّی مرۆڤ)ی بۆ چاپ ئامادەکردوە لەگەلّ وەرگێڕانی لاتینیو رۆژهەلاتناس ریسکە (reiske) بلاّوکردوەتەوە، ئەدلەر بەوە ناسراوە کە بەزمانی دانیمارکی زانیاری لەبارەی دراوە عەرەبییەکانو مێژوەکانیانەوە نوسیوە، هەروەك تۆێژینەوەیەکی هەیە بەناونیشانی (مێژوی دروز– کە تایفەیەکی ئاینین – وەرگێڕ)، زۆربەی کات لەشاری کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارك نیشتەجێبوە.

٢٣– جان ئارتورکی Jean Arthorki(١٢٩١ – ١٣٤٧) ك –(١٨٧٤ – ١٩٢٨)

رۆژهەلاتناسێکی فەرەنسییەو لەئەندامانی کۆمەلّەی زانستی عەرەبییە، لەشاری بیزانسۆن لەدایکبوەو لەقوتابخانەی زمانە رۆژهەلاتییەکان لەزانکۆی سۆربۆن خوێندویەتی وەك وەرگێڕی هەندێ لەبالّوێزخانەکان لەدیمەشقو تەرابلوسی رۆژئاوا دامەزراوە.

پاشان بالّیۆز بوە لەزنجبارو لەتەرابلوسی رۆژئاواو لەئەزمیر، چەندین وتاری عەرەبی هەیە کە بەناوی خوازراوی شیخ یەحیا دبقییەوە بلاّویکردوەتەوە، هەروەك بەزمانی عەرەبی کتێبی (الّشربە)ی ئیبن قوتەیبەی بلاّوکردوەتەوە، بەزمانی فەرەنسیش پاشکۆیەکی بۆ کتێبی دوزی لەئیسلامدا نوسیوەو لەئینسکلۆپیدیای ئیسلامیشدا سەرنوسەری بەشی جوگرافیاو مێژوو ئەدەب بوە لەولاّتانی رۆژهەلاّتدا.

٢٤–جان جاك شۆلّز j.j.schutens(١١٢٨– ١١٩٢) ك –(١٧١٦ – ١٧٧٨)

رۆژهەلاتناسێکی هۆڵەندییەو بریتییە لەکوڕی ئەلبرتۆس شۆڵز کە پێشتر ناومان بردە، وەك مامۆستای زمانە رۆژهەلاتییەکان لەزانکۆی ئەمستەردام دامەزراوەو پاشان لەزانکۆی لیدن چەند کتێبێکی عەرەبی بڵاوکردوەتەوە، لەوانە (نوایغ الکلم للزمخشری) کە پێشەکیو راڤەشی بۆ داناوە.

٢٥–جان جاك كوسان دی بیرسڤاڵ Jenn Jacques-Antoine cousin de Perceval (١١٧٢– ١٢٥١) ك –(١٧٥٩ – ١٨٣٥)

رۆژهەلاتناسێکی فەرەنسییە، زمانی عەرەبی خوێندوەو لەکۆلیژی (دوفرانس)یش زمانی عەرەبی وتۆتەوە، ئەمیندارێتی دەستنوسە رۆژهەلاتیەکانی لەخانەی کتێبی پادشایەتی لەپاریس گرتۆتە ئەستۆ، جان ئەندام لەکۆمەڵەی زانستی بۆ کتێبو نوسین هەڵبژێردراوە چەند کتێبێکی بەزمانی عەرەبیو فەرەنسی داناوە، لەوانە بەزمانی عەرەبی (بەسەرهاتەکانی موسوڵمانان)و (مجموع مکاتیبو تمسکاتو حجج)، هەروەها بایەخو گرنگیداوە بەتەعلیقی بەڵگەنامەکانی، هەروەها گرنیگداوە بەڵاوکردنەوەی کتێبی عەرەبی لەوانە (شرح معلقە امرۆ القیس)ی زوزنی و (الزرج الکبیر الحاکی)ی ئیبن نوسینو (مقتگفات من نهائیە الارب)ی نوری لەمێژوی سەقلیە، کە بریتیە لەباوکی ئەرمان کەپێشتر ناوی هاتوە.

٢٦–جان جوزيف مارسيل janjoseph marcel

(١١٩٠–١٢٧٠) ك – (١٧٧٦ – ١٨٥٤)

رۆژهەلاتناسێکی فەرەنسییە، کارگەیەکی باروتی لەرۆژگارەکانی شۆڕشی فەرەنسیدا بەڕێوەدەبرد، زمانی عەرەبی لەرۆژهەلاتناس دی ساسی وەرگرتوەو لەهەلمەتەکەی ناپلیۆندا بۆ سەر میسر گەشتیکردوە لەگەلّ مامۆستاکەی لانجل (langles) هەروەهاوەك بەڕێوەبەری چاپخانەی سوپا دامەزراوە. فەرهەنگێکی فەرەنسی عەرەبی بەزمانی گشتی بەناونیشانی (کنز المصاحبھ) داناوە، کتێبێکیشی لەئەلفو بێی هیجائیدا بەزمانی عەرەبیو تورکیو فارسی چاپکردوە.

وتارەکەی ناپلیۆنی لەمیسردا بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە، سالّی (١٨٠٠) گەڕاوەتەوە بۆ پاریس لەگەلّ خۆیدا چاپخانەیەکی هێناوەتەوەو تیایدا کتێبی (والآکردنی ممسیر)ی (نیکولا تورك)ی چاپکردوە لەگەلّ کتێبێك بەناونیشانی (چارەسەرکردنی نوسینە عەرەبییە کۆنەکان)و (هەلّبژاردەیەك لەشیعری عەرەبی)و (مێژوی گەشتی فەرەنسی بۆ میسر)و (مێژوی میسر لەوالآکاری عەرەبییەوە تاهەلّمەتی فەرەنسی) هەروەك لەگۆڤاری ئاسیایدا لێکۆلّینەوەی زۆری دەربارەی (ئیبن مەعیونو ئیبن سیناو قەزوین)و جگە لەوانیش بلّاوکردوەتەوە، کتێبی (الفلاحە)ی ئیبن عەوامی بۆ سەر زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوەو لەکۆتایی رۆژەکانی ژیانیدا کوێربوە.

٢٧–جاك دیرۆjean Desrayau (١٣٣٢– ١٩١٤)

ژنە بەعەرەببویەکی بەرەچەلّەك فەرەنسییەو لەژنە نوسەرە عەرەبییەکانە لەخەلّکی جەزائیر، لەنوسراوەکانیدا بەناوی (جمانە ریا) یان (فاتیمە ئەلزەهرا) دەناسرێت، خەلّاتی یەکەمی لەئەدەبیاتی زمانی عەرەبی

ساڵی (١٩١١) لەنێوان قوتابیانی قوتابخانەی زمانە رۆژهەڵاتییە زیندوەکان لەپاریس بەدەستهێناوە، خاوەنی کتێبی (مێژوی رۆژنامەگەری عەرەبییە) دەڵێت "خاتو جان دیرۆ بریتییە لەدامەزرێنەرانی سەرەتای گۆڤارە عەرەبییەکان لەپایتەختی جەزائیر، هەروەها گۆڤاری (زیندەوەرزانی) ساڵی (١٩٠٧) دەرکردوە".

پاشان خاوەنی کتێبی رۆژنامەگەری عەرەبی درێژەی پێدەدات و دەبێژێت: پاشماوەکانی خاتو جان دیرۆمان لایە کە بریتییە لەچەند نامەیەکی نوسراو بەدەستوخەتە مەغریبییە جوانەکەی، دواجار خاتو جان دیرۆ لەوڵاتی جەزائیر کۆچی دواییدەکات.

٢٨–جان سوفاجیە Jenn savaget

(١٣١٨–١٣٦٩) ك –(١٩٠١ – ١٩٥٠)

ژنە رۆژهەڵاتناس و توێژەرەوەیەکی فەرەنسییە، لەشاری نیۆرت (niort) لەدایکبوە و هەرلەوێش خوێندویەتی و شارەزایی باشی لەزمانی عەرەبیداوەرگرتوە لەقوتابخانەی زمانە رۆژهەڵاتییەکان لەپاریس، هەروەها گەشتیکردوە بۆ دیمەشق ساڵی (١٩٢٤) و لەپەیمانگەی فەرەنسیدا لەوێ کاریکردوە، دواتر لەساڵی (١٩٣٦) گەڕاوەتەوە بۆ پاریس و وەک بەرێوەبەری توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی لەقوتابخانەی (خوێندنی باڵا) دامەزراوە و هەروەهاوەک مامۆستای زمانە رۆژهەڵاتییەکانیش دامەزراوە.

هاوکات مامۆستای هونەری ئیسلامی بوە لەقوتابخانەی (لۆڤەر) ساڵانی (١٩٤١–١٩٤٤) جگەلەوە وانەبێژ بوە لەزمانی عەرەبی لەزانکۆی پاریس، خاتو سۆفاجیە هەستاوە بەئەنجامدانی گەشت بۆ تورکیا و فەلەستین،

عیراقو ئێران، لەگەڵ شارەزایی زمانی عەرەبیدا، هەریەکە لەزمانی تورکیو فارسیشی بەباشی زانیوە، سۆفاجە دانراو توێژینەوەی زۆری بەزمانی فەرەنسی هەیە لەوانە (شوێنەوارە مێژوییەکان لەدیمەشق)و (لەنوسراوەکانی ئەدمور)و (ئەسپەکانی پۆستەی مەمالیکەکان)و (پاشماوەو شوێنەوارەکانی ئومەوی لەکۆشکەکانی شام)، هاوکات راستکردنەوەیەکی بۆ نوسخەی کتێبی (مێژوی بەیروت) کە ساڵی (١٩٣٧) چاپکراوە بڵاوکردوەتەوە بەچاوپێکەوتنی خۆی لەسەر نوسخەی دەستنوس لەکتێبخانەی نیشتمانی لەپاریس.

هەروەها کتێبی (گەوهەری هەڵبژاردە لەمێژوی شانشینی حەلەبدا) بۆ (ئیبن شەخەم دەگەڕێتەوە دو بەشە)، هەورەك کتێبێکی دەربارەی (هەوالّو دەنگوباسی چینو هند) بەزمانی عەرەبی بڵاوکردوەتەوەو بۆ سەر زمانی فەرەنسی وەریگێڕاوە، دوایین بەرهەمێکی ناوبراو کە خوێندبێتمانەوە توێژینەوەیەکە بەناونیشانی (رێکخستنی ناوی مەمالیکەکانو نازناوەکانیانو شیکردنەوەی ماناکانیان) کە لە(جورنالّ ئەزیاتیك)دا بڵاویکردوەتەوە، دواجار سوفاجیە گەشتیکردوە لەپاریسەوە بۆ کامبۆ (cambo) بەنەخۆشیو هەرلەوێش کۆچی دواییکردوە.

سەرچاوە:

ماڵپەڕی مەدینەی مونەوەرە بۆ توێژینەوە رۆژهەڵاتناسییەکان.

رۆژهەڵاتناسیی
دەرکەوتنو ئامانجەکانی

د.نەریمان عەبدوڵڵا

مامۆستای زانکۆ

بەرایی:

رۆژهەڵاتناسییی وەك جوڵانەوەیەکی زانستیو هزریو رۆشنبیری، مێژویەکی دێرینو پانتاییەکی فراوانی لەهزری مرۆڤایەتیدا داگیرکردوەو خاوەن کۆمەڵێکی ئێجگار زۆر لەتوێژینەوەو کتێبو گۆڤارو فەرهەنگو رۆژنامەو ئەکادیمیای زانستییە، بەڵکو خوێندنەوەو دیراسەکردنی رۆژهەڵات لەلایەن رۆژئاواییەکانەوە لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی مێژودا، بوە زەرورەتێکی زانستیو تەنانەت سیاسیو ئابوریو ئایینیش، چەندین توێژەرو خاوەن قەڵەم بەهەمو توانایانەوە لەمبوارەدا کاریاندەکرد.

بزوتنەوەی رۆژهەڵاتناسیی کاردانەوەی راستەوخۆی لەسەر مێژو شارستانییەتی رۆژهەڵات هەبوە، تەنانەت بیرکردنەوەی هەندێك لەنوسەرانی رۆژهەڵاتی گۆڕی، ئیدی نوسینو لێکۆڵینەوەکانیان بەهەمان ئاراستەی رۆژهەڵاتناسان هەنگاوی نا، بۆ نمونە (تەها حسێن) لەکتێبی (الأدب الجاهلی) راسەوخۆ کەوتوەتە ژێرکاریگەری رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی (مەرجلیۆس)، (ئەحمەد ئەمین) لەکتێبەکانیدا (فجر الاسلام، ضحی الاسلام) بیروبۆچونی رۆژهەڵاتناسیی هێناوەو کەوتوەتە ژێر کاریگەرییانەوە بۆ نمونە، لەکتێبی

(فجر الاسلام)دا چەندین بیروبۆچونی رۆژهەلاتناسانی هێناوە بەتایبەت لەوبەشی (الحدیث)دا، بەبێ ئاماژەدان بەناوی رۆژهەلاتناسەکان، هەروەها (د.عەلی حەسەن عەبدولقادر) لەکتێبەکەیدا (نقرە عامە فی تأریخ الفقە الاسلامی) زۆرێك لەبەشەکانی وەرگێڕاوی تەواوی بیروبۆچونەکانی رۆژهەلاتناسیی مەجەری بەرەگەز جولەکە (گۆلدیسهر)ە، کە لەکتێبەکەیدا (العقیدة والشریعة فی الاسلام) هێناویەتی. لەم نوسینەدا ناتوانیت هەمو رەهەندو گۆشەکانی رۆژهەلاتناسیی باسبکەین، بەڵکو تەنها ئاماژە بەسەرەتاکانی دەرکەوتنو ئامانجی دروستبونیان دەکەین، کە فەلسەفەی رۆژهەلاتناسیی تیایدا خۆی دەبینێتەوە. بەو ئومێدەی هەندێك زانیاری لەچوارچێوەی ئەم نوسینەدا بخەینەڕو.

چەمکی رۆژهەلاتناسیی:

پێناسەگەلێکی زۆر بۆ چەمکی رۆژهەلاتناسیی لەلایەن روناکبیرانەوە کراوە، لێرەدا ئاماژە بەدو بۆچون دەدەین، (مەکسیم رۆدنسۆنی) گەورە رۆژهەلاتناسیی فەرەنسی لەمبارەوە دەڵێت "رۆژهەلاتناسییی میتۆدێکی زانستییە بۆ خوێندنەوەو دیراسەکردنی مێژو شارستانییەتی رۆژهەلاتی ئیسلامی"، هەروەها روناکبیری فەلەستینی (ئەدوارد سعید) لەکتێبەکەیدا (الاستشراق) دەڵێت "رۆژهەلاتناسییی هەوڵدانو هەنگاونانی رۆژئاواییەکانە بۆ گەیشتن بەرۆژهەلات، ئەمەش لەبەر ئەوپێگە گەورەو تایبەتەی رۆژهەلات لەدیدگای رۆژئاواییەکانەوە". لێرەوە دەتوانین بڵێین رۆژهەلاتناسیی لێکۆڵینەوەی رۆژئاواییەکانە لەمەڕ رۆژهەلات لەهەمو لایەنەکانی مێژو، زمان، کولتور، ئابوری، جوگرافیا، لایەنی کۆمەلایەتیو نەتەوەییو سەرجەم لایەنەکانیدی، بەمەبەستی بەدەستهێنانی کۆمەلێك ئامانجی دیاریکراو.

کورتەیەک لەبارەی مێژوی رۆژهەڵاتناسییەوە

تاهەنوکە دیاریکردنی مێژوی رۆژهەڵاتناسیی دیارنییەو جیاوازی لەنێو سەرچاوەکاندا لەمبارەوە بەدیدەکرێت، هەندێك دەیگێڕنەوە بۆ کاتی فەرمانڕەوایی موسوڵمانەکان لەوڵاتی ئەندەلوس، کە هەندێك لەروهبانەکان دەستیاندایە وەرگێڕانی قورئانی پیرۆزو سەرچاوە عەرەبییەکان بۆ سەر زمانی خۆیان بەتایبەت سەرچاوە فەلسەفیو پزیشکییەکان، لەمڕوەوە راهبی فەرەنسی (جربرت) کە لەساڵی (۹۹۹) وەك پاپای کەنیسەی رۆما هەڵبژێردرا، (بوترس ئەلموحتەرەم ۱۹۰۳–۱۱۵٦)، (جیرار دی کریمون ۱۱۱٤–۱۱۸۷)، ئەمانە لەئەندەلوس بونو پاش گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان، نوسینو کتێبە وەرگێڕدراوە عەرەبییەکان لەنێو وڵاتانی خۆیان بڵاوکردەوەو چەندین ئەکادیمیاو خوێندنگایان بۆ دیراسەکردنی نوسینەکانی رۆژهەڵات کردەوە.

هەندێك لەتوێژەرانی دی دەیگێڕنەوە بۆ ساتی شەری خاچدروشمەکان بەتایبەت سەردەمی (لویسی نۆیەم)، ئیدی کاتێك لە(۱۸/ئایاری/۱۲۵۰) لەشەری (دیمیات) تێکشکاو چوە (عەککا) لەبەرامبەر تێکشکانو خۆڕاگری موسوڵمانەکان وتی "با ئیدی دەستبدەینە جەنگی وشەو وتە، چونکە ئەم جەنگە دەتوانێت موسوڵمانەکان بشکێنێت" ئەمەش واتای دەستپێکردنی شەریکی نوێیە کە خۆی لەرۆژهەڵاتناسییدا دەبینێتەوە.

هەندێکیدی ئەم مێژوە دەگێڕنەوە بۆ ساڵی (۱۳۱۲) کاتێك وڵاتانی ئەوروپی کۆنگرەی ڤیینایان بەست، تیایدا بڕیاریاندا کە هەندێك کۆرسی تەرخانبکەن بۆ خوێندنی زمانی عەرەبی لەهەندێك لەزانکۆکانی ئەوروپادا، لێرەوە دیراسەو خوێندنی رۆژهەڵات لەلایەن رۆژئاواییەکانە روخساریکی ئەکادیمی وەرگرت.

ئامانجی رۆژهەڵاتناسیی

دەرکەوتنی رۆژهەڵاتناسیی لەرۆژئاوادا لەپێناو بەدەستهێنانی چەندین ئامانجی جۆراوجۆردا بو، لەم پێناوەشدا هەمو هەوڵێکیان خستەگەڕ ئەو هەوڵانەش بەدو شێواز بون، یەکێکیان بریتیبو لەهەوڵی خودی رۆژهەڵاتناسەکە، بۆ شارەزابون لەزمانو کولتورو میژوو ئایینو گشت لایەنەکانی میللەتانی رۆژهەڵات، لەمبارەوە رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی (کارل برۆکلمان ١٨٦٨–١٩٥٦) یانزە زمانی زانیوە کە بریتیبون لە (عەرەبی، سریانی، عیبری، تورکی، قیبتی، بابلی، ئاشوری، حەبەشی، فارسی کۆن، فارسی نوێ) لەگەڵ زانیاری لەزمانەکانی یۆنانی، لاتینی، فەرەنسی، ئیتاڵی، ئینگلیزیو ئیسپانی، رۆژهەڵاتناسیی فەرەنسی لویس ماسینیون (١٨٨٣–١٩٦٣) شارەزایی تەواوی لەتەسەوفی ئیسلامیدا هەبوەو چەندین کتێبی لەمبارەوە داناوە لەوانە (مصگلحات الصوفیه)، (أخبار الحلاج)، (دیوان الحلاج)..

هەروەها (ئەرزنجان فنسنك ١٨٨٣–١٩٣٩)، هۆڵەندی شارەزاییەکی زۆری لەسونەتی پێغەمبەردا (د.خ) هەبوەو فەرهەنگێکی (١٤) بەرگی بەزمانی ئینگلیزی دەربارەی ژیانو رەفتاری پێغەمبەر نوسیوە، کە (محمەد فوئاد عەبدولباقی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بەناوی (مفتاح کنوز السنه)، سەرەڕای نوسینی فەرهەنگێکی دی لەبارەی فەرمودەکانی پێغەمبەرەوە (د.خ) بەناوی (معجم الفاڤ الحدیپ النبوی)، کە بەشێوازێکی وردودورو درێژ نوسراوە. شێوازی دوەم، بریتیبو لەهاوکاری دەوڵەتانی ئەوروپا بۆ ئەم جوڵانەوەیە، لەمڕوەوە بڕێکی زۆر پارەو پولو داهاتیان تەرخانکرد بۆ لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتناسییەکان، کە خۆی لەدامەزراندنی چەندین ئەکادیمیاو زانکۆو خوێندنگاو بەستنی چەندین کۆڕو کۆبونەوەو

سەردانو لێکۆڵینەوە دەبینییەوە، لێرەوە لەو راستییە دەگەین کە بزوتنەوەی رۆژهەڵاتناسیی کۆمەڵێکی زۆر ئامانجی لەپشتەوەیە، کە لێرەدا بەکورتی ئاماژەیان پێدەکەین:

١- ئامانجی ئایینیو زانستی

گومان لەوەدا نییە کە سەرەتاکانی رۆژهەڵاتناسیی بەپیاوانی مەسیحیو روهبانەکان دەستیپێکرد، بەدرێژایی مێژوی رۆژهەڵاتناسیی رۆڵی گەورەیان تیایدا هەبوە، ئەمانە دەیانویست ئایینی ئیسلام ناشیرین بکەنو راستییەکانی بشێوێنن، چونکە پێیانوابو کە ئیسلام دوژمنی سەرەکی رۆژئاواییەکانە، پێیانوابو موسوڵمانەکان گەلێکی خوێنڕێژو زۆردارنو دورن لەئاکاری رۆحیی جوانو تەنها هەوڵی تێرکردنی جەستە دەدەن، بۆیە دەبێت بەهەمو شێوازێك رێگا لەبڵاوبونەوەی دینەکەیان بگیرێت.

ئەوەی هاوکاری ئەو هێرشەی کرد ئەو حاڵەتە دەرونییە نائاساییە بو کە لەلای هەندێك تاکی ئەوروپی دروستببو، ئەمەش لەئەنجامی فتوحاتی ئیسلامیو جەنگی خاچدروشمەکانو هێرشی عوسمانییەکان بو بۆ ئەوروپا، ئیدی بەجۆرەها شێوازی نادروست راڤەی کاری موسوڵمانەکانو ئایینەکەیان دەکرد، ئەمەش لەچوارچێوەی چەندەها کتێبو نوسراو فەرهەنگو...هتد، دەردەکەوێت کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

أ- ئامانجی شێواندنی راستییەکان: نوسینی رۆژهەڵاتناسان بەم ئاراستەیە نوسراون، ئەمەش کاردانەوەی خودی رۆژهەڵاتناسانە بەرامبەر رقلێبونەوەیان لەئایینی ئیسلام، تەنانەت هەندێکیان بەشێوازێکی هێندە دەمارگیرو نازانستییانە نوسیویانە، کە بوەتە هۆی بێزاربونی

رۆژئاواییەکانیش، بۆ نمونە، رۆژهەڵاتناسیی فەرەنسی (هنری لامنس ئەلیەسوعی ١٧٨٢–١٨٣٧) نوسینەکانی هێندە نابابەتیو بەرقەوە نوسیوە، سەرەنجام راستییەکانی شێواندوەو بوەتە هۆی جێگای لۆمەو رەخنەی بەشێك لەرۆژهەڵاتناسانی دی. شێواندنی راستییە زانستییەکان لەلایەن رۆژهەڵاتناسانەوە لەچەند تەوەرێکدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەمانەن:

تەوەرەی یەکەم: شێواندنی راستییەکان دەربارەی پێغەمبەر(د.خ).

ئامانجێکی سەرەکی رۆژهەڵاتناسان لەم تەوەرەدا خۆی دەبینێتەوە، لەراستیدا رۆژهەڵاتناسان گومانیان بەرامبەر پێغەمبەر(د.خ) دروستکردوە لەهەمو رویەکەوە، گومان نییە کە پێغەمبەر(د.خ) لەساڵی (٥٧٠ز) لەدایکبوە، لەساڵی فیلدا ئەم راستییەش لەسەرچاوەکاندا چەسپاوەو نکوڵی لێناکرێت، بەڵام رۆژهەڵاتناسان دەیانەوێت ئەم راستییە بشێوێنن تائامانجەکانیان بێننەدیو لەنێویاندا رۆژهەڵاتناس (هنری لامنس) دەڵێت " پێغەمبەر(د.خ) لەساڵی (٥٨٠ز) لەدایکبوە نەك ئەو ساڵەی ئاماژەی پێدرا، دواتر ئاماژە بۆ ئەوە دەدات هەمو پێغەمبەران لەسەرو چل ساڵییەوە هاتون بۆ میللەتانیان تەنها (محمەد) (د.خ) نەبێت، ئیدی لێرەوە (محمەد) پێغەمبەرو نێردراو نییە لەلایەن خواوە، ئەوەی جێگای سەرنجە (کارل برۆکلمان) لەکتێبی (تأريخ الشعوب الإسلامية) ئاماژە بەوەدەدات کە لەدایکبونی پێغەمبەر بۆ ماوەی چەند ساڵێك دواکەوتوە، کە مەبەستی هەمان ئەو دە ساڵەیە کە لامنس ئاماژەی پێداوە".

هەندێك لەرۆژهەڵاتناسان بەگومانن لەوەی کە پێغەمبەر (د.خ) لەلایەن خواوە قورئانی پیرۆزی بۆ هاتبێتو راستییەکان دەشێوێننو راڤەی هەڵە بۆ

ئـەم روداوە دەکـەن، بەخـەرافیاتو جۆرێـک لەنەخۆشـی دەرونـیو هسـتریا ناویدەبەن.

رۆژهەلاتناسیی ئینگلیـزی ویلـز، لـەمبارەوە دەڵێـت "محمـەد هەنـدێک دیاردەی خەرافی نوسیوەو دواتـر لـەنێو گەلەکەیـدا بڵاویکـردەوەو ئـەوانیش شوێنیکەوتن"، رۆژهەلاتناسیی نەمسایی (لویس شـبرنگر) وەک دیاردەیـەکی هستریا تەفسیری کاری پێغەمبەر (د.خ) دەکاتو دەڵێـت "ئـەوەی ئیسـلامی بڵاوکردەوە پێداویستی ئەو قۆناغە بـو کـە تیایـدا دروسـتبوو محمـەد توشـی هستریا ببو".

بەڵکو هەندێکیان نکوڵی لەوە دەکەن کە قورئانی پیرۆز لەلایەن خـواوە هاتبێـت (ئـەرزجان فنسـنک)، لـەکتێبی (المستشـرقون والاسـلام)دا دەڵێـت "محمەد قورئانی نوسیوە نەک لەلایەن خوداوە هاتبێت".

هەنـــدێکی دیکـــە لەرۆژهەلاتناســـان گومانیـــان لەفـــەرمودەکانی پێغەمبـــەر(د.خ) هـــەبوە، ئـــەم دیاردەیـــەش بـــەرونی لەکتێبەکانیانـــدا دەردەکـەوێت، دیـارە کـە سـێک بـڕوای بەپێغەمبەرایـەتی پێغەمبـەر نـەبێت، گومانی بۆ وتەکانیشی لاگەڵاڵە دەبێت.

لـــەم چوارچێوەشـــدا جـــەخت لـــەوە دەکەنـــەوە کـــە پێغەمبـــەرێکی نەخوێنـدەوار چـۆن خـاوەنی گشـت ئـەو فەرمودەیـە، بـەڵکو پێیانوایـە ئـەو فەرمودانە کاری موسوڵمانەکانە لەپاش سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) بەتایبەت لەسەردەمەکانی یەکەم بۆ سێیەمی کۆچی، ئەم بۆچونە هەڵەو ناڕێکە لـەزۆر لەو سەرچاوە رۆژهەلاتناسییانە ئاماژەی پێداوە، کە دەربـارەی پێغەمبـەرو فـەرمودەکانی نوسـراوە، کـە لەگـەڵ راسـتیو لۆژیکـدا یەکناگرێتـەوە کاتێـک لێکۆڵینەوەیان دەربارەی دەکەین.

تەوەرەی دوەم: نکولێکردن لەوەی کە ئیسلام دینی خودابێت.

ئەم بۆچونە هەڵەشە لەلایەن رۆژهەڵاتناسانەوە بەڕوونی لەنوسراوەکانیاندا دەبینرێت، هەندێکیان پێیانوایە ئیسلام لەئایینەکانی پێشتری وەك مەسیحی‌و یەهودی وەرگیراوە، ئیدی هەر دو رۆژهەڵاتناسیی بەرەگەز جولەکە (گۆلدیسهرو شاخن) لەکتێبەکانیاندا باس لەبیرۆکەی درێژبونەوەی ئایینی یەهودی دەکەن بۆ ئیسلام (بلاشیرو برۆکلمان)یش هەمان بیرۆکە دەخەنەڕو، سەرەڕای وەرگرتنی چەمکەکانی ئیسلام لەمەسیحییەوە، بەبۆچونی ئەمان بونی هەندێك کەسایەتی مەسیحی‌و یەهودی لەسەردەمێکدا کە پێغەمبەر(د.خ) دەرکەوت، هۆکاری راستەوخۆی ئەم دیاردەیەن، ئەمەش پێچەوانەی راستیەیکانە، چونکە یەهودییەکان لەمەکە بونیان نەبوەو لەگەڵ مەسیحییەکانیشدا پێغەمبەر(د.خ) هێندە پەیوەندی نەبوە ئەوەی جێگای سەرنجە رۆژهەڵاتناسان هەندێك بنەمای ئاکاریی دەکەنە بەڵگە بۆ درێژبونەوەی مەسیحییەت لەئیسلامدا، بەبێئاگابون لەوەی کە سەرجەم ئایینە ئاسمانییەکان لەلایەن خوداوە هاتون، بەڵگەنەویستە کە لەروی ئاکاریی‌و لایەنیدیکەشەوە بانگەواز بۆ یەك مەبەست دەکەن.

تەوەرەی سێیەم: گومان بەرامبەر فیقهی ئیسلامی

هەندێك لەرۆژهەڵاتناسان ئاماژە بەوە دەدەن کە فیقهی ئیسلامی لەیاساو رێسا کۆنەکانی دەوڵەتانی ئەوروپاوە وەرگیراوە، وەك یاساکانی رۆمانی یۆنانی‌و..، ئەم بۆچونەش لەراستییەوە دورەو زانستی نییە، هەر بۆیە زۆرێك لەرۆژهەڵاتناسان بڕوایان بەسەرخۆیی فیقهی ئیسلامی هەیەو لەکتێبەکانیاندا دان بەم راستییەدا دەنێن.

ب- ئامانجی زانستیو دور لەشێواندنی راستییەکان: لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لەرۆژهەڵاتناسان بەمەبەستی شێواندنی راستییەکان کاریانکردوە، بەڵام هەندێکیان مەبەستیان وردبونەوەو لێکۆڵینەوەو گەشتن بوە بەراستی، بۆیە نوسینو لێکۆڵینەوەو کتێبەکانیان دورن لەبابەتی هەڵبەستراوو شێوێنراو، ئەم رۆژهەڵاتناسانەش بە (المستشرقون المنصفون) ناسراون، لەبەرئەوەی لێکۆلینەوەکانیان بابەتینو مەبەستدارنین، بۆیە بونەتە جێگای رەخنەو لۆمەی بەشێکی زۆر لەرۆژهەڵاتناسان لەرۆژئاوادا. نمونەی، ئەو رۆژهەڵاتناسانەش (توماس ئارنۆڵد) لەکتێبی (الدعوه إلى الاسلام)، کە تیایدا باس لەگیانی لێبوردەیی موسوڵمانەکان دەکات بەرامبەر بەئایینەکانی دی لەسەرجەم قۆناغەکاندا، بۆیە کاتێك ئەم کتێبە بڵاوبویەوە، رەخنەگەلێکی زۆری لێگیرا لەلایەن رۆژهەڵاتناسە دەمارگیرو مژدەدەرەکانەوە، نوسەریان تاوانبارکرد بەهاوسۆزبونی لەگەڵ موسوڵمانەکاندا.

هەروەها رۆژهەڵاتناسیی فەرەنسی (دینیە) یەکێکە لەوانەی کە بەشێوازێکی بابەتی راستییەکانی لەبارەی ئیسلامەوە لەرۆژئاوا خستوەتەرو، پاش ئەوەی هاتە جەزائیر موسوڵمانبونی خۆی راگەیاندنو دەربارەی ژیانی پێغەمبەر(د.خ) کتێبی نوسیوە، هەروەها لەبارەی ئیسلامەوە کتێبی (أشعه خاصه بنور الاسلام)ی نوسی، کە باس لەهاتنی نەتەوەکەی دەکات بۆ لای ئیسلام، پاش ئەوەی لەجەزائیر کۆچی دواییکرد، لاشەکەیان بردەوە بۆ فەرەنساو لەوێ بەخاکیانسپارد.

٢- ئامانجی سیاسی‌و داگیرکاری:

جولانه‌وه‌ی رۆژهه‌لاتناسیی ده‌ره‌نجامی شکستی سه‌ربازی‌و سیاسی رۆژئاواییه‌کان بو له‌رۆژهه‌لاتدا، له‌کاتی هێرشی خاچدروشمه‌کان، به‌مه‌به‌ستی دوباره داگیرکردنه‌وه‌ی رۆژهه‌لات، به‌لام به‌شێوازێکی جیاوازو میتۆدێکی نوێ، لێره‌وه یه‌کێك له‌ئامانجه دیاره‌کانی رۆژهه‌لاتناسیی خۆی له‌داگیرکاری‌و فراوانخوازی رۆژئاواییه‌کاندا ده‌بینێته‌وه بۆ رۆژهه‌لات.

له‌سه‌ره‌تادا کاری رۆژهه‌لاتناسان بریتیبو له‌پێدانی زانیاری له‌لایه‌نه‌کانی شارستانی‌و مێژویی‌و کۆمه‌لایه‌تی‌و ئابوری‌و...، به‌سه‌رکرده سیاسی‌و سه‌ربازی‌و هه‌والگره‌کان، ئه‌م زانیارییانه‌ش له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی بایه‌خی گه‌وره‌یان هه‌بو بۆوڵاتانی رۆژئاوا، له‌هه‌مانکاتدا ئاسانکاری‌و هاوکارییه‌کی گه‌وره‌ی ئه‌وولاتانه بو له‌به‌ده‌ستهێنانی ئامانجه سیاسی‌و داگیرکاره‌کانیان، بۆیه ده‌بینین له‌پاش ده‌رکه‌وتنی رۆژهه‌لاتناسیی، سه‌ره‌تاکانی بزوتنه‌وه‌ی داگیرکارییه‌کی نوێی ولاتانی رۆژئاوا بۆ رۆژهه‌لات ده‌رده‌که‌وێت، لێره‌وه رۆژهه‌لاتناسیی چوه خزمه‌ت جولانه‌وه‌ی داگیرکاری‌و فراوانخوازی رۆژئاواییه‌کان له‌م قۆناغه‌شدا چه‌ندین سه‌رکرده‌ی سیاسی‌و سه‌ربازی، لێکۆڵینه‌وه‌و دیراسه‌یان له‌مه‌ڕ رۆژهه‌لات ئه‌نجامده‌دا، واته خودی رۆژهه‌لاتناسان سه‌رکرده‌ی سه‌ربازی‌و سیاسی بون.

لێکۆڵینه‌وه رۆژهه‌لاتناسییه‌کان به‌شێوازێك ده‌نوسران که له‌خزمه‌ت بزوتنه‌وه‌ی داگیرکاری‌و ئیستعماریدا بێت، بۆ نمونه له‌روی مێژوییه‌وه رۆژهه‌لاتناسان هه‌میشه دیارده‌یه‌کیان باسده‌کردو گه‌وره‌یانده‌کرد، که له‌خزمه‌ت ئامانجه‌کانیان بێت، وه‌ك باسکردن‌و زیندوکردنه‌وه‌ی ده‌سه‌لاتی فیرعه‌ونه‌کانی میسرو فینیقییه‌کان له‌شام‌و ئاشورییه‌کان له‌عێراق به‌شێوازی

زیاد لەپێویست، ئەمەش گەلێك ئامانجی لەپشتەوە بو، دیارترینیان زیندوکردنەوەی ئەو بیروبۆچونە کۆنانە لەولاتانی ئیسلامدا، تارۆژهەلاتییەکان پێیکاریگەربن، سەرەنجام دوبەرەکی‌و ناکۆکی‌و گیانی رقلێبونەوەیان لەنێو کۆمەلگەکانی رۆژهەلاتدا دەچاند.. ئەمەش بۆ ئاسان زالبون بەسەر ئەو نەتەوانەدا، چونکە هەمیشە رۆژئاواییەکان سیاسەتی (پەرتکەو زالبە – فرق تسد) شێوازی مامەلەو کاریان بو لەرۆژهەلاتدا.

٣– ئامانجی ئابوری‌و بارزگانی

یەکێکە لەئامانجە گەورەکانی جولانەوەی رۆژهەلاتناسیی، ئەمەش بەمەبەستی باشکردنی باری ئابوری ولاتانی رۆژئاوابو، بۆیە زۆرێك لەتوێژینەوەی رۆژهەلاتناسیی لەمبوارەدا خۆی دەبینێتەوە، ئیدی ولاتانی رۆژئاوا بۆ چاککردنی رەوشی ئابوری ولاتانیان سودێکی زۆریان لەلێکۆلینەوە رۆژهەلاتناسەکان وەرگرت.

لەدورەوەوە رۆژهەلاتناسان لەمبوارەدا کاریاندەکرد، یەکێکیان بریتیبو لەزانیاری لەبارەی بونی کەرەستەی خاوو پێداویستی ئابوری ولاتانی رۆژئاوا، لایەنی دوەم زانیاری لەبارەی بازاڕو سەرهزردنی بەرهەمە پیشەسازییەکان، ئیدی ولاتانی رۆژئاوا کۆمپانیایەکی زۆریان دامەزراندو ناردیانە ولاتانی رۆژهەلات تائامانجە ئابوری‌و بازرگانییەکانیان بۆ دەستەبەر بکات، بەداگیرکردنی بازاڕەکان‌و دەستگرتن بەسەر بازرگانی‌ولاتانی رۆژهەلات‌و دەرهێنانی نەوت‌و کانزاکان‌و گەلێك کاربدی.

٤–ئامانجی رۆشنبیری

یەکێکیـدی لەئامانجـەکانی رۆژهەڵاتناسـیی بریتیبـو لەبڵاوبونـەوەی رۆشـنبیری رۆژئـاوا لەرۆژهەڵاتـدا، کـە مەبەسـت لەبڵاوبونـەوەی زمـانو خونەریتو ئاکارو هەڵسـوکەوتو جلوبـەرگو بیرکردنـەوەو هونـەرو..، ئیـدی رۆژئاواییەکان دەیانویست تاکی رۆژهەڵاتی بگۆڕن بـەرۆژئاوایی، بەمەبەسـتی ئاسانکردنی بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان لەرۆژهەڵاتدا.

لەهەمانکاتدا هەمیشە رۆشنبیری رۆژئاواییان بەرزو بـاڵا رادەگـرتو هـی رۆژهەڵاتیان بێنرخ تەماشادەکرد، بـۆ ئـەوەی خـەڵکی رۆژهـەڵات کاریگـەربن بەرۆشـنبیری ئـەوان، لـەم کارەشـیاندا گـەلێك شـێوازیان بـەکاردەهێنا گرنگترینیـان کردنـەوەی ئـەکادیمیاو خوێنـدنگا لـەوڵاتانی رۆژهـەڵاتو لەچـاپدانی چـەندین کتێـبو گۆڤـارو رۆژنامـەو بەسـتنی چـەندین کـۆڕو کۆبونـەوەی جـەماوەری، لـەم ئامانجەشـیاندا لەهەنـدێكوڵاتی رۆژهەڵاتـدا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنا.

سەرچاوەکان:

١–أدوارد سعيد: الإستشراق المعرفة، السلطة، الانشاء، ص٢، ترجمة كمال أبوديب، دار الكتب الإسلامي، بيروت، ,١٩٨١

٢–الشيخ فواد كاظم المقدادي: الاسلام وشبهات المستشرقين. ص١، ١٤١٦هـ.

٣–د. عبدالحميد صالح حمدان: طبقات المستشرقين، مكتبة مدبولي، ١٩٨٦.

٤–نجيب العقيقي: المستشرقون، بيروت، ١٩٨٢.

٥–د. رشيد العبيدي: حركة الإستشراق مراميها واغراضها، مكتبة، أنوار دجلة، بغداد،٢٠٠٣.

٦–د. مصطفى السباعي: الإستشراق والمستشرقون مالهم وماعليهم، دار الوراق، بيروت، ٢٠٠١.

٧–يوسف العظم: تأريخنا بين تزوير الاعداد وغفلة الانباء، دار العلم، دمشق، ١٩٨٨.

٨–مجموعة من المستشرقين: الإستشراق والاسلام، ترجمة وأعداد، فالح عبدالجبار، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في عالم العربي، دمشق، ١٩٩١.

٩–اطاس طولديسهر: الشريعة والعقيدة في الاسلام، ترجمة، علي حسن عبدالقادر ومحمد يوسف عيسى وعبدالعزيز عبدالحق، دار الكاتب المصري، ١٩٤٦.

١٠–يوليوس فلهاوزن: الدولة العربية وسقوطها، ترجمة يوسف العش، مكتبة الجامعة، دمشق، ١٩٥٦.

١١–كارل بروكلمان: تأريخ الشعوب الآسلامية، ترجمة نبية أمين فارس ومنير البعلبكي، دار العلم الملايين، بيروت، ,٢٠٠٠

١٢–مجلة الإستشراق: العدد ٣،١٩٨٩ العدد ٤،١٩٩٠.

رۆژهەڵاتناسیی
لەنێوان کۆتایی هاتنی رۆڵۆ
گۆڕینی ناوو ناوەڕۆکدا

و: ئەرسەلان تۆفیق

گفتوگۆکردن لەسەر کۆتایی هاتنی رۆژهەڵاتناسیی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاکۆنگرەی رۆژهەڵاتناسەکان کە لەژێر چاودێری رێکخراوی نێودەوڵەتی رۆژهەڵاتناسەکانداو لەشاری پاریسی فەرەنسا لەساڵی (١٩٧٣)دا بەسترا.

ئەو کۆنگرەیە بەبۆنەی تێپەڕبونی (١٠٠) ساڵ بو بەسەر کاری رۆژهەڵاتناسەکاندا، لەو کۆنگرەیەدا گفتوگۆی زۆر جیدی کرا لەسەر گۆڕینی ناوی رۆژهەڵاتناسیی بۆ (کۆنگرەی جیهان بۆ توێژینەوەی مرۆڤایەتی لەسەر ئاسیاو باکوری ئەفەریقا)و لەژێر ئەو ناوەشدا دو دانە کۆنگرەیتریان بەستو دواتر ناوەکەیان گۆڕی بۆ (کۆنگرەی جیهانی بۆ توێژینەوەی ئاسیاو باکوری ئەفەریقا)و کۆنگرەیەکیتر لەوڵاتی مەجەڕو لەشاری بۆدابست بەستو ئامادەبوانی کۆنگرەکەش لە (١٠٠٠) کەس زیاتربون کە زۆربەیان لەئەوروپاو ئەمریکاوە هاتبون، لەرۆژانی (٧-١٢/یۆلیۆی/١٩٩٨)و دوای ئەنجامدانی کارەکانیان شاری مۆنتریالی کەنەداو ساڵی (٢٠٠٠)یان دیاریکرد بۆ کۆنگرەی داهاتو.

ئەوانەی کە باس لەکۆتایی هاتنی رۆژهەڵاتناسیی دەکەن زیاتر ئەو کەسانەن کە ئاگاداری تەواویان نییە سەبارەت بەتوێژینەوە عەرەبییەکانو

بەشەکانی رۆژهەڵات دو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان ناوەندەکانی تۆیژینەوەو پەیمانگا تایبەتمەندەکانو پەیمانگاکانی تۆیژینەوەو پەیمانگاکانی لێکۆڵینەوە نێو دەوڵەتییەکان، چونکە چالاکی رۆژهەڵاتناسەکان لەو ناوەندانەی کە لەسەرەوە ناویان هات بەردەوامو دانەبڕاوە، لەم دواییانەشدا دەستیانبردوە بۆ تۆیژینەوەی نوێ لەسەر جیهانی ئیسلام بە(بیروباوەڕ، عەقیدە، شەریعەتو رەوشت، کۆمەڵایەتیو شتانیتر..)، لەو تۆیژەرانەش(جوڵدزیهیرو شاختو بیکرو نولدکەو توماسو ئەرنولد)و کەسانیتریش.

کەواتە دەکرێ ناویان گۆڕیبێو رۆشتبنە ناو لێکۆڵینەوەو تۆیژینەوە لەرۆژهەڵاتی ناوەراستو هیچ رەنگو روماو سیفەتێکی رۆژهەڵاتناسەکانی جارانیشیان پێوە نەبوبێ، یان شێوازی کاریان جیاوازبێت لەتۆیژنەوەیان لەسەر کێشەی موسوڵمانەکان کە ئێستاش بەردەوامەو کۆتاییان نەهاتوە، هەرچەندە رێگاکانی تۆیژینەوەش گۆڕانکارییان بەسەرداهاتبێ.. هەروەك چۆن تۆیژینەوە عەرەبیو ئیسلامییەکانیش تۆیژەری زۆرو زەوەندی موسوڵمانو عەرەبیان تیایە کە پشتگیریاندەکەنو پاڵپشتی ناوەندە رۆژهەڵاتناسیی یان تۆیژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن.

کۆتایی رۆژهەڵاتناسیی لەدیدگای رۆژئاواییەکانەوە

دوای چوارسالێ لەدەرچونی کتێبەکەی (ادوارد سعید)، (الاستشراق)، (برنارد لویس) بابەتێکی نوسی بەناونیشانی (مسألە الاستشراق) تیایدا باسی ئەو خاڵە گرنگانەی کردبو کە رۆژهەڵاتناسەکان لەکۆنگرەی ساڵی (١٩٧٣)دا باسیانلێوە کردبو، ئەو دەڵێت "لەئێستە بەدواوە زاراوەی (رۆژهەڵاتناسیی)

مانایەکی خراپی هەیەو تەپو تۆزاوی بوەو بەهای خۆی لەدەستداوەو هیچ ئومێدێکیش بۆ دەربازبون لەو قەیرانە لەئارادانییە، بۆ ئەوەی بەکەمترین زیان لەو کێشەیە دەربازبین وازهێنانە لەو زاراوەیە..."، پاشان دەڵێت "کۆنگرە بۆنەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی چاوپێداخشانێکی باش بکرێتەوە بەئەرکو فەرمانەکانیدا، زۆر بەخێرایی دەرکەوت کە هەمویان کۆکن لەسەروازهێنان لەزاراوەی رۆژهەڵاتناسیی".[1]

هەربۆیە دەکرێ ئێمە بپرسین دەبێت ئەو هۆیانە چی بن کە بونەتە هۆی ناشیرینبونو خراپبونی زاراوەی (رۆژهەڵاتناسیی).؟ ئایا ئەو خراپبونە لەئەنجامی بۆشاییەکەوەیە.؟ یان دەستی خودی رۆژهەڵاتناسەکانی تێدایە بەوەی کە هەڵەی گەورەیان کردبێ لەکاتی لێکۆڵینەوەیان لەئیسلامو مێژوی ئیسلام.؟

ئەگەر هەڵوێستەیەك بکەین لەسەر رۆژهەڵاتناسیی ئەوروپا لەسەدەی ناوەڕاستدا هەستدەکەین کە خودی ئەوروپییەکانیش دەرکیان بەو هەمو رقوقینە شاراوەیە کردوە کە لەرێگەی ئەو کتێبانەوە کراونەتەسەر ئیسلامو شێوە راستەقینەکەی خۆیان شێواندوە لەبەرچاوو گوێی ئەوروپییەکان، تەنانەت بەرەوای نابینن کە پەیڕەوانی ئەم ئایینە دەستیان بڕوات بەسەر کەمینەکانیترداو فەرمانڕەواییشیان بکەن با لەمانیش شارستانییەتو رۆشنبیریشیان کەمتریش بێت.

بێگومان هۆکارەکانی خراپبونی زاراوەی رۆژهەڵاتناسیی زۆرن لەوانەش هەندێکیان پەیوەندییان بەخودی رۆژهەڵاتناسەکان بازنە سیاسیو هەواڵگرییەکانی (مخابرات) وڵاتەکانیانەوەیە، لەو روەوە کە راپۆرتەکانیان (یان نوسینەکانیان) هێندەی مەرامی سیاسی لەپشتەوە بوە هێندە مەرامی

زانستی لەپشتەوە نەبوەو هەندێکیتریشیان رقێکی مێژویی‌و دێرینیان لەدڵدابوە نەیانتوانیوە دەستبەرداری ببن.

پرسیارێکیتریش دوبارە دێتەوە ئارا ئەویش ئەوەیە ئایا بەلادان‌و گۆڕانی ناوی رۆژهەڵاتناسیی شوێنەواری خراپ‌و نالەباریان لەبیردەچنەوە.؟ لەکاتێکدا کە لەزۆرێك لەزانکۆکانی وڵاتانی ئەوروپی‌و ئەمەریکیدا بەشی رۆژهەڵاتناسیی هەیە، ئەوەی کە لەو بەشانەدا دەخرێنە بەرباس لەگەڵ مامۆستاو خوێندکاران‌و ئەو موسوڵمانانەش، کە کەوتونەتە ژێر کاریگەری یان ئەوەیە کە پیسبونی زاراوەو کاری رۆژهەڵاتناسیی بەردەوامەو تەنانەت هەندێك جاریش خودی ئەو بەشانەی زانکۆکانیشی گرتوەتەوەو ئەگەر گۆڕانێکیش هەبوبێ ئەوا تەنها ناوی گرتوەتەوەو ناوەڕۆك هەروەکو خۆی وایە.

هەربۆیە دەکرێ بگوترێ کە دەرکەوتنی ناوگەلێکی نوێ یان کردنەوەی بەشی تایبەتمەندی بۆ رۆژهەڵاتناسیی مانای کۆتاییهاتن‌و ئاوابونی نییە، بەڵکو ئەوە زیاتر پەرەپێدانێکی سروشتییە کە لەنێوان چەند پسپۆڕێکی جیهانی ئیسلامیدا لەئالۆگۆڕدایە.

هەر لەو کاتانەشەوە کە زانستەکا سەربەخۆیی خۆیان‌وەرگرتوەو تایبەتمەندییەکانیان جیاکراونەتەوە وەك زانستەکانی کۆمنەڵناسی‌و زانستە مرۆییەکان‌و زانستەکانیتریش هەلێکی باش رەخساوە بۆ توێژینەوە لەگەلان تابتوانرێ لەرێگەیەوە زانیاری زۆروردیان دەستبکەوێت لەبارەیانەوە.

(رودنسون) پێیوایە سەرەڕای هەمو ئەوانەش هێشتاکۆمەڵێك رۆژهەڵاتناس بونی ئەو کەلێنەیان بەلاوە ئاساییەوەك ئەو پێیان دەڵێت (رۆژهەڵاتناسانی زیندان)و وەك ئەوەوایە کە لەناو قەفەزێکدا خۆیان زیندانی

کردبێ‌و دڵیشیان بەو زیندانە خۆشبێت.. هەرچەندە مانای چەمکی رۆژهەڵاتناسیی لەپێداویستییەکی کردەییەوە هاتون کە زانا شارەزا ئەوروپییەکان‌ویستویانە توێژینەوە لەسەر شارستانییەکان‌و سەرچاوە رۆشنبیرییەکانیتر بکەن، بەڵام ئەم حاڵەتە لەئەنجامدا گۆڕانی بەسەرداهاتوە.[٢]

بێگومان هەتائێستەش نوسەرە ئەوروپییەکان پشت بەنوسین‌و کتێبەکانی رۆژهەڵاتناسەکان دەبەستن‌و تائێستەش ئەو شێواندن‌و ناراستییانە بەنوسینەکانیانەوە دیارە، نوسین‌و پاشماوەی رۆژهەڵاتناسەکان تائێستەش سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زۆرێك لەراگەیاندنەکان‌و ئەو رەنگ‌و روماو شێواوو زانیارییە نارِاست‌و پروپاگەندانە پانتایی زانستی‌و ئەکادیمی تێدەپەڕێنێ‌و دەگوازرێتەوە بۆ پانتایی راگەیاندنەکان‌و تائێستەش بڵاوەدەکات‌و ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتی رۆژهەڵاتناسەکان تائێستەش بەسەر لایەنی هەزرو رۆشنبیری‌و راگەیاندنەکانەوە بەئاشکرا دیارە.. هەڵەی راگەیاندنەکانیش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە نوسینی رۆژهەڵاتناسەکان‌وەك دەقێکی راستەقینەی رەخنە هەڵگردبێ خەوش سەیردەکرێن‌و پێیانوایە بێایەنانەو بەویژدانەوە نوسراونەتەوە.

هەرچی رۆژهەڵاتناسیی ئیسپانی (فرانسیسکو گابریلی)یشە پێیوایە کە رۆژهەڵاتناسیی کاتی خۆی خواستێکی زانستی بو وەك زانستێکی یەکپارچە بەدەردەکەوت، بەڵام هەرزو دابەشبو بەسەر چەند لقێکداو چەندین تایبەتمەندی‌و پسپۆڕی لێجیابویەوە کە پەیوەندییان هەبو بەهەمو لایەنە جیاوازەکانی شارستانییەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقاو ئاسیاوە.

لێرەدا ئاماژە دەکات بەچەند کۆمەڵەیەکی رۆژهەڵاتناسیی کە تائێستەش کارەکانیان درێژە پێدەدەن وەك (رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی)،و (کۆمەڵەی ئاسیایی ئینگلیزی)،و (کۆمەڵەی ئاسیایی فەرەنسی)،و هەندێك کۆنگرەی رۆژهەڵاتناسیی کە دەخوازن کۆنگرەکانیان تایبەت بکەن بەکاروباری وڵاتانی عەرەبو ئیسلامیو هیندیو چینیو هەندێك وڵاتانیترو توێژینەوەی تایبەتیان لەبارەوە ئەنجامبدەن.(٣)

(گابریلی)، پێیوایە، رۆژهەڵاتناسیی لەسەرەڕێی ئەو ناوچونەدایە یان بەواتایەکی راستتر بەرەو هەڵوەشانو توانەوە دەڕوات لەناو تایبەتمەندییە لاوەکییەکاندا، ئەمەش لەروانگەیەکی زانستی پەتییەوە، بەڵام ئێستا یەکیگرتوەتەوە لەناو کەسایەتییەکی ئایدۆلۆژیو کۆمەڵایەتیو سیاسی، بەڵام ئەووێنە پێشینەیەی کە هەیبوە پەسەند نییە، لەروانگەو بۆچونی ئێمەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی لەبەر ئەو وێنانەی کە بەخشیویەتی کەوتوەتە نێو قەفەزی تاوانباریو خەریکە دادگایی دەکرێت لەسەر ئامانجو بەرنامەو ئەو ئەنجامانەی کە داویەتی بەدەستەوە.(٤)

(گابریلی) جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە رۆژهەڵاتناسیی توێژینەوەی لەسەر گەلانیتر کردوە، بەپێی پرۆگرامو تێگەشتنی تایبەتی خۆیو ناتوانێت لێی پاشگەز ببێتەوە، نەك هەرئەوە بگرە بەمافێکی ئاسایی خۆشی دەزانێت.

لەراستیشدا رۆژئاوا مافی خۆیەتی تێگەیشتنو پرۆگرامو هۆکارە تایبەتییەکانی خۆی بسەپێنێ بەسەر رۆژهەڵاتدا، کە لەمێژوی نوێیدا پێوەی دەرکەوتوە، هەروەك چۆن مافی خۆیەتی پێوەرە تایبەتییەکانی خۆی بەسەر مێژو شارستانییەتو رۆشنبیریو فەلسەفەیشدا بسەپێنێ،

بەمانایەکیتر گەر هەندێك کەس خەون بەوەوە ببینن کە هەزرو ئایدۆلۆژیای رۆژئاوا پاشەکشەبکات لەو ئەنجامانەی کە لەتوێژینەوە دورودرێژە مێژوییەکانی مرۆڤایەتیو شرۆڤەکانیەوە چنگیانکەوتوە ئەوا دەکرێ بەوانە بگوترێ کە توشیوڕێنەووەهمێکی گەورە هاتون.(٥)

یەکێکیتر لەوانەی کە باس لەکۆتاییهاتنی رۆژهەڵاتناسیی دەکەن رۆژهەڵاتناسیی فەرەنسی (کلود کاهین)ە، لەوەڵامێکیدا بۆ وتارێکی (ئەنوەر عەبدولمەلیك) بەناوی (گرفتی رۆژهەڵاتناسیی) بەباسکردنی دەستکەوتەکانی رۆژهەڵاتناسییو گەورەییو خزمەتەکانی دەکات بەسەر توێژەرەوە عەرەبە موسوڵمانەکانەوەو دەڵێت "دەبێت ئەوانە بزانن کە رۆژهەڵاتناسیی ئەوروپی ئەوکەسەیە دەستپێشکەری کردوە لەم چەرخە نوێیەدا بۆ توێژینەوەی مێژوی تایبەتی خۆی، چونکە ئەگەر ئەو نەبوایە ئەمان نەیاندەتوانی بڵێن رابردومان چۆن بوەو بەرێگەی تایبەتی خۆیان نیوەی ئەو شتانەشیان بۆ ساغنەدەبویەوە، ئێمە تاهەنوکەش خاوەنی ئەو جیاکەرەوە سەرکەوتوەی خۆمانین، ئێمە دەتوانین گرنگی بدەین بەمێژوی هەمو گەلان نەك مێژوی خۆشمان"(٦).

(کاهم)یش پێیوایە ئەو پێشکەوتنە زانستییەی رۆژئاوا لەئارادایە پێویستدەکات لەسەر گەلانیتر لەکاتی توێژینەوەیان لەگەلێکیتر نمونە رۆژئاواییەکەیوەربگرنو دەڵێت: لەم رۆژگارەی ئێستاماندا تێبینیدەکەین کە ئەو هێڵەی پێشکەوتنی زانستیو گەشەی رۆشنبیری توێژینەوەی لەسەر ئەنجامدەدرێن بۆ کارکردن لەسەر رۆژهەڵاتو شارستانییەتەکانیو تەنانەت رۆژئاواییەکانیش هێشتالەسەر شێوازی رۆژهەڵاتناسیی رۆژئاواییەکانە.

بەمانایەکیتر لەرێگەی هەزریو فیلولۆجیو کۆمەڵناسی ئەوروپییەکانەوە ئەنجامدەدرێت.[٧]

دواتر(کاهن) درێژە بەم باسە دەداتو دەڵێت "تێبینیدەکرێت کە هەندێك لەرۆژهەڵاتییە زیرەكو چاونەترسەکان ئەم رێگەیان گرتوەتەبەر لەهەندێك حاڵەتیشدا چونەتە ئاستی هاوڕێو هاوکارە رۆژئاواییەکانیان لەو روەوە کە توانیویانە مەنهەجییەتی زانستی لەکارەکانیاندا رەچاو بکەن".[٨]

هەرچەندە ئەم قسەیە بۆنی خۆبەزلزانینو تەنها خۆ لەسەرەوە بینینی لێدێت، بەڵام خۆ زانایانی عەرەبو رۆژهەڵاتیش ئینکاری بەهێزیو بەتوانایی زانایانی رۆژئاوایان نەکردوە یان شارستانییەتی ئەوانیان بەکەم نەزانیوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت هەمو دونیا بەشوێن ئەواندا رابکاتو چاوی لەدەستودەمی ئەوانەوە بێتو چاوەڕێ بکات ئەوان بڕوانامەی زانستییان بدەنێ، ئەوان هیچ شارستانیەتێکی رۆژهەڵاتییان قبوڵ نییە، چ جای بگاتەسەر شارستانییەتی ئیسلامی.. ئەوەی کە تێبینی دەکرێت لەقسەکانی (کاهن)ەوە ئەو رۆشنبیرە عەرەبانەی رۆژهەڵات کە گەشتبنە ئاستی رۆژئاواییەکان لەکارەکانیاندا بریتین لە(تەها حسێن، هیشام جەعیت، محەمەد عابد ئەلجابری، ئەنوەر عەبدولمەلیك، عەزیز ئەلعەزمە) ئەوانیترن کە لەژێر کاریگەری هزرو شارستانیەتی رۆژئاواو شێوازی توێژینەوەی زانستی ئەواندان.

سەبارەت بەبەشداری موسوڵمانەکانیش لەتوێژینەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوورییەکاندا ئەو (پەیمانگای توێژینەوەی ئیسلامی لەمۆنتریالی کەنەدا) پەنجا ساڵ زیاترە قوتابیانی عەرەبو موسوڵمان هاندەدات کە توێژینەوە لەسەرولاتەکانیان بکەن لەژێر چاودێری

مامۆستارۆژهەلاتناسەکانیاندا بەو بیانوەیەوەک راپۆرتەکەی (هایتر) دەڵێت "ئەو قوتابیانە دورن لەوڵاتەکانیان‌و ئاگایان لەکێشەو گرفتەکانیان نییە، هەربۆیە ئەوان دەتوانن بەئازادی‌و بەبێلادان‌و لایەنگری بابەتەکانیان پێشکەشبکەن،وەک ئەوەی لەوڵاتەکەی خۆیاندابن. ئەم کارە جێگەی سەرسوڕمانی ئامادەکارانی راپۆرتی(هایتر)ەو بڕیاریانداوە ئەم شێوازی کارە بگوازنەوە بۆ زانکۆکانی بەریتانیا".[٩]

بەڵام هەر دەبێت ئاماژە بەهەندێک دەستپێکەو بیناویتر بکەین، ئەویش ئەوەیە کە توێژەری عەرەبو موسوڵمان دەتوانێ لەناو وڵاتەکەی خۆیدا کەرەستەکانی بابەتی توێژینەوەکەی بەئاسانی کۆبکاتەوەو دەشتوانێت سەرچاوەی دارایی بۆ توێژینەوەکەی پەیدابکات،وەک چۆن توێژەرێکی رۆژئاوایی لەجێگەو رێگەی خۆیدا پەیدایدەکات.

لێرەدا (ئەحمەد عەزاب) باسلەوە دەکات کە هەندێک لەو توێژینەوانەی کە عەرەبەکان دەستیانداوەتێ‌و کاری لەسەردەکەن زیاتر لەکاری جاسوسیکردن‌و نهێنی کەشهزردن دەچێت تاتوێژینەوەی زانستی‌و زیاتر لەتوێژەرێکی موسوڵمان هەستاون بەئامادەکردنی بابەتەکانیان لەسەر بزوتنەوە ئیسلامییەکانی وڵاتان خۆیان‌و ئەگەر داواشبکەن بابەتێکیتر هەڵبژێرن ئەوان رازی نابن.[١٠]

(برایان تیرز)وای بۆدەچێت کە رۆژهەلاتناسیی روبەڕوی قەیرانێکی ناوخۆیی گەورەی ناوخۆیی بوەتەوە لەپاش جەنگی جیهانی دوەم‌و ئەلتەرناتیڤی ئەم کارەش زۆر سەخت‌و دژوارە، چونکە رۆژهەلاتناسیی تاهەنوکەش بەشێوەیەکی هەزری‌و دامەزراوەیی بەڕێوە دەچێت.
رۆژهەلاتناسیی هەڵگری چەندین بنەمای خودی‌و ناوخۆییە کە پارێزگاری

لەمانەوەی دەکاتو هەندێك هەوڵیش لەئاراداىیە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ نۆژەنی بکەنەوە یان سەرلەنوێ دەست بەدروستکردنی وەها پرۆژەیەك بکەنەوە، وەك ئەو پرۆژەیەی کە گۆڤاری (تۆێژینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست)و پرۆژەی (تۆێژینەوەو زانیارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستیانداوەتێ.

پەراوێزەکان:

١–برنارد لویس: مسأله الآستشراق– فی الآستشراق بین دعاته ومعارچیه، اعداد هاشم صالح، لندن،دار الساق، ١٩٩٤، ص ١٥٩–١٨٢,

٢–هەمان سەرچاوە.

٣–فرانسیسکۆ گابریلی: پناو علی الاستشراق، لەهەمان سەرچاوەی پێشودا، ل ٢١–٣٠.

٤–هەمان سەرچاوە.

٥–هەمان سەرچاوە.

٦–کلود کاهن: کلود کاهن یرد علی انور عبدالملك، رساله الی رئیس تحریر مجله (دیرجین)، هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ٣٥–٣٨.

٧–هەمان سەرچاوە.

٨–هەمان سەرچاوە.

٩-of the sub-sir William hayter. raport-committee on east European and landon ١٩٦١ african studies.،Slavonic،oriental

١٠–احمد عبدالحمید غراب: رؤیة إسلامیة للإستشراق، ضاثی دوقم (بیرمةنطهام– المنتدی الاسلامي) سالَی ١٤١١ ك. ل ١٤٥.

١١-Bryans Turner.((islam)) and oventalism Islamists ed. Asaf hussainet orientalism islam and. ٤٣–٢٣al(brattebovo:Vermont ٨٤.p.p.

سەرچاوە:

مالّپەڕی مەدینەی مونەوەرە بۆ توێژینەوە رۆژهەڵاتناسییەکان.

ئیدوارد سەعید...بیرمەندە مەزنەکە

یاسین تەها

سەرەتایەک:

پێناچێت هیچ باس‌و بابەتێکی مەعریفی هێندەی خۆرهەڵاتناسیی جێگای قەیران‌و قسە لەسەرکردن‌و مشتومڕ بێت. ئەم زانستە کەوێناکردنێکی خۆرئاواییانەیە بۆ کایەکانی ئیسلام‌و خۆرهەڵات، بەقەدەر جیاوازییەکانی ئەم دو شارستانییەتە ناکۆکی‌و کێشمەکێشی لەهەناوی خۆیدا حەشارداوە‌و بوەتە جێگای دەمەقاڵە. بەڵام کەم کەس هەیە وەک زاناو بیرمەندی بەرەچەڵەک فەلەستینی ئیدوارد سەعید زانستیانە‌و لۆژیکیانە چوبێتە قوڵایی ماناو مەدلولەکانی ئەم بابەتە پڕ قەیرانەوە.

ئەوەی تێڕوانینی سەعید لەسەر خۆرهەڵاتناسیی لەهی ئەوانیتر جیادەکاتەوە لێکدانەوەی زانستی‌و لۆژیکیانە‌و لەهەمانکاتیشدا خۆدورگرتنە لەدەمارگیری نەتەوەیی‌و ئینتیمای ئاینی کە سیمای سەرەکیی بەشێکی زۆر لەنەیارانی خۆرهەڵاتناسییە.

سەعید، لەبنەڕەتدا مەسیحییەو هەر لەمندالێیشەوە چوەتە ئەمەریکاو لەوێ خوێندویەتیو پەروەردەی کولتورێکی خۆرئاواییە، هیچکات سیماکانی شارستانییەتی رۆژئاواو گوشارو فاکتەرە دەرەکییەکان وایلێنەکرد شێوازی بیرکردنەوەی خۆی بگۆڕێتو نەك هەر خەڵکی خۆرهەڵات، بەڵکە چەندین نێوداری ئەمەریکاو خۆرئاواش چەپڵەیان بۆ خوێندنەوەو لێکدانەوە تایبەتو جیاوازەکانی لێداوە. پێش لەهەڵوێستەکردن لەسەر دیدو تێڕوانینی سەعید لەمەڕ خۆرهەڵاتناسیی جێگای خۆیەتی ئاماژەیەکی خێرا بەخودی چەمکی خۆرهەڵاتناسیی بکەین.

خۆرهەڵاتناسیی چییە؟

زۆر لەمەڕ پێناسەی خۆرهەڵاتناسیی وتراوە، هەندێك بەئامرازێکی سیخوڕی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیستی ئەوروپاو هەندێکیتر بەچاوساغی خاچپەرستانو هەوڵەکانی دژایەتیکردنی ئیسلام دەیدەنە قەڵەم. خۆرهەڵاتناسەکانیش بەپرۆسەیەکی زانستیو توێژینەوەگەلێکی بێلایەنانە لەسەر زمانو کولتور، ئاین، جوگرافیاو.. خۆرهەڵات دەیناسێنن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیو دور لەم ناکۆکییانە دەکرێت ئەم زانستە بەتەوژمێکی هەزری مەعریفی بناسێنرێت، کە ئامانجی ناسینی رۆژهەڵاتە لەدیدێکی رۆژئاواییانەو لەسەر دەستی چەند بیرمەندو نوسەرێکی ئەم کیشوەرەی کە سەدان ساڵە لەکایە جۆربەجۆرەکاندا سەردەستەیە، بەپێی ئەم پێناسەیە دەشێت ئەم ناسینو ناساندنەی خۆرهەڵات لەلایەن خۆرئاواییەکانەوە نێوەڕۆکی خۆرهەڵاتناسییە، بۆ گەلێك بوار بەکەڵك بێت لەنێویشیاندا بەمەسیحکردنو ئاسانکاری داگیرکردنو بەتاڵانبردنی خێروبێرو سامانی

خۆرهەڵات وڵاتە نەوتییو دەوڵەمەندەکانی. هەر ئەم دوفاقییەی خۆرهەڵاتناسانیش وەهایکردوە کە حەزەرورییی پێویست بێت لەمامەڵەکردن لەگەڵیدا، ئیتر ئەوەش با بوەستێت کە کاتی سەرهەڵدانو بڕەو پەیداکردنی خۆرهەڵاتناسیی تاڕادەیەکی زۆر جێگای گومانەو هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی جەنگی موسوڵمانو مەسیحییەکان، سەرنماو سەردەستەکانی ئەو تەوژمە هزرییەشی کە ناوی خۆرهەڵاتناسیی لێنرا گەلێکیان دواتر لەبەرگی جۆراوجۆردا دژ بەخۆرهەڵاتو پێکهاتەکانی ناوی کاریانکردوە. هێشتا کەڵەکەبونی ئەم راستییانەش ناکاتە ئەوەی حوکمێکی موتلّەقو یەکلایەنانە لەسەر خۆرهەڵاتناسیی بدەینو دورنییە چەندین خۆرهەڵاتناس جگە لەزانستخوازی هیچیتر دنەی نەدابن تابێنە خۆرهەڵاتو لەسەر سیماو دیاردە جۆراوجۆرەکانی بنوسنو لێکۆڵینەوە بکەن.

ئیدوارد سەعیدو خۆرهەڵاتناسیی

ئێدوارد لەرێگای چەند کتێبێکەوە تەقەی لەدەرگای خۆرهەڵاتناسیی داوە کە دواتر بونە شاکارو هەر دانەیەکیان چەندینجار چاپکرانەوە، بەناوبانگترین ئەم کتێبانە کتێبی ئەلئیستیشراق "الاستشراق"ە کە لەساڵی (١٩٧٤) دا نوسیویەتی، ئەلسەقافەوەلئیمپریالییە "الپقافەوالڵمبریالیە" یە کە لەساڵی (١٩٩٤) دا بەچاپیگەیاندوە. ئیدوارد خۆی سەر بەکەمایەتییەکی ئاینیی پرۆتستانتییە، بەڵام ئەم ئینتیمایەی وایلێنەکردوە کەسێکی داخراو بێت بەروی ئاینو ئاینزاکانیترداو بەپێچەوانەوە زۆرترین شارەزایی لەسەر ئاینی زۆرایەتی گەلەکەی کۆکردوەتەوە کە ئیسلامە. ئەوەی زۆرێك لەنوسەرەکان دەیکەنە نیشانەو بەڵگەی کراوەیی ئیدوارد سەعید،

داکۆکیکردنییەتی لەئاینی ئیسلام لەچەند جێگایەکدا بەرامبەر ئەو شەپۆلی لێکدانەوانەی، کە خۆرهەلاتانسەکان بۆ ئیسلام کردویانەو زانا موسوڵمانەکان بەدڵیان نییەو بەئاوەژو نێویدەبەن. لەشاکاری ئەلئیستیشراق "الاستشراق" دا سەعید سەرسەختانە داکۆکی لە"وێنەی راستەقینەی ئیسلام" دەکات وێناکردنی خۆرهەلاتناسەکانیش بۆ بەشێکی زۆر لەچەمكو ماناکانی ئەم ئاینە بە"ساختە" نێو دەباتو داکۆکی کردنی زانستیانەشی لەئاینی ئیسلام، وەهایکردوە هەندێك نوسەر بڵێن "ئیدوار سەعید بەئاین مەسیحییەو بەنیشتمان موسوڵمانە".

کاتێك ئیدوارد سەعید بڕوانامەی دکتۆرای لەئەدەبدا بەدەستهێنا لەئەمەریکا نیشتمانو دەوڵەتی نەبو. ئەو، بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵێك کێشەو قەیراندا دەستەو یەخەبو، کە هەمیشە کێشەی بۆ دروستدەکرد. لەبەر ئەوەی هاوڵاتییەکی عەرەب بو لەئەمەریکا دەژیا بەقسەی خۆی "هەوڵی زۆر دەدرا بۆ ئەوەی لەو رێگایە دوربیخەنەوە کە خۆی هەڵیبژاردبو بۆ ژیانی خۆی".

سەعید مەبەستی لەزاراوەو چەمکی خۆرهەلاتناسیی سێ شتی تایبەت بەجیهانی رۆژئاوایە کە پەیوەستەگیو پەیوەندی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە.

یەکەم: ناوە حازرو ئامادەکراوەکان، کە تاهەنوکەش لەنێوەندەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی خۆرئاوادا، بەرامبەر دیاردەکانی خۆرهەلات بەکاردەهێنرێن.

دوەم: رێگای بیرکردنەوەی تیۆرییانەی نێوان خۆرهەلاتو خۆرئاوا کە زۆرێك لەئەدیبو نوسەرو خاوەن قەڵەمەکان لەسەری دەڕۆنو کردویانەتە بنەڕەتی بیرکردنەوەو نوسین.

سێیەم: کە زۆر بەلای ئیدوارد سەعیدەوە گرنگو جێگای باسە، بەکارهێنانی خۆرهەلاتناسیی بو بۆ بەهێزکردنی پایەکانی دەسەلاتی خۆرئاوا، چونکە بەرای سەعیدو زۆرینەی رەهای نوسەرو بیرمەندەکانیتری خۆرهەلات، خۆرهەلاتناسیی رۆلێکی یەکجار مەزنی گێڕاوە لەیارمەتیدانی بالادەستی خۆرئاواییەکان لەسەدەی هەژدەهەمەوە تائەم دواییە، هەروەها ئەم زانستە کەرەستەیەکی یەکجار زۆری خستوەتە بەردەم خۆرئاوا تاسەرلەنوێ خۆرهەلات بەویستی خۆی دابڕێژێتەوەو دەسەلات بەسەریدا فەرزبکات. سەعید زۆر کاری لەسەر پەیوەندییەکانی مەعریفەو هێز دەکردو بەرای ئەو هێزو بالادەستی خۆرئاواییەکان یارمەتی ئەوەی داوە بتوانن سەرلەنوێ خۆرهەلات بەئارەزوی خۆیان لەروە جیاجیاکانی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتییەوە بەرهەمبهێننەوەو بەئاقارێکیدا بەرن، کە خۆیان دەیانەوێت.

ئیدوارد لەم بۆچونەیدا تاقانە نییەو زۆرێك لەنوسەرو بیرمەندەکانیتریش بەهەمان شێوەی ئەو لەسەر ئەوە هەڵوێستەیان کردوە، کە بەهۆی بالادەستی خۆرئاواوە زەمینەیەکی مەعریفیو سیاسی وەها هاتوەتەکایەوە، کە هەمیشە جیهان یەکسانبێت بەخۆرئاواو هەمو شتەکان بەپێوەری خۆئاوایی بپێورێنو پێودانگەکانی ئەم شارستانییەتو دیدگایە بکرێنە بنەڕەتی کێشانەو پێوانەی شتەکانیتر، هەرشتێك لای ئەوان پەسەند بێت شتی باشبێتو هەر شتێکیتر لای ئەوان نامۆو نەناسراوبێت شتی بێکەڵکە. ئیدوارد بۆ سەلماندنی بۆچونەکانی پەنا بۆ لێکدانەوەو گریمانەکانی (گرامشی) دەبات دەربارەی هەژمونو بالادەستیو رۆژهەلاتناسییو بەژینگەیەکی تێر لەبیروباوەڕی خۆبەزلزانانەی ئەوروپاو دەسەلاتی کۆلۆنیالانەی لەقەڵەمدەدات، کە ئامانجی سەرلەنوێ رێکخستنەوەی خۆرهەلاتە بەجۆرە موفرەدەو دەربڕینێك، کە بەئاسانی خۆرئاوا فامیبکاتو لەناسینیدا هیچ گرێو گۆڵو گرفتێکی ئەوتۆی نەیەتە رێگا.

جیاوازییەکانی خۆرهەڵاتو خۆرئاوا لەدیدی ئیدوارد سەعیددا

بەبۆچونی ئیدوارد سەعید جیاوازیو ناکۆکییەکانی نێوان خۆرئاواو خۆرهەڵات جیاوازییەکن لەسەر بەرژەوەندیو ماددەو بەهۆی دەسەڵاتو باڵادەستییەوە هاتونەتەکایەوە. ئەو، هێما بۆ ئەوە دەکات ئەم جیاوازیانە شتێکی ئەزەڵیو جینی نینو لەخوێنو گۆشتی خەڵکی ئەم دو بەرەیەدا نین، بەڵکو رۆژگارو بەرژەوەندی هێناونیەتیەکایەوەو دەکرێت بەگفتوگۆ وەلانانی خۆبەزلزانینو خۆفەرزکردن چارەسەرو بنەبڕبکرێن. سەعید رەخنە لەو هەڵهێنجانو بۆچونە خۆرئاواییانە دەگرێت، کە بێدەسەڵاتیو لاوازیی خۆرهەڵات پەیوەستدەکاتەوە بەچەند فاکتەرێکی وەك (باشزانینی لۆژیك لەلایەن خۆرئاواییەکانو زیرەکی خەڵکی خۆرئاوایی) یان چواندنی عەقڵی خۆرهەڵاتییەکان بەوێنەو ئادگاری کۆڵانو شارەکانیان کە تەنسیقو رێکوپێکی تێدا نییە، نمونەش بەچەند جەنگو شەڕەنگێزییەکی مەسیحییەکان دژبەپەڕەوکەرانی ئیسلام دێنێتەوەو چەند تێکستێکی جولەکەش ئاماژەپێدەکات لەسەدەکانی کۆندا، دواتر بەوردی دێتەسەر هەڵمەتو داگیرکارییەکەی ناپلیۆن دژ بەمیسری یەکێك لەبنکەو مەڵبەندەکانی شارستانییەتی خۆرهەڵاتو بەقسەی ئیدوارد کۆی ئەم دیمەنو مەشهەدانەش ئەوە نیشاندەدەن، کە خۆرهەڵات " تەختی شانۆیەو بینەرو دەرهێنەرو ئەکتەرەکانی کار بۆ دڵخۆشکردنی ئەوروپا دەکەن". بەم پێیەش لەدیدگای سەعیدەوە خۆرهەڵاتناسیی هاندەرە بۆ بیناکردنی تێگەیشتنێکی دوژمنکارانەو خۆبەلزانانە دژ بەجیهان. بەرای سەعید تەنانەت ئەو خوێندکارە عەرەبو خۆرهەڵاتیانەش، کە بۆ خوێندن چونەتە ئەمەریکاو ئەوروپا توشی حاڵەتێك هاتون ملکەچییە بۆ نێوەڕۆکی ئامانجەکانی

خۆرهەڵاتناسییو بەچاوێکی سوکەوە تەماشای هاوڕەگەزو هاوڵاتیانی وڵاتانی خۆیان دەکەن، سەعید ئەوە دەخاتەڕو ئەو خۆرهەڵاتییە هەندەرانییانەش بەهەمان شێوەی خۆرهەڵاتناسو رەگەزپەرستەکانی رۆژئاواوەك هۆڵیوددییەك تەماشی عەرەبو خۆرهەڵات دەکەنو بەقسەی ئەو "خۆرهەڵاتییە نوێیەکان خۆیان خۆرهەڵاتناسیی خۆیان بەرهەم دەهێننەوە".

رەخنەکانی سەر ئیدوارد سەعید

بەرای زۆرێك لێکدانەوەو راڤەکانی سەعید لەسەر خۆرهەڵاتناسییو چەمکی هێزو بااڵدەستیی خۆرئاوا جۆرێك لەبێزاریو بێئومێدیو چۆکدادانی تێدایە، ئەوەش ئەم بۆچونەی یەکلاکردەوە ئەوەیە کاتێك سەعید کتێبی خۆرهەڵاتناسیی دەرکرد لەساڵانی حەفتاکاندا بەهیچ جۆرێك باسی لەوە نەکردبو دەکرێت خۆرهەڵاتییەکان بەرەنگاری ئەم دەستەمۆکردنەی خۆرئاواییەکان ببنەوەو لەسەر ئەمەش رەخنەی زۆری لێگیرا، بەاڵم لەکتێبی دوەمیدا، کە لەساڵانی نەوەدەکان بااڵوکراوەتەوە بەگیانێکی رۆشنگەرانەو پڕ لەهیواوە باسی گۆڕانکاری زۆر دەکات لەدیدو تێڕوانینی توێژینەوەو باسو بابەتە خۆرئاواییەکاندا بەرامبەر بەخۆرهەڵات، کە بەرای ئەو "هەستی نێرانەو بااڵدەستانەی بەسەردا زاڵ نییە". ئیدوارد سەعید ئاماژەش بەچەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی دەکات لەم بوارەداو لەم میانەشدا کۆشش بۆ دۆزینەوەی رێگایەکی بەدیل دەکات، کە تێبکۆشێت بۆوردو خاشکردنی لەمپەرو رێگرییەکانی بەردەم سەرجەم رۆشنبیریو تێڕوانینەکان، دواجاریش ئیدوارد بانگەشەی خۆرزگارکردن دەکات لەدیدوتێڕوانینە نەتەوەییە

بەرتەسکەکانو هاتنەدەرەوە بۆ جیهانی پانوبەرینو بەرفراوانی مرۆڤایەتیو بەتوندیش دژ بەخەونە تۆباوی‌و میسالییەکان دەوەستێتەوە، بەقەدەر دژایەتیکردنی ئیستیعمارو کۆلۆنیالیزمیش سەعید دژایەتی ئەو رژێمو بزاڤانەی دەکرد، کە هەمو هێلکەکانیان دەخستە سەبەتەی نەتەوەچێتییەوە لەجیهانی سێیەمدا، نمونەی سەدامو رژێمەکەی‌و چەندانیتری هاوشێوەی ئەوانی دەکردە بەلگەی بۆچونو رەخنەکانی. هەرچەندە نەتەوەگەراکانی عەرەب خۆشییان لەسەعید نەدەهاتو رەخنەی زۆریان لێدەگرت لەبەر ئەوەی دژ بەپەیوەستەگی لەڕادەبەری ئەوان بەنەتەوەو بەهاکانی دەوەستایەوە، بەڵام ئەو ئەوانی بەدەستکردو یارییەکیتری ئیستیعمار دەزانی کە بەیارمەتی ئەوان بەربونەتە گیانی خەڵك، لەبری ناوبردنیشیان وەك رزگارکەر رژێمو بۆچونە نەتەوەپەرستەکانی بەیاریچەو دەسکەلای رژێمە کۆلۆنیالیستەکان لەقەڵەمدەدا.

لەروبەڕووبوونەوەی رۆژهەڵاتناسیدا

نوسینی: د. مەحمود زەقزوق

وەرگێڕانی: سەلام عەبدولکەریم

پێشەکی:

ئەو مەیدانخوازییو هێرشە هزرییانەی ئەمرۆ ئیسلامو موسوڵمانان روبەڕوی بونەتەوە، زۆرو جۆراوجۆرن، بەڵام هەمو ئەمانە لەبنەڕەتدا رەگێکی مێژوویی هەیەو درێژکراوەی ئەو تەرزە هزریو شالاوە مەترسیدارانەن، کە لەساتەوەختی بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام بەناوچە جیاوازەکانی دونیادا، روبەڕوی هەڵگرانی ئاینەکەو تەنانەت خودی ئاینی ئیسلامیش بوەتەوە، گەیشتنی ئیسلام بەوڵاتانی رۆژئاوا جێگەی مەترسی گەورە بو لەلایەن کاربەدەستو فەرمانڕەواکانیانەوە، بەتایبەت مەسیحییەکان، چونکە ئەوان جگەلەوەی مرۆڤەکانیان لەرۆژئاوا فریودەدا، هاوکات هاتنی ئاینێکی دادپەروەرو هۆشیار پێگەو بەرژەوەندی ئەوانی لێژدەکردو دەیخستە مەترسییەوە، بۆیە رۆژئاواییەکان بەهەمو شێوەیەك کەوتنە بیری دروستکردنی بەربەستێك لەبەردەم پەرەسەندنو بڵاوبونەوەی ئیسلامدا، لەم پێناوەشدا کەوتنە بیری مەیدانخوازییەکی سیاسیو سەربازی، پاش ئەوەی لەو مەیدانخوازییە سیاسسیو سەربازییەدا شکستیانهێنا، دواتر هانایان بۆ مەیدانخوازییەکی زۆر ترسناك برد، ئەویش مەیدانخوازیو هێرشی هزری بوە سەرەتا لەرێگەی ناسینو دیراسەکردنی جیهانی رۆژهەڵاتەوە بو

لەبوارەکانی (شارستانییەت، ئایین، دابونەریت.. تاد) دەستپێکرد، ئەم پرۆسەیەش بریتیبو لەرۆژهەڵاتناسیی.

گومانی تێدانییە رۆژهەڵاتناسیی رۆڵێکی گەورەی هەبو لەجیهانی رۆژئاواو لەجیهانی ئیسلامیشدا، پلاندانانی رۆژئاوا لەزۆر رووەوە پشتی بەتوێژینەوە رۆژهەڵاتناسییەکان بەستوە، تائێستاش رۆژهەڵاتناسیی بایەخی گەورەی هەیە لەدارشتنی تەسەورو تێڕوانینی رۆژئاوا دەربارەی ئیسلامو لەدروستکردنی هەڵوێستی رۆژئاوا بەرامبەر ئیسلام بەدرێژایی سەردەمە مێژوییەکان هەبوە و هەیە، رۆژهەڵاتناسیی گرفتێکە، بیروڕای جیاوازی لەدەوربەری خۆی کۆکردوەتەوە لەجیهانی ئیسلامییدا بەگشتی دو ئاراستە لەم نێوەندەدا بەدیدەکرێت، ئاراستەیەکیان پشتگیری هەمو پرۆسەیەکی رۆژهەڵاتناسیی دەکات، بەڵام ئاڕاستەی دوەم، بەهەمو شێوەیەك رەفزیدەکاتەوە، لەراستیدا ئەم دو ئاراستەیەوێنای جۆرێك لەنازانستیو نارەخنەیی دەکەن، ئاراستەی یەکەم سەرسامە بەشارستانیەتی رۆژئاواو پێشکەوتنی زانستیو تەکنەلۆژیا لەرۆژئاوا، لەتێڕوانینی ئەم ئاراستەیەدا، هەرشتێك لەرۆژئاواوە بێت شتێکی زانستیو بابەتیو تەندروستە، بۆیە رۆژهەڵاتناسییان پێ قبوڵە، هەرچی ئاراستەی دوەمە، رۆژهەڵاتناسیی بەسەرچاوەو پاڵنەری پێکداچونی سەربازی نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوا بەدرێژایی مێژو دەزانن، لەگەڵ هێرشی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوا بۆ داگیرکردنیوڵاتانی جیهانی ئیسلامی، هاوکات دژایەتی ئەم ئاراستەیە بۆ ئەو بارودۆخە دەگێڕنەوە،کە رۆژهەڵاتناسیی تێداگەشەیکردوەو پەیوەستی لەنێوان ئامانجەکانی رۆژهەڵاتناسییو بزوتنەوەی تەبشیریدا لەگەڵ ئەو هەمو

هەڵوێستە دوژمنایەتییەی رۆژئاوا دژی ئیسلام لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەکەن.

هەر لایەنگرانی ئاراستەی دوەم هۆکاری خۆبەگەورە زانینی رۆژئاوا بەرامبەر رۆژهەڵاتو پەیوەندییە نایەکسانەکانی رۆژئاوا بەگەلەژێردەستەکانیانەوە لەرۆژهەڵاتی ئیسلامیدا، لەهەندێ سەردەمی مێژوییدا بۆ خودی پاڵنەری رۆژهەڵاتناسیی دەگێڕنەوە.

ئەویش لەم قسەیەی (رۆیارد کپلینگ)ی رۆژهەڵاتناسدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێت: (رۆژهەڵات رۆژهەڵاتەو رۆژئاوا رۆژئاوایە، هەرگیز بەیەکتری ناگەن) – وەرگێڕ.

هەروەها بمانەوێ نەمانەوێ رۆژهەڵاتناسیی کاریگەری لەسەر هزری ئیسلامی نوێ هەبوە، کەوابو بۆ روبەڕوبونەوەی ئەم گرفتە پێویستمان بەروبەڕوبونەوەیەکی زانستیو جدی رۆژهەڵاتناسیی هەیە، کە ئەو روبەڕوبونەوەیەش بە (بەڵێ یان نەخێر) نابێت، بەڵکو لەرێگەی گرتنەبەری توێژینەوەیەکی قوڵو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەبێت لەرەگو ریشەی هزری رۆژئاوا، بۆ زانینی هۆکارە راستەقینەکانی هەڵوێستی رۆژئاوایی لەئیسلام.

ئەووێنە داکەوتو بەربلاوەی ئەمڕۆی رۆژئاوا دەربارەی ئیسلام تەنهاوێنەیەکی کاتیی خراوەلا نییەو هەر ئەمڕۆش دروستنەکراوە، بەڵکو بریتییە لەو وێنەیەی کە چەند سەدەیەك لەملانێی شارستانی نێوان ئیسلامو رۆژئاوا دروستبوە.

بۆ پەیبردن بەمەترسییەکانی رۆژهەڵاتناسیی پێویستمان بەدیراسەکردنی هەمو ئەو شتانە هەیە لەلایەن رۆژئاواوە دەربارەی ئایینو بیروباوەڕو کە سایەتی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت)و قورئانی پیرۆزو

سوننەتی پێغەمبەرو.. تاد، لەرۆژئاوا نوسراون، لێرەوە هەستدەکەین ئاراستەی سێیەم دێتەئاراوە بەرامبەر رۆژهەلاتناسیی، کە دەکرێ ناوببێنین ئاراستەی راستەقینەی ئیسلامی، چونکە بریتییە ئەم ئاراستەیە هاودەنگە لەگەڵ ئەو شتانەی ئیسلام وەریدەگرێت، هەروەك قورئان ئاماژەی پێدەکاتو دەفەرموێت (ولایجرمنکم شنأن قوم علی ألا تعدلوا إعدلوا هو أقرب للتقوی).

ئەم ئاراستەیەش بەتەنها بریتی نییە لەوەی دەتوانێ رۆژهەلاتناسەکان ناچاربکات رێز لەگۆشەنیگای ئیسلامی بگرن هەتاوەکو ئەگەر نەیتوانی لەداهاتوویەکی نزیکدا بیروڕای رۆژهەلاتناسەکان دەربارەی ئیسلامو موسوڵمانان بگۆڕێت، بەڵکو هەوڵدەدات بەلانیکەمەوە بتوانێ وایان لێبکات هەست بەبونی ئاراستەیەکی زانستی راستەقینەی ئیسلامی بکەن، چونکە لێرەوە بەم ئاراستە زانستییە دەتوانین دەرگا داخراوەکانی هزری رۆژئاوا بکەینەوە، بێگومان هەڵوێستی رۆژهەلاتناسەکان هەمویان خراپ نەبون دەربارەی ئیسلامو موسوڵمانان، بۆیە ئەرکی ئێمە لێرەدا باسکردنی لایەنە پۆزەتیفەکانی رۆژهەلاتناسییو وەلامدانەوەو لەسەر نوسینی نێگەتیفەکانی رۆژهەلاتناسییە بۆ ئەوەی بتوانین رەهەندە جۆراوجۆرەکانی گرفتەکەمان بۆ رونبێتەوە، چونکە کارکردن بەم ئاراستەیە دەمانگەیەنێتە هەستکردن بەخاڵی مەترسیداری رۆژهەلاتناسیی لەسەر هزرو بیروباوەڕی ئیسلامی. ئیشکردن بەئاراستەیەکی زانستی وردبونەوەیە نەك وەرگرتنی بێ ڕێوشوێنو رەتکردنەوەی یەکجارەکی رۆژهەلاتناسیی.

گەشەکردنی رۆژهەلاتناسیی

سەرەتاکانی یەکەم:

رۆژهەڵاتناسیی بریتییە لەو زانستەی کە هەڵدەستێ بەدیراسەکردنی رۆژهەڵات، رۆژهەڵاتناس بەمانا گشتییەکەی بەسەر هەمو زانایەکی رۆژئاواییدا دەچەسپێتو سەرقاڵی دیراسەکردنی هەمو رۆژهەڵات لەروی زمانو شارستانییەتو ئاداب و ئاینییەکانیەوە بێت.

لێرەدا مەبەستمان قسەکردن نییە دەربارەی رۆژهەڵاتناسیی لەو پێناسە فراوانەوە، بەڵکو زیاتر تۆێژینەوە رۆژئاواییەکان پەیوەستکراوە بەرۆژهەڵاتی ئیسلامییەوە لەبوارەکانی زمانو ئاداب و بیروباوەڕو تەشریعاتو شارستانییەتی رۆژهەڵاتی ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی، کارێکی ئەستەمە بتوانین سەرەتایەك بۆ رۆژهەڵاتناسیی دیاریبکەین، ئەگەر چی هەندێ لەتوێژەرەوان ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی رۆژئاوای مەسیحی دەستپێکردنی رۆژهەڵاتناسیی رەسمی بەدەرچونی بڕیارێکی (مەجمەعی کەنیسەی ڤییەنا) دیاریدەکات لەساڵی(١٣١٢)، بەدابینکردنی ژمارەیەك لەکۆرسی زمانە عەرەبییەکان، لەهەندێ لەزانکۆکانی ئەوروپاوەك زانکۆی (کامبردج، سلامنکا، پۆلۆنیا، ئۆکسفۆرد – وەرگێڕ)، بەڵام لێرەدا خودی رۆژهەڵاتناسیی رەسمی ئاماژە دەکات بەوەی رۆژهەڵاتناسییەکی نارەسمی پێش ئەم مێژوە هەبوە، هەروەك هەندێ تۆێژەری ئەوروپی پشت بەو مێژوە ئاماژەکراوی سەرەوە بۆ دەستپێکردنی سەرەتاکانی رۆژهەڵاتناسیی نابەستن، دەکرێ ئەوە بڵێین کە هەوڵەکان لەمبوارەدا بۆ دیاریکردنی ساڵێکی دەستنیشانکراو نەبوە بۆ سەرەتای رۆژهەڵاتناسیی، هێندەی هەوڵدانبوە بۆ دیاریکردنی ماوەیەکی کاتی دیاریکراو بەنزیکەیی ببێتە دەسپێکی رۆژهەڵاتناسیی.

بێگومان بڵاوبونەوەی ئیسلام لەرۆژهەڵاتو رۆژئاوا بەخێرایی، سەرنجی پیاوانی ئایینی مەسیحی بۆ لای خۆی راکێشاو لێرەوە بایەخیان بەئیسلامدا، لەنێوان ئەو زانا مەسیحییانەی لەماوەیەکی خێرادا دەرکەوتو بایەخی بەتوێژینەوەی ئیسلامیدا، نەك لەپێناوی باوەڕهێنان بەئیسلام، بەڵکو لەپێناو پاراستنی برا مەسیحییەکان لەم ئایینە ئەویش زانا مەسیحی (یوحنا الدمشقی ٦٧٦–٧٤٩ك) بو لەنێو دانراوەکانی لەمبوارەدا بۆ مەسیحیەکان لەم ئایینە، کتێبی موحاوەرە مەعە موسلیم (محاورە مع مسلم)و کتێبی (إرشادات النصاری فی جدل المسلمین) بو، بەڵام ناکرێ ئەمە بەسەرەتای رۆژهەڵاتناسیی بژمێرین، چونکە (یوحەننا دیمەشقی) پیاوێکی رۆژهەڵاتی بوەو لەژێر سایەی دەوڵەتی ئومەویدا ژیاوەو لەکۆشکی ئومەویدا خزمەتیکردوە.

هەندێکیتر لەتوێژەرەوان دەڵێن سەرەتاکانی رۆژهەڵاتناسیی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی یانزدەیەمی زایینی، لەکاتێکدا (رودی بارت) وادەبینێ سەرەتاکانی توێژینەوەی ئیسلامیو عەرەبی لەئەوروپا بۆ سەدەی دوازدەیەمی زایینی دەگەڕێتەوە، کە بۆ یەکەمجار وەرگێڕانی واتاکانی قورئانی پیرۆز بۆ سەر زمانی لاتینی تەواوبو، هەروەك لەسەدەی ناوبراودا یەکەم قاموسی (لاتینی – عەرەبی) دەرکەوت، لەلایەکیترەوە کتێبەکەی رۆژهەڵاتناس (گۆستاڤ دۆگا) بەناوی (میژوی رۆژهەڵاتناسان لەئەوروپا لەسەدەی دوازدەیەمەوە تاسەدەی نۆزدەیەم) کە لەپاریس دەرچو لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردودا بەسەرەتایەکی تری رۆژهەتناسیی دادەنێت.

هەندێکیتر لەلێکۆڵەرەوان دو سەدە پێشتر بەسەرەتای دەستپێکردنی رۆژهەڵاتناسیی دادەنێن، واتە لەسەدەی دەیەمی زایینیدا، ئەمەش ئەو هۆکارە بو کەوای لە(نەجیب ئەلعەقیقی) کردوە، ئەوکتێبەی کەدەربارەی رۆژهەڵاتناسان نوسیویەتی، لەهەر سێ بەشەکەیدا بیکات بەتۆمارێك بۆ رۆژهەڵاتناسیی بەدرێژایی هەزار ساڵ، سەرەتا لە (جربرت دی ئۆرلیاك) ەوە(٩٣٨– ١٠٠٣) دەستیپێکردوە، کە لەئەندەلوس نیشتەجێبوەو لەسەر دەستی مامۆستاکانی شاری ئیشبیلیەو قورتوبەوانەی خوێندوە، تاوەکو بەرزترین زانایانی سەردەمەکەی خۆی لەئەوروپا کەبەرۆشنبیری عەرەبیو ماتماتیکو گەردوننناسییەوە سەرقاڵبوە، پاشان پلەوپایەی پاپایەتی لەرۆماوەرگرتوە بەناوی(سلفستری دوەم ٩٩٩–١٠٠٣).

بەهەرحاڵ پاڵنەر بۆ ئەو دەستپێکردنە خێرایەی رۆژهەڵاتناسیی خۆی لەو ململانێیەدا دەبینییەوە کە لەنێوان هەردو جیهانی ئیسلامیو مەسیحی لەئەندەلوسو سفلییە درێژەی کێشاوە، هەروەك جەنگە خاچپەرستییەك بەتایبەت پاڵێکی گەورەی بەئەوروپیەکانەوە نا بۆ فێربونو سەرقاڵبونی بەتەعالیمی ئیسلامو هەڵسوکەوتەکانییەوە، دەکرێ بوترێ مێژوی رۆژهەڵاتناسیی لەقۆناغی یەکەمیدا بریتییە لەمێژوی ململانێی نێوان جیهانی مەسیحی لەسەدەکانی ناوەڕاستو رۆژهەڵاتی ئیسلامی لەسەر ئاستی ئایینو ئایدۆلۆجی، هەروەك (سازرن southern) دەبێژێ: (ئیسلام وێنای گرفتێکی دور مەودا بەنیسبەت جیهانی مەسیحییەوە لەئەوروپا لەسەر هەمو ئاستەکان) دەکات.

پیـاوانی ئـاینی مەسـیحی لـەکاتێکی زوەوە کەوتنـە دژایـەتیکردنی ئیسلام‌و چـالاکی نوانـدن، دەسـتیانکرد بەبڵاوکردنـەوەی تۆمـەت‌و درۆکـردن دەربارەی ئیسلام‌و پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لێبێت) خۆیان بەگـەورەتر دەزانی‌و دەیانوت: (ئیسلام هێزێکـی پـیس‌و بـەدخوە، موحەمـەد هـیچ نییـە جگەلـەبتێك، یـاخود خـودای قیبلـە‌و شـەیتانێك) ئەفسـانە میلییـەکان‌و خورافیاتـەکان مێشـکی نوسـەرە لاتینییـەکانی پڕکردبـو، ئامـانجیش لەمـەدا بەسروشتی حاڵ خستنەڕوی وێنەیەکی بابەتی نەبو دەربارەی ئیسلام، بەڵکو ئەم حاڵەتـە دورتـرین شـت لەمێشـکی دانـەرانی ئـەو ئەفسـانە‌و خورافیاتانـە لەوکاتەدا لەمبارەدا ئەو چـیرۆکانەی کـە لەشـرۆڤەکردنی ئیسـلامدا دادەنـران لەخەیاڵگە‌و سەرلێشێواویدا رۆچـوبون کـە نوسـەرەکانیان دایانـدەهێنان لـە‌و سەردەمەدا.

جگەلەمەش پاشماوە ئەدەبییەکان بەشێوەیەك شرۆڤەی موسـوڵمانیان دەکـرد، بـەوەی بەنـدەی بتـەکان، یـاخود ئـەوان سـێ خواوەندپەرسـتن کـە بـریتین لـە(تیرفاگـان Tervagan) لەناسـراوترین دانـەرە بەرپرسـەکانی ئـەمجۆرە ئەدەبەکـە دانیپیادانابێـت بریتییـە لـە(جربـرت نـوجنتی Guibertenogent) کە سالی(١٢٢٤) مـردوە، لەنوسـراوەکانیدا دەربـارەی ئیسلام پشتی بەهیچ سەرچاوەیەکی نوسراو نەبەستوە، بەڵکو تەنها ئاماژەی بەبیروڕای گشتی داوە، هاوکات هیچ ڕێگە‌و هۆکارێك بەدیناکرێت لای ئـە‌و بـۆ جیاکردنەوەی نێوان چاکە‌و خراپە (سازرن) لەکتێبەکەیدا (تێڕوانینی رۆژئـاوا بۆ ئیسلام لەسەدەکانی ناوەڕاستدا) ناوی (سـەردەمی نـەفامی) بەسـەر ئـە‌و ماوەیەدا دادەبڕێت، کە بریتییە لە‌و سەردەمەی لەگیانی زانستی‌و بابەتییەوە

زۆر دور بوە، هەروەك لەهەندێ شوێنی دیکەدا سازرن دەبێژێ: (تاکە شتێك پێویستە پێشبینی بونی نەکەین لەو سەردەمەدا، بریتیبوە لەگیانی ئەکادیمی سەربەخۆ، یاخود توێژینەوەی مرۆیی کە زۆر لەتوێژینەوەکانی پێ جیادەکرێتەوەو دەربارەی ئیسلام لەم سەد ساڵەی دواییدا نوسراون).

لەبەرامبەر ئەو وێنە رقاوییەدا دەربارەی ئیسلام، هەندێ کۆششیتر بۆ گەیشتن بەمەعریفەی بابەتی لەبواری زانستە عەرەبییەکاندا بەدیدەکەین وەك: فەلسەفەو پزیشکیو زانستە سروشتییەکان، ئەم هەوڵەش لەساڵی (١١٣٠)ەوە دەستیپێکرد، زانا مەسیحییەکان لەئەوروپا سەرقاڵی وەرگێڕانی کتێبی عەرەبیبون لەبواری فەلسەفەو زانستەکاندا سەرۆکی ئەسقەفەکانی تولەیتیلە (گایگالە)و جگەلەویش رۆڵێکی گەورەیان هەبو لەوەرگێڕانی هەندێ کتێبی زانستی عەرەبیدا، پاش باوەڕهێنان بەوەی موسوڵمانان خاوەنی کلیلی زۆر مەزنیو کولتور جیهانی کلاسیکین.

ئەو بزاڤی وەرگێڕانی زانستە عەرەبییانە بۆ سەر زمانی لاتینی کە دەستیپێکرد، زیاتر لەو بزاڤە دەچو لەجیهانی ئیسلامیداو لەسەردەمی خەلیفە (مەئمون)ی عەبباسیداو پێش ئەویش دامەزرابو بۆ وەرگێڕانی زانستی یۆنانیو جگەلەویش بۆ سەر زمانی عەرەبی، مەبەستیش لەدامەزراندنی بزاڤی وەرگێڕان لەجیهانی ئیسلامیدا بریتیبو لەبڵاوکردنەوەی زانستو بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری لەپێناوی خزمەتکردنی ژیانی مرۆڤایەتیو بونیاتنانی شارستانییەت، بەڵام ئەم پێگەیشتنە زانستییە قوڵە بەشارستانییەتی ئیسلام، نەیتوانی لەگۆڕینی تێڕوانینی رۆژئاوا بۆوێنا بیروباوەڕی خواوەندیو مێژوییەکانی ئیسلام کاریگەری هەبێت.

لەسەدەی سیانزەیەمدا هەندێ هەوڵدرا بۆ ناسینی ئیسلامو تاڕادەیەک بابەتییش بو، بەڵام ئامانجی ئاشکرا بریتیبو لەدژایەتیکردنی تەعالیمی ئیسلامیو بەئیلحاد دانانی، لەپێناوی ئەوەشدا (بترۆس ئەلموقر– ساڵی ١١٥٦) مردوە سەرۆکی پیاوە ئاینییەکانی دێری کلونی بو، هەستا بەپێکهێنانی کۆمەڵێك لەوەرگێڕکاران لەئیسپانیا،وەك تیمێك لەپێناوی بەدەستهێنانی مەعریفەی زانستیو بابەتی دەربارەی ئایینی ئیسلام، لەمەشدا بترۆس لەپشتەوەی دەرکەوتنی یەکەم گروپی وەرگێڕانیواتاکانی قورئانی پیرۆزە بو بۆ سەرزمانی لاتینی لەساڵی (١١٤٣) ئەو وەرگێڕانەش زانای ئینگلیزی (رۆبەرت ئۆف کیتۆن) پێیهەستا.

دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی لەو ماوەیەدا دو ئاراستەی جیاواز دەربارەی رۆژهەڵاتناسییو ئامانجو هەڵوێستەکانی بەرامبەر ئیسلام دەرکەوتن، ئاراستەی یەکەم بریتیبو لەئاراستەیەکی ئاینی تونڕەو کە لەجەدەلێکی نەزۆکەوە سەرچاوەی گرتبو بەشێوەیەك بو ئیسلام کەتەمومژێکی چڕوپڕی لەخورافیاتو ئەفسانەی میللی لەدەوروبەری ئیسلام دروستکردبو، بەڵام ئاراستەی دوەم بەبەراورد لەگەڵ ئاراستەی یەکەمدا، تاڕادەیەك نزیکبو لەبابەتیبونو زانستیبونەوە، بەشێوەیەکیش بۆ ئایینی ئیسلام دەڕوانی، دیدو تێڕوانینی کە لانکەی زانستی سروشتیو پزیشکیو فەلسەفەیە، بەڵام ئاراستە خورافییەکە تاسەدەی حەڤدەیەمی زایەنو دواتریش درێژەی کێشا بەداخەوە تائێستاش ئەم ئاراستەیە لەسەردەمی ئێستاداو لەنوسراوە رۆژهەڵاتناسییەکاندا دەربارەی ئیسلامو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لێبێت) دەبینرێت.

هەروەها هەندێ کەسایەتی ئەوروپی هەبون هەندێ هەڵوێستی پۆزەتیفیان بەرامبەر بەئیسلام هەبوە، لەنێوان ئەو کەسانەش هەڵوێستێکی نزیك بەدادپەروەرییان بەرامبەر بەئیسلام هەبوە لە (فریدریکی دوەم)ی فەرمانڕەوای شاری سەقەلییە کەدواتربو بەئیمپراتۆری ئەڵمانیا ساڵی (١٢١٥) فریدریك زمانی عەرەبی زانیوەو سەرقاڵی فەلسەفەو زانستە عەرەبییەکان بوە لەکۆشکەکەیدا لە(پالێرمۆ) ئەم ئیمپراتۆرەو کوڕەکەی ناوی (مانفرد) بو، چەند کتێبێکی فەلسەفییان لەزمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاو پێشکەشی زانکۆکانی پۆلۆنیاو پاریسیان کرد، لەساڵی (١٢٢٤) ئیمپراتۆر هەستا بەدامەزراندنی زانکۆی ناپۆلیو ئەکادیمیایەکی بۆ هێنانی زانستە عەرەبییەکان بۆ جیهانی رۆژئاوا کردەوە.

چارەنوسی ئەم ئیمپراتۆرە لەلایەن پاپا (گریگۆری نۆیەم)ەوە دەرکردن بو لەکەنیسە ساڵی (١٢٣٩) یەکێکیش لەو تۆمەتانەی روبەڕوی فریدریك کرایەوە، بریتیبو لەوەی کە دۆستایەتی بەرامبەر بەئایینی ئیسلام هەبو.

رۆژهەڵاتناسیی و بزوتنەوەی تەبشیری

رۆژهەڵاتناسیی لەسەر بنەمای مەعریفەی زمانە رۆژهەڵاتییەکان دادەمەزرێت بریتییە لەهۆکارێك بۆ ناسینی بیروباوەڕو شارستانییەتەکانی رۆژهەڵات، لەمبارەدا بزوتنەوەی تەبشیریی لەگەڵ رۆژهەڵاتناسیدا یەکدەگرێتەوە، لێرەدا رازیبونێکی تەواوی لای بانگەوازکارانی بزوتنەوەی تەبشیریی لەسەدەی سیازدەیەم دەربارەی زەرورەتی فێربونی زمانی موسوڵمانان بەدیدەکەین ئەم رازیبونە دواتر گۆڕا بۆ پلانی کارکردن فاکتەرێکی گرنگە بەنیسبەت پەرەسەندنی رۆژهەڵاتناسییەوە، هاوکات

کارێکی ئاسان نەبو لەوکاتە بتوانرێت جیاوازی لەنێوان رۆژهەلاتناسییو بزوتنەوەی تەبشیریدا بکرێت، واتە پرۆسەی رۆژهەلاتناسیی لەبزوتنەوەی تەبشیریی جیابکرێتەوە، یاخود لەپاڵنەرە ئاینییەکە بەشێوەیەکی گشتی پاڵنەری ئاینی بریتیبو لەهۆکاری یەکەمی گەشەکردنی رۆژهەلاتناسیی.

ئەمەو لەنێوان بانگخوازە دڵگەرمەکاندا، کە داوای زەرورەتی فێربونی زمانی موسوڵمانیان بۆ مەبەستی بەمەسیحیکردنیان دەکرد بریتیبو لە (رۆجەر بیکۆن ١٢١٤–١٢٩٤)، کەوای دەبینی بەمەسیحیکردن بریتییە لەتاکە رێگەی فراوانکردنی روبەری جیهانی مەسیحی بۆ گەیشتن بەم مەبەستە بێگومان پێویستی بەدەستەبەرکردنی سێ مەرج هەبو، ئەوانیش بریتیبون لە:

١–فێربونی زەروری زمانەکان، لێرەدا مەبەست زمانە رۆژهەلاتییەکانە – وەرگێڕ.

٢–دیراسەکردنی جۆرەکانی بێبڕوەڕیو جیاکردنەوەی هەندێکیان لەهەندێکیتریان.

٣–دیراسەکردنی بەڵگەو پاساوە دژیەکەکان.

هەروەها (رایموند لول Raymond luli ١٢٣٥–١٣١٦) بەشداری بیروبۆچونی (بیکۆن)ی کرد کە لەدورگەی (میورقە)ی ئیسپانی لەدایکبوەو لەسەردەستی بەندەیەکی عەرەبی فێری زمانی عەرەبی بو، (لول) کۆششی گەورەی لەدامەزراندنی کۆرسی فێربونی زمانی عەرەبی لەشوێنە جیاوازەکاندا کردوە، ئامانج لەهەمو ئەو کۆششانە لەو سەردەمەو سەردەمەکانی دواتریش بریتیبو لەبەمەسیحیکردن (التنصیر)، ئەم هەوڵەش

بریتییه لەرازیکردنی موسوڵمانان بەزمانی خۆیانو بەپاڵەوانێتی ئیسلامو راکێشانیان بۆ ئاینی مەسیحی.

مەجمەعی کەنیسەی ڤیەننا لەساڵی (١٣١٢) موسادەقەی لەسەر بیروبۆچونەکانی بیکۆنو لول بۆ فێربونی زمانە ئیسلامییەکان کرد، هەروەها ڕەزامەندی لەسەر فێربونی زمانە عەرەبییەکان لەپێنج زانکۆی ئەوروپیدا دەربڕی، کە بریتیبون لەزانکۆکانی (پاریس، ئۆکسفۆرد، سلامنکا، پۆلۆنیاو زانکۆی شاری پاپایەتی).

رایمۆند لول بەئاوات بو بژی، تاوەکو ئەو خەونەی بێتەدی، کە بانگەوازی بۆ دەکرد، بڕوای‌وابو ئەوکاتە بریتیدەبێت لەملکەچکردنی موسوڵمانان لەرێگەی بەمەسیحیکردنەوە، بەوەش رێگرێکی گەورە لەرێگەی گۆڕینی هەمو مرۆڤایەتی بۆ بیروباوەڕی کاسۆلیکییەت نامێنێت. پەیوەندییە سیاسیو دیبلۆماسییەکانی رۆژئاوا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا یارمەتی پێشکەوتنی توێژینەوە رۆژهەلاتناسییەکان لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە ئەوکات روبەرێکی فراوانی گرتبویەوە، ئەمەو پەیوەندییە ئابورییەکانی هەریەکە لەئیسپانیاو ئیتالیا لەگەڵ هەریەکە لەتورکیاو سوریاو میسر رۆڵێکی گەورەی لەپاڵنان بەبزوتنەوەی توێژینەوە رۆژهەلاتناسییەکانەوە هەبو، (لێرەدا ناوی وڵاتی تورکیا هاتوە، بەبڕوای ئێمە ئەوکات مەبەستی نوسەر کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست بوە، تورکیاوەك قەوارەو زاراوەی سیاسیو جوگرافی بونی نەبوە، بەڵکو دەوڵەتی عوسمانی یاخود ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی وەك حکومەتو جوگرافیاو دەوڵەتبونی هەبوە – وەرگێڕ).

لەسەدەی شانزەیەمی زاینیو دواتریش رەوتی مرۆڤایەتی لەسەردەمی رێنیسانسی ئەوروپا بۆ توێژینەوەکان، کە زیاتر لەپێشەوەی خۆی بابەتی بـو، لەلایـەکیترەوە سسـتمی پاپایـەتی رۆمـانی توێژینـەوەی زمانـە رۆژهەڵاتییەکانی لەپێناوی بەرژەوەندی بەمەسیحیکردندا هاندا، لەسەدەی حەڤدەیەمـدا رۆژهەڵاتناسـەکان دەسـتیانکرد بەکۆکردنـەوەی دەستنوسـە ئیسـلامییەکانو کۆرسـی زمانـە عەرەبییـەکانیان لەشـوێنە جیاوازەکانـدا دامەزراند، ئەوەی شایانی باسکردنە بریاردانی دامەزراندنی کۆرسـی زمـانی عەرەبی لەزانکۆی کـامبردج لەسـاڵی (١٣١٢) دا بەراشـکاوی بـۆ خزمـەتی دو ئامانج بو یەکێکیان بازرگانیو ئەویتریان بەمەسیحیکردن بو.

لێـــرەوە روندەبێتـــەوە ئاڵۆگۆرکارییـــەکی زیـــادکراو لـــەنێوان رۆژهەڵاتناسییو بزوتنەوەی تەبشیریدا هەیە، چونکە لێکچـونێك لەمەبەسـتی رۆژهەڵاتناســـێکی زانســـتیو مـــوژدەدەرێکی ئینجیلیـــدا بەدیـــدەکرێت، هاوپـەیمانێتی بـەجۆرێك لـەجۆرەکان لـەنێوان ئـەم دو لایەنـەدا تائێسـتاش (مەبەست کاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە—وەرگێڕ) بەردەوامە.

دەکرێ بەمانایـەکیتر بڵـێین رۆژهەڵاتناسـیی وەکـو پرۆسـەیەکی هـزری رۆژئـاوا لـەدایکبو، پـاش هەرەسـهێنانی خـودی بـەرەی رۆژئـاوا لەشـەڕی خاچپەرسـتیدا بەرامبـەر بەرۆژهـەڵاتی ئیسـلامی لـەروی کـردەو پرۆسـەی سەربازییەوە، واتە رۆژهەڵاتناسـیی بـەقازانجی بزوتنـەوەی تەبشـیریی هاتـە ئاراوەو تاکۆتایی شەڕەکانی خاچپەرستی، کە فەرەنسا سەرکردایەتی دەکرد لەگەڵ وڵاتە ئەوروپیە هاوپەیمانەکانی. دوای ئەوەش ئەو شکستە بـو بـەرقو کینەیـەك کـە رۆژئـاوا لەفۆرمـە هزرییەکەیـدا پـاش لاوازبـونی موسـوڵمانانو کرانەوەی یەکجاریان بۆ وەرگرتنی هەمو هزرێکی رۆژئـاوایی، ئـیتر توانییـان

دەستی خۆیان بوەشێنن، واتە بەهەمو شێوەیەك رۆژهەڵاتناسیی لەپێناوی ئامانجو مەبەستە تەبشیرییەکاندا بۆ دژایەتیکردنی رۆژهەڵاتی ئیسلامی بەکارهاتوە، بۆیە بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین رۆژهەڵاتناسیی زیاتر لەقازانجی ئامانجو مەبەستە تەبشیرییەکاندا بەکارهاتوە، نەك رۆژهەڵاتناسیی بەشێك بوبێت لەبزوتنەوەی تەبشیریی، (چونکە هەردو بابەتەکە دو بابەتی سەربەخۆو جیاوازنو تەنها ئەوەندە هەیە لەهەندێ سەردەمی مێژوییو لەهەندێ بواردا پێکگەیشتونەتەوە —وەرگێڕ).

هەوڵی جدیو بایەخدار روەو تێگەیشتن لەئیسلام

سەرەرای ئەو ئامانجە بەمەسیحیکردنە ئاشکراو دوژمنکارانە لەسروشتدا بۆ ئیسلام، لەلایەکیترەوە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەم ئاراستەیەکی جیاوازتری بەخۆیەوە بینیو تاسەدەی هەژدەیەم بەردەوامبو، ئەم ئاراستەیە بەتێڕوانینێکی بابەتیو بێلایەنانە دەیڕوانییە ئیسلامو شتێك لەهاوسۆزی لەگەڵ ئیسلامدا هەبو، ئەوەش هانی دەرکەوتنی عەقڵی نوێی داو بەشێکی زۆری ئەوروپای لەوکاتەداگرتەوە کە لەگشتیدا پێچەوانەی تێڕوانینی کەنیسە بو.

ئەمەش دەرفەتێکی لەبەردەم هەندێك لەهۆشمەندە ئەوروپییەکاندا بۆ وەستان لەروی ئەو ستەمو تاوانانەی کە درابوە پاڵ ئیسلام لەرۆژئاوا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا رەخساند، هەندێ لەدانراوە گشتییە ناوەندینەکان دەربارەی ئیسلامو شارستانییەتی ئیسلامی دەرکەوتنو چارەسەری ئەو بیروبۆچوونانەی کرد کە پیاوە ئاینییەکان تا ئەوکاتە لەشرۆڤەکردنی موحەمەددا (درودی خوای لێبێت) بەرجەستەیان کردبو بەوەی کە (ئەو شەیتانە) یاخود لەشرۆڤەکردنی قورئانی پیرۆزدا بەوەی کە

پڕە لەشتی پڕوپوچو ناڕەوا، هەروەها چارەسەری بۆچونەکانیتری کرد، کە کەمتر توندوتیژبون‌و نزیکبون لەناوەندێتی‌و ئینسافەوە سەبارەت بەئیسلام‌و موسوڵمانان.

گرنگترین هەوڵی پێشەنگ لەئاراستەی نوێدا دەربارەی تێگەیشتنی راست بۆ ئیسلام لەسەر دەستی (هادریان ریلاند) بو لەساڵی (١٧١٨) مردوە، هادریان ئوستادی زمانە رۆژهەلاتییەکان بو لەزانکۆی ئۆتریخت لەهۆڵەندا، کتێبەکەی بەزمانی لاتینی ساڵی (١٧٠٥) دەرچوەو دەربارەی ئیسلامە بەناونیشانی (ئاینی موحەمەدی) لەدوبەشدا بەرجەستەیکردوە: لەبەشی یەکەمدا بیروباوەڕی ئیسلامی خستوەتەرو، پشتی بەسەرچاوە عەرەبی‌و لاتینییەکان بەستوە، لەبەشی دوەمدا هەستاوە بەراستکردنەوەی بیروبۆچونەکانی رۆژئاوا کە لەوکاتەدا دەربارەی تەعالیمەکانی ئیسلام بڵاوبو.

کتێبەکە بایەخێکی مەزنی‌و روژاند بەپلەیەك سەری کیشا بۆوروژاندنی گومان‌و دودڵی دەربارەی دانەرەکەی‌و تاوانبارکردنی بەوەی کەویستویەتی هەستێ بەکاری پڕوپاگەندە بۆ ئیسلام لەکاتێکدا نوسەر مەبەستی تەنها گەیشتن بو بەتێگەیشتنێکی راستودروست دەربارەی ئاینی ئیسلام، هەرئەمەش رێگەی خۆشکرد بۆ دژایەتیکردنی لەلایەن مەسیحییەتەوە، بەرێگەیەکی باشتر لەوانی پێشو، بەڵام کەنیسەی کاسۆلیکی کتێبەکەی هادریانی خستە لیستی کتێبەیاساغکراوەکانەوە، سەرەڕای ئەوەش کتێبەکەی ناوبراو وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی‌و فەرەنسی‌و ئەڵمانی‌و هۆڵەندی‌و ئیسپانی، ریلاند لەپێشەکی کتێبەکەیدا ئاماژە بۆ روبەڕوبونەوەی بەردەوامی ئاینەکان دەکات لەلایەن دوژمنەکانیانەوە،

ئەمەش یا بەهۆی نەبونی تێگەیشتنەوەیە یا خود بەهۆی ئاراستەکردنی بەهەمو رێگەیەکی خراپ کە لەمەبەستێکی خراپەوە سەرچاوەیگرتوە. لێرەدا ئیسلام لەنمونەی ئەو ئاینانەیەکە لەلایەن دوژمنەکانیانەوە روبەڕوبوەتەوە، هەروەك ئاینەکانیتریش روبەڕوبونەتەوە.

ریلاند دەڵێت: (وا راستەرە بۆ مرۆڤ بەهەر شێوەیەك بێت بەدوای راستیدا بگەڕێت) بۆ ئەمەش دەیەوێت ئیسلام بخاتەرو نەك لەچوارچێوەی مێشومەگەزو نەزانینو پیسی خەڵکەوە، بەڵکو بەشێوەیەك چۆن دیراسەیدەکرێت لەمزگەوتی موسوڵمانانو قوتابخانەکانیانەوە هیچ ئاینێك لەئاینەکان لەجیهاندا لەهەر سەردەمێکی مێژوییدا روبەڕوی دوژمنەکانی نەبوەتەوە لەروی رقلێبونو شێواندنو شرۆڤەکردنی بەشێوەی خراپ، تەنانەت کارگەیشتوەتە ئاستێك کەوا کێ دەیەوێت شرۆڤەی تیۆرێك لەتیۆرییەکان بکات، بەشرۆڤەیەکی ناوزڕاو، ئەوا شرۆڤەی تیۆریای موحەمەدی بکات، هەروەك کاردەگاتە ئەوەی کە هیچ شتێکی راست لەتەعالیمی موحەمەد نابینرێتو هەمو ئەوانەشی کە تیایدا هەیە خراپو گەندەڵن، ئەگەر یەکێکیش ئارەزویەکی راستگۆیانەی هەبێت بۆ ناسینی ئاینی ئیسلام ئەوا جگە لەکتێبەدژو پڕ لەسەرلێشێواوییەکان هیچیتر پێشکەش ناکات (مەبەستی نوسەر کۆمەڵی رۆژئاوایەو هەڵوێستیانە لەبەرامبەر ئیسلامدا–وەرگێڕ)، بەڵام هەوڵەکانی ریلاندو جگە لەویش بۆ ناسینی ئیسلام لەنزیکەوەو بەبێ بڕیاری پێشوەخت، نەیتوانی تەوزمێکی گشتی لەهزری ئەوروپادا بنجبەست بکات، هەروەك نەیتوانی تەواو ئەو وێنە شێواوەی ئیسلام لەهزرو مێشکی ئەوروپییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی لەنێوبەرێت ئەو وێنەی کە سەدەکانی ناوەڕاست لەهزری مرۆڤەکاندا

جێگیرکردبو، شوێنەوارو کاریگەریی بەردەوام تائەمڕۆش لەنێوعەقڵەکاندا ماوە، وێنەکەش لەچوارچێوەی گشتیدا بەدرێژایی سەردەمەکان وەك ئەوەی هەیە ماوەتەوە، بەڵام گۆڕانکاری لەنێوان (کاتو کاتێکتر دا) بەهۆی هەندێ بارودۆخو هەندێ راستکردنەوە لەتاریکیو رەنگەکاندا کراوە، بەڵگەش لەسەر ئەوە بریتییە لەوەی وێنەی ئیسلام لەهزرو مێشکی ئەوروپییەکاندا بەردەوام تائەمڕۆ بەشێوێنراویو دور لەراستی ماوەتەوە، ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین رۆژهەڵاتناسیی لەو سەردەمەدا بەسادەیی لەگەردیلەکانی لاهوتەوە دەستیپێکرد، ئاستی تاوانبارکردن دژی ئیسلام ئاسانتر لەپێشتر، هەروەك چاوگێڕانەوەیەك بەتاوانبارکردنە پێشوەکاندا، بەڵام ئەم کرانەوە هزرییە لەدەستکەوتەکانی کۆتاییدا کاریگەری دیاریکراو دەبێت.

سەدەی نۆزدەیەمو بیستەم بەسەردەمی گەشەسەندنی راستەقینەی بزاڤی رۆژهەڵاتناسیی ئەژماردەکرێت، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا توێژینەوە ئیسلامییەکان پسپۆرییان لەنێو بزاڤی رۆژهەڵاتناسیی گشتیدا بەخۆیاندا زۆرێك لەزانا ئیسلامیو عەرەبییەکان لەو کاتەدا لەنمونەی (نۆڵدکەو گوڵدسیهر) بەناوبانگ بون (لێرەدا مەبەست لەو زانایانەیە بایەخیان بەبابەتو توێژینەوە لەسەر مەسەلە ئیسلامییەکان داوە—وەرگێڕ)، بەو سیفەتەی زاناو شارەزابون لە (سامیات)دا واتە دیراسەکردن لەسەر رەگەزەسامییەکان بەگشتی یان پسپۆربون لەتوێژینەوە عیبرییەکان یاخود لەتوێژینەوەکردنی کتێبی پیرۆزدا (کە مەبەست پێی کتێبی تەوراتە—وەرگێڕ).

لەدیاردەکانی چالاکیو جموجولّی رۆژهەلاتناسیی

رۆژهەلاتناساکان لەنیوەی سەدەی نۆزدەوە لەولاتە جۆربەجۆرەکانی ئەوروپاو ئەمریکا دەستیان بەدامەزراندنی کۆمەلّەو رێکخراوەکان بۆ بەدواداچونی توێژینەوە رۆژهەلاتناسییەکان کرد، بۆ ئەمەش یەکەم کۆمەلّەی ئاسیایی سالّی(١٨٢٢) دامەزرا، پاشان کۆمەلّەی پادشایەتی ئاسیایی لەبەریتانیاو ئیرلەندا لەسالّی(١٨٢٣) هەروەها کۆمەلّەی رۆژهەلاتی ئەمریکی سالّی (١٨٢٤)و کۆمەلّەی رۆژهەلاتی ئەلّمانی سالّی (١٨٤٥) دامەزران.

ئەو کۆمەلاّنە چالاکی خێرایان دەستپێکرد لەگەلّ دەرکردنی گۆڤارو بلاّوکراوەی جۆراوجۆر، (هامر برجشتالّ) یەکەم گۆڤاری رۆژهەلاتناسیی پسپۆڕیی لەئەوروپا دەرکرد بەناوی (سەرچاوەکانی رۆژهەلاّت– ینابیع الشرق)، ئەم گۆڤارە لەڤیەننا دەرچو، لەسالّی(١٨٠٩)و بەردەوامبو تا سالّی (١٨١٨).

لەسالّی(١٨٩٥) لەپاریس گۆڤارێك دەرکەوتو بەشێوەیەکی تایبەت بایەخی بەجیهانی ئیسلامی دەدا، گۆڤارەکەش بریتیبو لە(ئیسلام) بەدوای ئەویشدا سالّی (١٩٠٦) ، گۆڤاری (جیهانی ئیسلامی) هات، کە لەلایەن نێرژەی زانستی فەرەنسییەوە لەمەغریب دەرکرا، دواتر گۆڕا بۆ گۆڤاری توێژینەوە ئیسلامییەکان.

لەسالّی(١٩١٠)، گۆڤاری(ئیسلام)ی چاپی ئەلّمانی (Der Eslam) دەرکەوت، لەشاری (پترسپۆرگ)ی روسیاش دیسان گۆڤاری (جیهانی ئیسلام – mir Isalisms) لەسالّی (١٩١٢) دەرکەوت، بەلاّم تەمەنی درێژنەبو تەنها ماوەیەکی کورت نەبێت، لەبەریتانیاش گۆڤاری جیهانی ئیسلامی دەرکەوت لەسالّی (١٩١١)، لەسەردەستی (ساموێل زویمر) لەسالّی (١٩٥٢)

مـردوه سـەرۆکی مـژدەدەرەکان بـو لەرۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتدا، سـەبارەت بەرۆژهەلاتناسـەکانی ئـەمرۆش ژمارەیـەکی زۆر لـەگۆڤارو بلاوکـراوەی خـولی بەدیـدەکرێت، کـە ژمارەیـان لـە (٣٠٠) سێسـەد گۆڤـاری هەمـەجۆر بەزمانـە جیاوازو جۆراوجۆرەکان دەبێت.

سـەدەی نـۆزدە سـەرەتاکانی بەسـتنی کـۆنگرەی نێودەوڵـەتی رۆژهەلاتناسیی لەخۆگرت، ئەو کۆنگران لەهەمو شوێنێك دەرفەتێکی بۆ زیاتر تەنسیقو متمانەپێکردنو هاوکاری رەخساند، لەگـەڵ ناسـینی راسـتەوخۆی کارەکـانی هەنـدێکیان، هـەروەها دورکەوتنـەوەش لەدوانایـەتی کـارکردنو سوربون لەسەر یەکخستنو کۆکردنـەوەی هەوڵـەکانو نەڕواندنـەوەی لـەکارە دوبارەبوەکانـدا رەخسـاند، لەسـاڵی (١٨٧٣) لەفەرەنسـا یەکـەم کـۆنگرەی نێودەوڵـەتی بـۆ رۆژهەلاتناسـان بەسـترا، هـەر لـەو کاتـەوە بەشـێوەیەکی رێکوپێـك ئـەو کۆنگرانـە بەبـەردەوامی دەبەسـترێت، تائێسـتا ژمـارەی کۆنگرەکان زیادیکردوەو لە (٣٠) سی کۆنگرە تێپەڕیکردوە، ئەمە سـەرەرای ئەو کۆنگرەو کۆڕو چاوپێکەوتنە هەرێمیانەی کە هەندێکیان دەگەڕێنـەوە بـۆ مێژویەکی لەپێشتر لەمێژوی یەکەم کۆنگرەی نێو دەوڵەتی، هـەروەها یەکـەم کـۆنگرە بـۆ رۆژهەلاتناسـانی ئـەڵمان لەشـاری (درسـدن) لەئـەڵمانیا لەسـاڵی (١٨٤٩) بەسترا نمونەی ئەو کۆنگرانـەش بـەردەوام بـەڕێکوپێکی تائـەمرۆش دەبەسترێت.

ئـەو کـۆنگرە نێودەوڵەتییانـە بـۆ رۆژهەلاتناسـان سـەدەها زانـا لەخۆدەگرێت، وەك کۆنگرەی (ئۆکسفۆرد) کە(٩٠٠) نۆسـەد زانـای لەبیسـتو پێنج دەوڵەت لەخۆگرتبو لەگەڵ (٨٥) هەشتاوپێنج زانکۆو (٦٩) شەستو نۆ کۆمەڵەی زانستی، سەرجەمی کار لەهەمو کۆنگرەیەکدا زیاتر لە(١٤) چـواردە

کۆمەڵەبو هەریەکەیان تایبەتکرابو بەلێکۆڵینەوە لەبواریکی دیاریکراوی توێژینەوە رۆژهەڵاتناسییەکان، لێکۆڵینەوەکانی ئەو کۆنگرانە وەکو پێشکەشکردنی سیستەمو میتۆدو پرۆگرامێك بڵاودەکرانەوە، کە پاشان لەگەڵ توێژینەوەی کۆنگرە بابەتیو هەڕێماتییەکانیاندا دەبوە ڕێساو سەرچاوە بۆ لێکۆڵەران.

رۆژهەڵاتناسییو کۆڵۆنیالیزم

هەڵکشانی کۆڵۆنیالیزمی لەجیهانی ئیسلامیدا رۆڵێکی گەورەی لەدیاریکردنی سروشتی تێڕوانینی ئەوروپییانە بۆ رۆژهەڵات بەتایبەت دوای نیوەی سەدەی نۆزدەیەم بینیوە، بەوەش کۆڵۆنیالیزم سودێکی زۆری لەکولتور رۆژهەڵاتناسیی بینیوە، لەلایەکیترەوە زاڵبونو کۆنترۆڵی رۆژئاوا بەسەر رۆژهەڵاتدا رۆڵی هەبو لەبەرزراگرتنی هەڵوێستی رۆژهەڵاتناسیداو قۆناغێکی پێشکەوتنی گەورەی لەدامەزراوە رۆژهەڵاتناسییەکانو دامەزراوەکانیان هێنایەئاراوە، لەگەڵ قۆناغی فراوانخوازی ئەوروپی لەرۆژهەڵاتدا، سەدەی نۆزدەیەم دەستبەسەراگرتنی کۆڵۆنیالیزمییە رۆژئاواییەکانی بەخۆیەوەبینی بەسەر ناوچەیەکی فراوان لەجیهانی ئیسلامیدا.

لەساڵی(١٨٥٧) دەستبەسەراگرتنی سیاسی ئینگلیز بەسەر هیند دا تەواو بو، بەوەشوڵاتی هیند بو بەشوێنکەوتەی تاجی بەریتانی بەشێوەیەکی ڕەسمی، دوای ئەوە تا ئەو کاتە کەوتبوە ژێر سایەی (شیرکەتی هیندی ڕۆژهەڵاتی) یەوە لەماوەی سەدەی حەڤدەیەمەوە، پاشان لەساڵی (١٨٥٧) دەستبەسەراگرتنی هەمو جەزائیر لەلایەن فەرەنساوە تەواو بو، پاش ئەوەی

کـه فەرەنسـییەکان شـەڕەکەیان لەسـاڵی (١٨٣٠) دەسـتپێکردبو، هـەروەک هۆڵەنـدا پـێش ئـەوە لەسـەرەتای حەڤـدەدا دورگـەکانی هینـدی رۆژهـەڵاتی لە(ئیندۆنیسیا) داگیرکردبو لەڕێگەی شیرکەتی هینـدی رۆژهەڵاتییـەوە، دوای سـاڵی (١٨٨١) داگیرکردنـی میسـرو تونسـیش تـەواوبو ئیـدی کۆڵۆنیـالیزم هەستابەپار چەپارچەکردنو پچڕاندنی پەیوەندیو ڵاتـانی ئیسـلامیو لـەژێر سـەروەرێتیو سـەرکردایەتیداینان تـا لەکۆتاییـدا تـوانی جیهـانی ئیسـلامی لەرۆژهـەڵاتو رۆژئـاواوە کۆتوبەنـد بکـات، دواتـر جـەنگی یەکـەمی جیهـانی بەنزیکـەیی جیهـانی ئیسـلامی ملکەچـی نفـوزو دەسـەڵاتی کۆڵۆنیـالیزمی رۆژئاوایی بو.

کۆڵۆنیـالیزم تـوانی کۆمـەڵێك لەرۆژهەڵاتناسـاکان بـۆ خزمـەتکردنی مەبەسـتەکانیو بەدەسـتهێنانی ئامانجـەکانی، هـەروەها بـۆ جێگیرکردنـی دەسەڵاتی لەوڵاتی موسوڵمانانداا بەکاربهێنێ، بەمەش گرێدراوییەکی رەسمی پتەو لەنێوان رۆژهەڵاتناسییو کۆڵۆنیالیزمدا دروستبو، پێوەرو پێودانگ لـەم تەوژمەدا بریتیبـو لەژمارەیـەك رۆژهـەڵاتناس کـە رازیبـون خۆیـانو زانسـتو زانیارییەکانیان بکەن بەهۆکارێك بـۆ ملکەچـکردنی موسـوڵمانانو لاوازکردنـی شان وشکۆی ئیسلامو بەهاکانی، ئەمەش کارێکە رۆژهەڵاتناسە بەویژدانەکان والێدەکات هەست بەشەرمەزاریو تاڵی بکەن.

هەروەك گوماندەکرێ پێوەندی رۆژهەڵاتناسیی بەکۆڵۆنیالیزمەوە تـەنها بریتینەبو لەکوژاندنەوەی شەقڵی پاساو هێنانەوەی عەقڵی لەسەر پرەنسیپی کۆڵۆنیالیزمی، بەڵکو کارەکە دورترو قوڵتر بو لەوە. ئیدوارد سـەعیدوتویەتی دیسـان ئەمـە پاسـاوهێنانەوەی رۆژهەڵاتناسـیی بـۆ بااڵدەسـتی کۆڵۆنیـالیزم پێش رودانی زاڵبونی کۆڵۆنیالیزمی بوە بەسەر رۆژهەڵاتدا، نەك دوای رودانـی

پرۆسەی کۆلۆنیالیزمی و داگیرکردنی رۆژهەلات، کولتور رۆژهەلاتناسیی لەجێگەیداوەك بەلگەیەك وابو بۆ کۆلۆنیالیزم لەپارچە پارچەکردنی رۆژهەلاتدا، ئەوەش لەپێناوی سەپاندنی زاڵبون بەسەر رۆژهەلات و ملکەچکردنی نەتەوەکانیدا.

(زانین و مەعریفەبون بەرەگەزی گەلەژێردەستەکان یاخود رۆژهەلاتییەکان، فەرمانڕەواییکردنیان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان ئاساندەکات و بەرز رایدەگرێت، مەعریفە هێز دەبەخشێت زۆرێك لەهێزیش پێویستی بەزۆرێك لەمەعریفە هەیە)، لێرەدا بەبەردەوامی بزاڤێکی جەدەلی هەیە لەنێوان زانیارییەکان و زاڵبونی پەرەسەندودا، ئەمەش ئاراستەی یارمەتیدانی رۆژهەلاتناسیی روەو کۆلۆنیالیزم دەکات، دوای دەستبەسەراگرتنی سەربازی و سیاسی بەسەرولاتی ئیسلامیدا بۆ لاوازکردنی بەرگری رۆحی و مەعنەوی لەدەرونی موسوڵمانانداو بەدگومانکردنی موسوڵمانان لەبیروباوەڕو کلتورەکەیان تادواجار لەکۆتاییدا کۆلۆنیالیزم تەواو موسوڵمانان ملکەچبکات، بەملکەچکردنێکی تەواو بۆ شارستانییەت و رۆشنبیری رۆژئاوایی.

جولەکەو رۆژهەلاتناسیی

ئەوەمان بۆ رونبویەوە بەدرێژایی سەردەمەکان چەند هۆکارێکی دیاریکراو پاڵی بەتوێژینەوە رۆژئاواییە مەسیحییەکانەوە ناوە بۆ رۆژهەلاتناسیی و هەڵمەتەکەیان لەپێناوی بەدەستهێنانی ئامانجە زانستی و نازانستییەکاندا، لێرە دەکرێ کەسێك بپرسێت: ئەو کارانە چی بون کەپاڵی ناوە بەجولەکەوە بۆ پێشوازیکردن و رازیبون بەپرۆسەی رۆژهەلاتناسی؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییەو کارێکی ئەستەمە بتوانرێ لەم ئاراستەوە وەڵامێکی راشکاوانە بدرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو سەرچاوانەی دەربارەی رۆژهەڵاتناسییو گەشەسەندنی دواون، خۆیان بێئاگا کردوەو لەم لایەنە نەدواون بڕوامان وایە هۆکاری نەدوان لەو بارەیەوەو خۆبێئاگاکردنیان لەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە رۆژهەڵاتناسە جولەکەکان توانیویانە بەلێهاتوی خۆیان، خۆیان بکەنە رەگەزێکی بنەڕەتی لەچوارچێوەی بزاڤی رۆژهەڵاتناسیی ئەورووپیو مەسیحیدا، بەمەش بەسیفەتی ئەوروپیانە چونەتە نێو ئەو بزاڤەوە، نەك بەسیفەتی جولەکایەتی.

گوڵدسیهر، کە جولەکەیەکی مەجەری بوە، لەسەردەمەکەی خۆیدا توانیویەتی خۆی بکات بەسەرۆکی (زانایانی بواری ئیسلامییات) لەئەورووپا بێ رکابەرێ، تائەمڕۆش بەردەوام کتێبەکانی جێگەی پێزانینی مەزنو رێزی بێپایانە لای گروپو کۆمەڵەی رۆژهەڵاتناسیەکان.

ئەمەو جولەکە لەنێوان بزاڤی رۆژهەڵاتناسیدا نەیانویستوە وەك رۆژهەڵاتناسێکی جولەکە کاربکەن تاوەکو خۆیان کەنارگیربکەن، دواتریش بۆ ئەوەی کاریگەرییان کەمنەبێتەوە، بۆ ئەمەش وەك رۆژهەڵاتناسێکی ئەورووپی کاریانکردوە، لەم حاڵەتەشدا دوجار سودمەندبون: یەکەمیان توانیویانە بەسەر هەمو بزاڤی رۆژهەڵاتناسیدا زاڵببن، دوەمیان توانیویانە ئامانجەکانیان بەدەستبهێنن لەتۆڵەکردنەوە لەئیسلام، ئەمەش بریتییە لەو ئامانجانەی، کە لەگەڵ زۆرینەی ئامانجەکانی رۆژهەڵاتناسە مەسیحییەکاندا یەکدەگرێتەوە.

دوارۆژی رۆژهەڵاتناسیی

لەکۆتایی ئەم دەروازە مێژوویـەدا هەندێ پرسیاری پێداگر دەربارەی دوارۆژی رۆژهەڵاتناسـیی لەبەردەمانـدا دەردەکـەوێت: ئایـا بـەردەوام رۆژهەڵاتناسـیی تائێسـتاش لەسـەردەمی گەشـەکردنیدا دەژی؟ یـاخود ئەستێرەی رۆژهەڵاتناسیی دەستی بەئاوابون کردوەو کاریگەریو چالاکیشـی کەمو کزبوەتەوە؟ بەتایبـەت پـاش کورتبونـەوەی هەڵکشـانی کۆڵۆنیـالیزمی لـەجیهانی ئیسـلامیدا، بەمانایـەکیتر ئێسـتا رۆژهەڵاتناسـیی لەکوێـدا هاوکاریکردنی چالاکی رۆژهەڵاتناسیی چییە؟ پێشنیازکردنی ئەو پرسـیارانە، پاسـاوی خـۆی هەیـە، لێـرەدا بـەکرداریی گۆشـەنیگاو تێـڕوانین هەیـە کـە دەربارەی کۆتایی رۆژهەڵاتناسیی دەدوێت.

رۆژهەڵاتناسیی لەنیوەی دوەمی سـەدەی رابـردوداو لـەنیوەی یەکـەمی ئـەم سـەدەیەدا(مەبەسـتی سـەدەی بیسـتەمە–وەرگێـڕ) لەسـەردەمێکی گەشەسـەندودا ژیـاوە، ئـەو ماوەیـەش نەوەیـەکی بـاڵاو زەبـەلاحی لەرۆژهەڵاتناسان بەخۆیەوەبینیوە، ئێستاش نەوەی نوێ دەرکەوتون لەسـەر قاچەکانی خـۆی بـەڕێوە دەڕوات‌و وێنـەی پلانـەکانی رۆژهەڵاتناسـانی پـێش خۆی دەکێشێ.

حکومەتـە ئەوروپییـەکان بایـەخ‌و گرنگـی بـەهاوکاری بزاڤـی رۆژهەڵاتناسیی دەدەن لەئەوروپا مالّو دارایی پێدەبەخش بۆ بـەردەوامبونی چـالاکی رۆژهەڵاتناسـیی، لێـرەدا گرێـدراوی‌و پەیوەندییـەکی پتـەو لـەنێوان بەرژوەنـدی رۆژئـاواو بایەخـدان بـەهاوکاری کردنیـان لەگـەڵ بزاڤـی رۆژهەڵاتناسـیدا هەیـە، ئەمەکارێکـە بـەردەوامی پرۆسـەی رۆژهەڵاتناسـیی لەسەر بەردەوامی ئەو هاوکارییە دارایـیەوە وەستاوە، کەحکومـەت‌و دەزگا

جـۆراو جۆرەکـان پێشکەشـی بزاڤـی رۆژهەڵاتناسـیی دەکـەن، هاوکـات بـەردەوامی هاوکـاری دارایـی لەسـەرمەودای پـەنابردنی رۆژئـاوا بـۆ بەرژەوەندییەکانیان لەجیهانی عەرەبی‌و ئیسـلامیدا وەستاوە، پـەنابردن بـۆ ئـەو بەرژەوەندییانـە حەقیقـەتێکی واقیعیـەو هـەمو بەڵگـەکان جـەختی لەسـەردەکەنەوە، لێرەشـدا هـیچ رۆشـناییەك نیـە بـۆ ئـەوەی کـە لـەرۆژئاوا ئامادەبێت بۆ وازهێنان لەبەرژەوەندییەکانی چـونکە کارەکـە بەوشـێوەیەیە، بۆیە پێویستی رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵاتناسـیی نـەك هەربـەردەوام دەبێـت، بـەڵکو رۆژئاوا زیاتریش پێی لەسەر دادەگرێت.

لایەنە باشەکانی رۆژهەڵاتناسیی

لایەنە باشەکانی رۆژهەڵاتناسان لەم چەند خاڵەدا خۆی دەنوێنێ:

رۆژهەڵاتناسـان ئامانجـەکانیان لـەپێناوی خۆیانـدا بەهـەمو کارێـك‌و دڵسۆزییەکی تەواوەوە بەکارهێناوە، کاتێك رۆژهەڵاتناسیی هۆڵەندی (سـنوك هور گرونیە) ویستی کتێبێك دەربارەی مەککە بنوسێت، هەستاسەرەتا ناوی خۆی گۆڕی لەبەرئەوەی مەسیحی بو، ناوی خۆی گـۆڕی بـۆ (عەبدولغـەفار)و ساڵی (١٨٨٤) سەردانی مەککەی کـردو مـاوەی پێـنج مـانگ لـەوێ مایـەوە، زمانی عەرەبی وەکو یەکێك لەدانیشتوانی ئـەوێ بەباشـی فێربـو، پـاش ئـەو گەشـتە دوپـەڕاوی دەربـارەی مەککـە نوسـی، یەکـەمیان بـەناوی (حـەج بـۆ مەککە)و دوەمیان بەناوی (مەککـەو جوگرافیاکـەی لەسـەدەی نـۆزدەدا) کـە لەدو بەش پێکهاتبو، تیایدا شرۆڤەیەکی وردی تەواوی مەککەی لەگەڵ چـەند نەخشـەیەکدا کردبـو، رۆژهەڵاتناسـان بەگشـتی لەسـەرخۆییەکی ناوازەیـان لەتوێژینـەوەو گـەڕان‌و فێربـونی زۆرێـك لەزمانـە کـۆن‌و نوێیەکانـدا هەیـە،

بەشێوەیەك شێخ مستەفا عەبدوڕەزاق ئاماژەی بۆ ئەو سەرسوڕمانەی لەمەڕ لەسەرخۆیی‌و چالاکی فراوانیانە بۆ بەدواداچون‌و چاکی رێبازو میتۆدەکەیان لەو پێناوەدا کردوە.

هەروەها شێخ ئەمین خەولی دوای ئامادەبونی لەکۆنگرەی بیست‌و پێنجەمینی رۆژهەلاتناساندا دەڵێ"خاتو کراتشاکوفسکی لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی دەسنوسە نایابەکانی قورئانی پیرۆز لەسەدەی شانزەدا پێشکەشکرد، من گومان دەبەم لەوەی زۆرێك لەپێشەوای موسوڵمانان، شتێك دەربارەی ئەو دەسنوسانە بزانن‌و دیسان گومان دەبەم ئەو مەسەلەیە لەنرخ و بەهای کەمبکرێتەوە".

١–لێرەدا پێکەوەگرێدراویەکی تەواو لەنێوان کۆمەڵەی رۆژهەلاتناساندا لەهەموولاتەکاندا هەیە‌و پەیوەندییەکی بەردەوام‌و هاوکاری‌و یەکترتەواوکردن لەبوارەکانی توێژینەوە عەرەبی‌و ئیسلامییەکانیشدا هەیە، هەروەها کەنالەکانی پێوەندی دامەزراو بەردەوامە لەنێوانیاندا لەرێگەی کۆنگرە‌و رێکخراوو دەوریات‌و حەولیات‌و گۆڤارو بڵاوکراوە‌و چاپکراوە هەمەجۆرەکانەوە ئەمە‌و ژمارەی کۆنگرەی نێودەوڵەتی رۆژهەلاتناسان لەماوەی ساڵە (١٨٧٣) تاساڵی (١٩٦٨) لەسی کۆنگرە تێپەڕیکردوە، ئەمە جگەلەکۆنگرە‌و نەدەوات‌و چاوپێکەوتنە هەرێمییەکان، ئەو کۆنگرانەش سەدەها زانای لەخۆدەگرت، بۆ نمونە کۆنگرەی ئۆکسفۆرد(٩٠٠) زانای لەخۆگرت لە(٢٥) دەوڵەت‌و (٨٥) زانکۆو (٦٩) کۆمەڵەی زانستی، سەرجەمی کار لەهەمو کۆنگرەیەکدا لە(١٤) کۆمەڵە زیاتربو هەر یەکێکیان بۆ لێکۆڵینەوەی پارچەیەکی دیاریکراو لەتوێژینەوە رۆژهەلاتناسییەکان تایبەتکرابو.

٢–زۆربونی بابەتی دیاریکراوو بەدەستهێنانی بابەت لەسەر توێژینەوە عەرەبیو ئیسلامییەکان، هەمو تەمەنیان لەتوێژینەوەو گەڕان بەشوێن لایەنەکانیدا بەسەربردوە، بۆیە زانیاری باشیان لەسەر هەمو ئەو شتانە هەبوە لەتوێژینەوە ئیسلامییەکان بڵاویاندەکردەوە دەربارەی وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی، هاوکات کتێبخانە تایبەتیو گشتییەکانیان ئاوەدانکردبویەوە، هەمو سەرچاوە ئیسلامییەکان بەکۆنو نوێیانەوە.

٣–ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامی: ئێمەی موسوڵمانان دەتوانین شتی لێوەربگرین ئەو ئەنسکلۆپیدیایە بەرهەمێکە لەبەرهەمەکانی هاوکاری زانستی نێودەوڵەتی لەنێوان رۆژهەڵاتناساندا، چاپی یەکەمی بەزمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئەڵمانی لەماوەی نێوان سالّی (١٩١٣–١٩٣٨) دەرکراوە، تاوەکو پیتی (ع) وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی عەرەبی رۆژهەڵاتناسان چاپێکی نوێیان دەرکرد، تیایدا نوسینو وتارەکانیان گێڕایەوە لەسەر ئەو توێژینەوە نوێیانەی دەرچو بون یاخود بڵاوکرابونەوەو دۆزرابونەوە لەدەستنوسەکان، ئەو چاپە نوێیەش لەماوەی نێوان سالّانی (١٩٥٤– ١٩٧٧) دەرکەوت، (نەجیب عەقیقی) ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی لیژنەی عەرەبی وەرگێڕی ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامی ئێستا دەگەڕێنەوە بۆ چاپە نوێیەکە، لەجیاتی ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ چاپەکۆنەکە، لەکاتێکدا هەندێ زانیاری پێشکەوتوە تیایدا.

٤–مێژوی ئەدەبی عەرەبی: دانراوی (کارل بروکلمان)و لەسالّی(١٩٥٦) مردوە، بریتییە لەکتێبێکی بنەڕەتی لەتوێژینەوە عەرەبییەکانو هیچ توێژەرێك نییە لەبواری توێژینەوەی عەرەبیو ئیسلامییەکاندا لێ دەوڵەمەند نەبوبێت، ئەم کتێبەش تەنها کورت نەکراوەتەوە لەبواری ئەدەبی عەرەبیدا

بەگوێرەی زمان، بەڵکو هەمو ئەوانە دەگرێتەوە، کە بەزمانی عەرەبی لەتۆمارکراوە ئیسلامییەکاندا نوسراون، ئەوەش بریتییە لەتۆمارێك بۆ دانراوە عەرەبییە دەسنوسەکانو چاپکراوەکان، دواتریش بەزانیاری دەربارەی ژیانی دانەرەکانیان تەواو دەبێت، یەکەمجار دوبەشی لێدەرکرا، ساڵی (١٨٩٨و ١٩٠٢)، پاشان دانەر بەدوایدا سێ بەشی تەواوکەری گەورەی نوسی لەماوەی نێوان ساڵی (١٩٣٧–١٩٤٢) پاشان دو بەشە بنەڕەتییەکەی جارێکیتر لەساڵی (١٩٤٣–١٩٤٩) لەچاپێکیتردا بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی تێکڕا رێکیانبکاتەوەو لەگەڵ سێ بەرگە تەواوکەرەکەدا بیانگونجێنێت، دانەر رەزامەندی لەسەر داواکاری جامیعەی عەرەبی بۆ وەرگێڕانی کتێبەکە بۆ سەر زمانی عەرەبی دەربڕی، بەڵام پرۆژەکە تائێستاش (واتە تاکاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە–وەرگێڕ) جێگەی داخەو تەواو نەکرا. لێکۆڵەری تورکی (موسلیم فوئاد سیزگین)، کە قوتابی رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی (هڵموت ریتر) بوە، دوای دۆزینەوەی هەزارەها دەسنوس هەستا بەتەواوکردنی کارەکانی (بروکلمان) ئەوەش لەکتێبەکەیدا بەناوی (کولتوری عەرەبی)، کە بەزمانی ئەڵمانییەو هەندێکی لێوەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، بەوەش توانی دیاری پاشا(فەیسەڵ) لەسەری لەماوەی چەند ساڵێکدا بەدەستبهێنێت، لەراستیدا دەڵێت ئەگەر کتێبەکەی بروکلمان نەبوایە، ئەوا کتێبەکەی فوئاد سزگین نەدەبو.

٥–کۆکردنەوەی دەسنوسە عەرەبییەکان لەهەمو شوێنێكو بەهەمو رێگەیەك کە دواتر، لەسەر پاراستنیان کاریانکردوە لەخراپبونو فەوتانو گرنگی تەواویان پێداوە، هەروەها هەستاون بەدانانی پەراوێزێکی بەسود کە بەشێوەیەکی ورد شرۆڤەی دەسنوسەکان دەکات، بەوەش لەژێر

هەڵسوکەوتی توێژەرە ئارەزومەندەکاندا داینـاوە لەشوێنی هەبونیـدا، یـاخود داوای وێنەکێشانی کراوە بەبێ رۆتین‌و ئیجرائاتی ئالۆز، هاوکات نمونەی وەك (ئەلوارد)مان هەیە، کە هەستاون بەدانانی پەراوێزی دەسنوسە عەرەبییەکان لەکتێبخانـەی بـەرلین، ئـەم پـەراوێزەش لـە (١٠) بەرگـدا بـو، کـە مەبەسـتی هونەری وردو گشتگیری تێدا زیـاتربوە ئـەم پـەراوێزەش لـەکۆتایی سـەدەی رابردودا دەرکراو نزیکەی پەراوێزی (١٠) دەهەزار دەسنوسی گرتەوە، ئەمەو رۆژهەڵاتناسان هەسـتاون بـەدانانی پـەراوێز بـۆ دەسنوسـە عەرەبییـەکانیتر، لەسـەرجەم زانکـۆو کتێبخانـە ئەوروپییەکانـدا، ئـەو دەسنوسـە عـەرەبی‌و ئیسـلامییانەش لەکتێبخانـە ئەوروپییەکانـدا بەدەیـەها هـەزار دەسـنوس مەزەندە دەکرێ، بەڵام ژمارەیان دەگاتە سەدەها هـەزار، لێـرەدا وشـەیەکی راست هەیە کە پێویستە بوترێت ئەویش ئەوەیە ئایا گواستنەوەی ئەم ژمارە زۆرەی دەسنوس بۆ ئەوروپا بەرێگەی شەرعی بوە یان نامەشروع لەکاتێکدا، کـە نـوێترین هۆکـاری پاراسـتن‌و گرنگیپێـدان‌و پـەراوێز بـۆ دانـانی وردی بـۆ رەخسێنراوە؟

٦–رۆژهەڵاتناسـان تەمـەنێکی زۆریـان لـەبواری موعجەمەکانـدا بردوەتەسەر، بەتایبەت ئەوەی لێرەدا باسبکرێت بریتییـە (المعجـم المفهـرس للالفـاظ الحـديپ الشـريف) کـە هـەر شـەش دانـراوە نوێیـە بەناوبانگەکـەی فەرمودەی لەخۆگرتوە، جگەلەزیادکردنی (مسند)ی دارمی‌و موەتـا (موگـأ)ی ئیمام مالیك‌و مەسندەکەی ئیمام (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)، بڵاوکردنـەوەی موعجـەمی نـاوبراو لەحـەوت بەرگـدا لـەماوەی نێـوان سـاڵی (١٩٣٦–١٩٦١) تـەواو بـوە، بەمـەش سـەرجەم پەیمانگـە‌و زانکـۆ ئیسـلامییەکان لەجیهانـدا سودمەندبون لێی، هاوکات ژمارەیەك لەرۆژهەڵاتناسە ناسـراوەکان، هاوکـاری

دەرچونیانکردوە، دیسان ئاماژەدەکەین بەو کۆششەی کە(ئۆگەست فیشر، ١٩٤٩ مردوە)، فیشر ماوەی چل ساڵی بەسەربردوە لەکۆکردنەوەو ڕێکخستنو هاوکاریکردن لەگەڵ ژمارەیەك لەڕۆژهەڵاتناساندا.

٧-ڕۆژهەڵاتناسان هەستاون بەبڵاوکردنەوەی زۆرێك لەپەڕاوە ڕەسەنە کولتوورییەکان ئەوەشمان زانیوە کە ئەم کتێبەکولتووریانە تەحقیقکراونو لەسەر دەستی ئەوان بڵاوکراونەتەوە، کارەکەش تەنها لەسەر بڵاوکردنەوەی دەقە عەرەبییەکان کورتنەکرابویەوە، بەڵکو دیسان هەستاون بەوەرگێڕانی سەدەها کتێبی عەرەبیو ئیسلامی بۆ سەرجەم زمانە ئەوروپییەکان.

لایەنە خراپەکانی ڕۆژهەڵاتناسیی

پاش ئەو ڕوانینەی ئاراستەی لایەنە پۆزەتیفەکانی ڕۆژهەڵاتناسیمان کرد، مافی ئەوەشمان هەیە ئێستا ئاگاداری لایەنە نێگەتیفەکانی ببین لەبیرکردنەوەو توێژینەوەکانیاندا، لایەنە نێگەتیفەکانیش لەسەر توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسییە دەربارەی ئیسلامو ئەوەی پێوەی پەیوەستە:

١-ڕۆژهەڵاتناسیی بەشێوازێکی تایبەت لەبیرکردنەوەدا دەژمێردرێت، بەجۆرێك لەسەر جیاکردنەوەی بنەڕەتی نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا دامەزراوە، ڕۆژهەڵات ڕۆژهەڵاتەو ڕۆژئاواش ڕۆژئاوایە، هەرگیز بەیەکتری ناگەن، هەروەك هۆنەری کۆلۆنیالیزمی بەنێوبانگ (کپلینگ) وتویەتی"ڕۆژئاواییەکان ژیرنو خۆشەویستی ئاشتین، ئازادیخوازن، مەنتقین، بەسەر بەدەستهێنانی بەهای ڕاستەقینەدا زاڵو بەتوانان، بەڵام ڕۆژهەڵاتییەکان هیچ شتێکیان لەو سیفەتانە نییە"، بەڵام لێرەدا ڕاستییەکی گرنگ هەیە کە ڕۆژهەڵاتناسان بەئاسانی لەبیری خۆیانی دەبەنەوە، ئەویش بریتییە لەوەی شارستانییەتی

رۆژئاوا، کە ئەوان شانازی پێوەدەکەن‌و بەسەربەرزی شرۆڤەی دەکەن، لەبنەڕەتدا بریتییە لەشارستانییەتێکی مەسیحی‌و پیاوێکی رۆژهەڵاتی کە (مەسیح پێغەمبەر) بوەدایمەزراندوە، هەروەك زۆر زانستی عەرەبییان گواستوەتەوە ئەو جیاوازییە پەرەنسیپییەی، کە تایبەتمەندی لەنێوان رۆژهەڵات‌و رۆژئاوا دروستکردوە‌و رۆژهەڵاتناسان پشتیانپێبەستوە، کارێکی پێچەوانەیە بەلۆژیك، مەسیحییەت ئاینێکی رۆژهەڵاتییە، ئەوان خۆیان بەرز رادەگرن، بەوەی کە رۆژئاوا پێشکەوتوترە، چونکە بڕوای بەمەسیحییەت هێناوە، رۆژهەڵاتیش دواکەوتوە، چونکە بڕواداڕە بەئیسلام، ئەو سەرکێشی‌و خۆبەگەورە زانینەی رۆژئاوا هیچ بنەمایەکی زانستی‌و واقیعی نییە، ئەو پێشکەوتنەی کە ئەمڕۆ رۆژئاوا دەیبینێت لەبواری زانست‌و تەکنەلۆژیادا، پەیوەندی بەمەسیحییەتەوە نییە وەکو ئایین، ئەو دواکەوتنەش کە رۆژهەڵات پێوەی دەنالێنێت، تاوانەکەی بەئەستۆی ئیسلام نییە، ئەم دواکەوتوییە هەروەك ئیمام (مالیك بن نەبی) دەڵێ"بەسزایەکی موستەحەق دادەنرێت لەئیسلامەوە بەسەر موسوڵمانانداڕ، لەبەروازهێنان لێی‌و گەردن کەچ، نەبون هەروەك خۆبەزلزانەکان، خۆیان بەرزڕادەگرن‌و دەمارگیردەبن".

٢–رۆژهەڵاتناسیی لەنێوان هەمو زانستەکانیتردا، لەهۆکارو رێوشوێن‌و میتۆدەکانیدا گەشەی نەکردوە، تەنانەت لەتوێژینەوەیدا دەربارەی ئیسلام نەیتوانیوە خۆی لەو باکگراوندە ئاینییە رزگاربکات، کە جەدەلێکی ئاینی نەزۆکی دروستکردوە‌و رۆژهەڵاتناسیی بناغەیەکی لێوەرگرتوە هەروەك شتێکیشی لەم ڕەوشە تائەمڕۆ نەگۆڕیوە، جگە لەهەندێ حاڵەتی ناوازە نەبێت ئەمڕۆ هۆکارەکانی راگەیاندن لەرۆژئاوا تائاستێکی گەورە هەڵدەستن بەبەهێزکردنی ئەو ڕەوشە کلاسیکییەی کە بەردەوام بەچاوی سەدەکانی

ناوەڕاستەوە بۆ ئیسلام دەڕوانن، ئەمەش ئەو بانگەشەیەی سکرتێری گشتی ئەنجومەنی ئیسلامی ئەوروپی لەمانگی یەکی ساڵی (١٩٧٩)ی لێکەوتەوە، کە هەستا بەسەرکۆنەکردنی هۆکارەکانی راگەیاندنی رۆژئاواو هەڵوێستوەرگرتنیان لەبەرامبەر ئیسلام، ئەم هەڵوێستەشی بەوە شرۆڤەکرد کە درۆو ناڕەوایی لەسەر راستییەکانی ئاین ئەنجامدەدەنو دەیشێوێنن، هەمو ئەمانە رویداوە سەرەرای ئەوەی ئەنجومەنی ڤاتیکان لەئۆکتۆبەری (١٩٦٥) ئاماژەی بەو راستییانە کردبو ئیسلام پێیهاتوەو ئەوەی پەیوەستە بەخوداو تواناو مەسیحو مریەمو پێغەمبەرو نێردراوانەوە، هەروەها سەرەڕای وتەی رۆژهەڵاتناسیی هاوچەرخی ئەڵمانی (رودی بارت) وتویەتی"تۆێژینەوە رۆژهەڵاتناسییەکان لەماوەی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا روەو لێکۆڵینەوە دەربارەی راستی تەواو هەنگاوی هەڵگرتوە، بەڵام هیچ کۆششێکی بۆ لایەنە زیادەکانیتر نەکردوە"، هەروەها (ماکسیم رۆدنسۆن)ی رۆژهەڵاتناسیی هاوچەرخی فەرەنسی گۆشە نیگایەکیتری هەیەو بڕوای وایە لێرەدا شۆڕشێك لەبیرکردنەوە رویداوە لەتەسەوری ئەوروپییەکاندا بۆ ئیسلام، کارەکەش وایکردوە هەڵسەنگاندنی مەسیحی بۆ موحەمەد (درودی خوای لێبێت) مەسەلەیەکی هەستیاربێتو چیتر ناکرێ بەدەمارگیرییەکی درۆزنانە جارێکیتر پێیبڵێن (خۆپەرستێکی شەیتانی)یە، هەروەکو لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم حاڵەتە لەئارادابو، دەربارەی ئەو لەکاتێکدا هەندێ بیرمەندی مەسیحی دەبینین بایەخ بەگرفتەکە دەدەنو بەهەستیاریییەوە بڕیاردەدەن، کەچی ئێمە هەندێ لەکاسۆلیکە بەرپرسەکان لەبواری ئیسلامدا دەبینینو وایدادەنێن کە موحەمەد (درودی خوای لێبێت) بلیمەتێکی ئاینی بێت، ئەوانیتر دەپرسن دەربارەی ئەوەی ئەگەروادابنرێت پێغەمبەرێکی راستەقینە

نەبێت مادەم قەدیس (تۆماس ئەکینۆ) دەڵێ"پێغەمبەرایەتی ئاراستەیی، بەزەرورەت مانای عیسمەتو کەمالێتی نییە" مانای ئەم قسەیەش بریتییە لەدانپێدانەنان بەپێغەمبەرایەتی راستەقینەی موحەمەد (درودی خوای لێبێت) بەوەی مانای هەڵبژاردنێکی خواوەندیو نیگایەکی ئاسمانیو عیسمەتێکی رەبانی بێت. لەراستیدا جێگەی سەرسوڕمان نییە کە رۆژهەڵاتناسەکان لەگەڵ ئێمەی موسوڵمانداندا جیاوازبن، بەڵکو سەرسوڕمان ئەوەیە لەبیروبۆچوندا هاوڕامانبن، ئەوەش لەبەرئەوەی کە پێگەی بیرکردنەوەیان بەنیسبەت ئیسلامو پێغەمبەرەکەیەوە جیاوازە لەو پێگەیەی کە بیرکردنەوەی موسوڵمانانی لێوە دەردەچێت، بەمەش گۆشەنیگاو تێروانینەکان لەنێوان ئێمەو ئەواندا جیاوازدەبنو هەر بەجیاوازیش دەمێنێتەوەو ئێمە چاوەڕێ ناکەین لێیان بەو گۆشەنیگایەی ئێمە بۆ ئیسلام بڕوانن، بەوەی ئاینێکی ئاسمانییەو خودا بەهۆیەوە کۆتایی بەپەیامە ئاسمانییەکان هێناوەو موحەمەد (درودی خوای لێبێت) کۆتایی پێغەمبەرانەو قورئان نیگای خودایەو هیچ ناڕەواییەك لەنێوان دەستەکانیو ئەملاولایەوە نایەت، چونکە ئەگەروایانکرد ئەوە دەبنە موسڵمان، ئەمەش بەکردار بەنیسبەت هەندێکیانەوە رویداوەو ڕوەو ئیسلام گۆڕاون، ئەم گۆڕانەش بۆ ئیسلام لەهەمانکاتدا، واتە گۆڕان لەهێڵی رۆژهەڵاتناسیدا، ئێمە داوا لەهیچ رۆژهەڵاتناسێك ناکەین بیروباوەڕی بگۆڕێتو بڕوادارببێت، کە ئێمە بڕوامان پێیەتی، کاتێك دەربارەی ئیسلام دەنوسێت، بەڵام لێرەدا هەندێ سەرەتای بێگومانی هەیە کە میتۆدی زانستی تەندروست داوای دەکات، کاتێك گۆشەنیگایەکی دیاریکراو رەفزدەکەینەوە، ئەوا بەڵای کەمەوە یەکەم دەبێ ئەو گۆشەنیگایە بۆ خوێنەر رونبکەینەوە لەماوەی تێگەیشتنی

هاوەڵانیەوە بۆی، پاشان بۆ من هەیە جیاوازبم لەگەڵیدا لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێین: قەوارەی ئیسلامی هەموی لەسەر بناغەی باوەڕ بەخوداو پێغەمبەرەکەی (د.خ) دامەزراوە، پێویستە لەسەر زانای پاك و مێژونوسی بێلایەن ئەوە بەخۆینەرانی بڵێ، کاتێك روبەڕوی لێدوان دەربارەی ئیسلام دەبێتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ نهێنی هێزی ئەم ئیمانە لەمێژوی موسوڵمانداندا تێبگات، پاشان بۆی هەیە دواتر لەگەڵ موسوڵمانداندا جیاواز بێت، لەبیروباوەڕوبۆچونەکانیدا، بەڵام ئەگەر هاتو رۆژهەڵاتناس روبەڕوی ئیسلام بویەوە بەکۆمەڵێ تەسەوری پێشوەختەوە کە لەسەر خەیاڵو وەهم دامەزراون، کە ئەمەش هیچ یەکێك لەزانستو رەوشت بڕیاری لێنەداوەو ناتوانێ شتەکانوەکو خۆیان تێبگات، ئەمەش وامانلێدەکات لەگەڵ (د.حسێن موئنیس)دا هاوڕابین کە دەڵێ"ئەو موحەمەدەی کە رۆژهەڵاتناسەکان تەسەوری دەکەن کەسێکیترە لەدروستکراوی خەیاڵی خۆیان، ئەو ئیسلامەش کە ئەوان لەپەڕاوەکانیاندا دەیخەنەڕو، ئەوا ئەو ئیسلامە نییە کەوا ئێمە بڕوامان پێیهێناوە، بەڵکو لەوانەیە ئەو ئیسلامە بێت کە خۆیان هەڵیانبژاردوە"، دەشێ ئەوە بوترێ رۆژهەڵاتناسیی لەتوێژینەوەیدا بۆ ئیسلام ناکرێ بەهیچ پێوەرێکی زانستییانە بەزانست دابنرێت، بەڵکو بریتییە لەگوزارشتێك دەربارەی ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت کە مەبەست پێی رەواجپێدانی کۆمەڵە تەسەورێکی دیاریکراوە دەربارەی ئیسلام بەچاوپۆشین لەوەی ئەو تەسەورانە لەسەر راستی یاخود لەسەروەهم دامەزرابێت، ئەمەش ئەو کاروکردەوانەمان بیردەخاتەوە کە سۆفستاییەکان لەکۆندا لەوڵاتی یۆنان ئەنجامیاندەدا، بۆیە ئەگەر هاتو شرۆڤەی

رۆژهەلاتناسان لەمەڕ توێژینەوەیان دەربارەی ئیسلام بکەن، جگە لەهەندێ حاڵەتی ناوازە نەبێ دەکرێ بەسۆفستاییە نوێیەکان شرۆڤەیانبکەین.

٢-رۆژهەلاتناسان پشت بەپراکتیککردنی پێوەرە مەسیحییەکان دەبەستن لەسەر ئاینی ئیسلامو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لێبێت)، مەسیح لەتێڕوانینی مەسیحییەکاندا بریتییە لەبناغەی بیروباوەڕ بۆ ئەوەش مەسیحییەت بۆ ئەو دەگەڕێنەوە، لێرەوە ئەم تێڕوانینەش بەسەر ئیسلامدا پیادەدەکەنوایدادەنێن کە موحەمەد (درودی خوای لێبێت) بەنیسبەت موسوڵمانانەوە هەمان (مەسیح)ە بەنیسبەت مەسیحییەکانەوە بەمەش ناوی ئاینزای (محەمەد- Mohammdanism) یان بەسەر ئیسلامدا دابڕیوە، بەڵام لێرەدا هۆکارێکیتر بۆ بەکارهێنانی ئەم شرۆڤەیە لای زۆرێك لەوانیتر هەیە، کە بریتییە لەبەخشینی شەقڵێك بەوەی ئیسلام ئاینێکی مرۆیی دروستکراوی محەمەد بێت (درودی خوای لێبێت) نەك لای خوداوە، بەڵام رێژەی مەسیحییەت بۆ مەسیح ئەم شەقڵە نابەخشێ لایان، ئەویش بەهۆی بیروباوەڕیانەوە کە مەسیح کوڕی خودایە (نعوژ باللە) هەورەها بەراوردیتر دەکەن لەنێوان محەمەد (درودی خوای لێبێت)و مەسیحداو تیایدا مەسیح دەکەنە پێوەر، بەوەی محەمەد (درودی خوای لێبێت) کەسێکی ئارەزوبازو خێزاندارە لەبەرامبەردا مەسیح کەسێکی پاکیزەیەو ژنی نەهێناوە، هەروەها محەمەد جەنگاوەرو سیاسییە، بەڵام مەسیح ئاشتیخوازو ستەملێکراوەو ئازاردراوەو بۆ خۆشەویستنی دوژمنەکانی بانگەشە دەکات.

٣-تێکەڵاوکردن لەنێوان ئیسلامەوکو ئایینو زانیاریی جێگیرەکان، کە قورئانی پیرۆزو سوننەتی راستە، لەگەڵ ئەو رەوشە نالەبارەی جیهانی ئیسلامی لەدونیای ئەمڕۆدا، لەروانگەی(کپلێنگ)ی رۆژهەلاتناسیی

هاوچەرخەوە، ئیسلام (قورئانو فەرمودە) بریتیە لەئیسلامێکی مردو، بەڵام ئیسلامی زیندو، کە پێویستە بایەخپێبدرێو توێژینەوەی لەسەر بکرێ، بریتییە لەو ئیسلامە بەڵاوەی نێوان گروپە دەروێشییەکان لەسەراپای پارچەکانی وڵاتی ئیسلامدا، ئەوەش بریتییە لەو مومارەسە باوە لەژیانی موسوڵمانانی ئەمڕۆدا، بەچاوپۆشییان لەنزیکیو دوری، یاخود هەندێ لادانیان لەبنەماکانی بیروباوەڕی ئیسلامی.

٤-جەختکردنەوە لەسەر بایەخی گروپە پەڕاگەندەو جیابوەکان لەئیسلامەکو (بابیو بەهائیو قادیانیو بەکاشییەکانو هیتریش) لەگروپە نوێیەکان. هەروەها قوڵکردنەوەی جیاوازی لەنێوان سوننەو شیعەدا، هەمیشە لەمەشدا جیابوەکانیان بەخاوەنی هزری شۆڕشگێڕیو ئازادیخوازی عەقڵی داناوە، هەروەك هەمیشە بایەخ بەهەمو شتێکی ناوازە دەدەن، لەسەر ئەو شتانەی کە لەجیهانی ئیسلامیدا پێوانەی دەکەن وەك (لەقاڵبدانی هزریو نەزۆکیو چەپێنراوی بیرکردنەوە). رۆژهەڵاتناس (رۆدنسۆن) ئاماژەدەکات بۆ ئەوە، کاتێك وتویەتی "رۆژهەڵاتناس هیچ شتێکیان نەبینیوە لەرۆژهەڵاتدا، تەنها ئەو شتانە نەبێت کەویستویانە بیبینن هاوکات بایەخیشیان زۆر بەشتی بچوكو ناوازە داوە، بەڵام نەیانویستوە رۆژهەڵات پەرەبسێنێ بۆ ئەوەی بگاتە ئەو قۆناغەی کە ئەوروپا پێیگەیشتو لەپاشان ئەو رێنیسانسەش دەبوغزێنن کە تیایدا سەرهەڵدەدات".

٥-مرۆڤ لەزۆربەی پەڕاوەکانی رۆژهەڵاتناساندا مەسەلەی بابەتیبون دەربارەی ئاینی ئیسلام بەدیناکات، لەکاتێکدا ئەوان دەربارەی ئاینێکی دانراو لەنمونەی بوزیو هیندۆسیو جگەلەوانیش دەنوسن، دەیبینن لەخستنەڕوی ئەو ئاینانەدا بابەتیانە دەدوێن، لەنێوان هەریەکە لەو ئاینانەی

لەرۆژهەلاتو رۆژئاوادا دەرکەوتون بەتەنها هێرشدەکرێتە سەر ئاینی ئیسلامو موسوڵمانانیش لەنێوان هەمو رۆژهەلاتییەکاندا ئەوانەن بەهەمو وەسفێکی ناشیرین وێنادەکرێن، مرۆڤ لێرەدا دەپرسێ بۆچی. وەلامی ئەو پرسیارە لای ئەوروپا بۆ ئیسلام دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوروپا ئیسلام بەشۆکێکی بەردەوامدادەنێ، هەروەها ترس لەئیسلام لەئەوروپا بریتییە لەیەکێك لەرێساکان، تەنانەت تاوەکو سەدەی حەقدە(مەترسی عوسمانی) لای سنورەکانی ئەوروپا لەبیروباوەڕی ئەواندا بەنیسبەت هەمو مەدەنیەتی ئەوروپاوە وێنای هەرەشەیەکی بەردەوامی دەکرد هەروەك (ئیدوارد سەعید) یش وتویەتی"رۆژهەلاتناسیی لەلایەنی دەروونییەوە بەشێوەیەك لەشێوەکانی شێتی چەوساندنەوە دادەنرێ، ئیسلام تەنانەت لەسەردەمی لاوازیی شوێنکەوتەکانیدا، بەردەوام وێنای مەیدانبازییەکی گەورەی لەسەر هەمو ئاستەکان کردوەو دەکات"، بەلام ئایا موسوڵمانان هۆشیارن بەو راستییە؟ لێرەدا دەکرێ تێبگەین لەوەی کە (مویرMuir) دەیڵێ: "شمشێرەکەی موحەمەدو قورئان زۆرترین دوژمن پێکدەهێنن کە تائێستا جیهان ناسیبێتی بەوەی کە دژی شارستانیەتو ئازادی راستەقینەن"، هەروەك (فون گرونباوم)یش وتویەتی"ئیسلام دیاردەیەکی ناوازەیەو بەشێوەیەك لەهیچ ئاینو شارستانییەتێکیترا نمونەی نییەو ئاینێکی نامرۆییو ناتوانایە بەسەر پەرەسەندنو مەعریفە بابەتییەکاندا، هەروەك بریتیشە لەئاینێکی نامۆڕاڵیو نازانستیو زۆرداری"، ئەمەش ئەو رقە پەنگخواردوەی ئەوانو بەبەردەوامیو بەوێنەی ئەو درۆ هەڵبەستراوانە روندەکاتەوە، کە لەبازاڕی زانستدا هیچ چانسێکیان نییە.

٦–رۆژهەلاتناسیی لەتوێژینەوەیدا هەلوێستی دادوەرو تاوانبارکردن بۆ خۆی دەبەخشێ، لەکاتێکدا دەبینین بۆ نمونە زانستی مێژو هەولدەدات تەنها، نەك بابەتی گومان بکاتە بناغەی ئەو کۆمەلگەیەی کە توێژینەوەی لەسەر دەکات. دەبینین رۆژهەلاتناسیی بۆ خۆی مافی بڕیاردان دەبەخشێ، تەنانەت مافی تاوانبارکردنو رەفزکردنەوەی بنەمائیسلامییەکان، کە کۆمەلگەی ئیسلامییان لەسەر دادەمەزرێ بێگومان ئەوەش بەرهەمی تۆوێکی پێشوەختەو ناکرێ بەهیچ شێوەیەك بەتۆوێکی زانستی پوخت دابنرێت، هەروەك(رۆدی بارت)ی رۆژهەلاتناس بانگەشەی بۆ دەکات.

٧–گروپێك لەرۆژهەلاتناسان هاوپەیمانێتیان لەگەلّ داگیرکەردا پێکهێناوە، ئەو داگیرکەرەی سەردەمێك لەچاخی نوێدا جیهانی ئیسلامی لاوازکردبو، لەمبارەیەوە رۆژهەلاتناسیی هاوچەرخ (ئیستیفان فێلّد) ئاماژەی بەو گروپە لەرۆژهەلاتناسان کردوەو دەبێژێ: "ناشیرینتر لەوە دەبینی کە کۆمەلێك خۆیان ناوناوە رۆژهەلاتناسو زانیاریيەکانیان دەربارەی ئیسلامو مێژوەکەی تەرخانکردوە لەپێناوی لەنێوبردنی ئیسلامو موسولّمانان، ئەمەش واقیعێکی ئازاردەرە، دەبێ رۆژهەلاتناسە دلّسۆزەکان بۆ پەیامەکانیان بەراشکاوی دانی پێدابنێن"، لەنێو ئەو هەمو نمونە زۆرانەدا باسی رۆژهەلاتناس(کارل هنریش بیکر، ساڵی١٩٣٣ مردوە) دەکەین، کە دامەزرێنەری گۆڤاری (ئیسلام)ی چاپی ئەلّمانی بوە ناوبراو هەستاوە بەئەنجامدانی توێژینەوە، کە مەبەست پێی خزمەتکردنی داگیرکاری ئەلّمانی لەئەفریقا بوە، بەلّام (برتوڵد،١٩٣٠ مردوە) دامەزرێنەری (Mir IsIama)ی چاپی روسی بوە، لەرێگەی حکومەتی روسییەوە راسپێردراوە کە هەستێ بەلێکۆلّینەوە بەشێوەیەك خزمەت بەبەرژەوەندیو سەروەرێتی روسیا

لەئاسیای ناوەڕاستدا بکات، بەڵام زانای ئیسلامییاتی هۆڵەندی ناودار(سنوك هور گرونیە، ١٩٣٦ مردوە) رۆڵێکی گرنگی لەناوچە هۆڵندییەکانی هیندی رۆژهەڵات گێڕاوەو سەرقاڵی پایەی سەرکردایەتیکردنی دەسەڵاتی داگیرکەر بوە لەناوچەکانی هیندی رۆژهەڵاتداو دواتر ئەم پلەوپایەشی لەناوچەکانی هیندی ئیندۆنیسیاش وەرگرتوە، جیاواز لەمانە رۆژهەڵاتناسیی ناوداری فەرەنسی (لویس ماسینۆن) راوێژکاریوەزارەتی کۆلۆنیالەفەرەنسییەکان بوە لەکاروباری باکوری ئەفریقا، جگەلەمانەش زۆرن لەرۆژهەڵاتناسەکان کە خۆیانو توێژینەوەکانیان لەخزمەتی داگیرکەردا لەدژی ئیسلامو موسڵمانان داناوە.

٨-بانگەواز بۆ چاکسازیکردن لەئیسلامدا: رۆژهەڵاتناسان ئیسلام بەئاینێکی نەزۆك دادەنێن، هەروەك وایدادەنێن ناتوانێ لەگەڵ گیانی سەردەمدا بڕوات، بەوەش پێویستی بەچاکسازییەکی رادیکاڵی هەیە، یەکێك لەرۆژهەڵاتناسان دەبێژێ " لەسەر ئیسلام پێویستە یان گۆڕانگاری رادیکاڵی تێدابکرێ، یاخود لەرێڕەوی ژیان دابڕبکرێت"، ئەو بانگەوازەی ئاراستەی موسوڵمانان دەکرێ، لایان نامۆیە بەگوێرەی ئەو کاروکردەوانەی کە لەئاینەکەیانەوە ئەنجامیدەدەن، ئەم چاکسازییەوێنای هەوڵێك دەکات لەهەوڵەکانی گۆڕینی گۆشەنیگای موسوڵمانان دەربارەی ئیسلام، بەوەش دەیەوێ بەهەر توانایەك بێت ئیسلام لەمەسیحییەت نزیکبکاتەوە، دەکرێ لێرەوە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئیسلام چەند رێسایەك لەخۆدەگرێو هیچ یەکێك مافی ئەوەی نییە شتێك گۆڕانی تێدابکات بریتییە لەبیروباوەڕی بناغەیی ئیسلام، هەروەها چەند لقێکیش لەخۆدەگرێت شایستەی گۆڕانکاری تێداکردنە بەگوێرەی بەرژەوەندی ئیسلامی، ئەو چاکسازییەش کە ئێمەی

موسوڵمانان تێیدەگەین بریتییە لەچاکسازی لەهزری ئیسلامیدا کە پێویستی بەپێداچونەوەی بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ داواکارییەکانی سەردەمو پێداویستییەکانی ئوممەدا لەچوارچێوەی زانیارییە ئیسلامییەکاندا دژ نەوەستێتەوە، بەڵام بانگەواز بۆ چاکسازی لەئیسلامدا یاخود نوێکردنەوەی، بەم چەمك و تێگەیشتنە نییە، بەڵکو لەوانەیە ئاماژەیەك بێت بۆ خاڵیکردنەوەی ئیسلام لەناوەڕۆکەکەی و کەنارخستنی گشتی لەڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگەداو کردنی بەزانییاریەکی ڕەوشتی روت کە پلەوپایەی هەمان پلەوپایەی ئاینی مەسیحی بێت، هەندێ لەنەوەکانی موسوڵمانان لەهەڵگرتنی ئاڵای بانگەوازی چاکسازی لەئیسلامدا هەروەك ڕۆژهەڵاتناسان تێیدەگەن بەشدارن. لەنوێترین ئەو کتێبانەی لەمبارەیەوە دواون، ئەو کتێبەیە کە لەئەڵمانیای ڕۆژئاوای جاران – وەرگێڕ– دەرکراوە بەناونیشانی (قەیرانی ئیسلامی نوێ) دانراوی کەسێکی موسوڵمانی بەرەگەز عەرەبەو پیشەی مامۆستایە لەزانکۆی فرانکفۆرت لەئەڵمانیا، تیایدا بەحەماسەوە بانگەشەدەکات بۆوەرگرتنی نموزەجی ڕۆژئاوایی لەچاکسازی نمونەییدا لەکردنی ئاین بەوەی تەنها زانیارییەکی ڕەوشتی بێت، نەك تەکالیفی پابەندی بەوەش لەتێڕوانینی ئەوەوە تاکە چارەسەرە بۆ قەیرانی بەشداریکردن لەکاروباری ژیان بەگوێرەی نموزەجی عەلمانییەتی ڕۆژئاوا.

هەڵوێستمان لەڕۆژهەڵاتناسیی

ئێستاو پاش ئەوەی هەندێ شتمان لەرەهەندەکانی هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسیی بەچاك و خراپییەوە بۆ ڕونبویەوە، پێویستە ئێمەی موسوڵمانان هەڵوێستمان دەربارەی ڕۆژهەڵاتناسیی بخەینەڕو، ئەمە داوامان لێدەکات باسی ئەو کاروکاردانەوەش بکەین، کە پێشینەکانمان

ئەنجامیانداوە، تەوژمو بالەبیانییە کۆنەکان کەوێنای مەیدانبازییەکیان بۆ ئیسلامو هزری ئیسلام دەکرد لەسەردەمە گەشاوەکانی ئیسلامیدا، وەك بەربەستێك وا بون بۆ موسوڵمانان لەو رۆژانەدا خاڵێبون لەوەستانەوە لەبەردەمیاندا بەهێزو رەقییەوە، تەنانەت نەك روبەڕوبونەوەش لەسەر ئاستی مەیدانبازی، بەڵکو لەسەر ئاستی بەسەرداسەرکەوتنیش بو.

هاوکات هزری ئیسلامی، ئەو باڵە هزرییانەی بەتەواوی هەرسکردبو، پاشان بەجدیش وەریگرتبو، دواتر لەگەڵیدا هەڵوێستەیەکی زۆر توندی بەهەمان ئامێری هزری وەرگرتبو، روبەڕوبونەوەش ببوە روبەڕوبونەوەیەکی هزری، مێژوی ئێستا خۆی دوبارەدەکاتەوە، جەنگی ئێستا لەنێوان ئیسلامو با لەدژەکانیدا بریتییە لەجەنگی بیروبۆچون، شەڕی هزرییە، ئەو جەنگەش پێویستی بەئامێر هەیە کە پێویستە خۆت چەکداربکەیت پێی، دۆڕاو لەو جەنگەدا زۆر خراپ بەسەریدا دەشکێتەوەو کاریگەری گەورەی لەسەر دەبێ، بۆ نمونە ئەگەر سەیری مێژوی هزری ئیسلامی بکەین، دەبینین زانای ئیسلام (غەزالی) توشی چەندین گرفتی هزری بوە، بەڵام بەسەرکەوتویی لەهەمویاندا دەرچوە، پێویستە بزانین ئەو چی کردوەواسەرکەوتو بوە؟

(غەزالی) لەکتێبەکەیدا بەناوی (رزگارکەر لەتاریکی یان فریادڕەس لەتاریکیدا) دەڵێ"دەبینین وەرگرتنی ئەنجامی رۆژهەڵاتناسیی دەربارەی ئیسلامو توێژینەوە لێی، توێژینەوەیەکی قوڵە، ئەمەش وایکردوە هەنگاوی یەکەمیان بۆ رەخنەگرتن، رەخنەگرتنێکی راستبێت هەر ئەمەشوایکردوە رۆژهەڵاتناسەکان هەزارجار بیردەکەنەوە پێش ئەوەی بنوسن"، ئەم راستییەش رۆژهەڵاتناسیی فەرەنسی (رۆدنسۆن) جەختی لەسەردەکاتەوە،

کاتێ ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی تەنها یەك رێگە هەیە بۆ رەخنەگرتن لەرۆژهەڵاتناسان، ئەم رێگەیەش پەیوەستە بەتوێژینەوەو خوێندنەوەی دوورودرێژی دانراوەکانیانەوە، پێویستیشە رەخنەکانمان بۆ بەرهەمی رۆژهەڵاتناسان گرێبدەینەوە بەرەخنەیەکی خودیو راستەقینە بەشێوەیەکی بەردەوام، هەروەك پێویستە روبەڕوی خۆمان ببینەوە بەروبەڕوبونەوەیەکی راستەقینە لەگەڵ کەموکورتیو نەنگییەکانماندا، هەروەك دەبێ هۆشیاری راستەقینەمان بەو گیروگرفتانەی کە روبەڕومان دەبنەوە لەم جیهانە هاوچەرخەدا هەبێ.

لایەنی ئیجابی رۆژهەڵاتناسیی لەشێوەی هێرش بۆ سەر دژایەتی خۆمانو باوباپیرانمان خۆی دەنوێنێ، نەك لەشێوەی پیاهەڵدان هەمومان دەزانین ژمارەیەك لەرۆژهەڵاتناسان لەدانراوەکانیاندا مەدحی شارستانییەتی ئیسلامیان کردوەو زاناکانو کولتوری ئیسلامییان بەرزنرخاندوە، دواترینیان ئەم ستایشو پیاهەڵدانەی کردبێت بریتییە لەرۆژهەڵاتناسیی هاوچەرخی ئەڵمانی (زیجیر یاهونکە) لەپەڕاوەکەیدا بەناوی (خۆری خودا لەسەر رۆژئاوا دەدرەوشێتەوە)، بەڵام لایەنی ستایشو پیاهەڵدان کاریگەری خراپی هەبوە لەسەرمان، چونکە وایلێکردوین چاوەکانمان بنوقێنینو تەسلیمی ئەو خەونە بەختیارە ببین کە بەسەربەرزییەوە باسمانلێدەکرد، بەوەش لەسەر خەون شانازی بەباوباپیرانمانەوە بکەینو دواتر گومانبەرین بەوەی کە مەزنین، چونکە باوباپیرانمان مەزنبون، (جەماڵەدینی ئەفغانی) دەبێژێ"موسوڵمانان کاتێك پێیاندەڵێ مرۆڤ هەموی نەوەی ئادەمە، وەڵامدەدەنەوە بەوەی باوباپیرانمان ئاواو ئاوەها بون، هاوکات لەو خەیاڵەدا دەژین کە باوباپیرانیان ئەنجامیانداوە، بەڵام بیرناکەنەوە لەوەی لەسەریان پێویستە درێژە بەو

مەزنێتی‌و گەورەییەی باوباپیرانیان بدەن‌و ناکرێ دەستەوسان بوەستن، رۆژهەڵاتییەکان کاتێك بیانەوێ پۆزش بۆ ئەو تەمەڵییەی ئێستایان بهێننەوە دەڵێن: ئایا نابینن باوباپیرانمان چۆن بون؟ بەڵێ باوباپیرانتان پیاوبون، بەڵام ئێوە منداڵی ئەوانەن گەربتانەوێ، ناکرێ تەنها باسی شانازی باوباپیرانتان بکەن، مەگەر ئەوە نەبێ ئەو کاروکردەوانە ئەنجامبدەن کە باوباپیرانتان کردویانە".

لێرەوە دەڵێین: لایەنی هێرشی پراکتیکی گاڵتەجاڕی لەبەرهەمی رۆژهەڵاتناساندا بەنیسبەت ئێمەوە چاکترە لەلایەنی پیاهەڵدان، هەروەك ئەو پەندە ناوداڕەی دەڵێ "لەوانەیە شتێکی زیانبەخش بەکەڵك بێت" ئەم گاڵتەکردنەش بو بەپاڵنەرێك بۆمان بۆ ئەوەی لەحاڵەتی راوەستانی هزری دەربچین، کە پێشتر پێیگەیشتبوین‌و سەرلەنوێ دەربچینەوە لێی‌و رێنیسانسێك بەرپابکەین بۆ ئەوەی بیروبۆ چونەکانمان سەرلەنوێ بونیان بنێینەوە‌و رۆشنبیریمان بەشێوەیەکی رێکوپێك بگێڕینەوە، بەوەش پێشوازی لەو مەیدانبازییە دەکەینوەڵامی دەدەینەوە‌و لەو خەفەکردنە هەستینەوە، ئەمەش بەسەر راڤەکردنی (تۆینبی) بۆ شارستانییەتدا پراکتیکدەبێت کە پێیوایە، وەڵامدانەوەی مەیدانبازی بەمانای ئەوەدێ بەرپەرچدانەوەیەکی دیاریکراوی پێویست دەبێتەوە، ئەم بەرپەرچدانەوەیەش تەنها بەجێبەجێکردنی وزەو تواناکان نییە لەبەرپەرچدانەوەی هێرشەکەدا، بەڵکو بریتییە لەبەرپەرچدانەوەیەکی کارا کە دەگوێزرێتەوە بۆ هەڵوێستێکی بەهێز.

نابێت هەمیشە لەهەڵوێستی دەستدرێژیکراوەسەردا راوەستین، چونکە هەمیشە دەستدرێژیکراوەسەر لاوازە بۆیە پێویستە بارودۆخمان بگۆڕین،

ئەوەش نایەتەدی تەنها بەگۆڕینی بیروبۆچونمان نەبێت، ئێمەش دواکەوتونین بەهۆی کەمی شتمانەوە، بەڵکو دواکەوتوین بەهۆی کەمی بیروبۆچونمانەوە، کۆششەکانمان دەستپێدەکەین، بێگومان بارودۆخمان ناگۆڕێ تەنها بەگۆڕانی دەرونی خۆمان نەبێت (إن الله لايغير مابقوم حتى يغيروا مابأنفسهم).

بێگومان دەبێ دان بەوەدا بنێین رۆژهەڵاتناسیی بەلاوازی ئێمە بەهێز دەبێ، ئامادەیش پەیوەستە بەتێکشکانی راوەستاوی مەعریفەی جیهانی ئیسلامییەوە رۆژهەڵاتناسیی لەسنوری خۆیدا بەڵگەیەکی گرنگی ئامۆژگاری هزرییە هەر رۆژێك کە جیهانی ئیسلامی هۆشیاربوییەوەو هەستایەوە لەو راوەستاوییەی کە توشی دواکەوتنی هزریو شارستانی کردوە، ئەوا هەر لەو رۆژە خۆیدا، رۆژهەڵاتناسیی خۆی لەقەیراندا دەبینێتەوە، بەتایبەت رۆژهەڵاتناسیی سەرقاڵ بەئیسلامەوە، هەر ئەو رۆژەش هیچ هەوادارو هاندەرێکی نابینێ کە موخاتەبەی بکات نە لەئەوروپاو نەلەجیهانی ئیسلامیشدا، بەڵام بۆ ئەوەی زۆر بەرونیو زۆر بەدیاریکراوی هەستین بەروبەڕوبونەوەی رۆژهەڵاتناسیی پێویستە باسی هەندێ خاڵ بکەین کە بڕوامانواییە لەم بوارەدا کارێکی بنەڕەتین:

١-لەسەرمان پێویستە بەشێوەیەکی جیدی بڕوانینە بزاڤی رۆژهەڵاتناسیی والێکبدەینەوە کاریگەری گەورەو مەزنی لەسەر بەشێکی فراوانی رۆشنبیران لەجیهانی ئیسلامیو لەجیهانی رۆژئاواشدا هەیە، بۆیە دەبێ توێژینەوەیەکی رۆژهەڵاتناسیی بکەین نابێ بەوەش وازبهێنینو بڵێین ئەو شتانەی نوسیویانە قسەی بۆشنو ئەم قسە بۆشانە بەسەرجەم زمانە زیندوەکان نوسراونەتەوەو لەسەر ئاستی جیهانی روبەڕویان ببینەوە.

٢–لەسەرمان پێویستە ئێمەی موسوڵمان هەستین بەدەرکردنی ئەنسکۆلۆپیدیایەکی ئیسلامی بەزمانی عەرەبی‌و بەزمانە سەرەکییە ئەوروپییەکان کە بەلای کەمەوە لەروی پلاندانان‌و رێکخستنەوە بەرامبەر ئەنسکلۆپیدیای رۆژهەڵاتناسان بوەستێتەوە‌و لەروی زانستییەوە بەسەریدا سەربکەوێت، رۆژهەڵاتناسان لەپێش جەنگی دوەمی جیهانیدا هەستان بەدەرکردنی ئەم ئەنسکلۆپیدیایە‌و بەماوەی چەند ساڵێك هەستان بەبڵاوکردنەوەی، هەروەك پێویستە لەسەرمان تێڕوانینی ئیسلامی لەسەرجەم لقەکانی توێژینەوە ئیسلامییەکاندا بۆ موسوڵمانان‌و ناموسوڵمانان بگوازینەوە.

٣–لەسەرمان پێویستە هەمو کۆششەکانمان لەجیهانی ئیسلامیدا یەکبخەین بۆ دامەزراندنی دامەزراوەیەکی زانستی ئیسلامی جیهانی، کە ئینتیمای دۆستایەتی بۆ وڵاتێکی ئیسلامی دیاریکراو نەبێت، بەڵکو دۆستایەتی یەکەم‌و کۆتایی بۆ خوداو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لێبێت) هەبێ، بەمەش دەتوانێ سەرتاپا لێهاتویی زانستی ئیسلامی لەسەراپای جیهاندا کۆبکاتەوە‌و هاوشانی بزاڤی رۆژهەڵاتناسیی بەیەکسانی راوەستێ بەوەش پێویستی بەبڵاوکراوەی خولیی‌و گۆڤاری زانستی پلەبەرز هەیە، کە توێژینەوەکانی بەزمانی جۆراوجۆر بڵاوبکاتەوە، لەسەر گێڕانەوەی رەسەنایەتی هزری‌و سەربەخۆیی لەگۆڕەپانی هزری سەرەکیدابکات، ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە ئێمە لەجیهانی ئیسلامیدا دەژین‌و دانیشتوانەکەی لەهەزار ملیۆن زیاترە، هەمو توانایەکی دارایی‌و ئیمکانیاتی هەیە، بەڵام خاوەنی دامەزراوەیەکی زانستی نێودەوڵەتی نییە، کە هەمان توانای

زانستیو مادی دامەزراوە رۆژهەلاتناسییەکانی هەبێت، ئایا ئەمە کارێك نییە کە بانگمانبکات بۆ داخو حەسرەتکێشان؟

٤–پێویستمان بەدامەزراوەیەکی تەبشیریی جیهانی هەیە، مەبەستمان پێی بریتییە لە: بونی ئامێرێك بۆ بانگەوازی ئیسلامی لەدەرەوە لەلایەك بانگەواز بۆ ئیسلام بکاتو لەلایەکیترەوە چاودێری موسوڵمانان بکات، دەبێ پارێزگاری لەکولتوری موسوڵمانان بکات، جگەلەوەی دەبێ کتێبی ئیسلامی بەزمانی جیهانە زیندوەکان دەربکاتو بیروبۆچونە هەڵەکان دەربارەی ئیسلام لەمێشکی خەڵکیدا راستبکاتەوەو ئاینی ئیسلامیش بەشێوەیەکی زانستی بخاتەڕو، کە لەگەڵ عەقڵییەتی هاوچەرخدا بگونجێ، پێویستە چارەسەری ئیسلامی بۆ کێشە هاوچەرخەکانی مسوڵمانان پێشکەشبکات.

٥–هەروەها پێویستمان بەوەرگێڕانی وەرگیراو دەبێت کە ئامادەیبکەین بۆ ماناکانی قورئان بەزمانە زیندوەکان، تابەهۆیەوە رێگەدا بخەین لەسەر دەیەهاوەرگێڕانو بڵاوکراوە، کە ئێستا بەسەرجەم زمانەکان بڵاوکراونەتەوەو رۆژهەلاتناسان پێیهەستاون، لەزۆربەی کاتدا بەشێوەیەك دەرکراون پێشەکییەکانیان پڕن لەتانەو تەشەر لەئیسلام، دیسان دەبێ کۆمەڵێکی گونجاو لەفەرمودە راستەکان هەڵبژێرینو وەریبگرین بۆ ئەوەی لەگەڵ وەرگێڕانی ماناکانی قورئان لای ئەو موسوڵمانانەی کە بەعەرەبی نادوێنو لای ئەو ناموسوڵمانانەی کە دەیانەوێ لەسەرچاوە رەسەنەکانی ئیسلامەوە تێیبگەن هەبێت.

٦–کارکردن لەسەر پاککردنەوەی کولتوری ئیسلامی، تاوەکو دەبێتە خواردنێکی چاکی هزری بۆ موسوڵمانان، چونکە کولتور ئیسلامی شتی بەنرخی تێدایە، لەگەڵ ئەوەدا ئیسلام تەحەمولی خورافیاتو وەهمو ئیسرائیلییات ناکات،

کـه هەنـدێ کتێبـی کولتـوری ئیسـلامی گرتوەتـەوەو رۆژهەلاتناسـان هـەمو ئـەو شتانەیان بەکارهێناوە کە لەم کلتورەدا هەیە، لەمبارەیەوە ئەوەندە بەسە ئامـاژە بەنمونەیـەك بکـەین، ئـەویش بریتییـە لەچـیرۆکی (غـەرانیق)ی باسـکراو لەکتێبەکەیاندا، کە رۆژهەلاتناسـان جـەختی لەسـەردەکەنەوە، ئەگـەر تاوانباریـان بکەین بەوەی ئەوان شێت بون کەچی ئەوان ئەم تاوانبارکردنە بەرپەرچدەدەنەوەو دەلێین"ئێمە هیچ شتێکمان لای خۆمانەوە دانەهێناوە، ئایا چیرۆکەکە لەسەرچـاوە پشتپێبەسراوەکانی خۆتاندا نەهاتوە"؟.

٧–هەولّدان بۆ دەسـتێوەردان لـەبوارەکانی توێژینـەوەی زانسـتی عـەرەبیو ئیسلامییەکان لەدەرەوەو لەرێگـەی رێککەوتننامـەی رۆشـنبیرییەوە، کـە لـەنێوان ولاتـانی جیهـانی ئیسـلامیو دەولـەتانی ئـەوروپاو ئـەمریکا گرێـدەدرێ، ئـەوەش بـەناردنی مامۆسـتای لێهـاتو لەبەشـەکانی جیهـانی ئیسـلامییەوە بـۆ ناوەنـدە رۆژهەلاتناسییەکان وانەوتنـەوە تیایـدا، بـەوەش دەکـرێ بەشـێوەیەکی پلەبەنـدی بیروبۆچـونە ئەوروپییـەکان دەربـارەی ئیسـلام لەرێگـەی کـاری زانسـتییەوە راستبکرێنەوە، نەك تەنها لەرێگەی دروشمەوە، بڕواموایە ئێستا زانکۆکانی ئەوروپا ئامادەیی وەلاّمدانەوەی ئەم پێشنیازەیان هەیە.

سەرچاوە:

گۆڤاری (المسلم المعاصر)، ژمارە (٦٥،٦٦) ساڵی حەڤدەیەم (١٩٩٢–١٩٩٣).

مرۆڤی یەکمەودا !

د. موحسین ئەحمەد عومەر

پرسیار دەکرێ، مرۆڤی ئەم دەڤەرە، کوردستانو رۆژهەلات بۆچی مردوە؟ پرسیار دەکرێ مۆرڤی ئەم دەڤەرە بۆ یەکمەودایە (uni-dimension) بەزمانی هەندێکی دیکە تاکڕەهەندی، کە هەندێجار ئەمەی دواییان مانای گونجاو ناگەیێنێ؟ من پێم جوانترو گونجاوترە (مەودا..) بەکاربهێنم لەرەهەند، چونکە رەهەند لەروی رەگوڕیشەوە یەکەم مانای ئەوە ناگەیەنێ، بەڵکو بەمانای جۆگە دێ، کێشەی سەرەکی ئەم وشەیەش ئەوەیە هەمو لەسەری رێککەوتون رەهەند بەمانای مەودا دێ، ئەمەیان وەک پرەنسیپ کێشە دروستناکات، دەشێ هەمومان لەسەری کۆکبین، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە وشەی مەودا بۆ بزربو؟ هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆچی؟ ئایا کێشەکە پەیوەندی بەخۆنوێکردنەوەوە هەیە؟ راستە زمان هەمیشە لەگەشەدایەو کۆمەڵ هەر چەند ئاڵۆزبێ زمانیش ئاڵۆزدەبێ، دەگۆڕێ، وەک مۆدەو مۆدێلی نوێ، دیاردەو وشەی نوێ شوێنی هی کۆن دەگرێتەوە، بەڵام کۆن لەبەرچی وەزیفەی خۆی بزردەکا؟ بەتایبەتی لەناو کوردو رۆژهەلات هەمو شتێك لەسەرخۆ دەگۆڕێ، هەمو شتێك مردنو ژیانەوەی دەوێ، مەسەلەکە ئەوەیە، کە وشە بزر دەبێو دەگۆڕێ ئایا ئەقڵو بیرکردنەوەش دەگۆڕێ؟ من مەبەستم ئەوەیە بڵێم گۆڕانەکان لەکوردستانو رۆژهەلات هەر هەموی لەپەراوێزی ئەو کاریگەرییە مەزنانەوە پەیدادەبن، کە لەدەرەوە دێن، دەرەوەی ئازادو بیرکردنەوەی دروستو

زمـانی پوخـت، لەمـەش مەبەسـتم رۆژئاوایـە، رۆژئـاوا لـەناوەوەی خـۆی دەگـۆڕێو هەمیشـە لەپەیوەندییـەکی دروسـتدایە، جیهـانێکی ئـازادو دیموکراسیو ئابوورییەکی بەهێزو لەسەرەوەی هەموشیان رزگاربون لەوەهمی ئـایینو چـون بـەرەو بیرکردنـەوەی زانسـتی، بەتایبـەتیش رزگـاربونی مـرۆڤ لەئیزدواجییەتی پیرۆزو پیسی. بێگومان ئەم جیهانە ئازادە لەئەنجامی بـونی هێزێکی ئـابوریو سیاسـیو رۆشـنبیری دروسـت، کـە لـەناو ئیشـکالییەتێکی دروسـتو گونجـاودا دەژی، شـەبەنگی خـۆی دەگەیەنێتـە هـەمو شـوێنێك، بەتایبەتی شوێنە تاریکەکان، ئەم شوێنە تاریکانە ئێمە تیایاندا دەژین، بەڵام ئێمە لەبەرئەوەی باوەڕمان بەوەیە پیاو ئەگەر حـەمبالێیش بـێ دەبـێ پایـەی بەرزتربێ لەژنێکی نوسـەرو رۆشـنبیر، چـونکە لـەناوەوە لەئیزدواجییـەتێکی ئاییـنی لەشێوەی پیرۆزیو پیسی رزگارمان نەبوە،وڵاتی خۆمان زۆر بـەروناك دەبیـنین لەکاتێکـدا تاریکـە، بـەڵام بەراسـتی رۆژهـەڵات لـەناو خـەوێکی موگناتیسـی نێگەتیڤـدا دەژی، هـەر بۆیەشـە بیرکردنـەوەی دروسـت نییـە، مرۆڤەکانمان گشتیان تاکڕەهەندیو یەکمەوداین.

لێرەوە ئەگەر زیاتر بڕۆین دەکەوینە ناو پەخشـانی جـوان، جـا چـونکە کێشەی سەرەکی دورستکردنی جیهانێکی جوان نییە لەسەر ئاستی ئەدەبی، دەبینین راستەوخۆ مانا بـزر دەبـێ، ئەمـەش لەئاسـت واقیـعو ژیـانی شـێواو مرۆڤی تاکمەوداییی، یان باشتر لەئاسـت مردنـی مرۆڤـی ئێـرەو تـاریکی وڵات هیچ بایەخێکی نییە، کەواتە دەبێ ئێمە سەرنجی ناوەوە بدەین، بگەڕێینەوە بۆ کێشە سەرەکییەکان، پرسیاری گونجاو لەکوێیە؟ وەڵامی گونجاو چییە؟

تاسـاڵانی پـەنجاکانی سـەدەی بیسـتەم کاریگـەری جیهـانی رۆژئـاوا لەرۆژهەڵاتو کوردسـتان بەشـێوەیەکی نیمچـە دروسـت وەردەگـیراو سـودی

خۆی هەبو، ئەمەش بەپلەی یەکەم سیستمی عەلمانیو هێرشی پیشەسازیو مۆدێلی ژیانی رۆژئاوایە، سیستمی پلورالیزمی سیاسی، تاڕادەیەک توانیان مرۆڤی ئەم دەڤەرە پانو پۆڕە لەسەردەمی ئەفسون جادوگەریو فێڵو قاوەگرتنەوە وەهمو کوێرەوەری دەربێنن، هەمو ئەمانە لەرێگەی ئەو شۆکە شارستانییەوە دروستبون، کە رۆحی مرۆڤی ئەم دەڤەرەی دەهەژاند، سەرەنجام گفتوگۆو دەمەقاڵیی بەهێز هەبو لەنێوان بیرکردنەوەی زانستیو بیرکردنەوەی وەهم ئامێز، زانست هەمو شتێکی وردو خاشکرد، پیاوە ئایینیەکان لەناوەوە هەستیان بەتەحدایەکی زۆر گەورە دەکرد، لەبنچینەشدا ئەم هێرشانە بۆ خۆیان هیچ ناکۆك نەبون لەگەڵ پەیامی کۆتایی ئاین، بەڵام سەیرکردن لەگۆشەنیگای یەکمەوداییەوە لەم دەمەقاڵیو ناکۆکییە کێشەی گەورە دروستدەبو، لێرەوە شتێك چەکەرەیکرد، شتێك لەشێوەی هەستێك، سەرەداوێکی ئایدیۆلۆژی، کە دەیەوێ بەرەو توندوتیژی بچێ، ئەمەش هەموی دەگەڕایەوە ئەم پەیوەندیو ئەم هەڵکەوتەی مرۆڤەکانی ئەم دەڤەرە لەسەر پێیەکانی خۆیان نەبون کێشەکە لەبنچینەدا تێنەگەیشتنە، تێنەگەیشتنێکی شارستانی ئاڵۆز.

لەروی سیاسییەوە پەیوەندییەکان بەو جۆرە نەبون، رۆژئاواو رۆژهەڵات کوردستانی بەو شێوەیە نەخشەکێشکرد کە لەگەڵ ئاواتی سیاسی ئەوان بگونجێ، ئەمەش لەپێناوی دروستکردنی هاوسەنگییەك بو، دواجار ئەم هاوسەنگییە بتوانێ هێزی ئابوریو بەرژەوەندی مادی رۆژئاوا بپارێزێ، کێشەکە لەبنچینەدا ئەوە بو مرۆڤی ئەم دەڤەرەی ئێمە ئەو سەردەمەش لەسەر پێیەکانی خۆی نەبو، ئەوان لەناکاو دوای چوار سەد، پێنج سەد ساڵ خەوتن، کە رۆژئاوا هات لەدەرگای ئەوانیدا، لەناکاو لەناو خەوێکی

شارستانی ئالۆز قیتبونەوە، من لەو بڕوایەم ئەم مرۆڤە، کە لەم خەوە قورسە هەستاوەتەوە هێشتا دەموچاوی خۆی نەشوشتوە، واتە هێشتا لەسەردەمی خەوالۆبوندایە، ئەمەش بەمانا شارستانییەکەی واتە نوستنی ئەقڵ، نەبونی سەرنجو لێکدانەوە، ئەمەش لەسەر ئاستی رۆحی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و رۆشنبیری هەستی پێدەکرێ، سەرەنجام سەیرکەن ئێمە لەناو چ داڕزانێکی رۆحی کۆمەڵایەتی دەژین؟! ئایا ئەمە قسەکەی نیتشەمان بەبیرناهێنێتەوە، کە دەڵێ " پێشان دەیانگوت نەژادی مرۆڤ لەمەیمونەوە دێ، بەڵام خەڵکینە سەیرکەن ئەمرۆ مرۆڤ لەمەیمون مەیمونترە".

لەئەنجامی هاتنی بیری تاکڕەهەندی، بیری مرۆڤی یەکمەودایی، کە دەکا ئایدیۆلۆژی تاکڕەهەندی ئایدیۆلۆژی یەکمەودایی لەشێوەی دەوڵەتی پۆلیسی‌و فاشیستی وەك: رژێمی ئیسلامی ئێران، رژێمی کەمالیزم، رژێمی بەعسی فاشیست، وەهابیزم، رژێمە پان عەرەبیستەکان، رژێمە پانتورکیستەکان، رژێمە پان فارسیستەکان، ئەوانەی تەڕ دەسوتێنن لەجیاتی وشك، وشك دەخەنە ژێر خاك، ئاو دەبەنەوە سەرچاوە، چاوی مرۆڤ دەسوڕێنن، سەر هەڵدەقەنێنن، پێستت دادەماڵێنن، دەبینین پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، توێژو چینە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندی ژن‌و پیاو، خێزان‌و هەڵکەوتی خێزان لەلادێ‌و لەشار، دیمۆگرافی‌و کێشەی دانیشتوان، پەیوەندی سیاسی‌و زمان لەجیاتی گەشەیەکی هێمن‌و دروست، هەر هەموی لەناکاو کەوتنە ناو فۆرم هەڵکەوتێکی دیکە، کە هەمویان ناکۆکن لەگەڵ رۆحی بنچینەیی مرۆڤی ئەم دەڤەرە. ئەمڕۆ، ردێنی پان‌و پۆڕی پڕ لەمۆرو دەعبا شوێنی پیاوە ئاییەنیە هەنییە نورانییەکانی گرتوەتەوە، دیمۆگرافی

تێکچوە، خێزان هەیە پێنج کەسن لەماڵ هەر پێنجیان موچەخۆرن، خێزانیش هەیە دوانزە کەسن لەبۆ فلسێك دەرۆزە دەکەن. جوتیارێك دێتە شار لەئەنجامی تێکچونی ژیانی دێهاتیو نەمانی کشتوکاڵ بەکاریگەری ئەم فەلسەفە سیاسییانەی سەرەوە، لەلێواری شار لەناو خانویەکی گەورەی ناشیرین دادەنیشێ، لەناکاو توشی حاڵەتێکی مێتامۆرفۆز دەبێ، سەدان سەعات بەدەم گوێگرتن لەقورئانو گریان، وردەوردە بەریشدانانو لەبیرکردنی بیرکردنەوەی دروست، وێڕای کۆنترۆڵکردنی ژنو کچو منداڵەکان، وێڕای ناوە ناوە شەقو پێلاقەهاویشتن، دوای ماوەیەك بەقودرەتی قادر بەشێوەیەکی دیالێکتیکی دەبێتە ئەنتیگریست، بێگومان ئەو بێ ئەوەی ئاگای لێبێ، ئاوەهای لێبەسەر هاتوە، لەناکاو بیری خۆی لەشێوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، رۆحیو سیاسی، بۆ گەیشتن بەئامانجێکی نادیاروپڕ لەتەمومژ، بێ ئەوەی بتوانێ رستەیەکی دروست لەبیروباوەڕی خۆی پێشکەشبکات، بانگی پیاوسالاری دەکات، بانگی سیاسەتی پڕ لەتوندوتیژی دەدا، دەیەوێ بەزەمینەو رۆشنبیرییەکی کەم ئایندەی کۆمەڵێکی پانوپۆڕ بەرەو هەڵدێری رۆژگارو چارەنوسێکی خوار ببات، بەگشتی لەهەمو بوارەکان پیاوی لەمجۆرە زۆرە. ئەو سیاسەتوانانە بێننە بەرچاوتان بەڕێکەوت نەك بەکاری درێژخایەنو بیرکردنەوەی قوڵو بینینی ئازارو ئەشکەنجە، (نەك هەر ئەمە کە تاڕادەیەك نێگەتیف دێتە بەرچاو)، بەڵکو بەپاشخانێکی رۆشنبیری سادەو بێ خۆماندوکردن، یاخود بەهۆی ئاستی کۆمەڵایەتی دیاری لەروی ویراسەتەوە کە بۆی ماوەتەوە، دەکەوێتە ناو پلەیەکی بەرزی سیاسیو بڕیاردان، بەکورتی پیاوێکی سیاسی خەشیم، خەشیم بەتەواوی مانای وشە، کاردەکاتو بڕیاردەدا، ئەم مرۆڤە سەفەر دەکات بۆ رۆژئاوا، لەوێ سەرەڕای

شاگەشکەبون، درێژە بەو بێئاگاییە دەداو دەگەڕێتەوە ولاتەکەی، کەچی وەک ئەوەوایە هیچی نەبینیبێو دەڵێ "بەراستی ئەوروپا خۆشە ! ؟" لێرە بێ سێودو ئەوە لەم قسەیە دەخوێنیتەوە کەولاتی خۆی ناخۆشە، چونکە هێشتا مرۆڤی ئەم دەڤەرە لەناو بێئاگاییەکی شارستانی دەژی، هێشتا لەسەردەمی بۆرژانو خەوالوێی دەرنەچوە، هێشتا لەناو بۆتەی ئایدیۆلۆژی تاکڕەهەندیو زمانی دیسپۆتیزم دەژی.

سەرەنجام بەهۆی بچوکبونەوەی جیهان، واتە جیهانگیری، یان پاش سوپەر هێرشی جیهانی ئازاد، بیری نوێی رۆژئاوا، واتە فشاری مافی مرۆڤو دیموکراسیو ئازادیو سیستمی سوپەرلیبرالیزم، خەریکە هەمو کێشە ئایدیۆلۆژییە بۆگەنەکانی رۆژهەلاتی ناڤین، بەکوردستانیشەوە، واتە ئەم فەلسەفە تاریکانەی سەرەوە هەتا ئێستاوەک مۆتەکەیەکی مێژویی قورگی ئینسانی کوردییان گرتوە لەناودەچن، ئەمانەش هەمان ئایدۆلۆژیای خوارو خێچو سەقەتی کەمالیزمو فاشیزمو بەعسیزمو پان ئێرانیزمو پان تورکیزمو پان فارسیزمن..، ئەمانە ئێستاگۆڕ بۆ خۆیان لێدەدەنو خۆیان دەشارنەوە.

بەلام هەر ئێستا یەکێ لەئایدۆلۆژییە تاکڕەهەندەکان لەکوردستان بڕەوی هەیە، ئەمەش بریتییە لەئایدیۆلۆژی ئیسلامی سیاسی سەرچاوەکانی دەگەڕێتەوە بۆ گەشەسەندنی پان ئیسلامیزمی جیهانی یان وەهابیزم. ئیسلامی سیاسی تەنیا ئەوکاتە بڕەویسەند کە ئایدیۆلۆژیو مۆدێلەسیاسییەکانی دیکە، وەک ئەمانەی سەرەوە بەرەو مردن چون، ئەمانە وەک ئەلتەرناتیڤێکی راستەوخۆ جێگای ئەمانەی پێشویانگرتەوە، لەدوای نەمانی شەڕی ساردو روخانی دیواری بەرلینو جەنگەکانی رۆژهەلاتی ناڤین وەک قەقنەس (فینێکس) لەناو خۆڵەمێشی کوێرەوەری واقیعو سەردەمی

روخاو سەریاندەرهێنا، ئەگینا، ئەگەر ئاوڕێك بۆ مێژوی پێنجسەد ساڵی رابردوی کوردستان بدەینەوە، دەبینین سەرەڕای ژیانێکی سادەو ساکارومێژویەکی دور لەناکۆکی سیاسی، رۆژێك لەرۆژان مرۆڤی کورد هەستی نەکردوە پێویستی بەوە بوبێ حزبێکی ئیسلامی سیاسی دابنێ، لەهەمانکات کورد سودی لەئیسلام وەرگرتوەوەك ناسنامەو خۆجیاکردنەوەو کێشەی رۆحی، لەنێوان پێکدادانەکانی دو زلهێزی سەفەوی–شیعیو تورکی سوننی– حەنەفی.

کوردەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریی سەفەویو ئیمپراتۆریی عوسمانی لەمەسەلەی تێگەیشتنیان لەئیسلام لەکوردەکانی ئەمڕۆ زیرەکتر دێنە بەرچاو، ئەوان سەرەڕای بونیان بەخۆراکی شەڕو ئاژاوەو گێچەڵێ سەفەوییەکانو عوسمانییەکان، توانیان دەست بەئیسلامی تەقلیدی خۆیانەوە بگرن زیاتر شێوەیەکی کولتوری هەبو، وێڕای خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئاینزاکانیتری کوردستان، شەڕ لەکوردستان دوربخەنەوە. لەهەمانکات بێئەوەی بچنەسەر مەزهەبی سەفەوییەکان یان عوسمانییەکان، ئایین لەلای ئەوان زیاتر ناسنامەیەکی رۆحی کولتوری بو ئینجا سیاسی، بەکورتی ئەو ناسنامە رۆحییە لەگەڵ کوردو کوردبون هیچ ناکۆکییەکی نەبو، چونکە قەت نەگەیشتە ئەو ئاستەی شێوەیەکی سیاسی وەربگرێو مێژوی خۆیانی پێ رەشبکەنەوەو بیخەنە مەترسیەوە، لەسەردەمی نوێ ئاینزای قادری وەك خوێندنەوەیەکی نوێی کوردانەبو بۆ ئیسلام، ئەم ئایینزایانە لەگەڵ هەر دەسەڵاتێکی میرنشینی نوێ لەناو کورد خۆی نوێدەکردەوە، ئایینزای نەقشبەندی خالیدی موجەددیدی وەك کودەتایەکی گەڕانبو بەدوای ناسنامەی کوردیو خۆنوێکردنەوەو نەتوانەوە لەنێوان دو زلهێزی سەفەوی–شیعیو

عوسمـانی سـوننی–حەنـەفی، دواتـر، لەگـەڵ سـەرهەڵدانی بزوتنـەوەی نەتەوایەتی‌و هاتن‌و گەیشتنی ناسیۆنالیزم‌و خوێندنی نوێ‌و عەلمانییەت، ئەم ئاینزایانە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی فۆڕمیان گۆڕاو بزوتنـەوەی نەتەوایەتیـدا جێگایانی گرتەوە، یان فۆڕمی خۆیـان بـەفۆڕمی نەتەوایـەتی‌و ناسـیۆنالیزمی کـوردی گۆڕییـەوە، بێگومـان بزوتنـەوەی نەتەوایـەتی کـوردی تـەواوی ئـەم مێـژوە‌و ئـەم کولتـورە ئـاڵۆزەی لەپشـتە، هـەر بۆیـە شـتێکی ئاسـاییە لـە‌و سـەردەمانە ئیسـلامی سیاسـی لەشـێوەی حزب‌وگـروپ دروسـتنەبوە، ئـەم خوێندنەوەیە تاڕادەیەک بەسەر هەمو رۆژهـەڵاتی نـاڤین پـەیڕە ودەبـێ، ئـە‌و سەردەمە سەردەمی خۆنوێکردنەوە‌و خۆگونجاندنبوە لەگەڵ جیهـانی ئـازادو گـەڕان بـەدوای ناسـنامە، بێگومـان ئیسـلامی کـوردی دەبـێ زۆر جیـابێ لەئیسلامی فارسی‌و تورکی‌و عـەرەبی، هـەروەها کـوردی موسـڵمانیش دەبـێ جیابێ لەموسـڵمانی عـەرەب‌و تـورک‌و فـارس، کوردەکـانی سـەردەمی کـۆن‌و سەردەمی نوێبونـەوە زۆر بـاش لـەم نهێنییـە دەگەیشـتن، مێـژوی کـوردیش بێگومـان پـڕە لـەپیاوی مـەزن، کـە گـەواهی ئـەم ڕاسـتییە دەدەن، وەک نەهرییـــەکان، بابانـــەکان، قـــادری‌و نەقشـــبەندییەکان، بەتایبـــەتی موجەدیدییەکان ئینجا تادەگاتە شێخ مەحمودی نەمرو پێشەواو شـێخ ڕەزاو بارزانی مەزن‌و...

بـەڵام کوردەکـانی ئـەمڕۆ بەداخـەوە لـەم مێـژوە نەگەیشـتون، لـەم خوێندنەوەیـە دەرچـون، لـەناکاو لـەناو مێـژوی پـڕ لـە (زۆر ڕەهەنـدی – multi-dimension)ی مێژوو کولتوری خۆیان، کـە ئیسـلام‌و ناسـنامەی ڕۆحـی کوردایـەتی تێکیانـدەکردەوە تـا نەتوێنـەوە لـەناو عـەرەب‌و فـارس‌و تورک، لەناکاو کەوتنە ناو ئیسـلامی تاکڕەهەنـدی‌و یەکمـەودایی ئـەویش پـان

ئیسلامیزمە بەهەمو بزوتنەوەکانی، هێزە تراديسیۆنە سیاسیەکانی کورد رۆڵی سەرەکی دەگێڕن لەئیدارەو مێژوی هاوچەرخ، لەدوای روخانی یان لاوازبونی ئایدیۆلۆژییەکانی وەک کەمالیزمو بەعسیزمو فاشیزمی رۆژهەڵاتی ناڤین، بەتایبەتی لەم بیستو پێنج ساڵەی دوایی، لەئەنجامی ناکۆکی نێوان خۆیانو تێنەگەیشتنو نەبونی زمانێکی دیموکراسی لەنێوانیان، توانیان هەمان رۆڵی ئەمانەی سەرەوە بگێڕن لەهێنانی ئیسلامیزم بۆ کوردستان، ئاخر پان ئیسلامیزمی کوردی لەکۆی ناکۆکیو کوێرەوەرییەکانی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم لەدایکبوە.

ئەم پان ئیسلامیزمە لەگەڵ واقیعی کوردی ناتەبایەو هەڵکەوتێکی مەزهەبیو سیاسییەو دورە لەمێژوە کولتوورییەکەی ئیسلامی کوردی وەک ناسنامەی رۆحیو کورداییەتی، چونکە ئەگەر باوکی کورداییەتی ئیسلامی کوردی بێ ئەوا دەبێ لەشێوەی قادریو خالیدی موجەدیدیو نەهرییەکانو شێخ مەحمودو بارزانیو... بێ. ئەمانەی ئەمڕۆ خۆیان لەم کولتورە دادەبڕێنو دەیانەوێ بەرگێکی دیکە لەبەر مرۆڤی کوردی موسڵمان بکەن کە لەدەرەوە هاتوە.

سەرەنجام وەک دوا بزمار لەتابوتدان، ئەو پان ئیسلامیزمەی لەکوردستان وەک واقیعێک دروستبوە، رەنگە تەنیا ئەو کاتە بتوانێ شانسی ژیانی هەبێ خۆی لەگەڵ دیموکراسی بگونجێنێ، بەکورتی ئیسلامی دیموکراسی بێ بەهەمو مانای خۆی، ئەو کاتە دەتوانێ لەهێرش یان لەسوپەر هێرشی جیهانی ئازادو مرۆڤی ئازادو هێرشی جیهانگیریو سوپەرلیبرالیزم بگاو درێژە بەوجودی خۆی بدا، ئەو کاتەش ناچارە

بگەڕێتەوە سەر مێژو کولتوری خۆی، ئەمەش واتە راستەڕێگاو دەرچون لەبندەسەڵاتو چوارچێوەی پان ئیسلامیزم.

تێبینی: دەستەواژەی پان ئیسلامیزمو ئیسلامیزم لەدوای یان لەسەردەمی شەڕی سارد، پاش پەیدابونی (ئیخوانولموسلیمین) لەسعودییەو میسر کەوتەناو زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئەلمانی..، بەمانای ئیسلامی سیاسی دێ کە جیاوازە لەئیسلام وەك ئایین، ئەم وشەیە بەچەشنێکی دیکەش لەو زمانانە وەردەگیرێ وەك: موسڵمانی سیاسی، کە جیایە لەوشەی موسڵمانو مانا ئایینیەکەی، ئەم لایەنە ئەمڕۆ لەبواری رۆژهەڵاتناسی نوێ بایەخێکی زۆری پێدەدرێ، بەرادەیەك کۆمەڵێك لكو پۆپو دیسیپلینی نوێی لێبۆتەوە. بەگشتی ئایینو کولتورو ناسنامە لەکێشە نوێیەکانی رۆژهەڵاتناسییە.

رۆژهەڵاتناسیی و خوێندنەوەیەکی زانستییانە

گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر د. موحسین محەمەد حسێن

گفتوگۆی: ئارام عەلی سەعید
Aramee_ali@yahoo.com

رۆژهەڵاتناسیی بەعەرەبی ئەلئیستیشراق (الاستشراق)و بەفارسی (خاورشناسیی)و بەفەرەنسی (ئورایلێنتالیزم orientalisme) لەفەرهەنگە جیاوازەکاندا هەر دامەزراوەو نوسەرێکی جیاواز خوێندنەوەو شرۆڤەی جیا لەیەکیان بۆ کردوە، ئەویش بەپێی بیروباوەڕو دیدو بۆچونەکان.

ئایا ئەم بزوتنەوەیە لەروی پراکتیکەوە کەی سەریهەڵداوە؟ تەوژمی هزریی دیاریکراویان چی بوە.؟ پێوەندی ئەمانە تاچەند بەجولانەوەی کۆلۆنیالیزمو ئیمپریالیزمەوە هەیەو هەبوە؟ ئایا پێناسەیەکی ئەکادیمیو سەربەخۆ بۆ رۆژهەڵاتناسیی هەیە؟ پێوەندی نێوان ئەمانەو کوردناسەکان تاچەند هەبوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاریتر لەسەر رۆژهەڵاتناسیی تایبەت بەتەوەرەی تایبەتی گۆڤاری (کۆچ)، دکتور موحسین موحەمەد حسێن–مان دواند شارەزا لەرۆژهەڵاتناسیداو لەزۆربەی زانکۆکانی کوردستاندا ئەم وانەیەی لەئاستی خوێندنی بالادا بەقوتابیانی ماستەرو

دکتـۆرا دەڵێتـەوەو لەگـەڵ ئەمانەشـدا پسـپۆڕە لـەو بـوارەداو کتێبێکـی بەدەستەوەیە بۆ چاپ لەمەڕ ئەم بابەتە.

ئـارام عـەلی سـەعید: دور لەهـەر دەمـارگیرییو لایەنگیرییـەك لـەنێوان هەردو جیهانی رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا، کە هـەر لایـەو پێناسـەی خۆیـان هەیـە سەبارەت بەچەمکی رۆژهەڵاتناسیی، ئایا پێناسەیەکی یەکگرتو ئەکادیمی بۆ رۆژهەڵاتناسیی هەیە، کە کۆڕاییەکی گشتی لەسەربێت؟

د. موحسین: هەرچەندە ئەم چاوپێکەوتنە زارەکیەو بەنوسـین نیـە مـن نـاتوانم تـەعریفێکی وابکـەمو بڵـێم فـڵان وادەڵـێو فـڵان وادەڵـێ، بـەڵام رۆژهەڵاتناسـیی واتـا ئـەو نوسـینو بەڵگەنامانـەی رۆژئاوایـەکان لەسـەر رۆژهـەڵات نوسـیویانەو کۆیـان کردوەتـەوە، کەواتـە ئـەو نوسـینانەی هەیـە مـومکین نابێـت مەگـەر لەسـەر دو جیهـانی جیـاواز نەبێـت، هەرچـەندە مـن دابەشکردنی دو جیهانی جیاواز بەشـتێکی وەهمـیو خـەیاڵی دەزانم، چـونکە جیاوازییەکـە ئـەوە نییـە تـەنها لـەوڵاتی ئێمـە رۆژ زوتـر هەڵـدێت بۆیـە پێیـدەوترێت (رۆژهـەڵات) و لای ئـەوانیش ئاوادەبێـت بۆیـە پێیـدەوترێ (رۆژئاوا)، کاتی خۆیشی غەربییەکان دەهاتن بۆ ئێرەو شەڕیاندەکرد بـەناوی جیهانێکـەوە نـەدەهاتن پێـی بـوترێ غـەرب، بـەڵکو بـەناوی شـەڕی بەرژەوەندییەکانەوە دەهـاتنو هێـزی خۆیـان نیشـاندەدا. کەواتـە پێناسـەی سەرەکی بۆ رۆژهەڵاتناسیی تەنها ئەوەیە بریتییە (لەو لێکۆڵینـەوەو دیراسـە هەمە چەشنانەی رەنگیداوەتـەوە لەنوسـراوی رۆژهەڵاتناسـەکاندا دەربـارەی رۆژهـەڵات لـەئایینو زمـانو ئـەدەبو شارسـتانییەتو کولتـورو شـتەکانیتر)، ئەمەیە پێناسەی تەواو دروست بۆ ئەو چەمکەی پێیدەوترێت (الاستشـراق — رۆژهەڵاتناسیی).

ئارام عەلی سەعید: دەکرێ ئەم بزوتنەوەیە بۆ دەسپێکی کۆلۆنیالیزمو هێرشە داگیرکارییەکانی زلێهێزانی رۆژئاوا بۆ رۆژهەلات تەوزیفبکرێ، بەواتایەکیتر پێوەندی لەنێوان رۆژهەلاتناسیی‌و کۆلۆنیالیزمو ئیمپریالیزمدا هەیە؟

د. موحسین: نەخێر ئەوە راست نییە، من دەپرسم ئایا دەتوانیت هێرشەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی (٣٣٢پ.ز) بەهێرشی داگیرکاری ئیستشراقی ناوبنێیت؟ لەوەلامدا دەڵێم: نەخێر.! باشە کۆرش‌و قەمبیز نەچون میسرو ناوچەکانی دەوروبەریان داگیرکرد، هەروەها مەلیکەکانی ئاشوری‌و نەبوخوزنەسر نەچون ناوچەی فەلەستینیان داگیرکرد؟ دەبینی میسرو ئێران، فەلەستین‌و عێراق، دو دەوڵەتی رۆژهەلاتین، لێرەدا مەبەست لەهێزو دەسەلات بوە نەک سەپاندنی‌و ئایین‌و بۆچونێك، جگە لەمانەش خۆ ئەوکاتانە رۆژهەلاتناسیی بەهیچ شێوەیەك وجودی نەبوە.

ئارام عەلی سەعید: کەواتە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژهەلاتناسیی؟

د. موحسین: لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا شام‌و میسر سەر بەدەوڵەتی ئیمپراتۆری بێزەنتی بو لەسەرەتاوە، ئەوەبو دوچاری شکستبون، لەهەردو روی ئایینی‌و دەوڵەتداریەوە هەیمەنەی خۆیان بەرامبەر بەئیسلامەکان لەدەستدابو، زۆریان پێناخۆش بو، بیریان لەوەکردەوە بەرامبەر ئیسلامەکان بوەستن، ئەوەبو پێیاننەکرا، هەر لەسەردەمی ئومەوییەکانەوە بێزەنتییەکان کەوتنە ئەم قەیرانەوە، ئیتر هەر یوحەننای میسریی‌و دیمەشقی دەستیانکرد بەوەی چەند کتێبێك بەرەزامەندی ئومەوییەکان کە هانی مەسیحییەکانیاندا ئەگەر هاتو

ئیسلامییەکان هەرچی شتێکیان وت ئەوا ئێوە بەم کتێبو نوسراوانە وەڵامیانبدەنەوە، چونکە دەیانزانی ئیسلام زو تەشەنە دەکات، هەندێك لەنوسەران ئەم روبەڕوبونەوەیە بەسەرەتاو سەرهەڵدانی دەستپێکردنی ئیستیشراق لەقەڵەمدەدەن، لەکاتێکدا ئەم دو یوحەنناییە هەردوکیان رۆژهەڵاتین، کەواتە ئەمەیان هەڵەیە، چونکە کەنیسەی شەرقیو یوحەننای شەرقی بەچ پێوەرێك بەرۆژهەڵاتناسیی لەقەڵەمدەدرێت؟ ئەمە خۆی لەخۆیدا کۆمەڵێك شت بو تێکەڵکرا بەئەفکاری جیاواز، سەقافەی جیاواز، دوژمنایەتی، باوەڕنەبون بەیەکتری ناوی لێنرا ئیستیشراق، کەچی ئەوە لەراستیدا دیفاعکردن بو لەئایینێکی تایبەت کە مەسیحیەت بو، بەڵام هەندێ لەنوسەرەکانی ئێمە بەهەڵە بەئیستیشراق ناوی دەبەن.

دواتر دەبیینی فتوحاتی ئیسلامی بەرەو میسرو باکوری ئەفریقا بەردەوامبو، ئینجا سوپای ئیسلامی لەجەبەلتاریقەوە پەڕینەوەو چونە وڵاتی ئیسپانیاو داخڵی دەوڵەتێکی مەسیحی بون، کە ناوچەو نفوزی دەوڵەتی رۆمی بێزەنتی بو، لەبەر ئەوە ئەوکاتە کەشی ئیسپانیا لەباربو بۆ چونە ناوەوەی سوپای ئیسلام، تەنانەت هەندێك دەڵێن جولەکەکانیش لەدژی مەسیحییەکان یارمەتی ئیسلامییەکانیاندا، پاشان شەڕ بەردەوامبو تا ئیسلامییەکان داخڵی خاکی فەرەنساش بون لەوێ لای دو شاری فەرەنسا شەڕێك رویدا بەناوی (تور – پواتییە)، کە لەناوی دو شارەکەوە هاتوەو سەرکردەی ئیسلامییەکان ئەوکاتە بریتیبو لەعەبولڕەحمان ئەلغافیقی، ئەوەبو لەئەنجامی شکاندنی سوپاکەیان کوژراو جەنگەکەش ناونرا مەعرەکەت بیلاّت ئەلشوهەدا (معرکە بلاگ الشهداو) ئالیڕەوە غەربیەکان ترسو دڵەڕاوکێیەکی زۆریان بۆ دروستبو، لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلامەکان لەو

شەڕەدا شکابون، بەڵام هەر شاری ئەندەلوسیان دەستبەسەرداگرتبو، ئەوەبو دواجار ئەوروپییەکان لە (١٤٩٢) دا لەژێردەستیان دەرهێناوە، لێرەشدا هەندێ لەنوسەرەکان ئەوە بەسەرەتای دەستپێکردنی ئیستیشراق دادەنێت، ئەمەشیان هەروەکو ئەوی پێشوتر هەڵەیە، هیچ کات سەرەتای ئیستیشراق بۆ ئەم سەردەمانە ناگەڕێتەوە، باشترین بەڵگەی بەهێزیش بۆ ئەمە ئەوەیە ئەوکاتە نوسەرو لێکۆڵەرو گەڕیدەکان لەژێر هەیمەنەی دەسەڵاتی کەنیسەدابون، هیچ ئازادیەکی ئەوتۆیان نەبو لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئەوان بتوانن بگەڕێنو بێن بەدوای کولتورو شارستانییەتو نەریتەکانی رۆژهەڵاتدا بگەڕێن، ئالێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم ئیستیشراق بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی من کردومە بەشێوەیەکی بێلایەنی شتەکانیان کردوە، بەڵام ئەوکاتە، چونکە کەنیسە دەیوت دەبێت لەژێر دەستی ئێمەدابنو لایەنگریمان بکەن لەنوسینەکاندا، کەواتە ئەوانە موستەشریق نەبونو تەنها بەلایەندارییانە شتەکانیان نوسیوەو نوێنەری کەنیسەن نەک رۆژهەڵاتناسیی.

ئینجا هێشتا ئیسلامەکان لەئیسپانیا دەرنەچوبون، بەڵام شەڕ لەدژیان هەر بەردەوامبو، ئەوەبو جەنگی خاچدروشمەکان دەستیپێکرد، هەتا ئیبن ئەلئەسیر (ابن الأثیر) بەوەعیەکی ئیسلامیو قەومی دەڵێ "ئەو جەنگە بەسێ فەرع فەرعێك لەئیسپانیاوە دەستیپێکرد (ئەندەلوس)، فەرعێك لەسقلیە (ئیتالیا) فەرعێکی دیکەش بۆ سەر شامو فەلەستین دەستیپێکرد".

ئەم جەنگە دوسەد ساڵی خایاند، دیسان ئالێرەشدا هەندێ لەئەوروپییەکانو تەنانەت بەشێکیش لەشەرقییەکان ئەمە بەدەستپێکی بزوتنەوەی ئیستشراق دادەنێت، بەبۆچونی من لەروی ئەکادیمیشەوە

ساغبوەتەوە ئەمەشیان هـەر راست نییـە، لەوانەیـە ئـەم نوسـراوانە هەنـدێ لایەنیو مەوزوعییەتیان تێدابێت، بەڵام ناکاتە ئەوەی ناوبنرێ بەئیستیشراق. لێرەوە لەپاش دوسەد ساڵ شەڕکردن خاچدروشمەکان تێکشکانو گەڕانـەوە بەرەو وڵاتانی خۆیان لەئەوروپاوە دەستیانکرد بەکۆکردنەوەی زانیـاریی ورد لەسەرووڵاتە ئیسلامییەکان لەدابونەریتو ئـایینو زمـانو ئـەدەبو کولتـورو.. کەنیسە دەستیکرد بەبڵاوکردنەوەی تەوجیهات بەو مانایەی کـە کـاتی خـۆی بەر لەهاتنی ئایینی ئیسلام وڵاتانی شەرق بەشێکی لەژێر دەستی ئەواندابوە، دەیـانگوت (بـەیت لـەحم، قـودس، ناسـیرە)، مەگـەر شـاری پـیرۆزی مەسیحییەکان نەبون.؟ ئینجا دەستیانکرد بەکردنـەوەی کۆلێـژو پەیمانگـەی لیکۆڵینەوەو دانانی کورسـی تایبـەت بـۆ فێربـونو لێکۆڵینـەوەو شـارەزابون لـەزمانی عـەرەبی لـەزۆرێك لـەوڵاتانی ئـەوروپادا کـە لەسـاڵانی (١٣١٢) دابـو لەپێنج شاری ئەوروپادا، چـەندین سـاڵ پـاش ئەمـەش دیسـان ئەوروپیـەکان دوچـاری شکسـتێکی گـەورەبون لەسـاڵی (١٤٥٣) شـاری قوسـتەنتینیە لەدەستی رۆمە بێزەنتییـەکان دەرهێنـرا بەسـەرکردایەتی (سـوڵتان محەمـەد ئەلفاتح) ،وتیان: ئێمە لەئەندەلوس سەرکەوتین بەسەر ئیسـلامەکاندا، بـەڵام دەوڵەتی رۆمی بێزەنتین لەقوستەنتینییە روخاو پایتەختی مەسیحییەت گیرا لەلایەن موسـڵمانەکانەوە، جـارێکیتریش بـەم قۆناغـە تایبەتییـە وتـرا (ئەمـە سەرەتای ئیستیشراقە) ئەمەش بۆچونێکە لای هەندێ لەنوسەرەکان.

پـاش هـەمو ئەمانـە ئـەوەی بۆچـونی منـەو سـاغمکردوەتەوە ئەوەیـە سـەردەمی رۆشـنگەری (عصـر التنـویر) بەهـەنگاوی سـەرەتای ئیستیشـراق دادەنرێت، چونکە ئەو سـەردەمە لـەژێر دەسـەڵاتی کەنیسـەدا نـەمان، بـەڵام لوتکەی رۆژهەڵاتناسیی لەسەدەی نۆزدەهەمەوە دەستیپێکردوە، لەبەرئـەوە

زۆر بەتوندی لەو سەردەمەدا رەخنە لەکەنیسە دەگیرێت، بۆ نمونە: (ئارنست رینان)، ساڵی(١٨٩٢) مردوە، ئەوەندە دژی کەنیسە بوە کە خۆشی مەسیحی بوە، دەڵێ "ئەگەر لێم بپرسن تۆ دەتەوێ ببی بەئیسلام، من نەفی ناکەم" لەکاتێکا ئەم کابرایە زۆر رقی لەئیسلام بو.

ئارام عەلی سەعید: کەواتە تۆ ئیستیشراق بەپرۆسەیەکی مەعریفی‌و ئەکادیمی سەیر دەکەیت؟

د. موحسین: رۆژهەڵاتناسیی پرۆسەیەکی مەعریفی‌و ئەکادیمییە بۆ زانینی هەندێ شتی پێویست.

ئارام عەلی سەعید: ئەوە لەبۆچونەکانی جەنابت دەفامرێتەوە، نوسینەکانی بەر لەچەرخی تەنویر هیچی لەسەر رۆژهەڵاتناسیی ساغنابێتەوە.؟

د. موحسین: ئەو سەردەمانە سەردەمی خەیاڵات بون، هەرکەسەو بەئارەزوی خۆی شتی دەنوسی، ئەو بۆچونانە هیچیان راست نین.

ئارام عەلی سەعید: دەتوانین جولّەی ئیستیشراق بەتەوژمی هزری ناوزەد بکەین؟

د.موحسین: خۆی رۆژهەڵاتناسەکان لەژێر کاریگەری ئایینداشتیان نوسیوە، بەڵام ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە تەنها ئەم بوارەیان گرتبێت، بەڵکو بۆ بەدواداگەڕانی زانیاریی‌و شارەزایی‌و حەزکردن بەفێربونی کۆمەڵێك بوارو دیاردەی جیاواز (باب الفچول) دەگەڕان، دەیانوت بزانین ئەمانە کێن؟ مەبەست ئیسلامەکان بو، ئیتر فێری زمانەکانی عەرەبی، فارسی، کوردی، تورکی.. بون. بۆ زانینی کولتوری رۆژهەڵات بەگشت بوارەکانەوە،

بەشێکیتریشیان جگە لەمانە دەستیانکرد بەدیراسەی مەیدانیو بەرەو رۆژهەڵات هاتن وەکو(شاتۆ بریان، مارتین، لۆرتی..).

لەبەرئەوە ئێمە ناتوانین ناوی تەوژمێکی دیاریکراو بدەینە پاڵ ئەمانەوەکو (تەوژمی هزریی)، چونکە هەمو هۆکارو بوارەکان لەگەڵ یەکتری موتەفاعیلن، لێرەدا جیاکردنەوەی ئەمانە بۆ بوارێکی تایبەت هەڵەیە، بەڵام بەشبەش دەتوانین بڵێین لەروی سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئابوریو فەرهەنگیو بوارەکانیترەوە کاریاندەکرد، بەس ئەمانە هەمو پەیوەندیان بەیەکترەوە هەبوەو لێکدانەبڕاون، تەنانەت هەیانبو کەنیسە دەینارد بۆ روە ئایینیەکەی.

ئارام عەلی سەعید: ئایا رۆژهەڵاتناسەکان پۆلێن دەکرێن بۆ لایەنداریو بێلایەنی بۆ ئەو وڵاتانەیان، کە دەیاننارد، هەروەکو جیهانبینی ئیسلامیی پێیوایە ئەمانە بەتێڕوانینو بیرکردنەوەی دوژمنکارانەوە رویان لەرۆژهەڵات دەکرد؟

د.موحسین: هیچ مرۆڤێک نییە کاتێک شتێك دەنوسێت بیروبۆچونی خۆی نەبێت ئەوەی دەڵێت بێلایەنانە دەنوسم لەوانەیە خۆی بۆچونی وابێت، ئەگیناوانییە.! لەبەرئەوە جۆرێک لەئیلتیزام هەیە مرۆڤ کە دەنوسێ لەو چوارچێوەیەدا دەنوسێ، بەڵام خۆی ئاگای لەوەنییە، چونکە هەمو کەس ئەفکارو عەقڵو عاتیفەی هەیە، ناتوانێ خۆی لێ رزگار بکات، تەنانەت کامێراش بێلایەن نییە، چونکە ئەو کامێرایەی کە هەموێنەیەك دەگرێ مرۆڤێك هەڵدەستێ بەگرتنیوێنەکان ناتوانێ بێلایەنانە گوزارشتر لەو وێنەیە بکات کە پێیدەگرێت.

ئینجا ئەو نوسەرانەی رۆژهەلاتناسیی، کە لەسەردەمی رۆشنگەرییەوە هەستان بەنوسینەوەی یاداشتو بەدواداگەڕانی خۆیان، ئێمە ناتوانین بڵێین دەوڵەتەکانیان داگیرکەرو دوژمن بون نەیانتوانیوە سود لەو نوسراوانەی ئەوان وەرگرن بۆ داگیرکارییەکانیان، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر جار دەوڵەتە داگیرکەرە ئەوروپییەکان توانیویانە سود لەکتێبو نوسراوی نوسەری رۆژهەلاتناسیی وڵاتەکانی خۆیان وەرگرن بۆ هێرشو داگیرکارییەکانیان، منیش ئەگەر کتێبێکی پاکو باش دابنێم حکومەتەکەم داوام لێبکات، ناتوانم بڵێم ناتەدەمێ، ئەمەش مانای ئەوەنییە من موخابەرات بم یان رۆژهەلاتناسەکان موخابەرات بوین، بەڵکو حکومەتەکە کۆلۆنیالەو ئیمپریال ئەوەیان هیچ کات پەیوەندیی بەنوسەرە بێلایەنەکەوە نییە، کە ناوی خۆی ناوە بێلایەن هەرگیز ناشتوانرێ با نوسەرەکە بۆ خۆی ئیلتیزامو لایەنداری هەبێت، بەڵام ناکرێتە پێوەر بۆ ئەوەی خزمەتیان بەپرۆسەی دوژمنکارانەی وڵاتەکانیان کردبێت بۆ دەستبەسەراگرتنی رۆژهەلات، شتی وا زۆر کەمەو حەقوایە ئێمە واز لەو تێڕوانییەنە کلاسیکییە بهێنینو خوێندنەوەمان بۆ ئیستیشراق خوێندنەوەیەکی ئەکادیمی بێت، واتە لەسەرهەڵدانی چەرخی رۆشنگەرییەوە لەو جوڵەو حەرەکەیە بڕوانین ناوی (رۆژهەلاتناسی)یە.

ئارام عەلی سەعید: پەیوەندیی نێوان رۆژهەلاتناسیی لەگەڵ مژدەدەر(مبشر)ەکان چییە.؟ ئایا ئەم دوانە دو ئاراستەی جیاوازن یاخود تێکهەڵکێشو تەواوکەری یەکترن؟

د.موحسین: مەسەلەی موبەشیرەکان هەر هەبوە، لەزۆر لەوڵاتە ئەوروپییەکانەوە لەکۆنەوە کەسەکان دەنێردران بۆ رۆژهەلات بۆ بانگەوازکردن سەبارەت بەئایینی مەسیحی کە پێیاندەوترا موبەشیر(مبشر)،

ئەمانیش وەکو مافێکی ئایینی رەوایە بۆ خۆیان، تۆش دەتوانی ئیسلامیت بچیت بانگەواز بکەی بۆ دینەکەت کە پێیدەوترێ (دەعوە)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەستنەوەی موبەشیر بەرۆژهەڵاتناسەوە زۆر هەڵەیە ئێمە ناتوانین بڵێین پەیوەندییان نەبوە لەگەڵ یەکتردا ئەوەش حەقی خۆیانە، بەڵام ناوزەدکردنی موبەشیر یان رۆژهەڵاتناس بەناوی یەکترییەوە ئەوە هەڵەیەو راست نییە، هەرچەندە موبەشیرەکان نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ سەرکەوتوبن لەوڵاتانی ئیسلامیدا، چونکە خەڵک هەیە نەقدی دینی خۆی بکات، بەڵام کەس واز لەئایینەکەی خۆی ناهێنێ، تەنانەت لەوڵاتانی ئیسلامیدا ئەوانەش ناوی خۆیان ناوە عەلمانی هیچکات وازیان لەدینەکەیان نەهێناوە.

لەلایەکیتر سەیر بکەین ئێمەش لەوڵاتانیتر دینی ئیسلاممان بڵاوکردوەتەوە لەوڵاتی بوزییەکان، لەپاکستان، نیمچە دورگەی هیند (بەنگلادیش)، ئەندەنوسیا کە ئێستا گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامییە، ئەمانە پێشتر لەسەر ئایینی هیندۆسو بوزیو کۆنفۆشیۆس بون، بەڵام لەرێگای بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامەوە ئێستا هاتونەتە ناو ئیسلامو باوەڕیان بەدینەکەی ئێمە هێناوە، لەبەرئەوە موبەشیری مەسیحیو بانگەوازی ئیسلامیی هەردوکیان هەر دەعوەیە بۆ ئایینەکەیانو فەرقیان نییەو ئەمانە تەوجیهاتی ئایینین، نەك پەیوەندییان بەرۆژهەڵاتناسیی یاخود شتیترەوە هەبێت، کەواتە هەمو ئایینێك مافی خۆیەتی ئەفکاری خۆی بڵاوبکاتەوە، هەربۆیە موبەشیرەکان کاتێك شەڕیاندەکرد چەکی دەستیان بەکاریاندەهێنا بۆ مەسحیکردنی خەڵك، چەکی ئایین بو لەرۆژهەڵاتدا کە کاریان پێدەکرد.

ئارام عەلی سەعید: لێردا ئێمە چۆن ئامانجە ئاشکراو دیارەکانی رۆژهەڵاتناسان بزانین؟ یاخود تەبەننی بونی بزوتنەوەی رۆژهەڵاتناسیی خۆی لەچیدا دەبینێتەوە؟

د. موحسین: خۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی رۆژهەڵاتناسیی لەسەدەی نۆزدە هەمدابو، ئەوکاتە دەوڵەتانی ئەوروپا قوتبی هەمو جیهان بون، زانکۆو شوێنە ئەکادیمییەکان لەوڵاتانی ئەواندا هەبو، تەنانەت یابان نەبو بو بەو دەوڵەتەی ئێستا هەیە، ئەوان دەستیانکرد بەفتوحاتی خۆیان بۆ هەندێ لەوڵاتان بێئەوەی شارەزاییەکی ئەوتۆشیان هەبێ، بەڵام وەکو بواری شارەزایی‌و بەدوای زانیارییدا گەڕان ئەوروپییەکان یان ئەوانەی پێیاندەوترێ (رۆژهەڵاتناس)، هەروەکو چۆن کاتی خۆی گەڕیدە ئیسلامییەکان بەدوای زانیارییدا بەوڵاتاندا گەڕاون، ئەمانیش بەهەمان شێوە بۆ کۆکردنەوەی ئەوانە دروستبون‌و هاتن بەناوی رۆژهەڵاتناسییەوە بەوڵاتانی ئیسلامیدا گەڕان.

من کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم، لەئامانجەکانی رۆژهەڵاتناسیدا بریتیبو لەگەڕان بەدوای زانیاری‌و بەڵگەنامە لەسەر رۆژهەڵات، ئەمە ناکاتە ئەوەی نوسراوی رۆژهەڵاتناسەکان ئامانجە داگیرکارییەکانی نەهێناوەتەدی! بەڵکو ئەو نوسراوانە لەلایەن وەزارەتی موستەعمەراتی ئەو لاتانەوە سودیان لێوەرگیراوە، بەڵام ئەمانە لەئامانجی ئەوان دانابەزێنێت، بۆ نمونە رۆژهەڵاتناسێکی هۆڵەندی بەناوی (هروگرونیە) چو دیراسەی هەندێ ناوچەی ئەندەنوسیای کرد، یەکێك لەو ناوچانە ناوی (ئاچیە)یە، شوێنێکی بچوکە لەوڵاتە گەورەیەو مەسیحییە، ئەم نوسەرە کتێبەکان‌و نوسراوەکانی ئەوەندە کاریگەرییان لەسەر هۆڵەندا دروستدەکرد، دوایی هۆڵەندا چو ئەو شوێنەی داگیرکرد.

بەئاشکرا کتێبەکە دەیوت: وەرن ئەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەندەو کەسیش نییە بەرگرییەکی ئەوتۆ بکات، ئەوە بو نوسەرەکە دوایی لەوەزارەتی موستەعمەراتی هۆڵەندی بو بەفەرمانبەرێکی بەناوبانگ، کەواتە ئەگەر بڵێین ئەو نوسراوانە دەوریان نەبوە بۆ داگیرکارییەکان ئەوەوانییە ! بەڵکو گرنگ ئەوەیە نوسینەکان بەئینساف بو بێت، نەك ئامانجی داگیرکارییانە، زۆرجار رۆژهەڵاتناسەکان تیایاندا هەبوە دژی دەوڵەتەکەی خۆی وەستاوە، کە داگیرکاریی بۆ وڵاتێکیتر کردوە، بۆ نمونە: رۆژهەڵاتناسیی ئیتاڵی (ئەمیر کیتانی) دژی دەوڵەتەکەی راوەستاو وتی"چۆن دەچیت لیبیا داگیردەکەیت؟"، لەهەمانکاتدا ئەوەش هەبوە، شۆڕشگێڕی جەزائیر عەبدولقادر ئەلجەزائیری دەیگوت"چی تێدایە با ئێمە لەگەڵ فەرەنسا پێکبێینو سودیان لێوەر بگرین، بەڵام باوازمان لێبێنێ زمانو سەقافەو کولتور ئیسلامیی خۆمان بەکار بێنین"، هەروەها (لویس ماسینیۆن) کە رۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسی بو بەرگری لەجەزائیرییەکان دەکرد، هەروەها هەردو رۆژهەڵاتناس (مەکسیم رۆدنسۆنو جاگ بێرگ) دژایەتی کوشتنی جەزائیرییەکانیان کردوە لەروی وڵاتەکەیان (فەرەنسا) وەستان بۆ داگیرکارییەکانیان لەوڵاتی جەزائیردا، کەواتە نابێت هەمو رۆژهەڵاتناسەکان لەناو یەك سەبەتەدا دابنێین، باشە ئەوانەی بۆچونی خراپیان هەیە دژ بە رۆژهەڵاتناسەکان، کە رۆژهەڵاتناسیی بەناوبانگی ئینگلیزی (هارۆلدگیپ) موسوڵمان بو؟ وازی لەئاینی خۆی هێناو دەستیکرد بەخوێندنی سەقافەی ئیسلامییو موسڵمان بو، کەواتە دانانی موستەشریق بەدوژمنی خۆمان زۆر زۆر هەڵەیەو ئەوە تێنەگەیشتنە لەوان.

ئارام عەلی سەعید: رۆژهەڵاتناس بەشێوەیەکی گشتی کاریان لەسەر کولتورو ئەدەب‌و وەرگرتنی زانیاریی لەسەر رۆژهەڵات دەکرد، لەلایەکیتر کوردناسەکانمان هەیە بەتایبەتی وەزیفە‌و نوسینەکانیان لەسەر نەتەوەی کورد بوە، هەماهەنگی‌و خاڵی پێکەوە بەستراوی نێوان ئەمانە چییە؟

د.موحسین: رۆژهەڵاتناس هەبوە بایەخی بەکورد داوە لەنوسینەکانیدا وەکو (ئیسکۆ)و (مینۆرسکی) زۆریتریش هەبون راپۆرتیان بۆ دەوڵەتەکانیان نوسیوە، بەڵام باش نەبوە، چونکە ئەمانە راپۆرتەکانیان بۆ وەزارەتی موستەعمەراتی وڵاتەکانیان دەنوسی بۆ نمونە: دەیانوت میللەتی کورد شایستەی دەوڵەتداری نییە، ئیدی دەوڵەتەکانیشیان تەماشای زاری ئەمانیان دەکرد، بۆیە تا ئێستاوەزعی کورد بەو شێوەیەیە.

بەنیسبەت پرسیارەکەتەوە ئەوەی پێیدەوترێ (کوردناس)، ئەوانە لقێکن لەرۆژهەڵاتناسەکان، چونکە هەر لەناو خودی رۆژهەڵاتناساندا هەر کۆمەڵە کەسێك هەبوەو بایەخی بەشوێنو تایبەتمەندییەك داوە، ئەمانەش کوردناسەکانن هەر لەناو رۆژهەڵاتناسەکاندا بونو بایەخیان بەکورد داوە بۆیە پێیانوتراوە (کوردناسەکان)، نمونەیترت بۆ بهێنمەوە تاڵامەکەم رونبێت، بەشێك لەرۆژهەڵاتناسەکان هەبون تایبەتبون بەئەدەبیاتی فارس، بەشێك تایبەتبون بەئاشوریات، بەشێك لەسەر بەبەرەکان‌و لەهجاتەکانیان، بەشێك لەسەر مێژوی تورکەکانی ئاسیاو.. ئەوان راسپێردراون بەبچوکترین قوژینی رۆژهەڵات، هیچ شتێکی ئەو تۆ نەماوە ئەمانە دیراسەیان نەکردبێ، لەبەرئەوە کوردناسیش لقێکە لەوان‌و توانییویانە وەکو ئەوانەی سەرەوە باسمکرد لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر کوردیش بکەن.

ئارام عەلی سەعید: ئیدوارد سەعید لەکتێبی ئەلئیستیشراق (الأستشراق)ەکەیدا بەپێچەوانەی تێڕوانینە ئیسلامیو قەومییەکانەوە ڕەخنە لەبزوتنەوەی ڕۆژهەلاتناسیی دەگرێ، ئەوەکو عەلمانییەك لەپرۆسەی کارکردنی ئەمانە دەڕوانێو تێزو جیهانبینی خۆی بۆ ڕۆژهەلاتناسەکان هەیە، تۆ تاچەند لەگەڵ بۆ چونەکانی سەعید دایت؟

د.موحسین: ئیدوارد لەدانانی کتێبەکەیدا مەبەستەکەی ئەوە بو بڵێ"ڕۆژهەلاتناسەکان خەتابارن لەداگیرکردنی ولاتانی ڕۆژهەلات، هیچ مومکین نییە ڕۆژهەلاتناس بێت ویژدانەکەی لەسەر دەستێکی بێتو قەڵەمەکەی لەسەر دەستەکەیتری، ئەگەر لەپێناوی خزمەتکردن بەبەرژەوەندی نیشتمانەکەی نەبێت!".

من زۆر موعجەبم بەئیدوارد سەعید، بەڵام لەکتێبەکەیدا شتی دژیەك زۆرە، بۆچونێکی دەربڕیوە لەشوێنێکدا دیسان لەشوێنێکیتردا دژی بۆچونەکەی خۆی شتی وتوە، دواتر هەندێ شتیتری نوسی جگە لەو کتێبەکە پەشیمانبو، وتی: من زۆرشتم نوسیوە زۆر ئاساییە کەوام وتبێت، بەڵام ئێستاخۆم بەهەڵە دادەنێم، ئیدوارد لەبەرئەوەی هەندێ لەرۆژهەلاتناسەکان سەرسامبون بەبزوتنەوەی عروبەو نەتەوەیی عەرەبییەوە لەدژی ئەمانە ویستی ئیدانەی ڕۆژهەلاتناسەکان بکاتو بیانبەستێت بەجولانەوەی کۆلۆنیالیو ئیمپریالییەوە.

ئارام عەلی سەعید: تۆ سەرقالی کتێبێکیت لەسەر ئیستیشراق، هیچ خوێندنەوەیەکی نوێت هەیە لەسەر ئەم بزوتنەوەیە جیا لەتێڕوانینو خوێندنەوە کلاسیکییەکان، کە پێشتر هەبوە.؟ یاخود هەر نوسینەوەی هەمان بابەت دوبارە بکەیتەوە، کە لەسەر ئەمانە نوسراوە؟

د.موحسین: من لەکتێبەکەمدا ئەوە ئاشکرادەکەم با بەیەکچاو سەیری ئیستیشراق نەکەین، با راستگۆبین، ئەوەی ئەوان مەبەستیان بوە با ئێمە مەبەستمان نەبێت، من لەکتێبەکەمدا دەڵێم با ئێمەش دەستبکەین بەئەلئیستیغراب (الاستغراب) واتە: رۆژئاواناسیی، با ئێمەش بچین دەستبکەین بەدیراسەکردنو کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر ئەوان، هەروەکو پێشتر ئەوان لەسەر رۆژهەڵاتی ئێمە کردویانە.

من ئەوە دەڵێم ئەوەی وەسفی سەقافەی غەربی دەکاتو ئەوەی دژی سەقافەی غەربیە لەنوسینو کتێبەکاندا هەردوکیان هەڵەن، چونکە ئەوانە پێیاننناوترێت لێکۆڵەر، لەیەکیان شکاندنە لەیەکیان مەدحە، ئەم دوانە هیچیان راست نین، بەتایبەتی ئەوانەی کە زۆر دژی غەرب دەوەستن من ناویانم ناوە ئەلغەیورون (الغیورون)، واتە ئەوانەی غیرەتیان هەڵدەستێ نایانەوێ کەس قسەیان پێبڵێ، منیش دەڵێم نابێت کەس قسە بەشەرق بڵێ، باشە ئەگەر کۆمەڵێك عەیبمان تیا بو؟ ئەدی نابێت هەڵەکانی خۆمان بزانینو ببینین، لەبەرئەوە من لەکتێبەکەمدا ئەوە دەڵێم لەدەرەنجامی دیراسەکردنی غەربیەکاندا لەوانەیە کۆمەڵێك شتی باشو بەرژەوەندیی گەورە ببینین بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتیو هەندێ لەدواکەتوییەکانی خۆمان، خۆ ئێمە مەلائیکە نین هیچ هەڵەیەکمان نەبێت، ئەگەر هەڵەمان نییەو پێشکەوتوین، بۆچی لەژێرەوەی قائیمەی پێشکەوتنی میللەتەکاندا؟ من وتومە: با دەستپێبکەینو هەوڵبدەین، ئەوانەی نایەناوێ ئێمە پێشبکەوین ئەوانە دوژمنی سەرەکی ئێمەن! مەسەلەی ئاینیش مەسەلەیەکی ویژدانییەو کەس ناتوانێ رەخنە لەئاینێك بگرێو تەداخولی تێدابکات.

لەبەرئـەوە هـەر کەسـەو لـەتێڕوانینی خۆیـەوە بۆچـونەکانی لەسـەر رۆژهەڵاتناسـیی دەدەبڕێـت، تـۆ پێمبڵـێ خـاوەنی چ بۆچـونێکم، منـیش پێتدەڵێم بۆچونت لەسەر رۆژهەڵاتناس چـییە؟، پێویسـتە ئێمـە وایدانـەنێین هەمو موستەشریقەکان دوژمنی ئێمـەن واش سـەیرنەکەین هـەمویان دۆسـتی ئێمـەن، ئێمـە پێویسـتە سـودمەندبین لەدیراسـەکانیان، بـەڵام ئـەوەش بڵـێم ئیستیغراب مومکین نییە لای ئێمە نەجاحەت بێنێ، چونکە کەسانی شـارەزاو لێهـاتوی زانسـتیمان نییـە دیراسـەی غەربییـەکان بکـات، ئێمـە تائێسـتاش لـەدەزگا زانسـتیو ئەکادیمییـەکان فەشـەلمان هێنـاوە، زانکۆکانمـان وەکـو زانکۆکانی دەوڵەتان نییەو لەهەمو بوارەکانـدا کـەموکورتیان هەیـە، تائێسـتا ئینسـکلۆپیدیای ئیسـلامیمان نییـە، ئەگـەر هـەشمان بێـت ئـەوا بەعاتیفـە نوسیومانە، یاخود هی غەربییەکانە وەرمانگێڕاوە.

ئارام عەلی سەعید: کەواتە ئێمە پێویستمان بەدیراسەی ئەوان هەیە؟

د. موحسین: کاکە بۆچی ئێمـە لـەوان بترسـین؟ بـۆ دیراسـەیان لەسـەر نەکەین؟ بۆ زانینـت ئـەوان لەئێمـە دەترسـن!، چـونکە دەترسـنو بـەهێزنو پارەیان هەیە ئەوان دیراسەی ئێمە دەکەن، باشە پێویست نییە ئێمـە لـەوان بترسـین.؟ بـەڵێ پێویسـتە، کەواتـە مـادام لێیاندەترسـین دەبـێ دیراسـەیان بکەین، هەرچەندە لەوانەیە ئەگەر دەزگایەك دابنرێ بەناوی (رۆژئاواناسـیی)و پارەیەکی بۆ دابنـرێ، باوەڕموایـە ئـەو پارەیـە نیـوەی دەدزرێو دەکەوێـتە دەست پیاوی گەندەڵ، چونکە ئینسانی دڵسۆزو دەستپاکمان کەمـە، ئەگـەر دامەزراوەیەکییش هەبێت لەوڵاتی ئێمـە تـەنها دیکـۆراتو لاساییکردنەوەیەو هیچیتر!

ئارام عەلی سەعید: کتێبەکەت ناوی چی دەبێت؟

د.موحسین: بەخودای خۆشم بەتەواوی نازانم، ئەوەتا چەند ناونیشانێکم داناوە وەکو: (رأی فی الاستشراق لیس دفاعا عن استشراق)، دوایی نوسیومە: (الإستشراق والمسلمون محاولة لردم الهوّتشرق)، جارێکی دیکە نوسیومە: (صورة الإستشراق شرقاًء غرباً) جارێکی دیکە ویستم ناونیشانێکی یەکێك لەفەسڵی کتێبەکەی (صادق جلال العظم) وەرگرم کە لەسەر ئیستیشراقە، لەویش رازی نەبوم، ئینجا ناونیشانێکی ترم دانا بەناوی (حقیقة الإستشراق محاولة لردم الهوة بین الثقافات) ئەمەشم کرد بە(لتجسیر الهوه بین الثقافات) واتە دروستکردنی پردێك لەنێوان دو سەقافەدا، واتە تاکەی دوژمنی یەك بین، لەبەئەوە تائێستا لەسەر ئەم ناونیشانە جیاجیایانە ساغ نەبومەتەوە بۆ بەرگی کتێبەکەمی هەڵبژێرم.

ئارام عەلی سەعید: کتێبەکەت عەرەبییە، دەتەوێت لەکوێ چاپی بکەیت؟

د. موحسین: نازانم لەکوێ چاپی دەکەم، نە لەکوردستانو نە لەعێراقیش چاپی ناکەم، لەبەرئەوەی نامەی دکتۆراکەم (١٠ – ١٢) جار لەبەیروت چاپکراوەو حەزناکەم خۆم وەسفیبکەم، کە لەسەر سوپای سەلاحەدینی ئەیوبی بو کرا بەکوردی، بەڵام لەبەرئەوەی لەهەولێرو سلێمانی هەریەکەو بۆچونێکیان هەبو بەرامبەرم، کە سەر بەچ حزبێکم بۆیان چاپ نەکردم، تادواجار پرۆژی (تیشك) بڕیاری چاپکردنیاندا، هەربۆیە لەدەرەنجامی ئەمەدا ئەم کتێبەم لێرە چاپ ناکەم.

ببلۆگرافیای د. موحسین:

–ساڵی ١٩٤١ لەهەولێر لەدایکبوە.

–ساڵی ١٩٥٨ قۆناغەکانی خوێندنی لەهەولێر تەواوکردوە.

–ساڵی ١٩٦٢ بەشی مێژوی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدای تەواوکردوە.

–ساڵی ١٩٧١ بڕوانامەی ماستەری لەبەغداوەرگرتوە بەم ناونیشانە: (اربیل فی العهد الاتابکی).

–ساڵی ١٩٨١ بڕوانامەی دکتورای لەهەمان کۆلێژ وەرگرتوە بەناونیشانی (الجیش الایوبی فی عهد صلاح الدین).

–نۆ دانراوی هەیە لەهەولێر، بەیروتو عەممان چاپکراون.

–گرنگییەکی زۆری بەفەلسەفەی مێژو، نوسینی مێژویی، رۆژهەلاتناسیی، میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژویی، گروپە ئیسلامییەکان، هزریی سیاسیداوە.

–لەبەغدا، لیبیا، هەولێر، سلێمانیو کۆیە سەرپەرشتیاری چەندین نامەی ماستەرو دکتۆرای لەو بوارانەی سەرەوەدا کردوە.

–ئێستا لەزانکۆی هەولێرو سلێمانی لەخزمەت بەردەوامەو سەرپەرشتی زۆرێك لەنامەکانی ماستەرو دکتۆرا لەبەشی مێژوی ئەو زانکۆیانەدا دەکات.

لە رۆژهەڵاتناسییەوە بۆ رۆژئاواناسیی

"وەك هەنگاوێكی گرنگ بۆ بەتیۆریزەبونی بیری پێكدادانو ململانێی شارستانیەتەكان"

زریان حاجی

مامۆستای زانكۆو قوتابی دكتۆرا

پێكدادانو ململانێی شارستانیەتەكان لەمڕۆدا لەهەمو كاتێكیتر زیاتر میدیاكانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵكردوەو زۆربەی لایەنە هزریەكانی جیهانی ئەمڕۆش هەوڵدەدات لەسەر ئەم بابەتە خۆی داڕێژێتەوە، بەتایبەتتر بۆ شیكارو لێكدانەوەی روداو هەڵاوێرەكانی دنیا، دیارە ئەم بابەتە لەدوای هێرشەكانی (١١ی سێپتەمبەر)ەوە زیاتر پەرەیسەند، ئەویش بەبڵاوبونەوەی كتێبی (پێكدادانی شارستانیەتەكانی) (سامۆیل هنتنگتۆن)ی ئەمریكی، كە تیایدا باس لەتیۆریەكەی خۆی دەكاتو وای دادەنێت دنیا لەنێوان دو شارستانیەتو چەندین ئایندو كولتورو خونەریتی جیاجیادا دابەش بوە، ئەمەش بۆخۆی كاریگەری هەیە لەسەر سەرجەم جیهانو بەردەوام ئەم ململانێیانەش لەپەرەسەندندانو بۆ جێگاكردنەوەی خۆیانو سەپاندنی شارستانیەتی خۆی بەسەر بەرامبەردا، ئیدی ئەمە بەهەر ڕێگایەك بێت، هەروەها پێیوایە بزوێنەری مێژو لەمەودوا لەجیهاندا ململانێی چینەكانو تەنانەت كێشمەكێشو ململانێی نێوان نەتەوەو دەوڵەتانیش نیە، بەڵكو ململانێیەكی توندی نێوان شارستانیەتەكانە، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە

زۆر کەس پێشەنگی لەم بوارەدا بۆ داهێنانی ئەم بیرە دەداتە ئەم کەسایەتییە، بەڵام بەبۆچونی ئێمە ئەمە راست نیە، چونکە چەندین بیریارو فەیلەسوفی گەورەمان هەیە، کە لەپێش ئەمدا ئەم بیرەیان هەبوە، بۆنمونە بیریارێکی وەك (تۆینبی)، کە بۆخۆی بیری (التحدی والاستجابە)ی داناوەو هەروەها چەندین نوسراو کتێبیشی لەبارەی ململانێی شارستانیەتەکانەوە هەیەو ئەم لەساڵی (١٩٤٧) دا کتێبێکی بەناوی (الحچارە فی المیزان) شارستانیەت لەترازودا، داناوەو لەم کتێبەدا بەشێکی گرنگی تەرخانکردوە بۆ بابەتی ململانێی شارستانیەتەکان، لەپێش ئەمیش چەندین هەوڵی دیکە هەبوە لەوانە (شپنگلەر)، کەئەم داهاتنو لەناوچونی شارستانیەتەکانی بەشێوەی وەرزەکانی ساڵ وەسفکردوەو پێیوایە چۆن وەرزەکانی ساڵ لەبەهارەوە بۆ هاوینو پاشان هەڵوەرین لەپایزداو پاشان بەرەو زستان دەڕۆن شارستانیەتیش هەروایە، ئەو پێیوابوە کاتێك شارستانیەتێك دەکێشێت بەشارستانیەتێکی تردداو داگیری دەکات، ئەوا شارستانیەتی ژێرکەوتو تەواو لەناوناچێت، بەڵکو لەگەڵ شارستانیەتە سەرکەوتوەکەدا کارلێك دەکاتو دەرەنجام شارستانیەتێکی نوێ دروستدەبێت، هەروەك لەکتێبی (تدهور الحچارە الغربیە) زیاتر لەبارەیەوە دەدوێت، هەروەها (هیگڵ)و پاشان (نیچە)یش لەمبارەیەوە دواون، لەپێش ئەمانیش (ابن خلدون) دیارە، کە بۆچونی تایبەتی لەبارەی شارستانیەتەکانەوە هەبوە، شارستانیەتی بەپێی ناوچەکانی ساردو گەرمو فێنك دابەشکردوە، بەهەرحاڵ ئەم بابەتە بەجێی خۆی، پێم باش بو وەك سەرەتایەك بۆ چونە ناو بابەتەکەوەو بۆ ناساندنی گرنگی زیاتری بابەتەکە بەخوێنەر باسی بکەم، ئەگەرنا ئەمە زۆرتر هەڵدەگرێو ئێمەش باسکردنی هەڵدەگرین بۆ

لێکۆڵینەوەیەکی تر. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە لێی بدوێین کارەکتەرێکی گرنگی هزری بواری پێکدادانو ململانێی شارستانیەتەکانە ئەویش بابەتی رۆژهەڵاتناسیە، کە ئێمە دەیبەستینەوە بەهەمان تیۆریای پێکدادانو ململانێی شارستانیەتەکانەوە، ئەمیش بەگەڕانەوە بۆ کاتی سەرهەڵدانو زاراوەو گرنگترین قوتابخانەو ئەو کەسایەتیانەش لەوبوارەدا کاریان کردوە، پاشان هەوڵدەدەین لەبابەتی رۆژئاواناسیی بدوێین وەڵامی ئەو پرسەش بدەینەوە کە بۆچی ئێمە دیاردەی رۆژئاواناسیمان نیە؟ یاخود بۆچی تائێستا بەشێوەیەکی بەرفراوان رۆژهەڵاتیەکان نەیانتوانیوە بۆ خۆیان لەسەر ئاستی قوتابخانەی هزریو زانستیو فەلسەفی لەڕۆژئاوا بکۆڵنەوە؟، لێرەوە هەوڵدەدەین بابەتەکەمان بەچەند تەوەرەیەك روون بکەینەوە:

یەکەم: رۆژهەڵاتناسیی لەڕوی زاراوەو سەرەتای سەرهەڵدانیەوە:

رۆژهەڵاتناسیی لەڕوی زاراوەوە بەواتای لێکۆڵینەوەو پەیجۆریی وردی غەیرە رۆژهەڵاتیەکان دێت تاشارەزای رۆژهەڵات ببن لەڕوی شارستانیەتو کولتورو زمانو رۆشنبیریو هزرو زانستو ئایندو شوێنەوارو خونەریتو ئابوریو سامانە بەنرخەکانی رۆژهەڵاتو لایەنی بەهێزو لاوازی لەڕوی سوپاو تواناو لێهاتنەکانو سەرجەم لایەنەکانیتر ئیدی ئەمەش بۆ چەند مەبەستێکی جیاواز، لەوانە بۆ مەبەستی ئایندیو بڵاوکردنەوەی ئایندی مەسیحی هەروەك لەسەرەتای (مژدەدەر)ە مەسیحییەکانەوە بەدەر دەکەوێت، یاخود بۆ مەبەستی سەربازی، ئەمەش وەك بەدرێژایی شەڕەکانی نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوا بەدەردەکەوێت، هەر لەسەردەمی یۆنانی لەرۆژئاواو ئەخمینیو ئەشکانیەکان لەرۆژهەڵات تادەگاتە سەردەمی ئیسلامیو جەنگی

خاچـیەکانو دوایـش بـۆ سـەردەمی ئیسـتیعماری ئـەوروپی لەرۆژهـەڵاتو ئێستاشـی لەگەڵـدابێت. لەگـەڵ ئەمەشـدا لایـەنی ئـابووری رۆژهـەڵات بـۆ مەبەستەکان رۆڵی خۆی هەبوە لەلای رۆژهەڵاتناسان، بەڵام سەرباری ئەمانـە چـەندین رۆژهـەڵاتناس هـەبون بـۆ مەبەسـتی شـارەزایی‌و زانسـت هاتونەتـە ناوچەکانی رۆژهەڵاتو هەروەها لێکۆڵکاریان لەرۆژهەڵات کردوە. بەڵام لەڕوی سـەرەتای سـەرهەڵدانی رۆژهەڵاتناسـیەوە نـاتوانین کـاتێکی دیـاریکراوی بـۆ دابنـێین‌و چـەندین بیروبۆچـونی جیـاواز لەمبارەیـەوە هەیـە، مێژونوسـان‌و پسپۆڕانی بواری رۆژهەڵاتناسیی هەریەکەو بەجۆرێك لێکدانـەوەی خـۆیکردوە سەبارەت بەسەرەتای دەرکـەوتنی، هەنـدێك پێیوایـە سـەرەتای دەرکـەوتنی ئـەم دیاردەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ هـەزاران سـاڵ لەمـەو پـێش‌و بـۆ سـەردەمی یۆنانییەکان، کە چەندین کەسیان هاتونەتە ناوچەکانی ئـەو کـاتی رۆژهـەڵات لە(میسرو میزۆپۆتامیا)و ناوچەکانی تـرو لێکۆڵینـەوەیان لـەبارەوە کـردون‌و لەسەریان نوسـیون، وەك نوسـینەکانی (هیرۆدۆتـس‌و هـۆمیرۆس)ی یۆنـانی‌و چەندانی تر، کە ئەم کەسایەتیانە خزمەتێکی گـەورەیان بەمێـژوی رۆژهـەڵات کردوە‌و بەباوکی مێژو ناو دەبرێن، بەتایبـەتی کاتێـك لایەنـەکانی ژیـانی ئـەو کاتـەی رۆژهـەڵاتیان نوسـیوەتەوە ئـەوەی لـەدەرەنجامی گـەڕانی خۆیانـدا بینیویانە، تۆماریان کردوە، کەواتە هەر لەمکاتەوە بیری گەڕان بەرۆژهەڵاتـدا لەلایـەن رۆژئاواییەکانـەوە سەرچـاوەی گرتـوە‌و هەوڵیانـداوە لـەم وڵاتانـە تێبگەن‌و شیکاری خۆیانی تێدا بکەن‌و ئەگەر بشکرێت شارستانیەتی خۆیانی تیادا بڵاوبکەنەوە‌و بەسەر ئـەم شارسـتانیەتەدا بیسـەپێنن، ئەمـەش کرۆکـی پێکـدادان‌و ململانێـی شارسـتانیەتەکان بـوە هـەر لەکۆنـەوە تـا ئـەمڕۆ چ لەرۆژهـەڵات یـان لـەڕۆژئاوا بـۆ سـەپاندنی شارسـتانیەتی خـۆی بەسـەر

بەرامبەردا، بەڵام زیاتر چەکەرەبونی ئەم بیرەو کار بۆکردنی بەشێوەی رێکخراو دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ دوای بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلام بەشێوەیەکی بەرچاو لەرۆژهەڵاتداو هەروەها هەوڵە فراوانخوازیەکانی ئەم ئاینە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەو بانگەوازکردن بۆی، کە هەندێکجار ئەمە لەبەرژەوەندییەکانی رۆژئاوای دەدا، بۆیە رۆژئاواییەکان زۆرجار بەهاندانی کەنیسە لەهەوڵی ئەوەدابون بەردەوام روەو رۆژهەڵات بێنو شارەزای بابەتەکانو لایەنی رۆژهەڵات ببنو سەرجەم لایەنەکانی سیاسیو سەربازیو ئابوریو ئاینی رۆژهەڵات تاوتوێ بکەنو هەوڵبدەن زۆرجار گومانیش بۆ ئاینەکەیان دروستبکەن، لێرەوە هەندێك کەس سەرەتای ئەم رۆژهەڵاتناسیە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوکاتەی دەوڵەتی ئومەوی لەئەندەلوس دروستبو لە (ئیسپانیای ئەمڕۆ)، کاتێك ئەوروپیەکان نوێنەری خۆیان دەنارد بۆ ئەم وڵاتەو لەوێ لەخوێندنگە باڵاکانی ئەو سەردەم زانستەکانیان دەخوێند، سەرباری ئەمانەش هەندێکیتر ئەم بابەتە بۆ سەرەتای شەڕی خاچیەکان دەگێڕنەوە لەسالّی (١٩٠٥)، کاتێك هێرشدەکەنە سەر رۆژهەڵات بەفەرمانی کەنیسە، ئەمەش لەپاش شکاندنیان ئیدی رۆژئاواییەکان دەکەونە خۆئامادەکردن بۆ لێکۆڵکاری لەرۆژهەڵاتداو لەبەدوادا گەڕانی فاکتەرەکانی سەرکەوتنیانو لێرەوە دیاردەکە پەرەدەسێنێت.

لەپاش ئەم بابەتانەوە دیاردەی رۆژهەڵاتناسیی وەك دیاردەیەکی گرنگ لەلایەن رۆژئاواییەکانەوە گرنگی پێدراو پێشخراو بەشێوەی رێکخراو بەفەرمیو لەشێوەی قوتابخانەدا هاتنە رۆژهەڵاتو چەندین قوتابخانەی رۆژهەڵاتناسیی ئەوروپی دامەزرانو چەندین لێکۆڵینەوەی گرنگیان لەبارەی رۆژهەڵاتەوە لەسەرجەم بوارەکاندا ئەنجامداو چەندین بواری داراییشیان

لەلایەن دەوڵەتەکانەوە، یاخود کەنیسەوە بۆدابین دەکرا، لەدیارترین ئەم قوتابخانانەش خوێندنگەی بەریتانی‌و خوێندنگەی فەڕەنسی‌و خوێندنگەی هۆڵەندی‌و خوێندنگەی ئەڵمانی، پەیمانگەی رۆژهەڵاتناسیی روسی بون.

دوەم: کاریگەری رۆژهەڵاتناسان لەسەر رۆژهەڵات:

بەتێڕوانینمان لەمەبەستەکان‌و لەو بوارانەی رۆژهەڵاتناسان کاریان تیاداکردوە ئەتوانین بڵێین کاریگەریان هەبوە لەسەر رۆژهەڵات‌و لەچەند لایەنێك توانیویانە ئەم ئەرکەی خۆیان بچەسپێنن لەدیارترینیان:

١–لایەنی ئاینی: دیارە هەر لەسەرەتاوە بەفەرمانی کەنیسە، دیاردەی رۆژهەڵاتناسیی سەریهەڵداوە‌و پەرەیسەندوە، رۆژهەڵاتناسان هەوڵەکانیان لەم بوارەدا چڕکردۆتەوە ئەم لایەنەش دو مەبەستی سەرەکی گرتۆتەوە:

یەکەمیان، بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی‌و خەڵکی بۆلای ئەم ئاینە، کە لەم ئەرکەدا تاڕادەیەك ئەگەر کەمیش بێت ئەرکەکانیان ئەنجامی هەبو، وەك بڵاوبونەوەی مەسیحیەت لەوڵاتانی ئەفریقیاو هەروەها چەند وڵاتێکی تری ئاسیا سەرباری ئەمانەش چەند هەوڵێکیاندا بۆ بڵاوکردنەوەی لەنیمچە دورگەی عەرەبی، بەڵام نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

دوەمیان، بۆ گومان دروستکردن لەسەر ئاینی ئیسلام‌و بەتایبەتیش لەسەر قورئان‌و پەیامبەری ئیسلام‌و هەروەها چەندین لایەنیترو هەوڵدان بۆ دورخستنەوەی خەڵکی ئەم وڵاتانە لەم ئاینە. لەم بوارەشدا تاڕادەیەك سەرکەوتنیان بەدەستهێناو توانیشیان چەندین بیرو هزری رۆژئاوایی وەك ئایدۆلۆجیا لەناو خەڵکانی ئەم وڵاتانەدا بڵاوکەنەوە بۆ نمونە (لویس ماسینیۆن) یەکێکە لەگەورە رۆژهەڵاتناسانی فەڕەنسی، راهێنەرو

دروستکەری (میشێل ئەفلەقی) دامەزرێنەری حیزبی بەعس‌و هزری بەعسی عەرەبی‌و قەومیەتی عەرەبی بوە، کە میشیل ئەفلەق بۆ خۆی مەسیحیش بوە، هەروەك لویس ماسینیۆن دەڵێت" میشیل ئەفلەق زیرەکترین قوتابیەکانم بوە"، سەرباری ئەمانەش رۆژهەڵاتناسان کۆمەڵێك گۆڤاریان دەرکردوەو تایبەتمەندبون بەبواری رۆژهەڵاتناسیەوە، بەڵام لەم گۆڤارانەدا تەنها شیکاری زانایانی رۆژئاوایان بۆ ئیسلام بڵاودەکردەوەو هەرچی لێکۆڵینەوە زانستیە تایبەتیەکانیشیانە لەلایەن زانایانی پسپۆری بوارەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێتو پێشکەشی چینی سیاسی‌و چینی کەنیسەیان دەکرد تا یارمەتیانبدات بۆ بواری سیاسی بەسەر رۆژهەڵاتدا سەرکەون‌و بۆ لایەنی ئاینیش بۆ یارمەتیدانی زیاتری بواری تەبشیر، بۆ نمونە (ئۆریانی هەشتەم) لەساڵی (١٦٢٧)دا لەڕۆما ناوەندی دراساتی زیندەگی دامەزراندوە، یەکەم کۆنگرە، رۆژهەڵاتناسیش لەپاریس لەساڵی (١٨٧٣)دا بەسترا.

گرنگترین ئەو گۆڤارانەش لەو ماوە میژوییەدا بریتبون:

-گۆڤاری (صندوق الكنوز الشرقيه) کە رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی (جوزیف فون هامر) لەساڵی (١٨٠٩)دا دایمەزراندوە.

-گۆڤاری کۆمەڵەی ئاسیایی بەنگال.

-گۆڤاری کۆمەڵەی ئاسیایی مەلەکی بەریتانی گەورەو ئێرلەندا.

-گۆڤاری کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی ئەمریکی.

-گۆڤاری کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی ئەڵمانی.

٢- لایەنی سیاسی‌و داگیرکاری:

یەکێکیتر لەدیارترین بوارەکانی کاریگەرێتی رۆژهەڵاتناسان لەسەر رۆژهەڵات بواری کارئاسانیان بوە بۆ بزوتنەوەی ئیستیعمارگەری ئەوروپی‌و لایەنی سیاسی‌و داگیرکارییەکانیان بوە، رۆژهەڵاتناسان بەو زانیاریانەی هەیانبو لەبارەی رۆژهەڵاتەوە، زۆرجار رۆڵی هەواڵگریان دەبینی دەیانتوانی خزمەتی باش بەوڵاتەکانیان بکەن بۆ داگیرکاری یاخود بۆ بواری کونسوڵگەرایی وڵاتەکانیان لەوڵاتانی رۆژهەڵاتداو بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کەس لەمانە لەرۆژهەڵات تێکەڵی خەڵکی ئەم وڵاتانە دەبون‌و زانیاریان دەدانێ، بۆ نمونە (مێجەر سۆن) بۆ خۆی ئەفسەرێکی پلەداری ئینگلیزی بو، بەکەسایەتیەکی فارسی خۆی لەکوردستاندا نیشانداوە‌و وەك خزمەتکارێك چەندینجار لەناوچەکانی کوردستاندا ماوەتەوە بەناوی (غولام حسێنی شیرازی) بەمەش باش شارەزای ناوچەکە بوە، هەروەك خۆی لەکتێبی (رحله متنکره الی بلاد مابین نهرین) باسی دەکات‌و ئەمانە‌و چەندان نمونەی تری ناوچەکانی رۆژهەڵات هەن، کە رۆژهەڵاتناسیان بەمجۆرە ناردۆتە ناوچەکان، ئەمانەش لەپاش داگیرکردن‌و بون بەکۆڵۆنی ئەم وڵاتانە دەبونە راوێژکارو پلەداری داگیرکەر لەناوچەکاندا، بەواتایەکی تر ئەگەر ئەمانە نەبونایە رەنگە زۆر بەئاسانی ئەم ناوچانەی رۆژهەڵات نەبونایە کۆڵۆنی.

٣- لایەنی جوگرافی‌و بازرگانی‌و ئابوری:

یەکێکیتر لەو بوارانەی رۆژهەڵاتناسان کاریان تێدا دەکرد بریتیبو لەلێکۆڵینەوەیان لەبارەی لایەنی ستراتیژی‌و جوگرافی‌و ئابوری‌و بازرگانی رۆژهەڵاتەوە‌و بۆ ئەمەش ئەو ناچە زۆر بەنرخانەیان دیاری دەکردوە هەوڵیاندەدا لایەنە بازرگانەکانی وڵاتەکانیان لەکەموکوڕی‌و باشی ئەم

ناوچانه ئاگاداربکەنەوەو زۆرجاریش ئەمانە لەسامانی سروشتی ئەمولاتانە دەکۆلینەوەوەك زێڕو زیو گۆگردو نەوتو هەولیاندەدا باشترین ڕێگە بدۆزنەوە بۆ بەدەستخستنی ئەم سامانانە بۆ ولاتەکانی خۆیانو هەروەها هاندانی ولاتەکانیشیان بۆ چۆنیەتی داگیرکردنی ئەم ناوچانە بۆ سودوەرگرتن لێیان چەندین کۆمپانیای بەناوبانگی ڕۆژهەلاتناسیی لەمبوارەدا کاریانکردوە لەوانە وەك" کۆمپانیای هندی ڕۆژهەلاتی بەریتانی"و "کۆمپانیای ڕۆژهەلاتی فەڕەنسی"و چەندانی تر، لەهەندێك لەدەولەتەکاندا سەرباری بردنی خێروبێری ئەوولاتانەوەك بەڕێوەبەرێکیو لاتەکەش دەبینران. لێرەوە کاریگەرێتی زیاتری ئەمانە لەناوچەکاندا دەردەکەوێتو تائێستاش دەتوانین بڵێین بەردەوامی هەیەو هەر ماوە.

بۆ نمونە کاتێك (ناپلیۆن) لەسەدەی نۆزدەهەمو پاش شۆڕش فەڕەنسی هێرشدەکاتە سەر میسر چەندین کەسایەتی زاناو پسپۆڕ لەسەرجەم بوارەکاندا لەگەڵ خۆیدا دەبات تازیاتر شارەزای لایەنی ئابوریو خێرو بێری ئەولاتە بۆو کارەکانی خۆیانی تیادا مسۆگەر بکەن هەر لەم کاتەشدا بو، پسپۆڕان پێشنیازی هەڵکەندنی (نۆکەندی سوێس)یان کرد، کە ڕێگای بازرگانی جیهانی ئاسانکردو ئەشیتوانی گومرگو سەروەتو سامانێکی زۆر بۆ ئەو ولاتە بگێڕێتەوە ناپلیۆن لەهەمو شوێنێك کە داگیری دەکرد بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، پەیامەکانی شۆڕشی فەڕەنسی لە (ئازادیو یەکسانیو برایەتی) بڵاودەکاتەوە، ئەتوانین بڵێین ئەمەش وەك پەیامێك وابو بۆ بڵاوکردنەوەی شارستانیەتی ڕۆژئاواو سەرباری ئەمانەش ناپلیۆن ئامێری چاپیشی بردەناو میسر، ئەمانە سەرجەم بابەتێکن دەکرێت

لەبواری کاریگەریێتی رۆژهەلاتناسیی زیاتری لەسەر بوترێت لەململانێی شارستانیەتەکان لەسەری بدوێین.

٤–لایەنی زانستو فەرهەنگو بردنی شوێنەوارەکان:

سەرباری ئەمانە، باسمان کرد رۆژهەلاتناس هەبوە، کە تەنها مەبەستی لەبواری کارەکەیدا بریتیبوە لەزانستو بەمەبەستی زانستیو شارەزایی لەبوارەکاندا لێکۆلکاری زانستیو ئەکادیمیدا هاتونەتە ناوچەکانی رۆژهەلات، ئەمانە بەپێی خۆیان تاڕادەیەك کاریگەری باشیان لەبوژاندنەوەی فەرهەنگو مێژوی شاراوەی رۆژهەلاتدا، هەبوە بەوەی چەندین دەستنوسیان زیندوکردەوەو لەچاپیان دانەوە، بەمەش بەشێکی گەورەی مێژوی نەتەوەکانی رۆژهەلاتیان زیندو کردەوە بۆ نمونە کتێبەکانی مێژوی ئیسلامی ئەمڕۆ لە (الگبری وبدایە والنهایە وفتوح البلدان وتاریخ خلیفە بن خیاگ وتاریخ یاعقوبی والکامل فی التاریخ) چەندەهای تر لەکتێبەکانی بواری مێژو هزری ئیسلامیو رۆژهەلات، کە زۆربەیان تائیستاش لەسەر بەرگەکانیان ناوی چاپخانەکانی(لیدن)ی هۆڵەندیو(پاریس)ی بەسەرەوەیە، هەندێکیتر لەم چینە مەبەستی بوە شارستانیەتی پێشکەوتوی ئەوروپای خۆی بگەیەنێتە شارستانیەتی دواکەوتوی رۆژهەلاتو زۆر بەجدیش کاریان بۆ دەکرد وەك سەرەتایەك بۆ ململانێی شارستانیەتەکان، ئەمانە چەندین شوێنەواری بەنرخیان دۆزیەوەو ئەم شوێنەوارانەیان لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ مۆزەخانەکانی بەرلینو پاریسو لەندەنو چەندان شوێنی تر، کە ئێستا لەمۆزەخانەکانیاندا چەندین شوێنی تایبەت بەشوێنەوارە بەنرخەکانی رۆژهەلات هەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا کەوتنە بڵاوکردنەوەی بیری رۆژئاوایی لەرۆژهەلاتداو چەندین بیرو هزریو فەلسەفیو مەعریفیو ئایدۆلۆجیایان

بلاوکردەوەو توانیان چەندین لایەنگریشی بۆ پەیدابکەن، وەك بیرەکانی لیبرالیزمو دیموکراسیو سیکۆلاریزمو سۆشیالیستیو چەپو ماركسیەتو چەندان بیری تریش لەباشترین نمونەی ئەم بابەتەن.

سێیەم: لەرۆژهەلاتناسیەوە بۆ رۆژئاواناسییو کاردانەوەی لەسەر بەتیۆریزە بونی بیری پێکدادانو ململانێی شارستانیەتەکان:

رۆژئاواناسیش هەروەك پێچەوانەی رۆژهەلاتناسیی بریتیە لەخەریکبونی غەیرە، (ئەوروپیو ئەمریکاییەکان) بەرۆژئاواوەو دیراسەکردنیان لەسەرجەم بوارەکانی شارستانیو کولتوریو فەرهەنگیو لایەنەکانی زانستو هێزەوە بۆ مەبەستەکانی وەلامدانەوەی شارستانیو هەروەها لایەنی بلاوکردنەوەی کولتورو ئاینی رۆژهەلات لەرۆژئاوا، ئەمە سەرباری ئەوەی هەندێك کەس ئەم شارەزایە وەك سەرسامبونو (إعجاب) نیشاندەدات بۆ رۆژئاواو هەولدەدات لەو روانگەیەوە شارەزای ببێتو تەنانەت بەلاساییکردنەوەی جلوبەرگو خونەریتیش، یاخود سەرسامبون بەوێنای پێشکەوتوی ئەمولاتانە، بەلام ئەمانە دەرەنجام لەکۆمەلگەکانی خۆیاندا نامۆدەبنو ناتوانن دو شارستانیەت تێکەلبکەن وەك سەرجەم بیرو هزرەکانی رۆژئاوا، کەدەگەنە ئاستی جێبەجێکردن لەرۆژهەلات دەبینین توشی ئیفلیجی دەبنو توانای جێبەجێکردن لەم ولاتانەدا نامێنێت، چونکە زادەو هەلقولاوی شارستانیەتێکی جیاوازە لێرەوەیە دەگەینە بابەتی ململانێی شارستانیەتەکان، بۆیە ئێمە پێمانوایە هەرچەندە شارستانیەتیەك بەهێز بێت، بەلام ناتوانێت شارستانیەتی بەرامبەر بتوێنێتەوەو لەناوی بەرێت، بەلکو بەپێی تیۆری (التحدی والاستجابه) بەردەوام دەبێتو وەك

ئیستیجابەو پاشان تحدیەکیش هەمیشە لەبەرەو پێشکەوتندایە، وەك فراوانبوونو نوێبونەوەی شارستانیەتەکانی رۆژهەلاتو قولبونەوەی شەڕەکانو پێکدادانیو گروپە تووندڕەوەکانی بەرامبەر رۆژئاواو هەروەها هەولدانی بەردەوامی رۆژئاواش بۆ بەرچەقبونی شارستانیەتەکەی، بەهەمو واتاکانیەوە لەرۆژهەلاتدا، بەلام هۆکاری دواکەوتنی رۆژئاواناسیی لەرۆژهەلات دەتوانین بۆ چەند هۆکارێکی بگەڕێنینەوە لەدیارترینیان دواکەوتەیی رۆژهەلات لەم سالانەی دوایی لەچاو شارستانیەتی رۆژئاوا لەڕوی هەزرو فەلسەفەوە، سەرباری ئەمانەش کولتوری رۆژهەلات لەسەر خۆبۆخۆ بون بنیاتنراوەو کەمتر لەبیری ئەوەدا بون بەرەو رۆژئاوا بڕۆن، مەگەر لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا هەر لەسەرەتاوە تاکۆتایی دەولەتی عوسمانیەکان، کەچەندین جار رۆژهەلاتیەکان بەرەو رۆژئاوا رۆیشتونو هەنگاویان ناوە، ئەمەش تیۆرەی هێزمان لەململانێی شارستانیەتەکاندا بۆ ئەچەسپێنێ واتە تاشارستانیەتەکە بەهێز نەبێت توانای ناسینی بەرامبەریشی لادروست نابێت، هەرچەندە لەرۆژهەلات بەتازەکی چەند بیرمەندێكو ناوەندێك دروستبوە، کەهەولێ ئەدەن لەدیاردەی رۆژئاواناسییو کولتوری رۆژئاوا بکۆلنەوەوهانی لێکۆلینەوە بدەن لەو بوارەکانی زمانو نەتەوەو مێژو سیاسەتو لایەنی ستراتیژی رۆژئاوادا، وەك (رودی باروت) لەکیتێبی (الدراسات العربیه والاسلامیه فی الجامعات الالمانیه) بانگەشەی بۆ دەکاتو ئەم بیریارە پێیوایە دەبێت وەك تۆلەکردنەوەیەك بۆ ئەوەی رۆژهەلاتناسان کردویانە لەبەرامبەر بەکولتورو دیاردەکانی جیهانی ئیسلامی ئێمەش ئەم لێکۆلکاریانە ئەنجام بدەین، هەروەها بیریارێکی تریوەك (د.محەمەد شاهین) لەمبارەیەوە دواوەو پاش ئەمانیش (د.حەسەن

حەنەفی) کتێبی (مقدمە فی علم الاستغراب) دادەنێت، کەتیایدا ئەم بابەتەوەك دیاردەیەکی فیعلی چەسپاو بەدەر ئەخاتو هەنگاوەکانی بۆ دادەڕێژێت.

بەهەرحاڵ لێرەوە ئەگەینە ئەو ئەنجامەی، کەچ رۆژهەڵاتناسییو رۆژئاواناسیش وەك دو دیاردەی بەرامبەر بەیەك لەپرۆسەی بەیەکدادانو ململانێی شارستانیەتەکانداوەسف بکەینو بەدەرکەوتنی دیاردەی رۆژئاواناسیش، هەرچەندە لەچوارچێوەیەکی تەسکیشدا بوە هەروەك باسمان کرد، دەبێتە بەپراکتیزبونی بیری بەیەکدادانو ململانێی شارستانیەتەکان.

بۆ نوسینی ئەم بابەتە سود لەم سەرچاوانەوەرگیراوە:

-أرنولد توينبي: الحضارة في الميزان ترجمة، امين محمود شريف، دار الاحياء الكتب العربية، طبعة الاولى، ١٩٤٧م.

-إدوارد سعيد: الاستشراق، ترجمة، كمال أبو ديب الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٨٣.

-إبراهيم الحيدري: صورة الشرق في عيون الغرب، بلامكان الطبع، ١٩٩٩.

-د. رشا محمود الجابر الصباح: قضايا هزرية، بلامكان الطبع، ١٩٨٤.

-رينية طروسية: الحروب الصليبية، ترجمة احمد ايشي، دار القتيبة للطباعة والنشر، ديمشق، ٢٠٠٢.

-د.سالم حميش: الاستشراق في افق أنساده، الطبعة الاولى، الرباط، مغريب، ١٩٩١.

-د.سعدون محمود: مناهج المستشرقون، بغداد، ١٩٨٥.

-عبدالرحمن حسن جنكة الميداني: أجنحة المكر الثلاث، (التبشير- الاستشراق- الاستعمار)، دار القلم، دمشق، ١٩٩٤.

-الشيخ فؤاد كاظم المقدادي: الاسلام وشبهات المستشرقين، مطبعة امير، طبعة اولى، ١٤١٦.

-الاستشراق: مجموعة محاضرات اساتذة جامعة الامام أوضاعي ، لبنان ،بدون سنة الطبع.

-د.محمود حمدي زقزوق: الاستشراق والخلفية الهزرية للصراع الحضاري، طبعة الثانية، دار المنار، قاهرة، ١٩٨٩.

-مصطفى السباعي: الاستشراق والمستشرقون، (مالهم وما عليهم)، الطبعة الثانية، دمشق، ٢٠٠١.

-يوهان فوك: تاريخ حركة الاستشراق الدراسات العربية والاسلامية في أوروبا حتى بداية قرن العشرين، ترجمة، عمر لطفي العالم، الطبعة الاولى، دار القتيبة، ١٩٩٦.

- عبدالرزاق خليل: الاستشراق والاستشراق العربي أحمد أمين وكتابه فجر الاسلام مثال تطبيقي، مجلة آفاق الثقافة والتراث، السنة الثالثة عشر، عدد التاسع والاربعون، صفر ١٤٢٦ه - ابريل (نيسان) ٢٠٠٥م.

-انترنت: مركز المدينة المنورة للدراسات والبحوث الاستشراق، .www.madinacenter.com

رۆژهەڵاتناسی ئەمریکی

د.هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم

مامۆستا لەزانکۆی سلێمانی

پێشەکی:

رۆژهەڵاتناسیی ئەو زانستەیە، کە مێژووەکەی بۆ کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستو سەرەتاکانی سەردەمی رێنیسانس لەئەوروپا دەگەڕێتەوە. لەم ماوەیەدا جیاوازیەکی بەرچاو لەنوسینەکان بەدیی ناکەین، چونکە هێشتا لەئەوروپا نەتەوەو دەوڵەت بەتەواوی جیا نەبۆتەوەو رۆشنبیری مەسیحی رۆشنبیریەکی سەرتاسەری زاڵە. بەڵام بەتێپەڕبوونی کات، سنورە سیاسیەکان دەوڵەتە نەتەوەیەکانی ئەوروپا جیادەکاتەوە، بەهەمانشێوە شێوازو هۆکارو رێبازو ئامانجی رۆژهەڵاتناسیی هەر دەوڵەتێکی ئەوروپی لەدەوڵەتەکانی هاوسێی خۆی جیادەکاتەوە.

رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی وەك بەشێکی گرنگ لەرۆژهەڵاتناسیی لەرۆژئاوا، خاوەنی خەسڵەتو تایبەتمەندی خۆیەتی، ئامانج لەنوسینی ئەم بابەتە ئەوەیە باسێکی گشتی رۆژهەڵاتناسیی بکەین، بەشێوەیەکی سەربەخۆش باس لەرۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی بکەینو گرنگی تایبەت بەمێژوو، هۆکارو شێوازە تایبەتیەکەی بدەین.

بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە سودێکی زۆر لەکتێبی (تاریخ الاستشراق وسیاساته، الصراع علی تفسیر الشرق الاوسگ) وەرگیراوە کە لەلایەن

(زەکاری لوکمان) نوسراوە کە ناوبراو خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لەسەر مێژووی بزوتنەوەی کرێکارانی میسر، هەروەهاوانەبێژە لەبەشی دراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی نیویۆرك.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەشەش تەوەرە پێکهاتوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

تەوەرەی یەکەم: چەمکی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا.

تەوەرەی دوەم: رۆژهەڵاتناسیی بەگشتیو رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی بەتایبەتی.

تەوەرەی سێیەم: هۆکارەکانی رۆژهەڵاتانسی ئەمریکی.

تەوەرەی چوارەم: کورسیەکانی رۆژهەڵاتناسیی.

تەوەرەی پێنجەم: رۆژهەڵاتناسە ئەمریکیەکان.

تەوەرەی شەشەم: کێشەکانی رۆژهەڵاتناسیی.

تەوەرەی حەوتەم: هەڵسەنگاندنی کتێبەکەی زەکاری لوکمان.

تەوەرەی یەکەم: چەمکی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا.

چەمکی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانیەکان کە قەڵەمڕەویان لەسالانی (٥٠٠-٤٠٠پ.ز) لەئاسیای بچوك (ئەنادۆڵ)ەوە تائیتالیاو باشوری فەرەنسای دەگرتەوە. چەمکی ئەوروپا لەئەفسانەکانی گریکدا بەو مانایە دێت کە گەورە خوای یۆنانیەکان (زیۆس)، (ئەوروپا)ی کچی پاشای (صور) (شارێکە لەلوبنان) خۆشی ویستوەو خواستویەتی، ئەوروپا دو خوشکی هەبوە بەناوی ئاسیاو لیبیا، دواتروشەی ئەوروپا بەسترایەوە بەناوچەیەکی دیاریکراو، کە شوێنی یۆنانیەکانی دەگرتەوە،

هەرچی ئەوەی لەدەوروپشتی یۆنانەکان بون بە (بەربەر) ناویان دەبردن واتا (دەنگە تێکەڵاوەکان). بەتێڕوانینی گریك، جوگرافیای جیهان بریتیبو لەئەوروپا لەرۆژئاواو ئاسیا لەرۆژهەڵات، دواتر ئەم روانینە گەشەی کردو جیهانیان وا دانا کە سێ بەشە، دەریای ناوەڕاست سەنتەری زەوی باکوری ئەوروپایە، لەباشور لیبیا (ئەفریقا)و لەرۆژهەڵات ئاسیایە، چواردەوریشیان ئاوە. (١)

گریك خۆیان بەکەسانی خاکیو فازڵ دادەنا، کە شانازیان بەئازادی دەکردو لەسەرو هەمو شتێکیان دادەنا، دەوڵەتی شار لای ئەوان لەهاوڵاتی ئازاد پێکهاتوەو ئەرکو مافی خۆی دەزانێتو دژایەتی ستەمکار دەکات. هەرچی خەڵکانی ئاسیایە، کە فارسو میسریەکانی دەگرتەوە بەرای گریك ستەمکارو زۆردار حوکمیدەکردن، کە دەسەڵاتێکی رەهایان بەسەر گەلدا سەپاندوەو کۆمەڵگەیەکی هەرەمی بەستویان لێپێکهێناونو بۆشاییەکی گەورە لەنێوان هەردولادا هەیە. (٢)

لەسەردەمی رۆمان بەبێ هیچ سوکایەتیەكوشەی ئاسیاو ئەوروپا بۆ رۆژهەڵاتو رۆژئاوای ئیمپراتۆرە گەورەکەیان بەکارهێناوە، بەڵام وشەی رۆژهەڵات ئاماژە بو بەوڵاتی یۆنان کە خاوەنی رۆشنبیریەکی نەرمونیان بونو دوربون لەهەمو سیفەتێکی پیاوانەو جەنگی، کە رۆمانەکان بەو خەسڵەتەوە دەنازینو فراوانبونی ئیمپراتۆرەکەیان بۆ ئەوە دەگێرایەوە. ئیمپراتۆر کوستەنتین لەژێر کاریگەری ئاینی مەسیحیو هزرو دابونەریتی رۆژهەڵات، پایتەختی لەرۆماوە بۆ کوستەنتینبیە لەساڵی (٣٣٠) گواستەوە. ئەمەوا لەنوسەر (ئیدوارد گیبۆن) دەکات کە لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدە کتێبێك بڵاوبکاتەوە بەناوی (مێژووی سەرهەڵدانو رمانی ئیمپراتۆریەتی

رۆمانی)، کە تیایدا هۆکاری سەرەکی روخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بۆ خراپەکاریەی رۆژهەلات گێڕاوەتەوە، بەتایبەت کاتێك رۆمانەکان لاسایی کۆشك و تەلارەکانی رۆژهەلاتیان کردەوە، ئەم خەسڵەتە خراپە، کاری کردۆتە سەر ئیمپراتۆریەتەکەو نەریتی رۆمانیی گەندەڵ کردوە. هەر ئەم بۆچونەوای لەلێکۆڵەرە ئەوروپایەکان کردوە، کە ئەو ئیمپراتۆریەتە بیزەنتیەی تاسەدەی پانزە مابۆوەو خۆی بەسەرکردەی جیهانی مەسیحی دادەنا، لەلایەن ئەوانەوە پشتگوێبخرێتو بەدەوڵەتێکی نا رۆمانی لەقەڵەمبدەن، چونکە کاریگەریەکانی رۆژهەلاتە، گەندەڵی کردوە. [٣]

(هنری بێرن) کتێبێکی بەناوی (محەمەدو شارلمان) لەساڵی (١٩٣٧) بڵاودەکاتەوە، کە تیایدا دەڵێت، هەرچەندە جیاکاری سیاسی لەسەدەکانی (٥–٦) لەدەریای ناوەڕاست هەبو، لەگەڵ ئەوەشدا هەمویان یەکێتیەکی رۆشنبیریو ئابوری بەیەکەوەی گرێی دابون، بەڵام بەدەرکەوتنی ئیسلام ئەم یەکێتیە دابەشبوەو رۆژهەلاتی لەرۆژئاوا جیاکردۆتەوە بەمەش ئەوروپا ناچار بوە کە پشت بەسەرچاوە ئابوریو رۆشنبیریەکانی خۆی ببەستێت، کە دەرگای بۆ سەرهەڵدانی شارستانیەتی ئەوروپی رۆمانی جێرمانی کردۆتەوەو کۆتایی بەسەردەمی کلاسیکی هێناوەو دەسپێکبوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. [٤]

دوای رۆمانەکان نەخشەیەکی تری جوگرافی بۆ جیهان پەیدا دەبێت، بیرمەندە مەسیحیەکان شوێنکەوتەی دابەشکاری ئۆگستین (٣٥٤–٤٣٠) بون، کە لەژێرکاریگەری تەورات جیهانی دابەش کردبو بەسەر سێ کوڕەکەی نوح کە (یافسو سامو حام) بون، نەوەکانی یافس لەئەوروپا نیشتەجێبون خاوەن خەسڵەتی قارەمانی بون، هەرچی سام بو، کە لەئاسیا بوە نەوەکانی

شکۆمەند بونو پەیامبەرانو پیاوانی ئاینی لەوەجاخی ئەم بوە، بەڵام ئەمانە ملکەچی یاسا کۆنەکان بون، دوا کوڕی حام بوە، کە نەوەکانی دانیشتوی ئەفریقا بون، ئەمانە بەدبەختو خزمەتکاری سامو یافس بون. (٥)

مەسیحی لەسەدەی حەوتەمدا بو بەئاینی سەرجەم ئەوروپاو بەهێواشی بەرەو رۆژهەڵات دەکشا، شوێنکەوتوانی مەسیحی بیروباوەڕیانوا بو، کە سەرجەمی جیهان دەچنە ناو ئاینی مەسیحی، هەرکەسێکیش مەسیحی نەبێت ئەوەوەسەنیە. (٦٠–٦١) لەسەدەکانی ناوەڕاست بەهۆی نەبونی پەیوەندییەکان، مەسیحیەکانی ئەوروپا زانیاریو تێگەیشتنی تەواویان بۆ ئیسلام زۆر کەم بوو موسوڵمانەکانیان بەهۆزی وەسەنی ناودەبرد، (٦)

بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەلایەن (نۆرمان دانیاڵ) بەناوی (ئیسلامو رۆژئاوا دروستکەری وێنە)، هەروەها (ریچارد سۆسرۆن) کە لەزانکۆی ئۆکسفۆر لەسالی (١٩٦٠) نوسراوە، موسوڵمانەکان لەئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، بەناوی (ساراسیەکان Saracene) ناودەبران، کە مانای چادرنشینی گەیاندوە. ئەمانە وەك چەتەو وەسەنی سەیرکراون کە هێرشیانکردۆتە سەر ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیو هیچ فەرقێکیان لەگەڵوەسەنیە سلاڤو نۆرماندو مەگیارو مانیەکان نەکردون، بەڵکو خودی محمەد کە ئەوان پێیانوتوە (ماهمەت Mahomet) تاسەدەی یانزە ئەوپەری گەشەسەندویی شارستان ئیسلامی بوە، وەك کەسێکی خوێنڕێژ ناویان بردوە. بۆیە ئەو توێژەرە ئەو سەردەمە بە (سەردەمی نەزانین) بۆ ئەورپاییەکان دادەنێت، چونکە هیچ مەعریفەیەکیان بەژیاری مەزنی ئیسلام نەبوە (٧)

(پاپا ئۆریانی دوەم) لەئەنجامی هێرشی موسوڵمانەکان بۆ سەر ئەوروپا، لەساڵی (١٠٩٥)، ئەوەی رایگەیاند ساراسیەکان چەند سەدەیە دەستیان بەسەر ئاسیاو ئەفریقا گرتوە، کە شوێنی لەدایکبونی مەسیحەو خاوەن مێژوویەکی مەسیحیین، ئێستا ئەیانەوێت ئەوروپاش بگرن. ئەم داوایە هەرچەندە شەڕێکی درێژخایەنی لەنێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوا خولقاند، بەڵام وێنەی موسوڵمانەکانی باشتر لەجاران بۆ رۆژئاوا دەرخست. هاوڕێ لەگەڵ ئەم کارانەدا ئەوروپیەکان دەستیان بەسودوەرگرتن لەمەعریفەی ئیسلامی کرد لەرووی فەلسەفەو جەبرو کیمیاو بیرکاری، فەیلەسوفێکی ئەو کاتە بەناوی رۆگەر بیکۆن (١٢١٤–١٢٩٢) دەڵێت "فەلسەفە لەسەر دەستی ئەرستۆ بەگریکیو ئیبن سینا بەعەرەبی، گەشەی کرد"، هاوکات ئەو کەسایەتیە موسوڵمانەی بەناو جەماوەری ئەوروپیدا ناوبانگی بڵاوبۆوە سەلاحەدین (ئەوروپیەکان بەسالادین ناوی دەبەن) بو کەوەك کەسێکی دادپەروەرو سوارچاكو مرۆڤ دۆستو حەکیم ناوی دەرکرد. دانتی شاعیر (١٢٦٣–١٣٢١) محمەدی خستۆتە خراپترین شوێنی جەهەنم، بەڵام سەلاحەدینو سیناو روشدو سوکراتو ئەفلاتونی بەیەکەوە داناوە کە لەودنیا خۆشترین شوێنیان هەیە. (٧)

بەشێوەیەکی گشتی لەروانگەی مەسیحیەکانەوە ساراسیەکان ماهموت ئەپەرستن ، یانوەك باوەڕە شەعبیەکانی ئەوکاتە، کە باو بوە، موسوڵمانەکان سێ بت دەپەرستن، ماهوموت، ئاپۆلۆ کە خوای رۆژە لای یۆنانیەکان، هەروەها تەرماگانت، کە خوایەکی چەوسێنەرو توندوتیژە، محمەدیش جادوگەرە یان قەشەیەکی هەڵگەڕاوەیەو زیناکەرە. یەکەم ژیانامەی محمەد لەئەوروپا لەلایەن گیوبرت نۆگەنت (١٠٥٣–١١٢٤)نوسراوە

لەدەرەوەی ئیسپانیا، ئەو دەڵێت "ئەوەی جێگەی باوەڕە سروشتی ئەم کەسە درندەیە هەمو خراپەکانی تێپەڕاندوە". [٨]

لەلایەکی تر هاوسێیەتی سنوری جوگرافیو پەیوەندییە سیاسیو بازرگانیەکانوایکردوە ئیسلام وەك بەدیلێکی سیاسیو رۆشنبیری لەلایەن ئەوروپیەکان سەیربکرێت، هەر بۆیە کەوتونەتە ململانێیەکی تونڕی سەربازیو ئایدۆلۆجی لەگەڵیدا. [٩]

کاتێك مەغۆل جیهانی ئیسلامی داگیر کرد، مەسیحیەکان لەسەرەتادا وایانزانی، کە مەغۆلەکان مەسیحین، دواتر بۆیان دەرکەوت وەسەنین، ئەیانوت کە ئەوە بەڵایەو بەسەر موسوڵمانەکان باریوە، بەڵام کاتێك زانیان مەغۆل موسوڵمان بون، ئیدی ئەو بیرە پەرەی سەند بەتایبەت دوای شکستهێنانی هەڵمەتە خاچپەرستیەکان، کە ئیسلام بەهێزی سەربازی تێکناشکێت، بەتایبەت دوای ئەوەی لەرێگەی مارکۆ پۆڵۆوە زانیان جیهان زۆر لەوە گەورەترەو ئەوان هێشتاپەیان پێ نەبردوە لەلایەکیترەوە بەسەرهەڵدانی رێنیسانس، هەستی ئاینی لای رۆژئاوا لاواز بو، هەروەها پەیوەندیان لەگەڵ دەسەلاتە ئیسلامیەکان وایکرد، کە ئەو بیرە پەرە بسەنێت، ئیسلام هەڕەشە نیە، بەڵام هێرشکردنە سەر ئیسلام وەك باوەڕ هەر بەردەوام بوو [١٠]

کاتێك دەوڵەتی عوسمانی لەکایە سیاسیەکانی ئەوروپادا خۆی سەپاند، لەو کاتەدا هزری سیاسی ئەوروپی لەبرەودا بو، مونتسکیۆ لەکتێبی (گیانی یاساکان) ئەو دەوڵەتەی بەئیستبدادی شەرقی ناوبرد (١٧٤٨) ئەمجۆرە تێڕوانینە بۆ دەسەلاتی عوسمانی، لەناو ئەمریکای باکور زۆر تەشەنەی سەند. [١١]

بیری نوێی سیاسی ئەوروپا لەگەڵ ئەو جیاکارییە مێژوویییەی نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوا، ئەوەی لای رۆژئاوا دروستکرد، کە ئەوروپاو رۆژئاوا زەوی یاسایە. هەرچی رۆژهەڵاتە، چەوسانەوەو پاشاگەردانیە، کە ئەمە ئەو مافە ئەداتە رۆژئاوا بەسەر رۆژهەڵاتدا زاڵبێت، چونکە یاساو ئازادیو داهێنانو زانستو پێشکەوتن ئەوان دەتوانن لەرۆژهەڵات بیچەسپێنن، ئەمەوایکرد رۆژئاوا خۆیان بەمۆدێرن دابنێنو دو هەڵبژاردنی قورسیان خستە بەردەم رۆژهەڵات، یان ئەوەتا تەقلیدی رۆژئاوا بکەن تامۆدێرن بن، یان دەبێ لەدواکەوتوییو بەستویو بێ بەشی لەشارستانیەت بمێننەوە.[١٢]

بیری جیاکاری نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوا تەنها لەئەوروپادا قەتیس نەبو، بەڵکو پەریەوە ئەمریکا، نوسەرێك دەڵێت لەرۆژی دامەزراندنی ئەمریکا لەساڵی (١٧٧٦) چەند کەسێك لەئەمریکا زانیاری لەسەر رۆژهەڵات ناوەڕاست هەبو، یان دەیانزانی هەرەمەکان یان بەیروتو بەغداد لەکوێن، بەڵام زۆربەیان عەلی باباو چل دزەکەو جەنگی خاچپەرستیو ئەوەیان دەزانی، کە خاکی پیرۆزیان لەلایەن کافرەکانەوە داگیرکراوە.[١٣]

لەکاتی شەری یۆنان لەساڵی (١٨٢١) رۆژنامەکانی ئەمریکا ئەو شەڕەیان بەشەری مانگ دژی خاچ دەچوان. کە تیایدا کەنیسەکان لەسەر دەستی موسوڵمانەکان لەگەڵ خاك تەختکراون.

کۆمەڵێكوێنە لەساڵی (١٨٩٣) لەئەمریکا بڵاوکرایەوە کەوێنەی رۆژهەڵاتیان بەشێوەی وێرانە کێشابو، خەڵکەکەشی بەکەسانی لادەری سێکسیو کۆشکی سوڵتانە عوسمانیەکانیش پڕن لەحەریمو راقسەکان.

ئەم وێنەیەی رۆژهەڵات لەئەمریکا لەسەدەی بیستەمیشدا بەردەوام بو، بۆ نمونە لەناو پیاوانی سیاسیدا سەفیری ئەمریکی لەئێران لەساڵی (١٩٠٦)

دەنوسێت "مێژوو یەك حاڵەتی بۆ تۆمار نەكردوین كە حكومەتێكی دەستوری سەركەوتو لەشوێنێكدا هەبێتو ئاین فەرمی ئیسلام بێت". [١٤]

لەساڵی (١٩٥٠) كۆنگرێسمانێك (مۆرتیمەر گریفز) دەڵێت "پێویستە سەرجەم ئەو بڵاوكراوانەی لەساڵی (١٩٠٠) دەرچون لەرۆژهەڵات كۆبكرێتەوەو دیراسە بكرێن تاتێگەیشتنی باشمان بۆ ململانێی ناوچەی رۆژهەڵاتی نزیك هەبێت، كە لەگەڵ هزری ئەمریكیدا ململانێ دەكەن بەتایبەت ئیسلام و كۆمۆنیزم". [١٥]

سەرۆكی ئەمریكا ئایزنهاوەر لەقەیرنی (١٩٥٦) لەگەڵ میسر بەم شێوەیە وەسفی عەرەب دەكات "بیركردنەوەیان لەئاستێكی نزمەو تایبەتمەندن بەتوندوتیژو سۆزو نەزانین"، یانوەك رۆژهەڵاتناسێك دەڵێت "كەدەچیتە ناو عەرەب ئینجا دەزانیت ئەوان تێگەشتنیان بۆ ئێمە نیە بەتایبەت لەبابەتەكانی ئازادیو مافی مرۆڤ" [١٦].

ئەمەی پێشو ئەگەرۆێنەی رۆژهەڵاتو عەرەب بێت لای سیاسیەكان، ئەوا لەشەقامی ئەمریكاوێنەكە زۆر خراپتربو. لەساڵی (١٩٥٨) كتێبی نوسەر (لیۆن ئۆریس) دەرچو كە چوار ملیۆن دانەی لێفرۆشرا، باسی نەهامەتی ئەو یەهودیانەی دەكرد، كە لەدەستی نازیەكان رزگاریان بوەو بۆ فەلەستین كۆچیان كردوەو دواتر لەلایەن بەریتانیە داگیركەرە توندوتیژەكانەوەو عەرەبەدیماگۆجەكان چەوسێنراونەتەوە. ئەم دەقە كرا بەفلیمو لەهۆلێود لەساڵی (١٩٦٠) بۆ ماوەی حەوت مانگ نمایشكرا، كەدواتر چەند خەڵاتێكی ئۆسكاری وەرگرت. یانوێنەی خانەدانەكانی ئیسرائیل بڵاودەكرایەوە لەگۆڤارو رۆژنامەكان كە چۆن بەعەرەبە یاخیبوەكان دەورە دراون. بەتایبەت هۆلیۆد رۆڵێكی گەورەی بینیوە لەقوڵكردنەوەی شێوەی ناشرینی

عەرەب لەناو رۆشنبیری گەلی ئەمریکی لەرێگەی وێناکردنی (الف لیله ولیله)و عەلادینەوە [١٧]

لەسەرکەوتنی ئیسرائیل بەسەر عەرەب لە (١٩٦٣) ئەمریکیەکان لەسەر جادە سەرکەوتنەکانی ئیسرائیلیان بەجێبەجێبونی بەڵێنە تەورات لەقەڵمدەدا). مرۆڤی عەرەبوێنەی لەئەمریکا بەدژایەتی سەهیۆنیەتو خاوەن نەوت ناسراوە ، کاتێك لەساڵی (١٩٧٣) عەرەب نەوتی لەرۆژئاوا بڕی، پرسیارێکی گرنگ دەکرا، بۆچی پێویستە عەرەب خاوەنی ئەو نەوتە زۆرە بن، کە بونەتە هەرەشە لەسەر جیهانی پێشکەوتو؟ ئەمریکا پێویستە لەرێگەی سوپاوە دەستبەسەر ئەو نەوتەدا بگرێت. ئەمە جگە لەوەی وێنەی عەرەب لەتیڤیو رۆژنامەو فیلمەکاندا وەك خوێنڕێژو لادەری سێکسی پیشاندەدران، لەکتێبی خوێندنی ئەمریکاداکە دەڵێت "خەڵکی ئەم ناوچەیە کەمیان مانای ژیان دەزانن". یان رۆژنامەیەکی ئەمریکی پرسیار دەکات (چی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەیەکەوە دەبەستێتەوە؟، لەوەڵامدا دەڵێت: دژایەتی کردنی جولەکەو ئیسرائیل)، (لێکۆڵینەوە لەسەر شارستانیەتی ئیسلامی). [١٨]

تەوەرەی دوەم:

رۆژهەڵاتناسیی بەگشتیو رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی بەتایبەتی.

مێژووی رۆژهەڵاتناسیی لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە دەسپێدەکات، (پیتر ڤینەرابل) سەرۆکی دێری کلۆنی لەفەرەنسا تیمێکی پێکهێنا لەوەرگێڕەکان بۆ ئەوەی لەئیسپانیا بۆوەرگێرانی دەقە عەرەبیەکان دەستبەکاربن، ئەوەبو یەکەم کاری ئەم پرۆژەیە (رۆبەرت کیتۆنی) ئینگلیز

لەسالّی (١١٤٣) تەواویکرد کە قورئانی وەرگێرایە سەر زمانی لاتینی، ئامانجی ئەم کارانە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوە بو، کە چیتر خەلّکی ئەوروپا نەبنە مەسیحی‌و وایان دادەنا نە قورئان کتێبی خوایەو نە محمەد پەیامبەرەو ئیسلامیش ئاینێکی ساختەیە، کە لەگەلّ مەسیحی ناگونجێ[١٩]

بەلّام بەسەرهەلّدانی رێنیسانس ئەو دو پالّنەرە شوێنەواری کەمبۆوە، چونکە ئەوروپا هێندە پێشکەوت، کە پێویستی بەزانستە ئیسلامیەکان نەما. لەلایەکیتر لەم سەردەمەدا ململانێی نێوان رۆژهەلّات‌و رۆژئاوا لەئاینیەوە گۆڕا بۆ ململانێی سیاسی لەنێوان دەولّەتی عوسمانی‌و دەولّەتە نەتەوەیەکانی ئەوروپا. لەسەردەمی رێنیسانسدا چەمکی (ئۆرێنتالیزم)، کە بەزمانی کوردی واتای (رۆژهەلّاتناسیی) دەگەیەنێت، دو مانای هەبو: یەکەم: بەقوتابخانەی هونەر دەوترا، کە پێکهێنەرانی بریتی بون لەکۆمەلّێك گەڕیدەی ئەوروپایی، کە سەردانی ناوچەکانی رۆژهەلّاتیان لەباکوری ئەفریقاو رۆژهەلّاتی ناوەڕاست دەکرد ئەوەی بەچاو دەیانبینی، یان خەیالّیان بۆی دەڕۆیشت،وێنەیان بۆ دەکێشا. دوەم: مانای پسپۆریەکی زانستییە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رێنیسانس، لەوکاتەدا کۆمەلّێك بەو گروپە دەوترا، کە دیراسەی زمانی عیبرییان دەکردو گرنگیان بەزمانە نائەوروپییەکان دا، ئەمانە لەپالّ (هیومانیستەکان)دا کاریان دەکردو بایەخیان بەژیاری هلنستی‌و زمانی لاتینی دەدا.[٢٠]

لێرەوە زانستی فیلولۆجیا (زانستی زمان) دەستی بەگەشەکردن کرد، کە دیراسەی زمانە کلاسیك‌و پیرۆزەکانی وەك لاتینی‌و عەرەبی دەکرد، سنوری جوگرافیی ئەو زانستەش تەنها رۆژهەلّاتی ناوەڕاستی ئێستابو. ئەمە سەرەتایەك بو بۆ زانستی‌وەك تیۆلۆجیا (لاهوت)، مێژوو، فەلسەفە.

لەلایەکیتر هەبونی دەوڵەتێکی بەهێزی وەك دەوڵەتی عوسمانی رێگەی بۆ بازرگانو سیاسیو سیخوڕەکان رەخساند، کە دیراسەی باری سیاسی رۆژهەڵاتوەك دەوڵەتو بازاڕ، دەستپێبکەن، بەڵام شێوازەکەیان نەگەیشتە ئاستی بالای ئەکادیمی. (٢١)

لەگەڵ دەسپێکردنی گۆڕانکارییە سیاسیەکانی ئەوروپا، شێوازی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتناسی لەسەر دەستی ئەکادیمیە زانکۆیەکانی ئەوروپا گۆڕانی گەورەی بەخۆوە بینی، کە خۆیان لەئامانجە ئایینیو سەربازیو بازرگانیەکان دور خستەوەو توێژینەوەکانیان زیاتر گرنگی بەتێگەیشتنو مەعرفە ئەداو لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنو رەخنەگرتن بەندبو. ئەوە بو یەکەمجار لەسالّی (١٧٩٠)، کۆلیجی رۆژهەڵاتناسیی لەفەرەنسا کرایەوە. لەلایەکیتر هاتنە ناوەوەی زانا جولەکەکان گوژمێکی تری بەمجۆرە دیراسەیە بەخشی، چونکە ئەمانە هەستی خاچپەرستیان نەبو، هەروەها بەهۆی زمانی تەوراتەوە، کە لەزمانی عەرەبی نزیکە، زوتر لەزانستە ئیسلامیەکان تێدەگەیشتن. دواجار بزاڤی رۆمانتیکی رۆڵی لەنزیکبونەوەی ئەدەبی عەرەبیو ئەدەبی ئەوروپی بینی. (٢٢) لەم ماوەیەدا گرنگی بەلێکۆڵینەوەی کلاسیکیو کتێبە پیرۆزەکان ئەدرا، هەرچی مێژووی نوێو هاوچەرخ بو، لەگەڵ زمانە لۆکالّیەکانی وەك تورکیو فارسی گرنگی ئەوتۆی پێنەدەدرا.

لەسەدەی نۆرزدەداوەك رۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسی دەڵێت "سەدەی رۆشنگەریی رۆژهەڵاتناسیە"، لەوکاتەدا دو رۆژهەڵات هەبو، رۆژهەڵاتی دور لەگەڵ رۆژهەڵاتی نزیك. لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا ئەوروپیەکان بەتەواوی زمانەکانی سانسکریتیو هیندیو هیرۆگلیفیان لێکدەدایەوە، هەروەها ئەدەبی فارسی زۆرێکی لێوەرگێڕدرا، ڤیکتۆر هۆگۆ دەڵێت " لەسەدەی

چواردە ئیمە هلنستی بوین، بەڵام ئێستابوین بەرۆژهەڵاتناس، رۆژهەڵات بۆ هزرو بۆ خەیاڵبوە بەکارێکی گشتی". هاوکات لەگەڵ بەرهەمە زانستیو ئەدەبیەکاندا، رۆژئاواییەکان وێنەی رۆژهەڵاتیان دەکێشاوەك کەسانی تۆندوتیژو، کە توشی لادانی سێکسیبون، [٢٣] لەم سەدەیەدا چەمکی (مرۆڤی ئیسلامی) سەریهەڵدا کە مانای ئەوە بو ئەم مرۆڤە لەمرۆڤی رۆژئاوایی جیاوازە ، جگە لەمە دیراسەی ژیارەکان لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە دەستیپێکرد، کە ئەوروپیەکان چەمکەکانی ئازادیو دیموکراتیو فەلسەفەو زنستو عەقڵانیەتیان کردە تایبەتمەندیەکانی شارستانی خۆیان، لەوانە جۆن ستیواردمل (١٨٠–١٨٧٣)، لەکتێبی (جەنگی ماراسۆن)، شپینگلەر (١٨٨٠ –١٩٣٦) لەکتێبی (لەبەریەك هەڵوەشانەوەی رۆژئاوا)، دواجاریش ئارنۆڵد تۆینبی (١٨٨٩–١٩٧٥). سەرجەم ئەم لێکۆڵینەوانە ئەوەمان پێدەڵێن، کە مرۆڤی ئیسلامی لەشارستانیەکەیەوە عەقڵێکی بەستوی سنورداری بۆ ماوەتەوە، کە لەماوەیەکی زەمەنیدا وەستاوەو توانای بەردەوامیو گۆڕانی نەماوە. هەر لەم ماوەیەدا بیردۆزی داروین، کە چەمکی (مانەوە بۆ چاکترین)ی داهێنا، خزمەتێکی گەورەی بەبیری (کاری شارستانی مرۆڤی سپی) لەجیهاندا کرد. [٢٤]

بەڵام لەسەدەی بیستدا بەهۆی دو جەنگی جیهانی ئەم رێبازەش گۆڕا، بەریتانیا لەدوای دوەمین جەنگی جیهانی لەزانکۆکانیدا دەستی کرد بەدیراسەکردنی زمانو ژیارە رۆژهەڵاتیەکان پاشان چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم زانیاریانە لەپێشخستنی زانکۆکان. [٢٥]

لەئەمریکا سەرەتای گرنگیدانیان بەرۆژهەڵاتناسیی دەگەڕێتەوە بۆ سالانی (١٨١٠)، کە لەرێگەی مسیۆنێرەکانەوە بو، ئەوەبو گرنگیان بەزمانی

عەرەبی ئەدا، لەسالّی (١٨٣٠) یەکەم نێردراویان گەیشتە لوبنان. لەسالّی (١٨٦٦) یەکەم قوتابخانەی کچانیان لەبەیروتو لەسنوری دەولّەتی عوسمانی کردەوە، دواتر بو بەکۆلیجی سوری ئینجیلیو ئینجا بو بەزانکۆی ئەمریکی کە تائێستاش ماوە. [٢٦] هاریسن گرایو ئوتیس داویت، کە دو مسیۆنێری بون ئاواتیان ئەوە بو ئینجیل بەتەواوی دەولّەتی عوسمانیدا بلّاو بکەنەوە لەم هەلّمەتدا بەشداربون. [٢٧]

کۆمەلّەی رۆژهەلّاتی ئەمریکی لەسالّی (١٨٤٢) دامەزراو دوای سالّێك کۆنگرەیەکیان گرێدا، کە ئامانجی کۆمەلّەکەیان دیاری کرد، ئەویش پەیداکردنی مەعریفە بو لەسەر زمانەکانی ئاسیاو هاندانی توێژەران بۆ لێکۆلّینەوە لەسەر رۆژهەلّاتو هەروەها بلّاوکردنەوەی دەقو وەرگێراوەکانو کۆکردنەوەی کتێبەکانی رۆژهەلّات. [٢٨]

مارك تۆوین لەسالّی (١٨٦٩) سەردانێکی قودسی کردوە، کە هاتۆتەوە ئەمریکا کتێبێکی گالّتە ئامێزی نوسیوەو سەد هەزار نوسخەی لێ فرۆشراوە، دەولّەتی عوسمانی سەرکوتکەرو خوێناویو گێل دادەنێتو مسولمانەکانیش بەگێلو دواکەوتو ناودەبات. [٢٩]

نزسەر ئەلبیرت هو لیبر، کتێبێکی نوسی بەناوی (حکومەتی ئیمپراتۆری لەسەردەمی سولّتان سلێمانی مەزن)و لەسالّی (١٩١٣) بلّاوکرایەوە، تاشەستەکانیش لەناو زانکۆکانی ئەمریکا راو بۆچونەکانی باوبو ئەو دەیوت، دەولّەتی عوسمانی لە (دامەزراوەی حکومەت)و دامەزراوەی ئیسلامی پێکهاتوە. دامەزراوەی یەکەم ئەوکەسانە بەڕێوەی دەبەن، کە باوك و دایکیان رەگەزی ئاریو مەسیحیەکانی بەلقان بون و چوبونە سەر ئاینی ئیسلام، هەرچی دامەزراوەی ئیسلامی بو، ئەوا رۆژهەلّاتیە بەرەگەز

ئیسلامەکان بەڕێوەی دەبەن، لەدوای دوەمین جەنگی جیهانی وەرچەرخانێکی گەورە لەبیری رۆژهەڵاتناسیی رویداو بەشێوازێکی نوێ لەئەمریکا قسەی لەسەرکرا، ئەمەش داوای رۆیشتنی رۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەکان بو بۆ ئەمریکا، بەتایبەت هاملٚتۆن جب، کە بەرۆشتنی زۆرینەی ئەزمونی ئەوروپی گواستەوە بۆ ئەمریکاو بەشێوازێکی نوێ قسەی لەسەرکرد، لەسالٚی (١٩٥٦) هاملٚتۆن جب دەنوسێت "لەهەمو ئەوروپا سێ تاچوار توێژەری رۆژهەڵاتناس ئەدۆزینەوە، بەڵام لەئەمریکا ئەو ژمارەیەشمان دەستناکەوێت"[٣٠].

لێرەدا زۆر گرنگە ئەوە بڵێی، کە سیاسەکانی ئەمریکا زۆر گوێ لەراوبۆچونی رۆژهەڵاتناسەکان دەگرن، بۆ نمونە دوای (١١ی سێپتمبەری٢٠٠١)، بێرنارد لویس بانگهێشتی کۆشکی سپی دەکرێت و لەگەڵ سەرۆك بۆش‌و جێگرەکەی پرسی پێدەکرێت بۆ لێدانی عێراق، ئەو لەو شوێنەدا پشتگیری لەداگیرکردنی عێراق دەکات‌و دەڵێت ئەمریکا دەتوانێت زۆر بەئاسانی عێراق بکاتە دەوڵەتێکی دیموکراتی: [٣١] گرنگترین تایبەتمەندیەکانی رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی ئەمانەن:

-رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی پەیوەندیەکی پتەوی بەرۆژهەڵاتناسیی بەریتانیەوە هەیە.

-گرنگی ئەوان زیاتر بەلایەنی سیاسی‌و ئابوری‌و زمانەوانییە، نەك لایەنی ئەدەبی.

-گرنگیدان بەلێکۆڵینەوەی نوێ‌و هاوچەرخ لەبری کولتورو سەردەمەکانی ئیسلام.

–هاندانی ئەو توێژینەوانەی کە خزمەت بەئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت دەکات.

–ئاوێتەکردنی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی‌و رۆژهەڵاتناسیی.

–گرنگیدان بەکێشەی عەرەب– ئیسرائیل. [٣٢]

–رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی تەنها گرنگی بەمێژوو، لەگەڵ بیروباوەڕ نادات، بەڵکو بیر لەئێستاو داهاتو، هەروەها رابونی ئیسلامی دەکاتەوە. [٣٣]

–گەندەڵی کارێکی تری رۆژهەڵاتناسیە ، بۆ نمونە (بنادف سافران) بۆ تەنها کتێبێك کە لەبارەی سعودیە نوسیویەتی، بڕی (٤٣٠، ١٠٧) دۆلاری لەهەواڵگری وەرگرتوە [٣٤]

تەوەرەی سێیەم: هۆکارەکانی رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی

١–ئاینی: هەوڵی مسیۆنێرەکان لە سەدەی نۆزدەدا بەدەسپێکی کاری رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی لەقەڵەم دەدرێت، ساڵی (١٨١٠) کۆمەڵەی موژدەدەری ئەمریکاییان دامەزراندبو، ئامانجی هاتنیان بۆ ناوچە عەرەبیەکان، بۆ فێربونی زمانی عەرەبی بو تاتێگەیشتنی تەواویان لەبارەی زمانی عیبری تەوراتی هەبێت، ئەمانە رۆڵێکی گەورەیان لەدروستکردنی گیانی نەتەوەی لەلای کوردو ئەرمەن‌و عەرەب لەدژی تورکەکان گێرا. یەکێك لەوانە تاڵکۆت ولیام بو، کە لەنەوەدەکانی سەدەی نۆزدە لەدیاربەکر، فێری عەرەبی دەبێتووەك رۆژنامەنوسێك دەچێتە مەغریبی ئیسلامی. [٣٥]

٢–بازرگانی: بازرگانی رۆڵی گەورەی لەکاری رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکیدا بینیوە. لەساڵی (١٨٧٠) بەدواوە نیوەی ئەفیونی دەوڵەتی عوسمانی

ئەمریکا دەیکڕێو دەیبرد بۆ چین، هەروەها سەرجەم چراکانی مەککەو مەدینە بەنەوتی پەنسلڤانیا ئیشیان دەکرد، جگەلەوەی ئەمریکا کەشتیگەلێکی جەنگی بۆ دەوڵەتی عوسمانی دابینکرد. هەمو ئەمانە بەپێی ئەو سیاسەتە بازرگانیە بو، کە ئەمریکا بەناوی (دەرگای کراوە) لەسنوری دەوڵەتی عوسمانی پەیڕەوی دەکرد، لەپێناو قۆرخ نەکردنی بازارەکانی ئەم دەوڵەتە لەلایەن بەریتانیاو فەرەنسا. (٣٦)

٣–نەوت: لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئەو باوەڕە لەئەمریکا رەتکرایەوە، کە کۆگا نەوتیەکانی بەشی نیوەی پێداویستیەکانی گۆی زەوی دەکات، بۆیە لەبیستەکانداو دوای کۆنگرەی سانڕیمۆ بۆ بەشکردنی نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکا رێژەی (٣٠٪)ی کۆمپانیاکانی ناو عێراقو تورکیاو ئێرانی لەبەشی فەرەنساو بەریتانیا بچڕی (٣٧) یەکەم کۆمپانیای ئەمریکی بەناوی کۆمپانیای نەوتی ئەمریکی عەرەبی (ئارامکۆ) لەسەرەتای سیەکان دامەزرا. ئەم کۆمپانیا ئەوەی بۆ ئاشکرا بو، سعودیە خاوەنی گەورەترین سەرمایەی نەوتیە، دواتر لەراپۆرتی وەزارەتی دەرەوە ئەمریکا بۆ ساڵی (١٩٤٥) سەبارەت بەنەوتی سعودیە دەڵێت "سەرچاوەیەکی مەزنی هێزی ستراتیجیەو گەورەترین دیاری مادیە لەمێژووی جیهاندا"، بۆیە سیاسەتی ئەمریکی بەشێوەیەك بو، ئەو نەوتە لەژێر دەسەڵاتی ئەو حکومەتانەدا بێت، کە ناوی دەبردن بە (حکومەتە هاوڕێکان)، ئەمە هۆکارێکی گرنگ بو ئەمریکای خزاندە ناوچەکە. (٣٨)

٤–سەربازی: دوای هەڵدانی مانگی دەستکردی روسی لە (١٩٥٧)، ئیدی مەرسومێك لە (مەرسومی پەروەردەی بەرگری شارستانی) (National Deafens Education Act) (لەساڵی (١٩٥٨) دەرچو

بـۆ پشـتگیری مـادی لـه (لێکۆڵینـەوه هەرێمیـەکان World Area Research)، کـه لەسـاڵی (١٨٣٤) دامـەزرابو بریتیبـو لـەدیاریکردنی‌و هەڵسەنگاندنی ئەو ناوچانەی که رۆڵێکـی سـەرەکی بـۆ ئاسایشـی نەتـەوەیی ئەمریکا دەبینن، هەمو ئەمانەوەك تاقیکردنەوەیـەك بـۆ مەبەسـتی سـەربازی سودی لێوەرگیرا لەو شوێنە تازانەی، که سەربازی ئەمریکی بۆی دەچو، [٣٩] بەپێی ئەو بڕیارەی سەرەوە، لێکۆڵینەوەی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت تـەنها بـۆ فێربونی زمانەکانی ناوچەکه، بری (١٣) ملیۆن دۆلاری وەرگرت [٤٠]

٥–جـەنگی سـارد: دەسـتێوەردانی ئـەمریکی لەرۆژهـەڵات بـەهۆی کێشەکانی جەنگی سارد زیاتر بو، سەرۆکی ئەمریکا (هاری تروماـن) لەسـاڵی (١٩٤٩) پـرۆژەی (خـاڵی چـوارەم)ی راگەیانـد، کـه تایبـەت بـو بـەهاریکاری تـەکنیکی لایـەنی ئـابوری‌و فێرکـردن‌و تەندروسـتی‌و کەشـتیاری، بـۆ دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. [٤١] دکتۆر هێنری کیسـنجەر (مامۆسـتای زانکـۆو وەزیـری پێشـوی دەرەوەی ئـەمریکا) دەڵێـت "هـیچ جێگەیـەك نیـه لەجیهانـدا بەوێنـەی ناوچـەی کەنـداو، کـه بیروباوەڕەکـانی ئـەمریکی تیایـدا توشی ئالۆزی هاتبێت، چونکه وڵسنیزم (بەسەر بنەمای مافی تـاك‌و بـازاری ئازاد بەندە)، ناتوانێت پێشڕەوی کارەکانی ئەمریکا لەم ناوچـەیە بکـات. بـۆ نمونـه ئـابوری پیشەسـازی پێشـکەوتو پێویسـتی بـەهاوردەی‌وزە هەیـه لەکەنـداو، بۆیـه نـاتوانرێ بـەهۆی داکـۆکی کـردن لـەدیموکراتی دەسـتکرد (صـناعی)، ناوچـەکه بدەینـه دەسـت رادیکاڵیـەکان، کـه ئەنجامەکـەی هـەر لەباکوری ئەفریقاوه تائاسیای ناوەڕاست‌و هیند ئەگرێتەوه. [٤٢]

٦–تیرۆریزم: یۆنا ئەلیکساندەر لەسـاڵی (١٩٧٧) گۆڤـارێکی بـەناوی (تیرۆریـزم) دەرکـرد، هاوکـات زانسـتێك لەهەشـتاکان داهـات بـەناوی

(تیرۆرۆلۆجی)، کە بەو گروپانەیان دەوت سەر بەدەوڵەت نین، لە (١٩٨٩) یەکەم لیستی گروپە تیرۆریستیەکان لەدوای نەمانی یەکێتی سۆڤیەتو پەیدابونی جیهانگیریی بلاوکرایەوە، لێکۆڵینەوە هەرێمیەکان کۆتایی پێهاتو کێشە نێودەوڵەتیەکان جەختی لەسەر کرایەوە لەوانە کۆچو تیرۆرو مادە هۆشبەرەکان، لەلایەکیتر بەهۆی هاتنە ناوەوەی رەگەزە ناسپیەکان بۆ ناو ئەم لێکۆڵینەوە، بەتایبەت خەڵکانی ئەسلی ناوچەکە، رۆژهەڵاتناسیی کرانەوەیەکی گەورەی لەئەمریکا لەدوای نەوەدەکانەوە بەخۆوە بینیوە. (٤٣)

تەوەرەی چوارەم: کورسیەکانی رۆژهەڵاتناسیی

دوای (پرۆژی ئەتۆمی مانهاتن) سالّی (١٩٤٦)، سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە لەئەمریکا زۆرترین پارەی بۆ خەرجکراوە، لێرەوە توێژەرە گەورەکانی بەریتانیا رویان کردە ئەمریکا. (ئەنجومەنی توێژینەوەی زانستی کۆمەڵایەتی)، کە لەسالّی (١٩٢٤) دامەزرابو، لەراپۆرتیکی سالّی (١٩٤٧) دەنوسێت "پێویستە زانکۆکانمان لەرێگەی لێکۆڵینەوە هەرێمیەکان بەئەمەکی خۆی بۆ گەل پیشانبدات، لەرێگەی تەرخانکردنی کورسی بۆ لێکۆڵینەوەو رێخۆشکردن بۆ سەردانکردنیان". بۆ ئەم مەبەستە لەسالّی (١٩٥١)، (لیژنەی رۆژهەڵاتی نزیکو ناوەڕاست بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی) لەزانکۆی هارڤارد دامەزرا، کە (دامەزراوەی فۆرد) پشتگیری مادی ئەکرد، تەنها لەسالّی (١٩٦٨) بری (٢٥٠) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکردوە، هاوکات (دامەزراوەی پەتروّلّی رۆکفەل)و (دامەزراوەی کارنجی پۆڵا) پشتگیری دەکردن. (٤٤)

یەکەم پشتگیری حکومەت بۆ ئەمجۆرە توێژینەوانە لەساڵی (١٩٥٨) بو، کە کۆنگرێس بڕیاری لەسەر (یاسای فێرکردنی بەرگری نیشتمانی) دەربڕی، کە بریتیبو لەپشتگیریکردنی ئەو خوێندکارانەی زمانی بێگانە فێردەبن، لەوانە عەرەبیو تورکیو فارسی، تەنها ساڵی (١٩٦٧)، (٢٣٤٤) خوێندکار کورسیوەرگرتوەو لەساڵی (٢٠٠٣) (١٦٤٠) کورسی هەبوە. هاوکات بەرنامەی فولبرایت دامەزرا بۆفیربونو تێکەڵی مامۆستاو خوێندکاری زانکۆکان لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست. لەکۆی (١٦) زانکۆ، کە کاری لێکۆڵینەوەی ناوچەییان دەکرد، لەساڵی (١٩٥١) بەرێژەی (٢٤٪) گرنگیان بەرۆژهەلاتی ناوەڕاست داوە، بەڵام لەساڵی (١٩٦٦)بوە بە (٤٠٪)و لەساڵی (١٩٧٩) بوە بە (٨٦٪).

(یەکێتی لێکۆڵینەوەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست)، Studies Middle East Association...MESA) بەپشتگیری دامەزراوەی فۆرد لەساڵی (١٩٦٦) دامەزرا، وەك سەنتەرێك بۆ ئەوانەی، کە گرنگی بەرۆژهەلاتی ناوەڕاست ئەدەن. لەساڵی (١٩٦٧) یەکەم کۆنفرانسی خۆیان کرد دوای ئەوە گۆڤارێکیان دەرکرد بەناوی (International Journal of Meddle East Studies (IJMES)، ئەم دامەزراوەیە تائێستا گەورەترین دامەزراوەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستیە لەئەمریکا کە (٢٥٠٠) ئەندامی هەیە. [٤٥] دواتریش (پرۆژەی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست Middle East Researcher and Information Project" (MERIP") دروستبو لەساڵی (١٩٧١)، ئەمانە کاری هەڵسەنگاندنیان بۆ روداو خەباتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکرد. [٤٦]

لەکۆتایی حەفتاکاندا لێکۆڵینەوەی ئابوریو جۆر (جەندەر) لەسەر رۆژهەڵات پەرەی سەند، لەوانە کتێبی (ئافرەتە موسوڵمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەدوێن) لەزانکۆی هارڤارد لە١٩٧٧، لەلایەن ئەلیزابێس‌و ئارنوك فەرنیاو بەسیمە بەزیرجان نوسرا، هەروەها (کتێبی ئافرەتان لەجیهانی ئیسلامی) لویز بەگو نیکی کەدی نوسیویانە [٤٧]

دەکرێت توێژینەوەی رۆژهەڵاتناسیی لەئەمریکا بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێت:

زانکۆ ئەهلیەکان:

١–زانکۆی هارڤارد، بەسەرپەرشتی رۆژهەڵاتناسیی بەناوبانگ (هاملتۆن جب) لەشەستەکاندا کراوەتەوە.

٢–زانکۆی بیلێ سەنتەرێکی هەیە بەناوی (کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی).

٣–زانکۆی کۆلۆمبیا (پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست)ی داناوە.

٤–زانکۆی نیوێۆرك، فلیب حتی لێبوەو هەروەها رۆستۆ، کە (ئنسکلۆپیدیای کمبردج بۆ مێژووی ئیسلامی) نوسیوە.

٥–زانکۆی برنستۆن، زانکۆی پێشەوەی رۆژهەڵاتناسیە لەئەمریکا، چونکە پەیوەندیەکی تەواوی بەزانکۆی ئەمریکی لوبنانیەوە هەبوە، زۆرینەی رۆژهەڵاتناسەکان دەرچوی ئەو زانکۆیەن. [٤٨]. ئەم زانکۆیە کتێبخانەکەی گەورەترین روبەری هەیەو دوەم کتێبخانەی جیهانە، کە زۆرترین دەستنوسی عەرەبی تیایە، کە زۆربەی زۆری (ئەمین حەسەن عەلوانی) لەسالّی (١٨٨٣)

بەو زانکۆیەی فرۆشتوە، کاتێک ئامادەی کۆنگرەی رۆژهەڵاتناسەکان بوە لەشاری لیدن لەهۆڵەندا. [٤٩]

زانکۆ حکومیەکان:

١–زانکۆی میشیگان، زیاتر گرنگی بەوڵاتی کۆنی فارس ئەدات.

٢–زانکۆی ئوهایۆ، گرنگی بەئەدەبی فارسیو تورکی ئەدات و سەرۆکایەنی ئەکات.

٣–زانکۆی ئەندیانا، گرنگی بەشێوەزارەکانی زمانە جیاوازەکانی رۆژهەڵات لەپێناو کاری سەربازیدا دەدات.

٤–زانکۆی حکومی نیویۆرک، بەشی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی نزیکی هەیە.

کۆلێجە بچوکەکان

زیاتر لەمزگەوتەکانەوە نزیکنو خوێندنی باڵایان نیە، بەڵکو بۆ فێربونی زمانو مێژوو، ئاینی ئیسلامیە، لەوانە کۆلیجی ریکەر، کە سعودیە پشتگیری ئەکات. [٥٠]

پێنجەم: رۆژهەڵاتناسە ئەمریکیەکان

١–فلیب حتی (١٨٨٦–١٩٧٩) لەلوبنان لەدایکبوەو لە(١٩١٠) لەزانکۆی کۆلۆمبیا دکتۆرای وەرگرتوە، بەهۆی ئەوەوە لەزانکۆی برنستۆن زمانو ئەدەبی عەرەبیو ئاینی ئیسلام چۆتە پرۆگرامی خوێندنەوە، ئەم کەسایەتیە بەپێشەنگی قەتابخانەی هاوچەرخ لەمێژووی عەرەبدا دادەنرێت. لەکتێبەکانی (تاریخ العرب المگول)، مێژووی سوریاو لوبنانو فەلەستینن

٣–بێرنارد لویس، کتێبەکانی عەرەب لەمێژوودا، دەرکەوتنی تورکیای نوێ، گەڕانەوەی ئیسلام، ئەستەنبوڵو ژیاری ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی، ئسلامو رەنگو رەگەز، رۆژئاواو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زمانی سیاسەت لەئیسلام. (٥١)

٢–هاملتۆن جب (١٨٥٩–١٩٧١) لەدایکبوی میسرە، لەساڵی (١٩٣٧) بۆتە مامۆستای زمانی عەرەبی لەزانکۆی ئۆکسفۆردو کتێبێکی هاوبەشی نوسی، کە بەدو بەرگ بڵاو بوە، بەناوی (کۆمەڵگەی ئیسلامیو رۆژئاوا)، کە لە (١٩٥٠)، (١٩٥٧) بڵاکراوەتەوە. بیرۆکەی ئەم کتێبە ئەوەیە، کە کۆمەڵگەی ئیسلامی کۆمەڵگەیەکی بەشبەشی ناکۆکە، کە تەنها ئیسلام ئەمانەی کۆکردۆتەوە. (٥٢)

٤–ئیدوارد سەعید: لەساڵی (١٩٣٥–٢٠٠٣) لەقودس لەدایکبوە، تاساڵی (١٩٤٧) لەقودس بوە، دواتر چۆتە ئەمریکاو لەساڵی (١٩٥٧) لەزانکۆی برنستۆن دەرچوە. لەساڵی (١٩٦٤) دکتۆرای لەئەدەبی ئینگلیزیدای لەزانکۆی هارڤارد بەدەست هێناوە، دواتر لەزانکۆی کۆلۆمبیا ئەدەبی بەراوردکاری وتۆتەوە. (٥٣)

تەوەرەی شەشەم: کێشەکانی رۆژهەڵاتناسیی

رۆژهەڵاتناسیی بەگشتیو رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی بەتایبەتی لەساڵانی حەفتاکانەوە توشی گەورەترین قەیران بۆوە، ئەم کێشەیە لەیادی سەد ساڵەی یەکەمین کۆنگرەی رۆژهەڵاتناسیی لەشاری پاریس لەساڵی (١٩٧٣) بەڕونی دەرکەوت. ئەندامانی کۆنگرە گفتوگۆیەکی زۆریان لەسەر چەمکی رۆژهەڵاتناسیی سازاند، بەرای زۆرینە، رۆژهەڵاتناسیی پسپۆڕیەکی تایبەت

نییەو ناکرێت بەکەسێکی هیندی، کە لەسەر هندستان دەنوسێت، پێی بوترێت رۆژهەڵاتناس، هەروەها رۆژهەڵاتیەکان ئەو وشەیان بەتانەیەك ئەزانی، چونکە پێیانوابو، کە ئەبونە ماوەی دیراسە نەك بکەرو بەشداری لەبواری رۆژهەڵاتناسیدا بکەن، بۆیە بەزۆرینەی دەنگوشەی رۆژهەڵاتناس وەلا نرا. چەمکەکە گۆڕا بە (کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان لەئاسیاو باکوری ئەفریقا)، کە زانستە کۆمەڵایەتیەکانو زانستی ئەدەبی کۆنی دەگرێتەوە. (٥٤)

ئەم چەمکە تائێستاش مایەی رامانو گفتوگۆیە، بێرنارد لویس وەك رۆژهەڵاتناسێکی سەر بەرێبازی باوی قوتابخانە کلاسیکیەکان رەخنە هەیە، بەرای ئەو لەئێستادا رۆژهەڵاتناسیی ئەمریکی سێ گرفتی گەورەی لەبەردەمدایە، کەوایکردوە زۆر سەرکەوتو نەبێت کە ئەمانەن:

١. نەزانین: واتە نزمی ئاستی کادرە زانکۆییەکان، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەدوای جەنگ خواست لەسەر کادر زۆربو، بەڵام خستنەڕو کەمبو، بۆیە کۆمەڵێك کادری ئاست نزم هاتنە بوارەکەوە بەتایبەت کادرە نوێیەکان کەمیان هەیە لەزمانەکانی رۆژهەڵات شارەزا بون ئەمەش وایکرد کە کارەکە سروشتێکی بازرگانی ئەکادیمی وەربگرێت، لەلایەکیتر زانکۆکان پشتیان بەکادرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەست، ئەوە بو چەمکە رۆژهەڵاتیەکان ئاوەژو بونەوە، بۆ نمونە چەمکی موستەعرەب (Arabisant) لای رۆژهەڵاتناسەکان بەوکەسانە دەوترا، کە گرنگی بەناوچە عەرەبنشینەکان دەدەن، یان بەو کەسانەیان دەوت، کە پسپۆرییان لەپەیوەندیەکان لەگەڵ عەرەب هەبو، بەڵام ئێستاوای لێهاتوە بەو کەسانە

دەڵێن، کە پشتگیری لەپرسی عەرەبی دەکەن. بۆیە بەڕای ئەو واباشترە ئەو ناوە بگۆڕێت بۆ (Arabologue).

٢. کاریگەری هەڵچوونو حوکمی پێشوەخت: بەهۆی ململانێکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت ململانێی عەرەبی ئیسرائیلی، هەروەها بڵاوبونەوەی ئایدۆلۆجیای جۆراو جۆر،وایکردوە، کەهەستە ئاگرینەکان لەم ناوچەیەدا کڵپە بسێنێتو حوکمەکان پێشوەختو رادیکاڵیو چەقبەستو بێت. لەلایەکی ترەوایکردوە کە سیاسیەکان دەستبخەنە ناو ئەمبوارەوەو لەلایەن دەوڵەتانی رۆژهەڵات کورسی لەئەمریکا لەسەر بوجەی خۆیان بکرێتەوە بەمەرجێك خزمەتی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی خۆیان بکات، لەوانە سعودیەو لیبیا، کە ئەمەش بۆخۆی لەبایەخی ئەکادیمی رۆژهەڵاتناسیی دابەزاندوە، یان کورسیو پۆست دەبەخشن بەوکەسانەی کە پشتگیری لایەنێکی سیاسی دژی ئەوی تر لەرۆژهەڵاتدا ئەکات بەمەبەستی بەدەستهێنانی گرێبەستێکی بازرگانی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست. (٥٥)

٣. هەڵسەنگاندنی نازانستیانە: ئەو لێکۆڵینەوانەی دەنوسرێت، بەشێوەیەکی زانست هەڵسەنگاندنی بۆ ناکرێت، بۆ نمونە کتێب ئەنێرن بۆ کەسێك، کە ریزبەندی زانستی لەنوسەرەکەی کەمترە، یان پێشوەخت بەکەسی هەڵسەنگێنەر دەوترێت، کە بەئیجابی یان سلبی لەسەر بابەتەکە بنوسێ، ئەمەش وایکردوە هەڵسەنگاندن شێوازێکی ئەکادیمی لەخۆ نەگرێت (٥٦)

بیرمەندە عەرەبیەکان لەپێشەوەی ئەوانە بون، کە رەخنەی توندیان لەرۆژهەڵاتناسیی گرت، یەکەم هێرش لەساڵی (١٩٥٠) لەلایەن ئیمامی (تەجەموعی موسوڵمانانی ئەڵمانیاو پاکستان غەربی) کرایە سەر

ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، کە چاپی یەکەمی لە (١٩٣٨) بەئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی دەرچوبو.[٥٧]

لەشەستەکاندا لەزانکۆی ئەزهەر کاری رۆژهەڵاتناسیی بەدژی ئیسلام لەقەڵەمدراو بەپرۆژەی خاچپەرستی ئەژمارکرا، هاوکات لیستێك لەناوی ئەو رۆژهەڵاتناسانە بڵاوکرایەوە، کە دژایەتی ئیسلامیان کردوە، کە لەناویاندا جولەکەشی تیا بو. بەڵام ئەوەی جێگەی بایەخە ئایدۆلۆجیای مارکسی تێکەڵ بەنەتەوایەتی عەرەبی دەبێت و ئەمەوادەکات کە رەخنەکان سنوری عەرەبە موسوڵمانەکان تێپەڕێنێت و عەرەبە مەسیحیەکانیش بگرێتەوە، وتاری (د. ئەنوەر عەبدولمەلیك) بو، کە بەناوی (رۆژهەڵاتناسیی لەقەیراندایە) لەگۆڤاری (دیۆگینز) لەفەرەنسا بڵاوی کردۆتەوە، لەساڵی (١٩٦٣)، رەخنەی لەکاری رۆژهەڵاتناسیی گرتبو، بەوەی کە مرۆڤی عەرەبی و ئەفریقی و رۆژهەڵات جیادەکاتەوە، لەمرۆڤی راستەقینە، کە ئەوروپیەکانن و خاوەنی مێژوویەکی سروشتی هەیە.[٥٨]

یەکێکی تر لەو کەسانەی رەخنەی لە رۆژهەڵاتناسیی گرت، ئیدوارد سەعید بو لەکتێبی (ئیستشراق)، ئەو دەڵێت، "رۆژهەڵاتناسیی بەسەرکەوتویی لەلایەن ئیمپریالیزمی نوێ بەکارهێنراوە، بەشێوەیەك رۆژهەڵاتناسیی جەخت لەسەر ئیمپریالیزم دەکاتەوە کە پیلانی دەستگرتنە بەسەر ئاسیادا".[٥٩] رۆژهەڵاتناسیی شێوازێکە، کە رۆژئاوا بۆ دەسەڵاتگرتن بەسەر رۆژهەڵاتدا ئیگرێتە بەرو سیادەی خۆی بەسەریا دەسەپێنێت و پێمان دەڵێت کە رۆژهەڵات هیچکاتێك نەبوەو ناشبێت بەبابەتێکی ئازادی هزرو کار[٦٠]، رۆژهەڵاتناسیی لەئەمریکاوەك پرسێکی ئیداری و کێشەیەکی سیاسی وەرگیراوە، کە پشتیان لەئەدەب کردبوە، هەمو کاری کۆمەڵناسەکان شیکار

کردنـــی هەڵوێســـتو رەوتو ئامارەکـــان بـــو، کـــە ئەمـــەش (پـــرژە مەعریفەیـــە"معرفـــە خـــابرە")ی لای ئـــەوان دروســـتکردوە [٦١]، بـــەڕای ئـــەو زانکۆکانی ئەمریکا خوێندکارە رژهەڵاتیەکان بەناوی (پسپۆڕە رەسـەنەکان) وەردەگـــرن، ئەمانـــەوا فێردەکـــرێن، کـــە بەدەســـتی خۆیـــان مومارەســـەی رۆژهەڵاتناسیی لەرۆژهەڵاتی خۆیاندا بکەن. [٦٢]

ئیدوارد، دەڵێت "من باوەڕم وایە توێژەرە نوێیەکان زیـاتر کـار لەسـەر مێـژوو ئـەزمونی مرۆڤایـەتی بکـەن، نـەك لەسـەر کۆمـەڵێك رێگـەو حـوکمی پێشوەخت، کەلەژێر کاریگەری رەگـەزیو ئایـدۆلۆجیو ئیمپریالیزمیـدا بێـت، لەلایەکی تریش بەهیچ شێوەیەك وەڵامی رۆژهەڵاتناسـیی رۆژئاواناسـی نیـە" [٦٣]

ئیدوارد لەژێر کاریگەری (میشێل)دا فۆکۆ بـو، کـە بـاوەڕی بـەوە هـەبو مەعریفـە دەسـەڵاتە، واتـە ئـەوەی پێیـدەڵێن راسـتی بەرهـەمی رێبـازێکی دیاریکراوە، کە راستیو ناراستەکان دیاریدەکات. ئیـدوارد گـۆمێکی گـەورەی لەناوەندی زانکۆکانی ئەمریکا ناوی رۆژهەڵاتناسـیی شـڵەقاند بێرنـارد لـویس دەڵێت، ئیـدوارد رۆژهـەڵات تـەنها بەرۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لەقەڵـەم دەداتو لەناویشیدا بەتەنها نیشتمانی عەرەبی دادەنێت. لێکۆڵینەوەی تـورکو فـارس هەروەها سیاقی مێژوویی پشتگوێ دەخات. هەروەها لێکۆڵینـەوەی ئـەلمانی وەلا دەنێت کە هیچ مەبەستێکی داگیرکاریی لەپشتەوە نەبوەو فیلۆلۆجیـاش بەپاشماوەیەکی خراپـی رۆژهەڵاتناسـیی دادەنێـت. [٦٤] (د. مـاڵکۆم کـڕ) کـە مامۆســـتای زانکـــۆی کالیفۆرنیایـــەو دەنوســـێت " خـــودی ئیـــدوارد لەرۆژهەڵاتناسیی کەوتۆتە حوکمی پێشوەخت لەسەر رۆژهەڵاتناسیی" [٦٥] .

(جەلال سادق عەزم)، دەلێت "ئیدوارد دو رۆژهەلاتناسیی داناوە، یەکەمین دامەزراوەیی دەوڵەتە، دوەمیان ئەکادیمیە، کە دوەمیان بەدروستکەری یەکەمیان دادەنێت "[٦٦].

(رۆگەر ئۆین)یش پێیوایە لێکۆڵینەوەیی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی رێبازی زانستی خۆی هەیەو کاری بەسەر کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە نیەو کۆمەڵگەکان بۆ رژهەلاتو رۆژئاواوەك رۆژهەلاتناس دابەشیدەکات، واناکەن!
[٦٧]

لەئێستادا بالێکی بەهێز لەناو زانکۆکانی ئەمریکا، هەیە، کە باوەری وایە ئیسلامیەکان هەمویان رادیکالیو توندوتیژ نین، بەڵکو کۆمەڵێکی باش لەئیسلامیەکان هەن کە دژی شۆرشو توندوتیژین، هاوکات رەوتێکی گرنگی کۆمەڵگەنو لەپرۆسەی سیاسیو دیموکراتی ناوچەکە بەشدارن [٦٨]

لەسالانی نەوەدەکانەوە تائێستا (میسا) رەخنەی توند لەحکومەت دەگرێت، بۆ جیاکردنەوەی کاری ئەکادیمی لەحکومەت بەتایبەت لەوەزارەتەکانی دەرەوەو بەرگریو هەوالگریدا [٦٩]

پەراوێزەکان

١–زکاری لوکمان: تاریخ الاستشراق وسیاساته الصراع علی تفسیر الشرق الاوسگ، دار الشرق، قاهره، ٢٠٠٧، ص٤٩– ٥٠.

٢– هەمان سەرچاوە، ل٥٢.

٣–هەمان سەرچاوە، ل ٥٦.

٤–هەمان سەرچاوە، ل٥٨.

٥–هەمان سەرچاوە، ل٦٠.

٦–هەمان سەرچاوە، ل ٦٦.

٧–هەمان سەرچاوە، ل ٦٩–٧٠.

٨–هەمان سەرچاوە، ل٨٥.

٩–هەمان سەرچاوە، ل٨٦–٨٧.

١٠–هەمان سەرچاوە، ل٩١.

١١–هەمان سەرچاوە، ل١٠٢.

١٢–هەمان سەرچاوە، ل١١٧.

١٣–and the Orientalism The United States:Douglas Little since ١٩٤٥© The University of North Carolina Middle East Press،٢٠٠٢.P.١١

١٤–Orientalism:Douglas Little

١٥–ادوارد سعید: الاستشراق، المعرفه، السلگه، الانشاو، ترجمه: کمال ابو دیب، گبعه الپانیه، دار الکتب الاسلامی، قم،١٩٩٤، ل٢٩٤.

١٦–Orientalism.٢٧:Douglas Little

١٧–Orientalism.P٣٠:Douglas Little

١٨–ادوارد سعید: الاستشراق، ل٢٨٦–٢٨٧.

١٩–زکاری لوکمان: تاریخ الاستشراق، ل٧٦.

٢–محمد ارکون واخرون: الاستشراق بین دعاته ومعارچیه، ترجمه: هاشم صالح، دار الساقی، بیروت، ١٩٩٤، ص١٦٢.

٢١–محمد اركون واخرون: الاستشراق بين، ل١٣٢–١٣٤.
٢٢–محمد اركون واخرون: الاستشراق بين،ل.١٣٧
٢٣–زكارى لوكمان: تاريخ الاستشراق، ل١٣٣.
٢٤–زكارى لوكمان: تاريخ الاستشراق، ل١٤٠–١٤١.
٢٥–محمد اركون واخرون: الاستشراق بين، ل١٣٩.
٢٦–انور زناتى: زيـاره جديـده للّاستشـراق، مـع ديراسـه للروايـه الاستشـراقيه المنصـفه للرسول محمد (صلى الله عليه وسلم)، مكتبه انجلو المصريه، مصر، ٢٠٠٦، ص١٣٣.
٢٧–Orientalism.P:Douglas Little ١٢
٢٨–ادوارد سعيد: الاستشراق، ل٢٨٦.
٢٩–Orientalism.P:Douglas Little ١٧
٣٠–زكارى لوكمان: تاريخ الاستشراق، ل١٨٠–١٨١.
٣١–زكارى لوكمان: تاريخ الاستشراق، ل٣٩٣.
٣٢–انور زناتى: زياره جديده للّاستشراق.
٣٣–مازن مگبقانى: بحوپ فى الاستشراق الّمريكى المعاصر، ١٩٩٩.
٣٤–زكارى لوكمان: تاريخ الاستشراق.
٣٥–مازن مگبقانى: بحوپ فى الاستشراق، ل٢٦.
٣٦–Orientalism.P:Douglas Little ١٧
٣٧–Orientalism.P:Douglas Little ٤٦
٣٨–زكارى لوكمان: تاريخ الاستشراق، ل٢٠١.
٣٩–محمد اركونو اخرون: الاستشراق بين،ل١٤٠، مـازن مگبقـانى: بحـوپ فى الاستشـراق، ل١٩.
٤٠–زكارى لوكمان: تاريخ الاستشراق، ل٢١٣.
٤١–زكارى لوكمان: تاريخ الاستشراق، ل٢٠١.
٤٢–هنرى كيسنجر: هل تحتـاج امريكـا الى سياسـه خارجيـه، ترجمـه: (هنـد بهلـول)، دار الراى، دمشق، ٢٠٠٦، ص٢٠٤.
٤٣–زكارى لوكمان: تاريخ الاستشراق، ل٢٦٠–٢٦٣.
٤٤–زكارى لوكمان: تاريخ الاستشراق، ل٢١٠–٢١٢.
٤٥–زكارى لوكمان: تاريخ الاستشراق، ل٢١٢–٢١٤.

٤٦–زکاری لوکمان: تاریخ الاستشراق، ل٢٦٥–٢٦٩.

٤٧–زکاری لوکمان: تاریخ الاستشراق، ل٢٨٩.

٤٨–مازن مگبقانی: بحوپ فی الاستشراق ل٢٩–٣١.

٤٩–مازن مگبقانی: بحوپ فی الاستشراق، ل١٨.

٥٠–مازن مگبقانی: بحوپ فی الاستشراق.

٥١–مازن مگبقانی: بحوپ فی الاستشراق، ل١٠.

٥٢–زکاری لوکمان: تاریخ الاستشراق، ل١٨٦.

٥٣–ادوارد سعید: الاستشراق، مقدمه، بلا رقم الصفحه.

٥٤–محمد ارکون واخرون: الاستشراق بین، ل١٦٢–١٦٣.

٥٥–محمد ارکون واخرون: الاستشراق بین، ل١٤٥–١٤٦.

٥٦–محمد ارکون واخرون: الاستشراق بین، ل١٥٠–١٥١.

٥٧–محمد ارکون واخرون: الاستشراق بین، ل١٤٠.

٥٨–زکاری لوکمان: تاریخ الاستشراق، ل٢٠١.

٥٩–ادوارد سعید: الاستشراق، ل٣١٩.

٦٠–ادوارد سعید: الاستشراق.

٦١–ادوارد سعید: الاستشراق، ل٢٩٠–٢٩١.

٦٢–ادوارد سعید: الاستشراق، ل٣٢١–٣٢٢.

٦٣–ادوارد سعید: الاستشراق، ل ٣٢٤–٣٢٥.

٦٤–محمد ارکون واخرون: الاستشراق بین، ل١٧٣.

٦٥–زکاری لوکمان: تاریخ الاستشراق، ل٣١١.

٦٦–زکاری لوکمان: تاریخ الاستشراق، ل٣١٦.

٦٧–زکاری لوکمان: تاریخ الاستشراق، ل٢٧١.

٦٨–زکاری لوکمان: تاریخ الاستشراق، ل٣٥٥.

٦٩–زکاری لوکمان: تاریخ الاستشراق، ل٣٨٤.

هاوئاهەنگی دەسەلآت و مەعریفە لە رۆژهەلآتناسیدا

حەبیب محەمەد دەرویش

رۆژهەلآتناسیی بەشێکی گرنگو لقێکی زانستی سەردەمی رۆشنگەریو دواتر بەشێکی لێکۆلینەوەی پشتبەستوە بەفەلسەفەی پۆزەتیفیزمو ماتریالیزمی مێژووی ئەوروپیە، ئەگەر باس لەرۆژهەلآتناسیی بکەین یان بمانەوێ دوبارە مێژووی رۆژهەلآتناسیی بنوسینەوە پێویستە سەرلەنوێ سەرجەم گەشەی رۆشنبیری رۆژئاوا بنوسرێتەوە لەسەر ئەو زەمینەیەی ئەو فەلسەفە رۆژئاواییەی لەدەرەوە خودی رۆژئاوا گەشەیکردوە، یان ئەگەر دروستبێت ناوییبنێین گەشەی رۆژئاوا لەودیو رۆژئاواوە بەو مانایە کە رۆژئاوا روانینی خۆی بۆ شارستانییەتو مێژووو سیاسەتو ئاین هەلگرتبێ لەسەر سەرزەمینێکیتری بێگانە تەفسیری هەمو دیاردەکانی پێکردبێ.

رۆژهەلآتناسیی سەرەڕای پێشکەوتنەکەی لەناوەوە پەیوەستە بەپێشکەوتنی بیری مێژوویی و فەلسەفی خودی رۆژئاوا پێشکەوتنێکی دەرەکیش بەخۆیەوە ببینێ، کە بەرهەمی گەشەی خودی خۆی بو، بۆ هێنانەدی جیاوازیو جۆرایەتی لەمیتۆدا هێنایەدی، کە لەسەرەتاداوەك یەك زانستی تەواو (متکامل) لێکدرایەوە، بەلآم دواتر دابەشبو بۆ چەندەها لقی زانستیو چەندەها بەشی تایبەتیو سەربەخۆ، کە هەریەکەیان لەویتریان جیاواز بو، بەلآم هەموویان پەیوەندییان بەشارستانییەتی تایبەت بەرۆژهەلآتناسییو ئەو جێگاوە هەبوە، بۆیە دواتر رۆژهەلآتناسیی چینیو

هیندی دەرکەوت واتە (تایبەت بەچین و هیند) توێژینەوە ئێرانی و تورکی و دونیای سامی و ئیسلامی و لێکۆڵینەوەکان لەسەر میسری کۆن و ئەفریقا، کە لەهەمو بوارەکانی زمانناسی و مێژوویی و دابونەریتی ئەم گەلانە لەژێر سایەی ئەو شارستانییەتەدا بون.

هەریەک لەم بوارانە کە لێکۆڵینەوەی تیادا دەکرا، وردتر دەبوو مەبەستیترو تایبەتمەندیتری لێجیادەبوەوە تاوای لێهات ئەم لێکۆڵینەوانە هەر یەک لەبوارێکدا چەندەها سەنتەرو پەیمانگەی تایبەتی بەخۆیان هەبوو، ئەم سەنتەرە تایبەتمەندانە زاڵبون بەسەر ناوە گشتیی و هاوبەشە مێژووییەکەشدا، کە رۆژهەڵاتناسییە، بەڵام بەردەوام ئەمە ناوە دەبوە کۆڵەکەی هاوبەشی نێوانیان. هەر یەک لەم تایبەتمەندییانە، زانستێکیتری لێجیادەبوەوە لەئەنجامی ئەم وردبونەوە چەندەها لقی زانستی تایبەت بەرۆژهەڵات دروستبو بۆیە کۆمەڵەی رۆژهەڵاتناسە دێرینەکان و کۆمەڵە زانستییەکانی رۆژهەڵاتناسیی سەردەمی نوێ وەک کۆمەڵەی رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی وەکو کۆمەڵەی رۆژهەڵاتناسیی ئاسیایی و کۆمەڵەی رۆژهەڵاتناسیی ئاسیایی فەرەنسی رێگایاندا چەندەها قاپی بکرێتەوە بەشێوازێکی نوێ و تایبەتمەند بۆیە ئەو کۆنگرەیەی، کە هەرسێ ساڵ جارێک رۆژهەڵاتناسەکان دەیانبەست و کۆمەڵێکی زۆر لەلێکۆڵەرەوان و تایبەتمەندانی بواری رۆژهەڵاتناسیی تیادا ئامادە دەبون گۆڕا بۆ گرتنی چەندەها کۆنگرەیتر کە بەشێکی تایبەت لەلێکۆڵینەوەکانیان لەبواری دیراساتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و هیندی بو، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەو ناوە کۆنەی رۆژهەڵاتناسیی لەلێکۆڵینەوەکانی بواری رۆژهەڵات بەتەواوی بەرەو نەمان و لەناوچون چو.

رۆژهەڵاتناسیی‌و دەسەڵات

کۆنتریت تۆمەت درابێتە پاڵ رۆژهەڵاتناسیی‌و بەشێوەیەکی فراوان دژی بەکارهێنرابێ بریتیبوە لەوەی رۆژهەڵاتناسیی هۆکارێکی یارمەتیدەر بوە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتە داگیرکەرە ئەوروپییەکان دژ بەخاکی ئیسلام‌و رۆهەڵاتناس ئەوکەسە بوەو رۆڵی رێنماییکەرو چاوساغی دەبینی بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکان.

مەسەلەیەکی ئاشکرایە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان شێوازی یان ئەو میتۆدانەی تۆێژینەوەی کەسی موسڵمان، ئەو رێگایانەی کە کەسی رۆژهەڵاتناس لەتوێژینەوەدا دەیگرێتەبەر، لەکاتی توێژینەوە لەدیاردەکان‌و قۆناغە مێژوویییەکان‌و سایکۆلۆجییەتی کەس‌و کۆمەڵگەی دیراسەکراو.. ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میتۆدەی کەسی توێژەر دەیگرێتەبەر لەتوێژینەوەکەیدا، زۆربەی موسڵمانەکان لەچەرخی نوێشدا هێشتا دەستبەرداری ئەو میتۆدە کۆنانە نەبون لەدیراسەکردن‌و توێژینەوەدا، کە بێگومان پاشخانی رۆشنبیری کەسێتی موسڵمان رۆڵی کاریگەری دەبێت لەدەرەنجامەکانی توێژینەوەکەدا، بەڵام رۆژهەڵاتناسەکان لەتوێژینەوەیاندا لەسەر کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکان لەسەر ئەو میتۆدانە کاردەکەن، کە زانستی رۆژئاوا لەبوارەکانی کۆمەڵناسی‌و سایکۆلۆژی...، کە بەپێی ژینگەی کۆمەڵگە دیراسە لەسەرکراوەکان بەکاریدەهێنن، ئەڵبەتە ئەو توێژینەوە زانستییانە هەمو رۆژهەڵاتناسەکان بەئەمانەتەوە بەکاریانهێناوە‌و دیراسەیەکی زانستی روتی کۆمەڵگە نارۆژئاواییەکانیان نەکردوە، بەڵکو لێکۆڵینەوەکانیان لەخزمەت بەرژەوەندییەکانی وڵاتە ئیمپریالیستەکاندا بوە.

بەڵام ئەو بەرونی لەتوێژینەوەی زۆربەی زانایانی رۆژهەڵاتناسدا دەردەکەوێت سێنتراڵی ئەوروپییە، کە ئەو زانایانە کۆمەڵگەی ئەوروپی و شارستانییەتی ئەوروپیان وەک نمونەیەکی بەرزو گونجاو دادەنا بۆ هەمو کۆمەڵگەکان لەهەمو بوارەکانی ژیانو پێشکەوتنی زانستیو کۆمەڵایەتیو ئابوری، پێیانوابو دەبێت ئەو فاکتەرانەی بونەتە مایەی پێشکەوتنی ئەوروپاو وەک ئەزمونێکی بەرز دەبێت ئەکتیف بکرێت لەکۆمەڵگەکانیتر، دەبێت بەشێوەیەکی میکانیکی جێبەجێبکرێت لەکۆمەڵگە ئیسلامییەکانو بەشێوەیەکی هەمیشەیی و پێیانوابو ئەم فاکتەرانە فاکتەرگەلێکی گەردونییەو نابێت لێی لابدرێتو دەبێت لەهەر هەوڵێکی زانستی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان لەهەمو جێگایەك بگیرێتەبەر، ئەمجۆرە داوەرییە پێشینەیە لەلێکۆڵینەوەی زانستیدا زاڵبو بەسەر عەقڵییەتی رۆژهەڵاتناسەکاندا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست، کە نمونە بەرزیی ئەوروپی و پێشکەوتنی جۆرێك لەرەگەزپەرستی هێنایەکایەوەو جۆرێك لەئایدیالیستی لەبواری هزردا هێنایەبون، هەر وەك مەکسیم رۆدنسون باسیدەکات، بەڵام ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە هیچ کەمناکاتەوە یان نابێت هیچ کەمبکاتەوە لەو هەوڵە زۆرانەی، کە رۆژهەڵاتناسەکان داویانە لەکۆمەڵگە نائەوروپییەکان لەکۆکردنەوەی بابەتو زانیاری کە دەتوانین ناوی بنێین کەڵەبونی زانیاریو بابەتی خاو بۆ دوبارەو چەندبارە دیراسەکردنو لێکۆڵینەوەکردنیان کە دەکرێت لەقۆناغە مێژوویییەکانیتردا پەی پێ نەبرابێ.

رۆژهەڵاتناسی‌و بزافی هزری ئەوروپی

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە مەکسیم رۆدنسون باسیدەکات‌و پێیوایە شتێك نییە ناوی رۆژهەڵاتناسیی بێت یان ئێرانیناسی یان چینیناسی ...، بەڵکو ئەوەی هەیە بریتییە لەچەند زانستێکی تایبەت‌و دیاریکراوە بەلێکۆڵینەوە لەبواریك‌و هەر زانستێك ئیشکالییەتی تایبەتی خۆی هەیەوەك زانستی ئەنسرۆپۆلۆژی‌و زانستی ئابوری سیاسی‌و زمانناسی‌و کۆمەڵناسی‌و ئەسنۆلۆژیا....

میتۆدەکانی ئەم زانستانە دەکرێت پراکتیزەبکرێت لەسەر هەمو گەل‌و ناوچەکان بەپێی قۆناغە مێژوویییەکان، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی ئەو گەل‌و ناوچانە‌و قۆناغە مێژوویییەکەی. رۆدنسۆن پێیوایە، شوێنێك نییە ناوی رۆژهەڵات بێت‌و یەك سەرزەمین بێت‌و یەك تایبەتمەندی هەبێت، بەڵکو لەو سەرزەمینە چەندەها گەل‌و وڵات‌و کۆمەڵگە‌و کولتوری جیاواز هەیە پێویست بەلێکۆڵینەوەی جیاواز دەکات، بۆ هەر یەك لەو گەل‌و کۆمەڵگانە کە پێدەچێ هەندێکیان لەقۆناغێکی مێژوویییدا کۆمەڵێك هاوبەشیان هەبوبێ بۆیە دەبێت لێکۆڵینەوەکانیش بەپێی ئەو قۆناغە مێژوویییە بێت، بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین کە پەیوەندییەکی دانەبڕاو هەیە لەنێوان رۆژهەڵاتناسی‌و بزافی گشتی بیرکردنەوە لەرۆژئاوا لەو قۆناغە مێژوویییەدا رۆژهەڵاتناسەکان باوەڕیان وابو نمونەی پێشکەوتنی ئەوروپی سەرکەوتوترین نمونەی پێشکەوتنی شارستانییەتی دونیایە‌و هیچ شارستانییەتێکیتر نەگەیشتوەتە ئەو ئاستی پێشکەوتنە، بڕوایان وابو هەر هەوڵێك بۆ پێشکەوتن‌و گەشەکردنی شارستانییەتەکانیتر یا هەر کۆمەڵگەیەکیتر دەبێت بگەڕێتەوە

سەر هێڵەکانی گەشەکردنی رۆژئاوا بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا بگات بەنمونەی ئەوروپی.

هەمو هەوڵێك بۆ گەشەکردن ناتوانێت نمونەی ئەوروپی تێپەڕێنێ، ئەم قەناعەتە لای هەمو لێکۆڵەران چەسپابو، تەنها کۆمەڵێکی کەم نەبێت لەمارکسییەکان پێیانوابو دەکرێت نمونەی پێشکەوتنی ئەوروپی تێپەڕێنێ هەروەك کارل ماركس دەڵێ رێگایەکی تاپۆکراو نییە بۆ زانستو تەنها بەخت یاوەری ئەوکەسانە دەبێت، کە لەرێگا ناڕەحەتەکان ناترسن بۆ گەیشتن بەلوتکە بەرزەکان، بەڵام گوتاری رۆژئاوایی یان ئەو گوتارانەی لەرۆژئاواوە دەردەچێت لەسەر رۆژهەڵات یەکجۆر گوتار نییەوەك باوە لەنێو هزرو کولتور ئێمەدا، رۆژئاوا یەك بلۆکی کەڕوڵاڵ نییە، بەڵکو فەزایەکە چەندەها تەوژمو میتۆدو بیروبۆچونی جیاوازی هەیە، فرەیی ئەو تەوژمو مەدرەسەو میتۆدانە جیاوازیش لەهەڵوێست دروستدەکات، بەتایبەت لەسەر رۆژهەڵات، بەڵام هەمیشە میتۆدی جیاواز لەلێکۆڵینەوەی گروپێکدا هەڵوێستێکی سایکۆلۆژی تێکەڵدەبێت، ئیتر ئەو هەڵوێستە نێگەتیڤ یان پۆزەتیڤ لەسەر ئەو بابەتەی بەپێی ئەو میتۆدە دیراسەکراوە، بۆ نمونە ئەگەر بگوترێت دواکەوتنی رۆژهەڵاتو دونیای ئیسلام هۆکاری مێژوویی‌و سۆسیۆلۆژی‌و ئابوری هەیە، ئەمە مانای ئەوەیە دەکرێت گۆڕانی تێدا روبدات‌و ئەو دواکەوتنە بەنەمانی هۆکارەکانی نامێنێ‌و ئەو کۆمەڵگەنە دەکرێت گەشەبکەن‌و پێشبکەون، بەڵام ئەگەر بگوترێت هۆکاری دواکەوتنیان پەیوەندی بەبونیادی ئەو کۆمەڵگەنەوە هەیە،واتە پێکهاتەی زیهنی کەسی رۆژهەڵاتی یان کەسی موسڵمان قابیلی گۆڕان‌و پێشکەوتن نییە، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە دواکەوتنی ئەم کۆمەڵگەنە تایبەتمەندییەکی ئەزەلییەو لەو کۆمەڵگەنە جیانابێتەوە،

ئـــەمجۆرە میتۆدانـــە بـــۆ کۆمەڵگـــە رۆژهەڵاتییـــەکان لەلێکۆڵینـــەوەی رۆژهەڵاتناسەکاندا هەبوە کە ناودەنرێت بەسۆسیۆلۆژیای چەسپاوو نـەگۆڕ یان سۆسیۆلۆژیای گۆڕانو پێشکەوتن.

رۆژهەڵاتناسییو مەعریفەو دەسەڵات

وەك چۆن جیاوازی لەگوتاری رۆژهەڵاتناسەکاندا هەیە، بەهەمان شـێوە جیـاوازیش لـەگوتاری رۆشـنبیرانی رۆژهـەڵات سـەبارەت بەرۆژهەڵاتناسـیی هەیەو ئەمانیش بەچەندەها تەوژمو تێڕوانینی جیاواز راڤـەی رۆژهەڵاتناسـیی دەکـەن، بـۆ نمونـە: هەڵوێسـتی (عـەزیز ئەلعـەزمو سـادق جـەلال ئەلعـەزم) دەربـارەی کتێبەکـەی ئیـدوارد سـەعید (الاستشـراق) ئەگـەر تونـدتر نـەبێت لەهەڵوێستی بێرنارد لویس هیچـی لـەو کـەمتر نییـە، سـادق جـەلال ئەلعـەزم یەکێك بو لەو رۆشنبیرانەی کە لەسەرەتاوە رەدی ئیـدوارد سـەعیدی دایـەوە لـەکتێبی (الاستشـراق والاستشـراق معکوسـا)و ئەلعـەزم پێیوایـە ئیـدوارد سـەعید لەکتێبەکەیـدا عەکسـی ئـەو دەرەنجامـە گەیشـتوە کەویسـتویەتی پێیبگـاتو دەڵـێ "پێمولیـە دەرەنجـامی لـۆژیکیی ئـەمجۆرە تێڕوانینـە لەراڤـەکردنی دیـاردەی رۆژهەڵاتناسـیی دیسـانەوە لـەدەرگای پشـتەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەفسانەی سروشـتی چەسـپاوی کەسـەکان کـە ئیـدوارد سـەعید خـۆی ویسـتی تێکیبشـکێنێ بەتایبەتمەندییـە جەوهەرییـەکانی کـە قـابیلی گـۆڕانو نـەمان نییـە"، هـەروەها ئەمـە گەڕانەوەیـە بـۆ میتـافیزیکی رۆژهەڵاتناسیی کە ئیدوارد سەعید ویستی لەکتێبەکەیـدا هەڵیبوەشـێنێتەوە، کتێبەکەی ئیدوارد سەعید دادەنرێت بـەگۆڕانێکی نـوێ لـەبواری لێکۆڵینـەوە ئەنسـرۆپۆلۆژییەکانو هەنـدێك بەقوتابخانەیـەکی نـوێ تەماشـای دەکـەن،

ئیدوارد سەعید لەقولایی میتۆدەکانی میشیل فۆکۆوە خوێندنەوەی بۆ رۆژهەڵاتناسیی کردوە بەتایبەتی شێوازی فۆکۆیی لەبەکارهێنانی پرنسیپی گوتار لەخوێندنەوەی گوتاری کۆلۆنیالی ئەوروپی، هەروەها پرنسیپی هێزو تۆڕی پەیوەندییەکانی نێهنییەکانی لەپەیوەندییەکانی هێز کە مەعریفە رێکیدەخاتەوە لەگوتاری نوسین، پرنسیپی (سیاسەت) لەپەیوەندییە مرۆییەکانو مەعریفەی سیاسیو توێژینەوە لەپرنسیپی سیاسەتو لێرەدا گوتەزای رۆژهەڵات رۆژهەڵاتە، رۆژئاوا رۆژئاوایە بەکاردەهێنێ بەو مانایە هەر یەك لەو دو جیهانە بەمانای کۆمەڵگەو بەمانای تاکیش سروشتی پێکهاتەیان جیاوازەو تایبەتمەندی جیاوازیشیان هەیە، بەوێنە دیاردەی رۆژهەڵاتناسیی زادەی هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراو نییە یان دەرەنجامی بەرژەوەندی و پێویستییە ژیانییەکان نییە کە بەردەوام لەگەشەکردندایە، بەڵکو رۆژهەڵاتناسیی فۆرمێکیترەو دەرهاویشتەی سروشتی بەردەوامی عەقڵییەتی رۆژهەڵاتو رۆژئاوایە کە بەشێوەیەکی خۆڕسکی بەرهەمیدەهێنێو بەردەوام لەدوبارە بەرهەمهێنانەوەیدا تێڕوانینی شێواو دروستدەکات لەسەرواقیعی گەلانیترو کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان بەبچوکو نزمو بێئاست تەماشادەکات.

زمانە کولتوورییەکان بەچاوێکی سوك دەبینێو لێکدانەوەی نێگەتیڤ بۆ هەمو هەڵوسوکەوتێکیان دەکات، ئەمەش لەپێناو سەلماندنو جەختکردنەوە لەخودی رۆژئاواو بەرزداگرتنو پێشکەوتنەکانو هەیمانەی بەردەوامی سەرگەلانیتر، کە بەپێی ئەم لێکدانەوەی ئیدوارد سەعید نەزعەیەکی رەسەن لەناخی رۆژئاوادا هەیە بەدرێژایی مێژوو لێی لانەداوە لەهۆمیرۆسەوە تارۆژهەڵاتناس هامیلتون گەب کە ئەویش شێواندنی ئەو بیرە رۆژهەڵاتو ناشیرینکردنیەتی بۆ بەرزراگرتنو پیرۆز راگرتنی رۆژئاوا.

پێدەچێ هۆکارێك بۆ ئەم تێڕوانینە سلبیەی ئیدوارد سەعید لەسەر رۆژهەڵاتناسیی وەك زانستێك هاوزەمان بێت لەگەڵ قۆناغی داگیرکارییە رۆژئاواییەکان کە ناسرا بەقۆناغی ئیستعمارو دواتر داگیرکردنو نیشتەجێکردنی جولەکە لەفەلەستین، کە پرۆسەیەکی ئیستعماری تەواوبو، بۆیە ئەم تێڕوانینەی ئیدوارد سەعید ئەمجۆرە کاردانەوە تونديەی بەرامبەر رۆژهەڵاتناس پێدەچێ هەڵوێستێکی سروشتی رونەاکبیرێکی عەرەبی فەلەستین بێت، بەڵام ئەوەی ئیدوارد سەعید لۆمەی لێدەکرێت ئەو تێڕوانینەی بەرامبەر مەعریفە، کە پێیوایە مەعریفە هیچ نییە جگە لەخزمەتکارێك بۆ دەسەڵات و هیچ سەربەخۆییەك نادات بەلێکدانەوە مەعریفییەکان، لەمە ترسناکتر ئەوەیە ئیدوارد سەعید مەعریفە تاوانبار دەکات، چونکە پێیوایە مەعریفە بونی نییە بەبێ بونی دەسەڵاتو بەبێ هەیمەنەی دەسەڵاتو کاریگەرییەکان، بۆیە لێرەدا دەکەوێتە نێو دونیایەکی پڕ لەگومان لەئەسڵی بونی مەعریفە، کە ئایا مەعریفە لەخودی خۆیداوەك دەرهاوێشتەیەکی زیهنی سەربەخۆی مرۆڤ بونی هەیە بەبێ بونی دەسەڵات، ئەم گومانەش سەردەکێشێ بۆ گومانکردن لەبونی حەقیقەت لەبواری زانستدا، کە بەپێی ئەو تێڕوانینە حەقیقەت بونی نییە، ئەوەی بەتەنیا بونی هەیە بریتییەلەو ململانێ بەردەوامە، کە بەدرێژایی مێژوو لەنێوان ئیرادەکاندا هەیە بۆ خۆسەپاندنو ئەوەی بونی هەیە ململانێی هەڵگری گوتارە جیاوازەکان، کە ئیرادەی خۆسەپاندنیان هەیە، بەڵام بیرکردنەوە لەحەقیقەت یان وابەستەبون بەپرنسیپی حەقیقەتەوە، وەك ئاسۆیەك بۆ کاری ئایندەمان هیچ نییە جگە لەساویلکەییەکی منالانە کە تائێستا نەمانتوانیوە خۆمانی لێی رزگاربکەین. لێرەدا مەعریفە یەکسانە بەدەسەڵات،واتە رۆژهەڵاتناسەکان

لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر گەلانی رۆژهەڵات دەکەن بۆ ئەوەی بەسەریاندا زاڵبن، چونکە رۆژهەڵاتناسەکان لەژێر کاریگەری دەسەڵاتە ئیمپریالییەکاندا بون بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆو ئەو تۆمەتەی دەدرێنەپاڵ رۆژهەڵاتناسەکان ئەوەیە ئەوان داوەرییەکی پێشینەیی سلبیان هەیە لەسەر ئەو گەلانەی کە دیراساتە زانستییەکانیان لەسەردەکەن، بەڵام دەبێت ئەو راستییەش بخرێتەڕو، کە دیراسەکردنی ئیسلامو زمانە رۆژهەڵاتییەکان بەتایبەتی زمانی عەرەبی چەندەها سەدە پێش سەردەمی ئیستعمار لەئەوروپا دەستپێکردوە، پێش ئەوەی هێرشی ئیستیعمار دژی جیهانی ئیسلامی دەستپێبکات.

بەشێکی زۆری ئەو دیراساتانەی لەسەر رۆژهەڵات کراوە لەهەندێ وڵاتانیتری وەك ئەڵمانیا کراوە بەشدار نەبوە لەهێرشە ئیستیعماریەکان بۆسەر جیهانی ئیسلام، بەپێچەوانەوە رۆژهەڵاتناسە ئینگلیزییەکان زیاتر وێنەیەکی سلبیان لەسەر رۆژهەڵات خستوەتەڕو، روناکبیرە رۆژهەڵاتییەکان هەردەم بەگومانەوە لەتوێژینەوەکانیان روانیوەو ئەو تێڕوانینە سلبییەی ئەنتی رۆژهەڵاتناسەکانی رۆژهەڵات، خودی رۆژهەڵاتناسەکان لەسەر خۆیان دروستیانکردوە، بۆ نمونە کرۆمەر دەڵێ "سێر ئەلفێر دلایل، پێیوتم (لەوەسفی کەسی رۆژهەڵاتیدا) وردەکاری شتێکی بینراوە لەعەقڵییەتی کەسی رۆژهەڵاتیدا، پێویستە هەمو کەسێکی ئەنگلۆهیندی ئەم پرنسیپە بنەڕەتیەی لەبیربێتو هەژاری لەبیرکردنەوەیەکی قوڵدا مانای نەگەیشتنە بەحەقیقەت کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی عەقڵی کەسی شەرقییە"و دواتر دەڵێ "بەڵام بەپێچەوانەوە کەسی ئەوروپی داوەرییەکی وردی هەیەو تێڕوانییەکانی بێخەوشە، ئەوروپی سروشتێکی لۆژیکی هەیە ئەگەر

لۆژیکیشی نەخوێندبێ، ئەوروپی سروشتێکی گوماناوی هەیە، هیچ حەقیقەت قبوڵناکات بەبێ بەڵگەیەکی سەلمێنراو، هەمیشە زیهنی راهاتوە وەک ئامێرێکی میکانیکی کاردەکات، بەڵام عەقلییەتی رۆژهەڵاتی بەپێچەوانەوە دورە لەهەر تێڕوانینێکی تیژو قوڵ بۆ هەمو ئەو بابەتو گرفتانەی لەژیانیدا روبەڕوی دەبێتەوە، ئەگەرچی عەرەبە دێرینەکان تارادەیەکی باش زانستی دیالێکتیکیان وەرگرتبو، بەڵام نەوەکانیان بەدەست بێ لۆژیکییەوە دەنالێن، ناتوانن رونترین دەرەنجام لەئاسانترین پێشکییەوە دەربهێنن".

پاشان لەوەسفی سلوکی ناشارستانی کەسی رۆژهەڵاتیدا دەڵێ "رۆژهەڵاتییەکان ناتوانن بەسەر شەقامو شۆستەکاندا رێبکەن، چونکە ئەو عەقڵییەتە پوچەیان ناتوانێ پەی بەو شتە ببات کە ئەوروپییەکی چاپوک بەخێرایی پەی پێ دەبات کە ئەویش ئەوەیە ئەو شەقامو شۆستانە بۆ ئەوە دروستکراوە ئەو بەسەریدا رێبکات".

لەم لێکدانەوەیە بۆ عەقڵییەتی رۆژهەڵاتی، ئیدوارد سەعید دەڵێ جەوهەری رۆژهەڵاتناسیی لێرەدا دەردەکەوێت، ئەویش جێکارییەکی ئەوتۆ دروستدەکات کە ئەستەمە کۆتایی بێت، ئەو جێکارییە لەنێوان عەقڵیەتی بەرزی رۆژئاواو عەقلییەتی نزمی رۆژهەڵاتو بەدرێژایی مێژوو ئەم تێڕوانینە چەسپێنراوەو قوڵکراوەتەوە، لەم تێڕوانینە رۆژهەڵاتناسییەوە ئەو پێناسەیەی رۆژهەڵاتناسیی خۆی دەسەپێنێو دەڵێ رۆژهەڵاتناسیی ئەو دەزگا رۆژئاواییەیەکە بیر لەرۆژهەڵات دەکاتەوەو لەروی سیاسیو کۆمەڵایەتیو سەربازیو ئایدۆلۆژیو زانستی بەرهەمیدەهێنێ، بەو شێوەیەی کە دەیەوێت خەیاڵی دەکات، لەم روە رونـاکبیرە ئەنتی رۆژهەڵاتییەکان پێیانوایە رۆژهەڵاتناسیی عەقڵییەتی ئیستعماریە نەک تایبەتمەندی زانستی،

چونکه کەسی زانستی بەو تێڕوانینەو داوەرییە پێشینەییە توێژینەوە لەسەر گەلان ناکات، بەڵکو ئەمانە بزانن یا نەزانن لەخزمەتی دەسەڵاتی هێزدا بون بەدەمامکی ئەکادیمییەتو مەعریفەوە.

لێرەوە ئەنتی رۆژهەڵاتییەکان دەگەڕێنەوە بۆ فۆکۆ کاتێک دەڵێ "دەسەڵات تارادەیەکی زۆر مەعریفە دیاریدەکات، ئەو هەمو مەعریفەیەکی بەرهەمهاتو لەژێر هەلومەرجەکانی دەسەڵاتدا بەشداریدەکات لەدروستکردنی هوشیاریداو لەبەرئەوەی هەر یەک لەبەریتانیاو فەرەنسا خاوەنی ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە بون بۆیە پێویستیان بەمەعریفە هەبو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتیانو فراوانکردنیانو شێوازی سەرکەوتو لەبەڕێوەبردنیاندا"، لەبەرئەوە رۆژهەڵاتناسیی زانستی لەفەرەنسا دەرکەوت لەسەردەستی (دی ساسی)و لەبەریتانیا لەسەردەستی (ئیدواردلیس)و رۆژهەڵاتناسە ئەڵمانەکان وەک (فلایشەر رۆفیشەر) دەرۆیشت لەپاریس لەسەردەستی (سیلفستەر دی ساسی) دیراسەیان دەکرد، ئەو دەقانەی رۆژهەڵاتناسەکان بەرهەمیاندەهێنا بەشێوەیەک تایبەت لەلایەن دەوڵەتە ئیستعماریەکانیانەوە لەوڵاتە داگیرکراوەکاندا تەوزیفدەکرا.

سەرچاوەکان:

١- الإستشراق: المعرفة، السلطة، الأنشاء، ادوارد سعيد. ترجمة، كمال أبو ديب.

٢- الإستشراق : محمد اركون وأخرون.

٣- الإستشراق ومابعده: اعجاز احمد.

٤- الإستشراق في الهزر العربي: د. محسن جاسم الموسوي.

٥- تاملات في الشرق : يوسف كرياج، منفر كروب، ترجمة: عدنان حسن، محمد صبح.

٦- الغرب والاسلام، قراءات في رؤى مابعد الإستشراق: د. رسول محمد رسول.

تیشکێك بۆ سەر
رۆژهەڵاتناس و کوردناسیی سۆڤیەتی لازاریف

د.هیوا عەزیز سەعید

مامۆستای زانکۆی سلێمانی

پێشەکی :

بابەتی رۆژهەڵاتناسیی بەگشتیو کوردناسیی بەتایبەتی لەروسیا بابەتێکی بایەخپێدراوو گرنگە، ئەمەش وایکردوە چەندین کوردناسیی دیار پێبگەیەنێ، کە بابەتی گرنگورد لەبارەی کورد لەبواره جۆراوجۆرەکاندا بنوسن.

یەکێك لەو کوردناسانەی ناوی لەتۆماری رۆژهەڵاتناسییو کوردناسیی سۆڤیەتیدا هەیە (لازاریڤ) ە، کە قەڵەمێکی بەبڕشتو هەوڵێکی درێژخایەنی لەپێناو خوێندنەوەو توێژینەوە لەکۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتیو رۆژهەڵات بەگشتی هەیە، بۆیە هەوڵدەدەین لەچەند تەوەرێکدا ژیانو بەرهەمەکانیو هەڵسەنگاندنی یەکێك لەبەرهەمەکانی بخەینەڕوو لەوێوە سەرنجو تێبینیی خۆمانی لەسەر دەربڕین.

ژیانی لازاریڤ

ناوی (میخائیل سیمۆنۆڤێچ لازاریف **lazarev milhail semenovitch**) لەساڵی (١٩٣٠) لەخێزانێکی فەرمانبەر لە (مۆسکۆ) لەدایکبوە، لەساڵی (١٩٥٢) کۆلێجی میژوی لەزانکۆی (مۆسکۆ) تەواوکردوە، پاشان لەساڵی (١٩٥٦) بڕوانامەی دکتۆرای لەمێژوداوەرگرتوە.

لەسالّی (١٩٧٠) بڕوانامەی دکتۆرای ناوکی وەرگرتوەو لەتۆمارخانەی ئەدەبیاتی رۆژهەلاّتو ئامۆژگای رۆژهەلاّتناسیی مۆسکۆدا کاریکردوەو زیاتر لە (٤٠) بەرهەمی بەچاپ گەیاندوە.[١]، تائێستالەژیانداوە ماوەو سەرۆکی بەشی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستەو نزیکە لەپەیمانگەی رۆژهەلاّتناسیی روسیا.[٢]

بەرهەمەکانی لازاریف

بەرهەمەکانی لازاریف لەنوسینی کتێبو لێکۆلّینەوەو بلاّوکردنەوەی لەگۆڤارو بلاّوکراوەکانی روسیادا ژمارەیەکی زۆرو بەرچاوە، لەنێو بابەتەکانیدا گرنگیدان لەکوردو کوردستانوەك کێشەی نەتەوەیەك لەچوارچێوەی هەرێمێکی جوگرافی دیاریکراودا، پانتاییەکی فراوانو گەورەی لەکارو نوسینی لازاریڤدا داگیرکردوە.

(د. جەبار قادر) ئاماژەی بۆ ژمارەیەك لەنوسینەکانی لازاریڤ کردوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەمیانەیدا باسی کوردو کوردستانی کردوە[٣] بۆ نمونە :

١.مەسەلەی کورد لەبەر رۆشنایی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتاندا، رۆژهەلاّتی نزیك (کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تاوەکو سالّی ١٩١٧) مۆسکۆ، ١٩٦٨، (٨٣٦) لاپەڕە، ئەم نوسینە نامەی دکتۆرای ناوکەکەیەتی.

٢.کوردستانو کێشەی کورد (نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەم تاوەکو سالّی ١٩١٧) مۆسکۆ، ١٩٦٤، (٤٠٠) لاپەڕە، ئەم نوسینە لەسەرچاوەیەکی ئەلکترۆنی ئینتەرنێتدا بە (٣٧٦) لاپەڕە، دیاریکراوە.[٤]

٣.تێبینی دەربارەی کوردناسیی، لەگۆڤاری (گەلانی ئاسیاو ئەفریقا) مۆسکۆ، ١٩٦٨، ژمارە (١) لـ١٥٨ـ,١٦٨

٤.کێشەی کورد، کە بەشێکە لەکتێبی (پرۆسێسە نەتەوەییەکان لەوڵاتی رۆژهەڵاتی نزیکو ناوەڕاستدا) مۆسکۆ، ١٩٧٠، لـ١٢٥–١٩٠,

٥.مەسەلەی کورد (١٨٩١ – ١٩١٧) مۆسکۆ، ١٩٧٢، (٤٧٢) لاپەڕە، ئەم کتێبەلەلایەن (ئەکبەر ئەحمەد) هوە بۆ زمانی عەرەبیوەرگێڕدراوە.(٥)

٦.لەناوچونی دەسەڵاتی تورك لەرۆژهەڵاتی عەرەبیدا (١٩١٤ – ١٩١٨) مۆسکۆ، ١٩٦٠، (٢٤٦) لاپەڕە.

٧.سیاسەتی ئیمپریالی وڵاتە هاوپەیمانەکان لەویلایەتە عەرەبیەکانی تورکیادا، گۆڤاری (مێژوی نوێو هاوچەرخ)، ١٩٥٨، ژمارە (٦).

هەروەها ژمارەیەکی تری لەکتێبو نوسین هەیە، کە ئێمە تەنها ئەوەی دەستمان کەوتوە ناویان دەهێنین لەوانە :

*کێشەی نەتەوایەتی لەوڵاتانی رۆژهەڵاتدا، مۆسکۆ، ١٩٨٢، (٢٧٠) لاپەڕە.

*بزوتنەوەی کوردی لەچەرخی نوێ، کەبەهاوبەشی هەریەك لە (جەلیلی جەلیلو ك.س.لازاریڤو م.أ. حەسرەتیانو شاکر محمودیانو ئولگاجیگالینا) نوسراوە، یناير ١٩٩١، چاپی یەکەم، (٣٨٦) لاپەڕە.(٦) ئەم نوسینە لەلایەن (د. عەبدی حاجی) کراوەتە عەرەبیو لەچاپدراوە.(٧)

*(sssrIkurtdistan) یەکێتی سۆڤیەتو کوردستان، پەیوەندییەکانی گەلانی روسیاوڵاتانی رۆژهەڵات، بارودۆخی مێژوی ئێستا، کتێبی یەکەم، irkatsk ١٩٩٧.

*(juzhniy Kurdistan v istorii I politike– باشوری کوردستان لەمێژوو سیاسەتدا) چەند وانەیەك لەتەنگژەو قەیرانەکانی، مۆسکۆ، ١٩٩٧.

*(vostokivedenii//o.k. rol'itchosti v nashem – ئەرك‌و رۆڵی شوناسی کەسیی لەزانستی رۆژهەڵاتناسیی ئێمەدا، Dreer، مۆسکۆ ١٩٩٨.

*(Kurdistan v geopoliticheskom aspekte– کوردستان لەروی جیۆپۆلۆتیکەوە، ڤۆسنۆك (رۆژهەڵات) ، ژمارە (٦)، ١٩٩٨.

*(novie tendentsii v kurdskom natsionalizm ڕەوتە نوێیەکانی ناسیونالیزمی کوردی) ناسیونالیزم‌و فەندەمێنتاڵیزم لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مۆسکۆ، ١٩٩٩، (١١١) لاپەڕە.[٨]

*مێژوی کوردستان (Istoria kurdistana) مۆسکۆ، ١٩٩٩، ئەم کتێبەبەهاوبەشی لازاریف لەگەڵ هەریەك لە (ئی.ئای. ڤاسیلیڤا – E.I.vasilieva ئێم. ئەی گاسەرتیان – M.A.gasratyanو (ئۆ ئای یاگالینا – O.I. jigalina)و ش.هـ مگوی – (sh.h. mgii نوسیویانە.[٩]

*پێوەری دوفاقەی ئەمریکا لەسیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا– Dobovoinoi standart vblizhne vostothchny politike Ssa پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان‌و روسیا لەسەرەتایی سەدەی بیست‌و یەکەمدا، مۆسکۆ، ٢٠٠٠.

*کتێبی کوردوەك پرسێکی نێودەوڵەتی (kurdskoy apetsiama vxx veke) مۆسکۆ، ٢٠٠١.

*ناسیونالیزمی کوردی لەسەدەی بیستەمدا (kurdsa I Kurdistan: kurdsiky almanah) مۆسکۆ، ٢٠٠١.

*کوردستانو کێشەی کورد– Kurdistan I kurdskiivopros (١٩٢٣ – ١٩٤٥) مۆسکۆ، ٢٠٠٥، (٣٠٨) لاپەرە.[١٠]

*لۆبی باکوری قەفقاس لەتورکیاو سوریاو ئوردون، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا.

sirii I iordanii ،Severokavkazkaia diaspora v turtsii vtoraia polovina xix – pervaia polovina xx veka)مۆسکۆ، ٢٠٠١، (١١٨) لاپەڕە، ئەم نوسینەی لازاریف بەهاوبەشی لەگەڵ (ف. بەردخان – F.Baderkhan) نوسیویەتی.[١١]

هاوکات ژمارەیەکی زۆری تری نوسینی لازاریف، کە ئێمە کردومانەتە هاوپێچو پاشکۆی ئەم بابەتەو نزیکەی لە (٣٠) بابەتی جۆراوجۆر پێکهاتوە[١٢]

تێڕوانینو هەڵوێستی لازاریفو مەسەلەی کورد (زێد، پەڕگرتنو هەلی ئێستاکە)

پێشەکی:

کتێبی (کوردستانی هاوچەرخ)، کە لەلایەن کوردناسیی سۆڤیەت (پرۆفیسۆرم.س.لازاریڤوپرۆفیسۆر ش.خ.محوی و پ.أ. حەسرەتیان) لەساڵی (١٩٩٥) لەبنکەی زانیاری رووناکگەرایی کورد لەمۆسکۆ بەزمانی روسی چاپکراوە، لەلایەن (کامەران ئەمین کاوە) بۆ زمانی فارسی وەرگێڕدراوە، پاشا لەساڵی (٢٠٠٥)و لەلایەن (گوشاد حەمە سەعید) کراوەتە کوردیو دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس لەدوتوێی کتێبێکی (١٥٢) لاپەڕەییدا بەچاپی گەیاندوە.

بابەتەکەی لازاریڤ (٣٤) لاپەڕەی ئەم کتێبەی پێکهێناوە، لەژێرناوی (مەسەلەی کورد– زێد، پەڕگرتنو هەلی ئێستاکە) داڕێژراوە، کە ئێمە دوای خستنەڕوویەکی خێرا هەوڵدەدەین لایەنی ئیجابیو سلبییەکانی بخەینەڕوو لێکدانەوەی خۆمانی لەمەڕ پێشکەش بکەین.

خستنەڕوی بابەتەکە

(مەسەلەی کورد– زێد، پەڕگرتنو هەلی ئێستاکە) یەکێکە لەو زنجیرە نوسینانەی پرۆفیسۆر (م.س. لازاریڤ) لەبارەی (کورد) هوە نوسیویەتی، بایەخی ئەم نوسینە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە نوسەر لەمیانەی ئەم بابەتەدا هەوڵدەدات سەرنج بۆ ئەوە رابکێشێت کە کێشەی کورد لەکۆتایی سەدەی بیستەمداو بەتایبەتی لەدوای جەنگی کەنداوی فارس سەرلەنوێ

هاتۆتەوە بەرباس‌و لێکۆڵینەوەو ناوەندێکی لەشانۆی نێودەوڵەتیدا بۆخۆی گرتوە.

لێرەوە باس لەریشەکانی نەتەوەی کورد دەکات‌و بۆ دو هەزارو پێنج سەد ساڵی دەگێڕێتەوە، کە هەمیشە لەسایەی جەنگ‌و نەهامەتی‌و ململانێکاندا لەسەربەخۆیی بێبەش بوە.

پاشان باس لەرۆڵ و کاریگەری کورد لەرۆژهەلاتی نزیکدا دەکات‌و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هیچ کات ملکەچی‌و ستەمکێشیان نەکردوەو بەردەوام لەهەوڵی ئازادیخوازی‌و رزگاری نەتەوەیی‌و نیشتمانیدابون، دواتر لەدرێژەی نوسینەکەیدا، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەی کورد بەچەند خاڵێک دیاریدەکات، لەوانە:

١-هۆکارەجوگرافییەکان.

٢-هۆکاری نەتەوەیی‌و دانیشتوانی.

٣-هۆکاری کۆمەلایەتی ئابووریی.

٤-هۆکاری سیاسەتەکانی ناوخۆ.

٥-هۆکاری سیاسەتی دەرەوە.

لەمیانەی خستنەڕوی ئەم هۆکارانەدا زانیارییەکی زۆری لەبارەی جوگرافیا‌و هەڵکەوتەی جیۆپۆلۆتیکی کوردستان‌و پێکهاتەی دیمۆگرافی‌و ئەسنۆگرافی‌و گەشەکردنی بونیادی کۆمەلایەتی‌و رەگەزە بنەڕەتیەکانی کۆمەلگەی کوردی خستۆتەڕو، هەروەها هەوڵیداوە باری ئابووری کوردستان‌و سەرچاوەکانی داهاتی کوردستان‌و ئاڕاستەی پەرەسەندنی هەڵبسەنگێنێت‌و کاریگەری ئەم لایەنە لەسەر کێشەی کورد بخاتەڕو.

لەلایەکی تـرەوە بـاس لەکاریگـەری سیاسـەتی نـاوخۆی ئـەوولاتو دەولەتانـە دەکـات، کـە نەتـەوەی کوردییـان بەسـەردا بەشـکراوە، شـێوەی مامەڵەو پیادەکردنی سیاسەتی پاکتاوداندو راگواستنو چەپاندن رۆڵی هەبوە لەدرێژەپێدانو بەردەوامی بزاوتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا.

دواجـارو لەکاریگـەری سیاسـەت نێودەولەتیـدا، هەوڵـدەدات، کـە سیاسـەتی هـەرێمیو نێودەوڵـەتی لەبەرامبـەر کێشـەی کـوردو دیـاریکردنی ئامـانجی زلهێزەکـان لەمامەڵـەیان لەگـەڵ کـوردو ئـەو مـەرامو سـتراتیجەی لەپشتی ئەم سیاسەتانەوە هەیە دیاریی بکات.

لایەنەنێگەتیڤەکان:

ئـەم بابەتـەی (لازاریـف) جگەلـەوەی بایـەخو گرنگـی خـۆی هەیـە، بەتایبـەتی لـەوێناکردنی کوردوکێشـەیو ناسـینی لەدیـدو تێڕوانینـی یـەکێك لەکوردناسە سۆڤیەتیەکاندا، هاوکـات بەدەرنییـە لەرەخنـە، یـاخود بابـەتێك نییە بواری بۆ جیاوازی دیدوتێڕوانینی تر نەهێشتبێتەوە.

لێـرەوە ئەگـەر سـەرنجی ئـەم بابەتـە بـدەین دەبیـنین بـاس لەلایـەنی جـوگرافی دەکـات نوسـیویەتی "خاسـیەتی گرنگـی هەڵکـەوتنی جوگرافیـای سیاسی کوردستان، لەهەڵکەوتنی سنورەکانیدا بوە، لەگەڵ دو یـان چـەندین دەوڵەتی وەك (ئیمپراتۆریەتی رۆم، بێزەنتی، عوسمانی، خەلافەتی عـەرەب، ئێران) دوای لکاندنی (ئەودیوی قەفقاس بەئیمپراتۆریەتی روسی سـنورەکانی کوردستان لەسنورەکانی ئـەم ئیمپراتۆریەتـە نزیـك بوەتـەوەو ژمارەیـەکیش لەکوردان لەناو ئـەم ئیمپراتۆریـەدا گیرسـاونەتەوە، لـەدوای جـەنگی جیهـانی

یەکـەمو لـەتوکوتکردنی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی، کوردسـتان بەسەرچـوار دەولّەتی تورکیاو ئێران‌و عێراق‌و سوریادا دابەشکرا". [١٣]

ئـەم سـەخقی‌و بـەرزی تۆبۆگرافیایـەی کوردسـتان هـەروەك (لازاریـف) ئامـاژەی پێـداوە "دەلّێـی سروشـت کوردسـتانی‌وەك قەلاّیـەکی سـەخت رسکاندوە، کەهەر کارو کردەوەیەکی سـەربازی هێـزە زەمینییـەکان لەدژیـدا بێ ئەندازەو دژواربێت"[١٤]

ئەگەر ئەمەلایەنێکی ئیجابی هەلّکەوتەی تۆبۆگرافیای کوردسـتان بێـت، ئـەوا لەهەمانکاتـدا دەکـرێ ئامـاژە بـۆ ئەوەبکـەین شـێوەی بەرزبونـەوەو لێژبونـەوەی چـیاکان‌و هـەلّتۆقینیان سـەبارەت بەکوردسـتان ناتەندروسـتە، چونکە:

*چـیاکان لەسـەنتەرو نـاوخنی قـولاّیی خـاکی کوردسـتانەوە بـەرەو دەرەوەی لێژاییەکـەی کەمدەکات،واتـە چـیاکان ناوجەرگـەو قـولاّیی کوردستانیان گرتوە، کەچیای سەخت‌و بەیەکداچوی زنجیرەی زۆری تێدایە.

*ئەم پێکهاتـە سروشـتییەی چـیاکان‌وایکردوە دەشـتەپان‌و بەرینـەکان بکەونـە نزیـك سـنورەکانی کوردسـتان، خراپـی ئەمـەش لەوەدایـە پێویسـتە هەمیشـە لـەدەوری سـنورەکان شـارو نشـینگەکان دروسـتبکرێن‌و کـاری کشـتوکاڵی ئەنجامبـدرێت، لەلایـەکی تریشـەوە بـەرگریکردن لەدەشـتاییدا کارێکی دژوارو گـرانترەوەك لەچـیادا، لەبەرئـەوە لـەکاتی هێـرش‌و پـەلاماری دوژمندا هەمیشە کوردبۆ قولاّیی چیاکان‌و خاکی کوردستان کشاوەتەوە.

*لایەنی گرنگتر لەوەی باسکرا، بریتییە لەوەی سـەختی ئـەم چـیایانە، کەلەناوەڕاستی خاکی کوردستاندان، هۆکاروفاکتەرێکی سەرەکی لێکـدابڕان‌و

لاوازی پەیوەندیی نێوان شارو ناوچەکانە، چونکە رێگای هاتوچۆو گوزەرکردن تیایدا کارێکی ئاسان نییە.

پاشان لەباسی هۆکاری نەتەوەیی و دیمۆگرافی و دانیشتواندا، لەباسی پێکهاتەی زمانەوانی و شێوە زارەکانی کوردستاندا نوسیویەتی (٦٠٪) ی کورد بەزاراوەی کرمانجی و بەپیتی لاتینی دەنوسن، (٣٠٪) بەسۆرانی و بەپیتی عەرەبی دەنوسن، ئەوەی دەمێنێەوە بەزاراوەی زازایی و گۆرانی دەدوێن[١٥]

ئاشکرایە ژمارەیەکی زۆری کورد بەکرمانجی قسەدەکەن، بەڵام ئەو ژمارە زۆرە هەموی بەلاتینی نانوسێت، چونکە ناوچەکانی باشورو رۆژهەڵاتی کوردستان سەرجەمیان لەنوسیندا پیتی عەرەبی بەکاردەهێنن.

لەئاماژەکردن بۆ ئاینیشدا، نوسیویەتی ئایین لەکۆمەڵگەی کوردیدا بایەخێکی گرنگی نییە، بەڵام لەلایەن دوژمنانی کوردەوە هەوڵدراوە سود لەجیاوازی ئایینی وەربگیرێت.[١٦]

ئەگەر سەرنجی کۆمەڵگەی کوردی بدەین، لەوانەیە بەپێچەوانەوە ئایین رۆڵێکی ئەکتیڤ و چالاکانەی لەنێو پێکهاتەی کولتوری و بونیادی کەسێتی تاکەکانی کۆمەڵی کوردیدا هەبوە، نەک هەرئەوەندە، بەڵکو هەندێك كات ململانێو جیاوازی مەزهەبی لەکوردستاندا دەبینرێ، بۆ نمونە هاوکارینەکردنی سوننیەکانی باکوری کوردستان لەراپەڕینی قوچگیری لەسالّی (١٩٢٠)دا، پاشان بەشدارینەکردنی عەلەوییەکان لەراپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لەسالّی (١٩٢٥)دا وەك پەرچەکردارێك بۆ راپەڕینی (١٩٢٠)ی قوچگیری.[١٧]

یاخودکاریگەری ئایینو پابەندی کورد بەئایین وادەکات راستەوخۆ لەگەڵ راگەیاندنی فەتوای غەزا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیو بەشداریکردن لەجەنگی یەکەمی جیهانییدا، نەك خەڵکی ئاسایی، بەڵکو رۆشنبیرو لاوەکانی ئەو قۆناغەی کورد دەکەونە ژێرکاریگەری ئەم لایەنە، بۆیە سەرچاوەکان کاتێك ئاماژەبۆ هەڵوەشاندنەوەو دیارنەمانی (کۆمەڵەی هێڤی کورد) دەکەن، لەساڵانی (١٩١٢)دا دامەزراوە، هۆکارەکەی بۆئەوە دەگێڕنەوە لاوەکانی بەرەو جەنگ رۆیشتونو رەوانەی بەرەکانی جەنگ کران.[١٨]

ئەمە جگەلەوەی زۆرجار ناکۆکیو ململانێی ناوکورد لەهەر بزاوتو چالاکیەکدا یەکێك لەرەهەندەکانی ئاییەنی بوە،وەك ئەو دەنگەی لەنێوکۆنگرەی خێڵەکانی ساڵی (١٨٨٠)، کە لەلایەن (شێخ عوبەیدوڵای نەهری) سازدرابو، تیایدا کۆمەڵێك باسیان لەوەبو لەدژی ئاسورییەکان شۆڕش بکرێت[١٩]، یاخود ئەو روداوەی (حەسەن عەرفە) دەیگێڕێتەوە، کاتێك ئەتاتورك لەهەوڵی رەتکردنەوەی خەلافەتو کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی عوسمانیەکاندابو، دەڵێت پرسیارم دەکرد ئایا شێوەی فەرمانڕەوایی نوێ کۆماری دەبێت یان پادشایی؟ (عەرەفە) دەڵێت هەرچەندم دەکرد نەمتوانی کوردەکان لەم لایەنە تێبگەیەنم، چونکە ئەوان پێیانوابو، کە مادام سوڵتان ماوە ئیتر دەسەڵاتو هێزی هەردەبێت.[٢٠]

لەقۆناغەکانی دواترو ئێستاشدا ئەم کاریگەرییە هەر هەیە، بۆ نمونە ئەو گوزارشتەی (شێرزاد حەسەن) لەکۆڕێکی خۆیداو لەهۆڵی راپەڕین باسیکرد، کە ئەو بە (درۆی زل) ناوزەدی کرد، ئەوەبو کە (حزبەعەلمانیەکانی کوردستان ئەمڕۆ درۆی زۆر زلو گەورە دەکەن، بۆیە دەبینین حزبی عەلمانی گەورە هەیە کە مزگەوتو حسێنە دروستدەکات).

پاشان لەقسەکردن لەهۆکاری کۆمەڵایەتی‌و ئابوری، باس لەناڕێکی پەرەسەندن‌و بەرەو پێشچونی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، بەڵام ئاماژە بۆ هۆکارو سەرچاوەکانی ئەم دواکەوتوییە ناکات‌و رونکردنەوەی نەداوە.

وەك ئاماژەمان بۆکرد بەشێك لەخراپی بونیادی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری کوردستان پەیوەندی بەو هەڵکەوتە تۆبۆگرافیەوە هەیە، کە لەسروشتی خۆڕسکی کوردستاندا هاتۆتەبون، بەڵام داگیرکراوی‌و ژێردەستەیی کورد بەدرێژایی مێژو، گرفتی رۆشنبیری‌و سیاسی، هەریەکێکیان بەشێوازو ڕێژەی جیاواز کاریگەرییان لەسەر بونیادە ئابوری‌و کۆمەڵایەتیەکە هەبوە.

هەروەك چۆن ناسروشتی بونی رەوتی گەشای کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و کاملێ نەبونی قۆناغەکان یاخود هەرنەخولقانی قۆناغەکان‌و تێنەپەڕینیان، ئەمە جگەلە پێنەگەیشتویی چینەکۆمەڵایەتیەکان‌و نەبونی هێزو ئامڕازی پێویست، بۆ سودوەرگرتن لەسامان‌و بەروبومی کوردستان، کاریگەری دیارو بەرچاوییان لەسەرئەم لایەنەی کوردوکوردستان هەبوە.

لەتەوەرێکی تری بابەتەکەیداو لەژێر ناونیشانی سیاسەتەکانی ناوخۆدا (لازاریف) ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە خەباتی کوردستان لەپێناو ئازادی‌و رزگاری نەتەوەییدا لەقۆناغەکاندا شوێنی خۆی گۆڕیوە، بەتایبەتی کەباس لەسەدەی بیستەم دەکات، بۆیە نوسیویەتی "لەسەد ساڵی دوایی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیا، بنکەی ئەم خەباتە کوردستانی تورکیابو، لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی کوردستانی عێراق بو، لەناوەڕاستی بیستەکان‌و بەدرێژایی دەسالان سەرلەنوێ کوردستانی تورکیابو،

لەوەختی جەنگی دوەمی جیهانیداو لەدوای ئەم جەنگەشدا مەڵبەندی بزوتنەوەی گەلی کوردستان بۆ کوردستانی ئێران گوازراوەو لەدوای شۆڕشی

چـواردەی گەلاوێـژی سـاڵی (١٩٥٨) جـارێکی تـر بـۆ خـواروی کوردسـتانو لەدوای شۆڕشی ئیسلامی لەئێراندا ئەم خەباتە بەرەو رۆژهـەڵاتی کوردسـتان (ئێران) چوە".[٢١]

بەڵام ئەگەر سەرنجی ئەم دابەشکردنو قۆناغبەندییـە بـدەین، دەکرێـت بڵـێین کـەوردەکاری تێـدا رەچـاو نـەکراوە، چـونکە لەسـایەی دەوڵـەتی عوسمـانیو هەرلەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە خـەباتێکی چـڕو پـڕی دەرکردنـی رۆژنامـەو پێکهێنـانو دروسـتکردنی پـارتو رێکخـراوی سیاسـی بەرپاکراون، لەدیارترینینان (راپەڕینی قۆچـگیری) سـاڵی (١٩٢٠)و راپـەڕینی شێخ سـەعیدی پـیران لەسـاڵی (١٩٢٥)و چـالاکییەکانی کۆمەڵـەی خۆیبـونو شۆڕشـی ئـارارات لەسـاڵانی (١٩٢٧ – ١٩٣٠)و راپـەڕینی دەرسـیم لەسـاڵی (١٩٣٧) بەبێوەستانو بەردەوام درێژە بەخەبات دراوە، بۆماوەیەکی کورتو دوای جەنگی جهانی دوەمو دواتر راستەوخۆ بەدروستبونی (پارتی کرێکارانی کوردستان)و تائێستاخەباتی کورد لەتورکیا بەردەوامی هەیە.

سـەبارەت بـەئێرانو رۆژهـەڵاتی کوردسـتانیش دەکرێـت ئاماژەمـان بـۆ شۆڕشی دەستوریخوازو مەشروتەی ئێران لەسەرەتای سەدەی بیسـتەم، کـە کورد بەشداری چالاکەی هەبو تێیدا دەستپێبکەین، دواترو لەساڵانی جـەنگو دواتریـدا چـالاکیەکانی ئیسـماعیل ئاغـا شـکاك (سمکـۆ)و سـەید تـەهای شەمزینیو دامەزراندنی کۆمەڵەی (جیهانزانی) لەساڵی (١٩١٣)و چالاکیەکانی سمکۆ لەروی چەکداریو پاشان هەوڵەکانی (سەردار رەشید)و دروسـتکردنی کۆمەڵـەو رێکخـراوی سیاسـیوەك (کۆمەڵـەی رزگـاریخوازی کوردسـتان)و (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان –ژ.ك)و کۆماری مهابادو چالاکیەکانی پارتی

دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و چەند رێکخراو پارتی سیاسی تر لەم هەرێمەدا بەردەوامی هەیە.

ئەوەی پەیوەندی بەباشوری کوردستانیشەوە هەبێت، ئەتوانین شۆڕشەکەی (شێخ عەبدولسەلام بارزانی‌و شێخ مەحمود)و دروستکردنی چەندین پارت‌و رێکخراوو راپەڕینی بەردەرکی سەراو شۆڕشی ئەحمەدی بارزان‌و چالاکییەکانی پارتی هیواو شۆڕشی بارزان‌و دروستبونی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و رێبەرایەتیکردنی مەلامستەفای بارزانی‌و خەبات‌و چالاکی کورد تاسالآنی (١٩٧٤ — ١٩٧٥) پاشان سەرهەڵدانەوەی خەبات‌و دروستبونی یەکێتی‌و حسك‌و ژمارەیەکی تری پارتی سیاسی لەگەڵ (پ.د.ك) دا راپەڕینی کوردستان‌و دروستکردنی دەسەلآت، کەلێنێکی گەورەو فراوانی تێدا نابینرێت.

لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەو دابەشکردنەی لازاریڤ‌و ئاینیەو لەئاستی پێویست‌و تۆماری خەباتی کوردا نیە، لەلایەکی ترەوە لازاریڤ پێیوایە کە تەنیا لەدوای جەنگی دوەمی جیهانیدا بزوتنەوەی سەرتاسەری‌و رێکخراوەیی کورد لەسیمای (حزبی دیموکراتی کوردستان — پ.د.ك) لەگەڵ لقەکانی لە (عێراق‌و ئێران‌و تورکیاو سوریا) دا دەستیپێکردو سەرکردەی لێهاتو (مستەفا بارزانی) سەرکردایەتی دەکرد.[٢٢]

ئەم بڕیارە مایەی گفتوگۆو لەسەر وەستانە، چونکە بەتێڕوانینی ئێمە ئەگەر کورد لەسایەی هەردو دەوڵەتی ئێرانی‌و عوسمانی خەباتی کردبێت‌و ئاڕاستەی خەبات بۆ دولایەن دابەش بوبێت، ئەوا لەدوای جەنگی یەکەم‌و دروستکردنی هەریەك لەئێران‌و تورکیاو عێراق‌و سوریا لەسنوری فۆڕمی نوێداو دابەشکردنەوەی کوردستان لەنێوانیاندا، کاریگەری گەورەی لەسەر

خەباتی نەتەوەیی و رزگاریخوازی کوردی هەبو، چونکە لەم قۆناغەدا دابەشبونی خەباتی کوردی لەدو ئاڕاستەوە، بۆ چوارئاڕاستە بوەمایەی کەمکردنەوەی فشارو هێزی ئەو خەباتە لەسەر داگیرکەرانی کوردستان هاوکات مامەڵەکردنی هەر پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ هێزە زاڵو سەردەستەکانیان، کەلەروی پێکهاتەی نەتەوەیی و کولتوری جیاوازییان هەبو (کولتوری فارسی و عەرەبی و تورکی) هەروەها جیاوازی شێوازی مامەڵەو ئەو پرسیارو هێرشانەی بۆ سەر کورد دروستیاندەکرد، بوەمایەی لێکدور خستنەوەی پارچەکانی کوردستان، لەبەرئەوە ئەگەر دابەشکردنی سنورەکان دەستکردبو لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەوا ئەم دابەشبونە لەدوای جەنگی دوەمو ئەو جیاوازییانەی باسکرابوە دۆخێکیواقیعی و بەرجەستەبو لەبونیادی کۆمەڵگەی کوردی [٢٣] ئەمەش دەرەنجامی ئەو شێوازیوەڵامو بیرکردنەوەیە بو، کە لەهەرپارچەیەکی کوردستانو لەپێناو بەرپەرچدانەوەی مەترسی و هێرشەکاندا پەنایان بۆ برابوە، بۆ نمونە بایەخدان بەیاساو رێزمانی کوردی لەلایەن (تۆفیقوەهبی)و (محەمەد ئەمین زەکی)و چەندانی تر، لەو هێرشانەوە سەرچاوەی گرت، کە (ساتع ئەلحوسەری)و شۆڤێنیستەکانی عەرەب لەباشوری کوردستانو لەچوارچێوەی عێراقدا بۆسەر زمانی کوردی دەستیانپێکرد، کەگوایە هیچ یاساو رێسایەك بۆ زمانی کوردی نییەو زمانێك نییە بۆ زانست، ئەمە جگەلەوەی دابەشکردنی کوردستان، دابەشکردنی دروشمەکانی بزوتنەوەی کوردبو، لەبەرئەوە لەدوای جەنگی دوەمی جیهانییەوە، جگەلەئۆتۆنۆمیو خودموختاریو فیدراڵی لەچوارچێوەی دەوڵەتانی (تورکیاو ئێرانو عێراقو سوریا) شتێکی ترمان نەبیستوە، بەڵام بەر لەومێژوەو دروشمی

سەربەخۆیی‌و یەکگرتنەوەی کوردستان لەگوتاری سیاسی‌و چەکداری کورددا چەندبارە بۆتەوە، بۆ نمونە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری‌و هەوڵەکانی کۆبونەوەی (خۆیبون‌و ژ.ك‌و هیوا) لەچیای (دالانپەر) لەپێناو یەکخستنەوەی خەبات‌و چالاکی کورد.[٢٤] ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ ئەوەدا (مستەفا بارزانی) سەرکردەیەکی دیاری کورد بوە، بەڵام ئەوە مەلا مستەفا نییە کەرێبەری پارتی دیموکراتی کوردستانی کردبێت، چونکە لەروی مێژوییەوە، پارتی دیوکراتی کوردستان یەکەمجار لەئێران‌و لەئەنجامی گۆڕینی ناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان–ژ.ك) هاتە اراوە. هەروەك چۆن پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەر لەئامادەیی مەلامستەفاو لەلایەن گروپێك لەخەباتکارانی کورد لەباشوری کوردستان دامەزراو پاشان مەلامستەفایان کردە سەرۆك.

لەلایەکی تریشەوە خەبات‌و چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەئێران‌و عێراق‌و پارچەکانی کورد،وەك لق بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق نەبون، بەڵکو هەریەکێکیان سەربەخۆ لەپارچەکانی تروەك حزبێکی جیاواز کارو الاکی ئەنجامداوە.

لەکۆتایی ریزبەندی هۆکارە پێکهێنەرەکانی کێشەی کورد، ئاماژە بۆ سیاسەتی دەرەوە‌و هەڵوێستی نێوەوڵەتی دەکات لەئاستی دەرەوە‌و پەیوەندییان بەکوردو کێشەیەوە دەخاتەڕو، تێڕوانینی (لازاریڤ) بۆ کێشەی کوردو هەڵوێستی نێودەوڵەتی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەپێشینەکانی خۆی نیە، لەم دیدگایەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، کە ئینگلیزو فەرەنسا لەبەر چەند مەبەستێك‌و بەئامانج سیاسەتیان لەکوردستاندا داڕشتوە، لەوانە :

* بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لەپێناو مەرامە ئیمپریالیستیەکاندا.

* چەسپاندنی پانتاییەك بۆ روبەڕوبونەوەی شورەوی.
* پاڵپەستۆ خستنەسەر تورکیاو ئێران‌و عێراق.[٢٥]

دیارە ئەم هۆکارانە بۆ سیاسەتی رۆژئاوا لەلایەن زۆرینەی کوردناسیی‌و رۆژهەڵاتناسە سۆڤیەتیەکانەوە جەختی لەسەرکراوەتەوە، کە لەراستیدا زۆر دوربوە لەواقیعە مێژوییەکە، چونکە هەرگیز هاوکاری‌و رێکەوتنێکی فەرمی نێوان کوردو ئەمواڵاتانە نادۆزینەوە، لەکاتێکدا زوربەی کات ئەمواڵاتانە فاکتەری کاریگەر بون لەشکستی هەر هەوڵ‌و بزاوتێکی کوردی لەدژی‌واڵاتانی (ئێران‌و تورکیاو عێراق‌و سوریا) بەردەوام هاوکاری ئەم واڵاتانەیان کردوە، بۆ نمونە هاوکاری فەرەنسیەکان بۆ تورکیا لەدژی شۆڕش‌و راپەڕینەکانی باکوری کوردستان، هاوکاری بەریتانیا بۆ حکومەتی عێراقی لەدژی کورد لەباشوری کوردستان‌و...

کاتێك باس لەهەڵوێستی سۆڤیەتیش دەکات، دو خاڵی سەرەکی لەسیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر بەکورد روندەکاتەوە:

ا–سۆڤیەت حەزی بەوە نەدەکرد کوردستانی هاوسێی ببێتە مەڵبەندێکی بەردەوامیی بارگرژی، لەبەرئەوە رەوتە نەیارەکانی رۆژئاواو رۆژهەڵاتی نزیك دەیانتوانی ئەم مەسەلەبۆ گورز وەشاندن لەبەرژەوەندیە دەوڵەتیەکان بەکاربهێنن، لەراستیدا سۆڤیەت لەگەڵ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە‌و نەهێشتنی ئەو هۆیانەدا بو، کە دەبونە هۆی پەیدابونی ناکۆکی لەگەڵ کوردستاندا.

ب–بەهۆی لەئارادانەبونی هەلومەرجێکی پێویست بۆ دانانی مافی چارەی خۆنوسین بۆ کوردەکان‌و باس‌و خواسە ئاشتی هەڵنەگرەکانی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی نزیك واڵاتە ئیمپریالییەکانی رۆژئاوا، تائەوکاتەی بزوتنەی کورد

رێبازێکی چەپانەی هەبو لەدژی هەڵسوکەوتی پارێزگارو شۆفێنیستی رۆژهەڵاتو سیاسەتەکانی ئیمپریالیزمی رۆژئاوایی لەناوچەکە لەتێکۆشاندابو، مۆسکۆ سیاسەتی تاڵەموی لەگەڵ مەسەلەی کورددا هەبو،[٢٦] بەڵام لەراستیدا هەمو ئەم لایەنانە جگەلەپاساودانی هەڵوێستی روسیای سۆڤیەتی شتێکی ترنین، سۆڤیەت هەمیشە لەپێناو مسۆگەرکردنو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیدا هیچ پابەندیوەفادارییەکی بۆ دروشمەکانی نەبو، لەبەرئەوە هیچ جۆرە هاوکاریو پاڵپشتیەکی کوردی نەکردوە، نەك هەرئەوە بەڵکو هەمیشە پەیماننامەو رێکەوتنی دۆستایەتیو هاریکاری لەگەڵ تورکیاو ئێرانو لەسەر حسابی بەرژەوەندییەکان کورد گرێداوە، بۆیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە هیچ شێوەیەك لەرێکەوتنو پەیماننامەی فەڕمی لەنێوان کوردو سۆڤیەتدا نادۆزرێتەوە.[٢٧]

بونیادی ئابوریو کۆمەڵایەتیو شێوەی خەباتو پێگەیشتنی عەقڵی سیاسی لەکوردستان رۆڵی گرنگی لەبەرەو پێشبردنی کێشەی کورد دا هەبوە، هاوکات گۆڕانی بارودۆخو سیاسەتی نێودەوڵەتی وایکردوە، کە گۆڕانکاری لەبارودۆخی ناوچەکەدا بکاتو زەمینەسازی بەهێزبونی کێشەی کوردبێت. پێویستە ئاماژەبۆ ئەوەش بکەین (لازاریف) وەك کەسێك کە سۆزو بایەخپێدانی بۆ کورد هەیە لەهەندێك شوێندا هەوڵدەدات ئەو ستەمو زۆرییە بخاتەڕو کە کورد روبەروی بوەتەوە.

شایانی باسە لازاریف خۆی هاتۆتە کوردستانو لەنزیکەوە شارەزایی پێکهاتەو شێوەی بیرکردنەوەو بارودۆخی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوری کوردە کە ئەمەش بەدڵنیاییەوە سودی زۆری بۆ سەرجەم نوسینەکانی هەیە، بۆیە لازاریفوەك کوردناسێك شیاوی سوپاسو دەستخۆشیو ستایشە، لەئەنجامدانیوەفاداری بەرامبەر بەکورد، کە بەنوسینەکانی بەشێکی زۆری کتێبخانەی کوردی پڕکردۆتەوە.

دواپەیف :

لەدوا پەیفو نوسینی ئەم بابەتەدا، دەگەینەئەوەی:

* لازاریف یەکێك لەبەبڕشترین کوردناس‌و نوسەرەکانە لەبارەی کوردەوە، تەنانەت بەبەراورد لەگەڵ کوردەکان، زۆرترین بەرهەمی تایبەتی بەکورد نوسیوە.

* لازاریفوەك هەر نوسەرێکی تری روسیاو سۆڤیەت، هێشتالەباسی مەسەلەسیاسیو نێودەوڵەتیەکاندا، نەیتوانیوە بەتەواوی خۆی لەئاستی لایەنگریو چاوپۆشی لەسیاسەتەکانی سۆڤیەت بەرامبەر بەکورد رزگار بکات.

* لازاریفوەك کوردناسێك، کەکوردستانی بینیوەوەو ئاشنای کۆمەڵگەی کوردیو بونیادی کۆمەڵایەتیو ئابوریو پێکهاتەی جوگرافیو سیاسی کوردستانە،وایکردوە تاڕادەیەکی زۆروردەکاری لەنوسینەکانیدا بەدیبکرێتو گرنگیان لەخوێندنەوەی کورددا نکولێ لێنەکراوبێت.

سەرچاوەو پەراوێزەکان

١–د. جەبار قادر: چەند بابەتێکی مێژوی کورد، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩، لـــ١٣٣ـ,١٣٤

٢–بڕوانە: WWW.iaas.msu.ru/res/dep١٢/base-en.xls

٣–د. جەبار قادر: سەرچاوەی پێشو لـ١٣٤.

٤–www.bookfibder.com/athor/institut-vostokovededeniia-rossoskaia-akademiia-nauk–١٣٦k.

هـەروەها پێدەچـێت ئـەم کتێبـە، بێـت، کـە لەلایـەن (د. کـاوس قـەفتان)ەوە، کـراوە بـەکوردی، بڕوانـە: (م.س.لازاریـف: کێشـەی کـورد ١٨٩٦ – ١٩١٧، دکتـور کـاوس قـەفتان لەروسییەوە کردویەتی بەکوردیو پێشەکیو پەراوێزی بۆ نوسیوە، بەشی یەکـەمو بەشـی دوە، چاپخانەی جاحز، بەغداد، ١٩٨٩).

٥–بڕوانە: (م.س. لازاریف: المسأله الکردیه ١٨٩١ – ١٩١٧، ترجمه : أکبر أحمـد، مرکـز کردستان للدراسات الآستراتیجیه، الگبعه الاولی، السلیمانیه، ٢٠٠١).

٦–www.bookfinder.com

کورتەیەک دەربارەی
رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی

د. سامان حسێن ئەحمەد

مامۆستا لەکۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان– زانکۆی راپەڕین

دەستپێک:

سەرەتایەک دەربارەی رۆژهەڵاتناسیی

مێژوی سەرهەڵدانو پێناسەی رۆژهەڵاتناسیی وەک بەشێک لەمەعریفە بۆتە جێی مشتومڕی نێوان پسپۆڕانی ئەمبوارە سەبارەت بەمێژوی دەرکەوتنی هەندێکیان پێیانوایە رۆژئاواییەکان هەر لەکاتی لەشکرکێشیەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنیەوە ویستی کۆکردنەوەو زانینی زانیاریان هەبوە لەبارەی رۆژهەڵاتەوە[1]. هەندێکی تریش دەیگێڕنەوە بۆ دوای جەنگی خاچیەکانو شکستی رۆژئاواییەکان لەڕوی سەربازیەوەو پەنابردنیان بۆ بوارە هزریەکان، کەچی هەندێکی تر دەیگێڕنەوە بۆ سەدەی چواردە هەندێکیش بۆ سەدەی شازدەو بەشێکی تریشیان بۆ سەدەی هەژدە[2]، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سەرەتاساکارەکانی ئەم جوڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ دوادوایەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەتایبەت دوای گەشەکردنی ئەوروپا لەڕوی ئابوریەوەو هەڵپەی رۆژئاوایەکان بەدوای بازرگانیو بازاڕداوە هاندانی پاپاکان لەمبوارەدا ئەوەبو جەنگی خاچیەکانی لێکەوتەوەو دواتریش پەیوەندیەکانی نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوا فراوانتربون

ئاشنایەتی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی هزریان چڕتر بوو رۆژئاوایەکان کە لەو کاتەدا لەڕوی هزریەوە لەپاشتر بون ئیدی کەوتنە ژێر کاریگەری هزرو کولتورە رۆژهەڵاتیەکان‌و کارکردن لەسەریان، ئەوەبو هەر لەسەدەی یازدەوە دەستیان دایەوەرگێڕانی سەچاوە رۆژهەڵاتیەکان دواتریش لەسەدەی سێزدەوە لەزانکۆکانی فەرەنسا کورسی تایبەت بۆ زمانە رۆژهەڵاتیەکان کرانەوە کە یەکەم کورسی لەسالّی (١٢٤٥)دا کرایەوە، دوای ئەمەش لەسالّی (١٣١٢)دا لەکۆبونەوەی ڤیەنا پاپا بەفەرمی بڕیاری بایەخدانی[٣] بەم بوارە دەرکرد لێرەوە ئیتر لەگەڵ گەشەسەندنەکانی ئەوروپا لەڕوی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و هزریەوەو دەرکەوتنی بزوتنەوەکانی دۆزینەوە جوگرافیەکان‌و رێنسانس‌و ریفۆرمی ئاینی دواتریش شۆڕشی زانستی‌و بزوتنەوەی رۆشنگەری‌و بزوتنەوەی ئیستعماری ئیدی هەوڵەکانی ناسینی رۆژهەڵات تادەهات بەپێی پێداویستیەکان گەشەی دەکرد، تالەکۆتایی سەدەی هەژدەدا بەتەواوی دەزگا رۆژهەڵاتناسیەکان بەزانکۆو پەیمانگەو گۆڤارە تایبەتیەکانیەوە پێکهات. لەسالّی (١٧٧٩) شەوە وشەی رۆژهەڵاتناسیی (الاستشراق–Orientalism) لەزمانی ئینگلیزیدا بەکارهات‌و لەسالّی (١٧٩٩) لەزمانی فەرەنسی‌و دواتریش لەسالّی (١٨٣٨)یشەوە لەئەکادیمیای فەرەنسیدا بەکارهاتوە[٤].

پێناسەو چەمکی رۆژهەڵاتناسیش لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆکراوە بەتایبەت لەنێو رۆژهەڵاتیەکانداو ئیسلامەکان بەتایبەتی، کە هەندێکیان بەکایەیەکی زانستی دەزانن‌و هەندێکی تریشیان بەدژکاری کولتور رۆژهەڵاتی‌و بەتایبەت ئیسلامی دەزانن، ئەمانی دوەم پێیانوایە، کە رۆژهەڵاتناسیی پەرچەکرداری ئەوروپیەکان دژی رۆژهەڵات‌و ئیسلام‌و

پاڵنەرەکانی کەمتر زانستین، بەڵکو زیاتر ئایینی‌و سیاسی‌و ئیستعمارین، هەر بۆیە لەکاتی پێناسەکردنیدا زیاتر بەدوژمن‌و لوتبەرز رۆژهەڵاتناسان لەقەڵەمدەدەن، بۆ نمونە محەمەد ئەسەد دەڵێت "رۆژهەڵاتناسەکان دوژمنی ئیسلامن"[٥]، خەیری مەنسوریش لەپێناسەی رۆژهەڵاتناسیدا دەڵێت "رۆژهەڵاتناسی دژی رۆژهەڵات‌و دژی ئیسلامە" [٦]. هەروەها د.نوعمان سامەڕایی دەڵێت "رۆژهەڵاتناسیی شێوازیکی بیرکردنەوەیە، دەوەستێتە سەر جیاکاری بون مەعریفی لەنێوان رۆژهەڵات‌و رۆژئاوا دا"[٧]، بەڵام هەندێکیان‌وەك کایەیەکی زانستی پێناسەیدەکەن بۆ نمونە (یوسف ئەسعەد داغر) بەمجۆرە پێناسەی رۆژهەڵاتناسیی دەکات: رۆژهەڵاتناسیی بەگشتی بزوتنەوەیەکی زانستیە، بایەخی داوەو دەدات بەلێکۆڵینەوەی شارستانیەتە رۆژهەڵاتییەکان، ئەوەی هەیەو هەبوەو ماونەتەوە لەهێزی رۆحی‌و پاشماوەی هزری ئەدەبی‌و هونەری‌و ئاینی‌و..[٨]، محەمەد عەبدولغەنی حەسەن–یش دەڵێت "رۆژهەڵاتناسیی بریتیە لەسەرقاڵی نا رۆژهەڵاتیەکان بەلێکۆڵنەوەی زمان‌و شارستانیەت‌و فەلسەفە‌و ئاین‌و رۆحانیەتی رۆژهەڵاتیەکان‌و کاریگەریش بوە لەگەشەکردنی شارستانیەتی هەمو جیهان"[٩].

ئەگەرچی رەنگە بەشێك لەگوتەی ئەو کەسانەی، کە رۆژهەڵاتناسیی بەجولّەیەکی ئایینی‌و سیاسی‌و ئیستعماری دەزانن راست بێت‌و لەسەرەتاو لەگەڵ رەوتی گەشەکردنیدا رۆژهەڵاتناسیی بەپێی سەردەمەکە لەلای هەندێك رۆژهەڵاتناس مۆرکی ئاینی وەرگرتبێت یان سیاسی‌و ئیستعماری وەك پیاوە ئاینی‌و بالّیۆزو مسیۆنێرو سیاسیەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەمێژوی

رۆژهەڵاتناسیدا بەدەیان کەسی تێدایە، کە بەشێوەیەکی زانستیانە کاریانکردوەو خزمەتێکی گەورەی مەعریفەی مرۆڤایەتیان کردوە.

بەشی یەکەم: سەرەتای رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانیو گەشەکردنی

باسی یەکەم: سەرەتای رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی

ئەگەرچی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەوڵەتێك نەبو بەناوی ئەڵمانیا بەو سنورەی، کە ئێستا لەئارادایە، بەڵام زیاتر مەبەست لەپەیوەندیەکانی نێوان ناوچە جەرمان نشینەکانو ئەو زانایانەی لەو ناوچەیەدا لەدایك بونوژیاونو بەرۆژهەڵاتەوە.

ئەگەر بڕوانینە سەرچاوە مێژویەکان، ئەوا بەپێچەوانەی ناوچەکانی تری ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست پەیوەندی دەوڵەتی ئیسلامی بەو ناوچە ئەڵمانیانەوە زیاتر پەیوەندیەکی شارستانیو ئاشتیانە بو نەك پەیوەندی سەربازیانە[١٠]، بەپێی سەرچاوەکان بێت سەرەتای ئەم پەیوەندیانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، کە هەر سەرچاوەیەو سەرەتاکەی بۆ سەردەمێك دەگێڕێتەوە. هەندێکیان ئەم پەیوەندیە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی نوێ زاینیو سەردەمی خەلیفە هارون رەشید، کە پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ ئیمپڕاتۆری ئیمپڕاتۆریەتی رۆمای پیرۆز بوە لەگۆڕینەوەی نامەو دیاری[١١]، هەندێکی تریشیان دەیگەڕێننەوە بۆ سەدەی (١٠)ی زاینی، کە پەیوەندی دۆستانە لەنێوان خەلیفەی ئیسلامو ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریەتی رۆمای پیرۆزدا هەبو لەسەردەمی ئۆتۆ[١٢].

بەڵام نەجیب ئەلعەقیقی سەرەتای پەیوەندیەکە دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی لەشکری دوەمی خاچییەکان (١١٤٧–١١٤٩)و دەڵێت لەکاتی

گەڕانەوەی خاچپەکان لەفەلەستینو گواستنەوەی شارستانیەتیو باسکردنی ئەمانە پەیوەندیان لەنێوان ئەو ناوچانەو رۆژهەڵات دروستکرد [١٣].

بەمجۆرە ئەگەر بڕوانین سەرجەم سەرچاوەکان سەرەتای پەیوەندیەکان لەنێوان سەدەی نۆو سەدەی دوازدەدا چڕدەکەنەوە، کە رەنگە سەرجەمیان راستبنو کاریگەری خۆیان هەبو بێت لەسەر دەرکەوتنی هەوڵە سەرەتاییەکانی ناسینی رۆژهەڵات، کە ئەوکات زیاتر لایەنی ئایینی مەبەست بو، بەڵام سەبارەت بەیەکەم هەوڵی دەستبردن بۆ گەڕان بەدوای کولتور رۆژهەڵاتیدا، ئەوا بەهەمان شێوە سەرچاوەکان لەسەر سەرەتاکەیو یەکەم کەسەکەی جیاوازن، کە نەجیب ئەلعەقیقی دەڵێت هەر لەدوای گەڕانەوەی ئەو لەشکرەی خاچییەکان ئیدی پیاوانی ئاینی دەستیان بەوەرگێڕانی بەرهەمە عەرەبیەکان کرد، کە لەناو ئەو پیاوانەشدا خەڵکی ئەڵمانی هەبو [١٤].

کەچی د. یەحیا مراد، دەڵێت یەکەم ئەڵمانی فێری زمانی عەرەبی بوبێت (ئەلبێرتی گەورە ١١٩٣–١٢٨٠)بوە، کە لەڕێگای سەرچاوە عەرەبیەکانەوە ئاشنای فەلسەفەی ئەرستۆتالیس بوەو سودێکی زۆری لەسەرچاوە عەرەبیەکان بینیوە، ئەمە ئەگەر چی زانایانی ئەڵمانیا دان بەوەدا نانێن، کە ئەمە سەرەتای رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی بێت [١٥].

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بەسەرەتای راستەقینەی رۆژهەڵاتناسیی لەئەڵمانیا بەشی زۆری سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەم هەوڵانە درەنگتر دەرکەوتوە لەچاو ناوچەکانی تری ئەورووپا زیاتر دەیگێڕنەوە بۆ سەدەی شازدە بەتایبەت دوای گەیشتنی دەستنوسەکانی رۆژهەڵاتناسیی فەڕەنسی بوستیل [١٦] بۆ کتێبخانەکانی ئەڵمانیا بەتایبەت

دوای ریفۆرمی ئاینی، کە یەکەم کەسی ئەڵمانی دەستی بۆ کارەکانی بوستل بردو کاری لەسەر کرد یاکۆب کریستمان (١٥٥٤–١٦١٣) بو، کەدواتر بو بەنوێنەری زمانی عەرەبی لەز انکۆی هایدڵبرگ چوار ساڵ پێش مردنی[١٧].

کریستمان بەسودوەرگرتن لەکتێبی نەحوی عەرەبی بۆستل، توانی کتێبێك دەربارە فێربونی پیتە عەرەبیەکانو چۆنیەتی نوسینیان دابنێ و هەوڵیدا کورسیەك بۆ زمانی عەرەبی لەزانکۆی هایدڵبرگ بکاتەوە [١٨].

هەر لەوکاتەشدا تریمولیوس (١٥١٠–١٦٥٠)کتێبێکی لەسەر رێزمانی زمانی سریانیو کلدانی نوسیو لەساڵی (١٥٧٩)شدا ئینجیلی لەسریانیەوە وەرگێڕایە سەر لاتینی [١٩]. هەر لەوکاتەشدا روترسپای سەرقاڵی وەرگێڕانی ئینجیل بو بۆ سەر زمانی عەرەبی [٢٠]. بەرلەمانیش مارتن لۆسەری (١٤٨٣–١٥٤٦) ریفۆرمیستی گەورەی ئەڵمانیا چەند شتێکی لەسەر ئیسلام نوسیوە لەساڵی (١٥٢٩)دا، کە زیاتر لەڕوانگەی دەوڵەتی عوسمانیەوە دەیڕوانیە ئیسلام، بەڵام دواتر لە (١٥٤٢) دەتوانێت نوسخەیەك لەقورئانی وەرگێردراوە سەر زمانی لاتینی بەدەستبکەوێتو بیرورا تیۆلۆجیەکان لەسەر ئیسلام بنوسێت کە بەدەوڵەتی کۆتایی دونیای دەزانێت [٢١].

بەم جۆرە سەرهەڵدانی رۆژهەڵاتناسیی لەئەڵمانیاوەکو سەرجەمولاتانی تری ئەوروپا لەسەر دەستی پیاوانی ئاینی دەرکەوتوە، ئەگەرچی سەرەتا ئەڵمانیەکان کەمتر بون، بەڵام دواتر لەسەدەی شازدەدا بەتەواوی سەرەتاکانی دەرکەوتن لەسەر دەستی چەند کەسایەتیەك لەژێر کاریگەری کارەکانی رۆژهەڵاتناسیی فەرەنسا کلیوم بوستل.

باسی دوەم: گەشەکردنی رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانیا

هەرچەندە وەك پێشتر باسمان کرد ئەڵمانیەکان هەر لەسەدەی نۆەوە پەیوندیان بەرۆژهەڵاتەوە هەبوەو لەسەدەی یازدەوە لێکۆڵینەوەو سەرقاڵیان بەبەرهەمە ئیسلامیەکانەوە بوە، بەڵام رۆژهەلاتناسیی ئەڵمانی تاسەدەی هەژدە لەچاو وڵاتانی تری ئەوروپا ئەو گەشەکردنەی بەخۆوە نەبینی بو رۆژهەڵاتناسانی ئەڵمانیا راستەوخۆ خۆیان لەقەرەی لێکۆڵینەوەی شارستانیەتی رۆژهەڵات نەدەدا، بەڵکو پشتبەستن بە بەرهەمەکانی ئەوکاتە، کە لەئەوروپادا هەبو کاریاندەکرد، چونکە قەوارەیەکی سیاسی یەکگرتو لەئارادانەبو، کە ئەم هەوڵانە رێکبخات، هەر ئەمەش وایکردبو رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی سەرەتاکانیو بگرە تاسەدەی نۆزدەش وەك دەرئەنجامێك بۆ بزوتنەوەی ئیستعماریو ئامانجی ئاینی دەرنەکەوت وەك وڵاتانی تری ئەوروپاو رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی بەڕادەیەکی زۆر بابەتیانەو زانستیانە هاتۆتە پێش [٢٢].

لەڕاستیدا قۆناغە سەرەتاییەکانی رۆژهەڵاتی ئەڵمانی لەمۆرکی موژدە بەخشی دورە، کە ئەمە مۆرکی سەرجەم رۆژهەڵاتناسیی ئەوروپی بوە، لەسەرەتادا رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەڵمانیاو رۆژهەڵات لەو سەردەمەدا بەهۆی کاریگەری سیاسیەوە نەبوە، بەڵکو بەهۆی کاریگەری شارستانیو ئاشنایەتیانەوە بوە، کاتێکیش پەیوەندیەکە بو بەپەیوەندییەکی سیاسی لەسەرەتای سەدەی شازدەدا، ئەوکاتەی هێرشی عوسمانیەکان تەنگی پێهەڵچنینو ئەو ناوچانە بون بەقەڵغانی بەرگریکردن لەهێرشی تورکەکان، ئەوکات قەوارەیەك نەبو بەناوی ئەڵمانیاوەو دونیایەکی پەرتەوازە بوە تایبەت دوای ریفۆرمی ئاینی [٢٣]. ئەگەر چی ئەمە لەسەرەتادا تێڕوانینێکی زۆر دوژمنکارانەی لای مارتن لۆسەر دروستکردو بەچاوی

سیاسیو سەربازیەوە دەیڕوانیە ئیسلام، بەڵام ئەمە دواتر نەیتوانی لەکارەکانی تردا رەنگدانەوەی بێتو ببێت بەمۆرکی ئەو کارانە. هەربۆیە کارەکانیان زیاتر لەشێوەی وەرگێڕانو پۆلێنکردنو فێربونی زمانی عەرەبیو پیتەکانیدا بو، کە لەسەر دەستی یاکوب کریستمانو تریمۆلیوسو هتد دابو، کە پێشتر باسمان کرد، هەر لەو سەردەمەشدا زمانی عەرەبیو عبریو سریانیو کلدانیو چونە ناو زانکۆکانی ئەڵمانیاوە [٢٤]، بەڵام هەروەك یوهان فوك دەڵێت ئەو پەرتەوازەیە سیاسیە وایکردبو هیچ میرێك لەوانەی ئەڵمانیا ئامادەی کردنەوەی چاپخانەیەکی پیتی عەرەبی نەبێت بۆ ئەم کارانە، بۆیە زۆر ئەم کارانە کاریگەر نەبون [٢٥].

لەکۆتای سەدەی حەڤدەهەمو سەرەتای سەدەی هەژدەهەم، کە زیاتر بایەخدان بو بەکایە زانستیەکان، هۆڵەندا بو بەناوەندێکی گەورە بۆ رۆژهەڵاتناسانی ئەڵمانیا، بەشێکی زۆریان رویان کردە هۆڵەندا لەوێ لەلایەك فێری زمانە رۆژهەڵاتیەکان بونو لەلایەکی تر چەند دەستنوسو سەرچاوەیەکیان هێنایەوە، یۆهان ئیلشمان، کە چوە هۆڵەنداوەك پزیشكو لەوێ لەکتێبخانەی بۆن چەند دەستنوسێکی ئیبن مسکەویی لەسەر ژیانی مرۆڤ دەسکەوت، هەروەها یۆهان هاتیریش هۆنجر (١٦٢٠–١٦٦٧) چوە هۆڵەندا زمانی عەرەبی فێربوەو یەکەم کەسبوە، کە هەوڵی فێربونی فەهرەسەی عەرەبیو مێژوی ئەدەبی داوە [٢٦]. هەروەها کەسایەتی ڤوبکە، کە چەندین نامەی عەرەبی لەبارەی جەبر بڵاوکردەوەوەك کتێبی الفخری لەجبرو پوختەی حیسابی (یمادنی العاملی) [٢٧]. دواتریش لەسەدەی هەژدەدا دیارترین رۆژهەڵاتناسەکانی ئەڵمانیا دەرکەوتن هەر لەژێر دەستی هۆڵەندیەکاندا، کە رایسکە (١٧١٦–١٧٩٧) بەسەر مەشقی رۆژهەڵاتناسیی

ئەڵمانیا دەزانرێت، لای هەندێك لەمێژو نوسان. هەروەها تیخست (١٧٣٤–١٨١٥) [٢٨].

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا ئەڵمانیا لەچەند دەوڵەتۆکەیەکی بچوك پێکدەهات، کە هیچ بەرژەوەندیەکی ئابوریو سیاسی راستەوخۆیان لەرۆژهەڵاتدا نەبو، تەنها ئەوە نەبێت لەدوای داگیرکاریەکانی ناپلیۆنەوە گەشەکردنی بەخۆوە بینی لەهەمو روەکانو بەتایبەت لەڕوی فێرکاریو زانستیەوە، ئەمەش وایکرد هەولەزانستیەکان چڕبنەوە [٢٩]، بەڵام ئەڵمانیا لەبەر ئەوەی قەوارەیەکی سیاسی یەککگرتوی نەبو، ئاراستە گشتییەکەی ئەورووپای وەرنەگرت، کە ئیستیعاری بووە، سەرنجام نەیتوانی سنوری ئەورووپا ببەزێنێت، ئەو، بو روی کردە ئەورووپا بەهەمو ئاڕاستەکانیەوە سیاسیو کولتور [٣٠]. بەتایبەت فەرەنسا بۆ رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانیا لەو کاتەدا شوێنی هۆڵەندای گرتەوەو بەتایبەت لەسەر دەستی سلقستر دیساسی، کە مامۆستای زمانە رۆژهەڵاتیەکان بو لەپاریسو بەشێکی زۆری رۆژهەڵاتناسە ئەڵمانیەکان لەسەر دەستی ئەوان خوێندویانە لەوانە هاینرش الرشت فلایشەر (١٨٠١–١٨٨٨) وایفالد (١٨٠٣–١٨٧٥)، کە بەدامەزرێنەرانی دراساتی عەرەبی لەئەڵمانیا دادەنرێتو دواجار فلایشر بو بەمامۆستای زمانە رۆژهەڵاتیەکان لەلایبزگو وایفالد لەگوتنگن [٣١]. هەر لەمکاتەشدا وەك پێوستیەك (کۆمەڵەی ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی DMG) دامەزرا لەساڵی (١٨٤٥)و زیاتر سیفەتی پڕۆفیشنالّی بەبواری دراساتی رۆژهەڵاتناسیی لەئەڵمانیا بەخشی [٣٢].

لەسەدەی نۆزدە بەدواوە رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی ئیدی سێ ئاراستەی سەرەکی وەرگرت، کە یەکەمیان ئیستیعراب (ئەرەباستیك) بو، کە لەبارەی

فقهی زمانی عەرەبیەوە بو، دیارترین کەسەکانی فلایشەر بو، ئاراستەی دوەمیش ئاراستەی مێژویی بو لەسەر میتۆدی رەخنەی مێژوی، کە لەسەر دەستی یولیوس فلهاوزن (١٨٤٤–١٩١٨) دەستی پێکردو دواتریش لیوبۆلد ڤون رانکە (١٧٩٥–١٨٨٦) گەشەی کرد، کە لەسالّی (١٨٨١) کتێبی مێژوی جیهانی بلاّوکردەوە. ئاراستەی سێیەمیش لەسەر قورئان بو لەسەر دەستی تیۆدۆر نولّدکەو چەندین کەسایەتی تر، کە لەدیارترینیشیان کارل هاینرش بیکر (١٨٧٦–١٩٣٣) کەیەکەم کەس بو کورسی دراساتی ئیسلامی وەرگرت لەسالّی (١٩٠٨) لەپەیمانگەی کولونیالّ لەهامبۆرگ [٣٣].

رۆژهەلاّتناسیی ئەلّمانی لەو کاتەدا بەشداریەکی گەورەی کرد لەکۆکردنەوەو بلاّوکردنەوەو فەهرەسەکردن دەستنوسە عەرەبیەکانو دەستێکی بالاّی هەبو لەدانانی فەرهەنگی گەورەی وەك فەرهەنگی (فرایتاج ١٧٨٨–١٨٦١) کە فەرهەنگێکی عەرەبی لاتینی بو لەچوار بەرگدا، فەرهەنگی زمانی عەرەبی پەتی فشەر (١٨٦٥–١٩٤٩) و فەرهەنگی عەرەبی– ئەلّمانی هانزفیر (١٩٠٩–١٩٨١). [٣٤] هاوکات لەو کاتەدا چەندانی وەك فلهاوزنو کارل بیکرو کارل بروکلمانی تێدا هەلّکەوت لەسەر دیراسەکردنی مێژو ئەدەبی ئیسلامی کەهەر یەك لەدیراسەکانی فلهاوزن سەبارەت بە (محمەد لەمەدینە)و (حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئیسلام لەکۆندا ئاینیو سیاسی)، هەورەها کتێبەکانی هۆرۆفیش لەسەر شیعەو قورئانو ئیسلامو مەسیحیەتو کارل بیکر لەسەر مەسیحیو ئیسلامو بروکلمان لەبارەی مێژوی گەلانی ئیسلامو میژوی نەتەوەی عەرەب گەواهی ئەمەن، جگەلەوەی، کە رۆژهەلاّتناسانی ئەلّمانیا تائەو کاتەش بایەخیان بەزانستی سەردەمی ئیسلام دەدا کە هیرشێرك (١٨٢٤–١٩٢٥) دیراسەی نامەی

پزیشکی چاوی ئیبن سینای کردەوەو فیدمان (١٨٥٢–١٩٢٨) کتێبی (الحیل)ی ئیبن جەزری کردەوەو چەند گوتارێکی لەسەر زانایانی عەرەب نوسیوە[٣٥].

بەمجۆرە رۆژهەلاتناسیی ئەڵمانی تاناوەڕاستی سەدەی نۆزدە زیاتر دور بو لەئامانجی ئاینیو ئیستیعاریو سیاسی[٣٦] و بەرهەمێکی بەپێزو گەورەی لەمبارەیەوە پێشکەشکردوە. هەربۆیە بەشی زۆری عەرەبەکانیش پێیانوایە رۆژهەلاتناسیی ئەڵمانی قۆتابخانەیەکی زانستی بوەو پەیوەندی بەسیاسەتو ئایدۆلۆژیاوە نەبوە[٣٧]،و هەروەك ئیدوارد سەعید دەڵێت "رۆژهەلاتناسیی ئەڵمانی بو بەخەزێنەی لێکۆڵینەوەی زانستیانە لەبارەی کولتورەو لەناوەڕستی سەدەی نۆزدە دا". [٣٨] بایەخی دراساتی رۆژهەلاتی بەتایبەت رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەدوای یەکیەتی ئەڵمانیا لە (١٨٧٠) زۆر زیادیکرد ئیدی رۆژهەلاتناسیی ئەڵمانی پێینایە قۆناغێکی نوێوەو هەوڵەکانی فرەترو هەمەلایەن تر بون ئەوە بو لە١٨٧٨دا قوتابخانەی زمانە رۆژهەلاتیەکان لەبەرلین دامەزرا، جونکە لێرە بەدواوە ئەڵمانیاش کەوتە گەڕان بەدوای داگیرکەرو ململانێکردن لەگەڵ زلهێزەکانی تردا، هەربۆیە پەیوەندیەکی دۆستایەتی بەتینی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا دروستکردو چەندین پڕۆژەی گەورەی بازرگانیو دامەزراندنی هێڵی ئاسنی لەگەڵدا بەستو ئەڵمانیەکان رۆڵی گەورویان گێڕا لەڕێکخستنەوەو مەشقپێکردنی سەپای عوسمانی هەربۆیە لەوسەردەمەدا رۆژهەلاتناسیی ئەڵمانیش دەبو رۆڵی بەرچاو بگێڕێت لەم پەیوەندیەدا بۆ خوێندنەوەی ناوچەکە لەسەرجەم لایەنەکانەوە، ئەوەبو پەیمانگەی بەرلینو ناوەندێکی تر لەهامبۆرگ تایبەت بەبایەخدان بەرۆژهەلات دەرکەوتنو گۆڤاری تایبەتیان دەرکردو چەندین

توێژەر کاریان تێدا دەکرد، لەپاڵ ئەمانیشدا چەندین ناوەندی تر دەرکەوتن بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیوەزارەتی دەرەوەو نوسینگەی راوێژکاری ئەڵمانیاو لیژنەی کاروباری دەرەوە لەپەرلەمان، لەسی ساڵی دواتردا چەندین لێکۆڵینەوەو دیراسات لەلایەت رۆژهەڵاتناسانی ئەڵمانیاوە لەسەر رۆژهەڵات دەرکەوتن [٣٩].بایەخی رۆژهەڵاتناسیی هێندەی تر لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیو دۆزینەوەی نەوت زیادیکرد، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دوەم ئەگەرچی ئەڵمانیا تا (١٩٩٠) دابەشبو بۆ دو بەشەوە بەڵام بەشە رۆژئاەاکەی کەسەر بەجەمسەری سەرمایەداری بو لەهەوڵ رۆژهەڵاتناسیەکان بەردەوام بو تایبەت لەدوای شەستەکانو حەفتاکانی سەدەی رابردودا، دوای دەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانو بەرەوسەندنی بزوتنەوەی ئیسلامیە سیاسیەکان. ئەمانە هەمو هێندەی تر لەسودی دراساتی کەلتوری ئیسلامی زیادی کرد لەئەڵمانیا، تایبەت لەدوای جەنگی کەنداو ئەوە بو لەساڵی (١٩٩٣) کۆمەڵەیەکی نوێی پڕۆفیشنالْ بەناوی (داڤۆDAVO) دەرکەوت ئەمانەو لەو ماوەیەدا دانوستاندنە رۆژنامەوانیو تەلەفیزیۆنیەکانیش لەمبوارەدا زیاتر ببون تەنانەت یەکێك لەدەزگای چاپو بڵاوکردنەوەکان زنجیرەیەکی تایبەتی بۆ ئەم کتێبانە تەرخانکردبو. دواتریش لەساڵی (١٩٩٥) گۆڤارێکی تایبەتی بەمبواره بەناوی ئینامۆ (INMO) دەرچو، کە لەلایەن حزبی سەوزەوە پشتگیری دارایی دەکرا، هاوکات چەندین سندوقی پشتگیری دارایی دیراساتی رۆژهەڵاتیو ئیسلامی دەرکەوتن وەك (سندوقی لێکۆڵینەوەی ئەڵمانی) لەساڵی (١٩٩٦)دا سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی نوێ کرایەوە، کەتایبەت بو بەمێژو شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باشوری ئاسیاو ئەفەریقا، هەر لەو ساڵەشدا کۆمەڵەی کاری نوێگەری ئیسلام

کرایەوە، کە ئەرکی مەشقو راهێنان بو لەسەر بنەمای خولی (٥ ساڵی)، هاوکات دوای روداوی (١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١) ئەم دیراسانە زۆرتربون[٤٠].

بەشی دوەم: کەرەستەو هۆیەکانی رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی

باسی یەکەم: کەرەستەکانی رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی

١–کورسیەکان: لەزانکۆکانی ئەڵمانیا هەر لەسەدەی چواردەوە کورسی تایبەت بۆ زمانو کولتور رۆژهەڵاتی کراوەتەوە، وەك هایدڵبرگ (١٣٨٦)، کۆڵن (١٣٨٦–١٩١٩)، لایبزگ (١٤٠٩)، رۆستۆك (١٤١٩)، میونخ (١٤٧٢–١٨٢٦)، تۆپنگن (١٤٧٧)، هالە (١٥٠٢)، گۆتنگن (١٧٣٦–١٧٨٦)، بۆن (١٨١٨)، بەرلین (١٨٠٩)، جگەلەوەی لەساڵ (١٨٨٧) لەبەرلین پەیمانگەی زمانە رۆژهەڵاتیەکان کرایەوە لە (١٩٦٠)یش پەیمانگەی زمانە رۆژهەڵاتیەکانی بۆن شوێنی گرتەوە. لەساڵی (١٩٦١)یش ئەنجومەنی زانستەکانی ئەڵمانیا پەیمانگەیەکی تری دامەزراند[٤١].

٢–کتێبخانە رۆژهەڵاتیەکان[٤٢]: بەپێی گوتەی (نەجیب ئەلعەقیقی) بێت لەئەڵمانیا نزیکەی (١٨) هەزار کتێبخانەی دەوڵەتیو کەسیو سەر بەکڵێساکان لەمبوارەدا هەیە، کە ئەمانە گرنگترینیانن:

ا–کتێبخانە گشتیەکان: کتێبخانەی بەرلینی نیشتمانی، کتێبخانەی درسدنی نیشتمانی، کتێبخانەی ئەنجومەنی پیرانی لایبزگ، کتێبخانەی پاشایی و جیهانیو فەرمی لەمیونخ، کتێبخانەی گۆتنگن، کتێبخانەی برسلاو، کتێبخانەی نیشتیمانی هامبۆرگ.

ب–کێبخانەی زانکۆو کۆمەڵەکان: لەوانە کتێبخانەکانی زانکۆکانی بۆن، میونخ، گۆتنگن، هایدڵبرگ، لایبزگ، هەروەها کتێبخانەی کۆمەڵی رۆژهەڵاتی لەهاله.

ج–کتێبخانە تایبەتەکان: لەوانە کتێبخانەکانی مارتن هارتمان، فیشەر، میتفۆخ، مۆردتمان.

٣–مۆزەخانە رۆژهەڵاتیەکان: [٤٣] لەئەڵمانیا چەند مۆزەخانەیەکی تایبەت بەکولتور رۆژهەڵاتی هەیە لەوانە مۆزەخانەی هونەری ئیسلامی لەبەرلین لەساڵی (١٩٠٤) لەمۆزەخانەکانی تر جیابوەو لە (١٩٧١)یش کۆمەڵەی مۆزەخانەکان دامەزرا کە (١٤) مۆزەخانە بون.

٤–چاپخانە رۆژهەڵاتیەکان: ئەگەرچی ئەم چاپخانانە لەئەڵمانیا تاڕادەیەك بەدرەنگەوە دەرکەوتن، بەڵام لەسەدەی حەڤدە بەدواوە چەند چاپخانەیەکی گرنگ دەرکەوتن، لەوانە هۆبەرت لەگۆتنگن، فسبادنر کڕافشە لەفیسبادن، برۆخۆس لەلایبزگ [٤٤].

باسی دوەم: هۆیەکانی رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانی

١–کۆڕبەندە زانستیەکان: لەئەڵمانیا چەند ئەنجومەنێکی زانستی هەبون لەوانە ئەنجومەنی گۆتنگن (١٧٥١)، ئەنجومەنی میونخ (١٧٥٩)، ئەنجومەنی هایدڵبرگ (١٩٠٩)، ئەنجومەنی ماینس (١٩٤٩)، هاوکات چەند لیژنەیەك هەبون کە سەرقاڵی کولتور رۆژهەڵاتی بون، وەك لیژنەی شیکردنەوەی دەقە مێخیەکان، لیژنەی دیراساتی ئاسیای ناوەڕاست [٤٥].

٢–کۆمەڵە رۆژهەڵاتیەکان: رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانیا وەك قوتابخانەکانی تر کۆمەڵەی تایبەتی لەمبوارەدا هەبو، کە یەکەمینو دیارترینیان (کۆمەڵی

رۆژهـەلاتی ئـەڵمانیDMG) بـو، کـە لەسـاڵی (١٨٤٥) بەسـەر پەرشـتی فلایشەر لەشاری هالە [٤٦] کرایەوە دواتریش چەند لقێکی لەرۆژهـەلات کـردەو هەنـدێکیان بـەناوی پەیمانگـەی شوێنەوارناسـییو هەنـدێکی تـریش بـەناوی دیراساتی رۆژهەلاتی لەئەستەنبولو قاهیرەو ئەسفەهانو بەغداو بەیروت [٤٧].

یەکێکی تر لەو کۆمەلانە (کۆمەڵەی رۆژهەلاتی ئەڵمانی بـۆ لێکۆڵنـەوەی ئیسـلامی)بـو کـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم مـارتن هاتمـان دایمەزرانـد [٤٨]، هـەروەها کۆمەڵـەی (داڤـۆ DAVO) لەسـاڵی (١٩٩٣) دامـەزرا، لەسـاڵی (١٩٩٦)یش ناوەندی لێکۆڵینەوەی رۆژهەلاتی نوێ (ZMO) [٤٩] دامەزرا.

٣–گروپـە رۆژهەلاتیـەکان: وێـڕای ئـەم کۆمەلانـە ئەڵمانیـەکان چـەند گروپێکیان دامەزراند بۆکارکردن لەسەر کولتور رۆژهەلاتی لەوانە: کتێبخانـەی رۆژهـەلاتی لەبـەرلین (١٨٨٧) کتێبخانـەی ئاشـوری لـەلایبزگ، کتێبخانـەی ئیسـلامی لەئەسـەنبولْ هـەروەها دامەزرانـدنی گروپـی زانسـتە قورئانیـەکان لەمیونخو گروپی ئادابی فەلەستینیەکان لەلایبزگو ئینسکلۆپیدیایەك لەسـەر بـەدو لـە (١٩٣٩)، [٤٩] و دامەزرانـدنی گروپـی کـاری نوێگـەری ئیسـلامی لەساڵی١٩٩٦. [٥٠]

٤–گۆڤـاره رۆژهەلاتیـەکان [٥١]: قوتابخانـەی ئـەڵمانیاش وەك قوتابخانەکانی تر خاوەنی کۆمەڵێك گۆڤاری گرنگە لەبارەی رۆژهەلاتناسیەوە کە ئەمانەن:

١–گۆڤـاری رۆژهـەلاتی ئـەڵمانی، کـە لەلایـەن کۆمەڵـەی رۆژهـەلاتی ئەڵمانیاوە دامەزرا لە (١٨٤٧) ZDMG کە (١١٤) ژمارەی لێ دەرچو.

٢–گۆڤـاری دیراسـاتی بیزەنتـی، کـە (١٨٩٢) لەلایـەن کرۆمبـاخرەوە دامەزرا.

٣–گۆڤاری کۆمەڵەی ئەڵمانی بۆ دیراسە فەلەستینیەکان (ZDP-V).

٤–گۆڤاری ئەدیباتی رۆژهەڵاتی (١٨٩٨).

٥–گۆڤاری لەپێناو تێگەیشتنی رۆژهەڵات (١٩٠٠).

٦–حەولییە زانکۆی بۆن.

٧–ئەرشیفی کاغەزی بەردی (١٩٠٦).

٨–ئەرشیفی رۆژهەڵاتی ١٩١٠.

٩–گۆڤاری ئیسلام (١٩٢٠) کە کارل هنریخ بیکری وەزیر دایمەزراند لەهامبۆرگ.

١٠–گۆڤاری جیهانی ئیسلام لەساڵی (١٩١٣) مارتن هارتمان دەری کرد، سێ مانگ جارێك دەردەچو.

١١–گۆڤاری دیراساتی سامی لە (١٩٢٢) فیشەر دایمەزراند لەلایبزگ.

١٢–گۆڤاری ئیسلامیکا (١٩٢٤) فیشەر دایمەزراند.

١٣–جیهانی رۆژهەڵاتی (١٩٤٧).

١٤–دیراساتی ئاسیایی (١٩٤٨).

١٥–ئۆربانس (١٩٤٨) لەئەستەنبول.

١٦–هونەری رۆژهەڵاتی.

١٧–گۆڤاری هزرو هونەر بەپیتی لاتینی لەبۆن (١٩٦٣).

١٨–گۆڤاری ئینامو (INMO) لەساڵی (١٩٩٥).

بەشی سێیەم: رۆژهەڵاتناسە دیارەکانی ئەڵمانی

باسی یەکەم: چەند رۆژهەڵاتناسێکی دیاری ئەڵمانی

ئەگەر چی لەمێژوی رۆژهەڵاتناسیی ئەڵمانیدا چەندین کەسایەتی گرنگ دەرکەوتن بەڵام بەپێی دەرفەتەکەمان ئێمە تەنها باسی ئەمانەی لای خوارەوە دەکەین:

١-یاکوب کریستمان (١٥٥٤- ١٦١٣): یەکێکە لەدیارترین رۆژهەڵاتناسانی سەدەی شازدەیە لەئەڵمانیا، یەکەم کەسە کار لەسەر دەستنوسەکانی گلیوم پۆستیل دەکاتو کتێبێك دەربارەی رێنوسی عەرەبیو پیتەکانی دادەنێتو لەسالّی (١٥٨٥) دەست بەخوێندنی رێزمانی عەرەبی لەهایدلّبرك دەکات [٥٢].

٢-یۆهان یاکوب رایسکە (١٧١٦- ١٧٧٤): دیارترین رۆژهەڵاتناسیی سەردەمی خۆی بوەو بەدامەزرێنەری خوێندنە عەرەبیەکان لەئەڵمانیا دادەنرێت، لەدایکبوی شاری زویرخەو خوێندنی زانکۆیی لەزانکۆی لایبزگ تەواو کردوەو، هەر لەوێش سەرچاوەو دەستنوسە عەرەبیەکانی دەستکەوتوە,[٥٣]

٣-یۆلیۆس فلهاوزن (١٨٤٤-١٩١٨): رۆژهەڵاتناسێکی پسپۆرە لەبواری مێژوی ئیسلامداو لەمبوارەشدا چەند بەرهەمێکی بەناوبانگی هەیە لەوانە (ئیمپڕاتۆریای عەرەبیو روخانی)، (پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناو ئیسلام)، (خەوارجو شیعە)، (ڕێکخستنی کۆمەڵ لەلایەن محەمەدەوە لەمەدینە) [٥٤].

٤-کارل برۆکلمان (١٨٦٨- ١٩٥٦): لە (١٧ی دیسەمبەری ١٨٦٨) لەشاری رۆستۆك لەدایکبوە هەر لەقۆناغی دواناوەندیەوە دەستی بەخوێندنی زمانی عەرەبی کردوەو لەزانکۆشدا زمانە رۆژهەڵاتیەکانی خوێندوەو خوێندکاری نۆلّدکە بوە ، بایەخێکی زۆری بەئەدەبی عەرەبیو مێژوی

ئیسلامی داوە لەم بوارەدر چەند بەرهەمێکی هەیەوەك (مێژوی گەلانی ئیسلام)، (مێژوی ئەدەبی عەرەبی) [٥٥].

٥–جۆزیف شاخت (١٩٠٢–١٩٦٩): لە (١٥ی مارسی ١٩٠٢) لەدایکبوە، لەزانکۆکانی برسلاو لایبزگ زمانە رۆژهەلاتیەکانی خوێندووە بایەخی زۆری بەفیقهی ئیسلامی داوەو چەندین بەرهەمی لەبواری دەستنوس‌و عیلمی کەلام‌و مێژوی زانستو فەلسەفەدا هەیە، بەشداری لەچاپی دوەمی ئینسکلۆپیدیای ئیسلام کردوە[٥٦]

٦–ئانا ماری شمیل (١٩٢٢–٢٠٠٣): لە (٧ی ئیبریلی ١٩٢٢) لەشاری ئێرفۆرت لەدایکبوە لە (١٥) ساڵیەوە دەستی داوەتە خوێندنی زمانی عەرەبی‌و زمانەکانی فارسی‌وتورکیشی زانیوە لەساڵی (١٩٤١) دکتۆرای لەسەر مێژوی ئیسلام لەزانکۆی بەرلین وەرگرتوە‌و لە (١٩٥٢) سەردانی تورکیای کردوە، لەچەند زانکۆیەکی قاهیرە‌و هیند دەرسی گوتۆتەوە، سەرنوسەری گۆڤاری (هزرو هونەر) بوە[٥٧].

٧–تیۆدۆر نۆلدکە (١٨٣٦–١٩٣٠): لە (١٨٣٦/٣/٢) لەشاری هامبۆرگ لەبنەماڵەیەکی دیارو خاوەند پێگەو پلەی زانستی‌و ئیداری لەدایکبوە دوای ئەوەی خوێندنە بەراییەکانی تەواوکردوە چۆتە زانکۆی گۆتنگن بەمەبەستی تەواو کردنی خوێندنی زانکۆیی، هەرلەوێش لەسەر دەستی رۆژهەلاتناسیی گەورە ئیفالد فێری زمانەکانی فارسی‌و سامی‌و تورکی‌و سەنسکریتی بوە [٥٨] لەساڵی (١٨٥٦)یشدا هەر لەو زانکۆیە بڕوانامەی دکتۆرای بەپلەی شەرەف بەدەستهێناوە لەسەربنەچەی دەرکەوتن‌و رێکخستنی قورئان کەدواتر خەلاتی کۆمەڵەی نوسەرو ئەدیبانی پاریسی لەسەروەرگرتوە‌و لەساڵی (١٨٦٠)یشداوەك کتێب بەناوی مێژوی قورئان بڵاوی کردۆتەوە [٥٩].

نۆلدکه یەکێك بوه لەو رۆژهەڵاتناسانەی، کە بایەخێکی زۆری بەزمانە کۆنەکانو ئەدەبی پێش ئیسلامو رێزمانی عەرەبی داوەو لەم بوارەدا زۆر بەوردیو بابەتیانە کاری کردوە، بۆیە هەر لەمبوارەدا وەك مامۆستای زمانە کۆنەکان لەهەر، یەك لەزانکۆکانی لابیزگو ڤیەناو بەرلینو لایەن کاری کردوەو دواتریش لەساڵی (١٨٦٤) گەڕاوەتەوە بۆ شاری کیل، لەوێ وەك مامۆستای تەورات‌و سەنسکریتی کاری کردوەو پاشانیش لەساڵی (١٨٧٢)ەوە بانگێشتکراوەتەوە بۆ زانکۆی ستراسبۆرگ [٦٠].

جگە لەپیشەی مامۆستایی هاوکات نۆڵدکه وەکو توێژیاری زمانەوانیو دانەرو وەرگێڕو زمان ناسی کاری کردوە، کە یۆهان فۆك دەڵێت مەزنترین رۆژهەڵاتناسیی سەردەمەکەی بوە، سەرەڕای هەمو ئەمانە ئەم کابرایە کەسێکی زۆر خاکیو دەستپاك‌و دڵپاك‌و بێ فێڵ بوە [٦١]. هەروەها عەبدوڵڕەحمان بەدەوی بەشێخی رۆژهەڵاتناسانی ئەڵمانیا ناوزەدی دەکات [٦٢]. نۆڵد کە وەکو پێشتر باسمان کرد یەکێکبوە لەدیارترین رۆژهەڵاتناسەکانی ئەڵمانیاو وەك توێژەری زمانەوانیو دانەرو وەرگێڕ کایکردوە، بۆیە خاوەن بەرهەمێکی زۆرە کەئەمە گرنگترینیانن:

١–مێژوی قورئان کەپێشتر نامەی دکتۆراکەی بوە (١٨٦٠).

٢–بیرۆکەیەکی گشتی دەبارەی ژیانی محەمەد لە (١٨٦٣).

٣–لەپێناو تێگەیشتنی شیعری جاهیلی [٦٣] (پێش ئیسلام) (١٨٦٤).

٤–رێزمانی دیالێکتە ئاریەکان (١٨٧٥) لەهاڵە.

٥–بەشداری کردن لەبڵاوکردنەوەی مێژوی تەبەری (١٨٧٤).

٦–مێژوی فارسو عەرەب لەسەردەمی ساسانیەکاندا لە١٨٧٩ لەلایەن.

٧–مێژوی گەلەسامیەکان.

٨–لێکۆڵینەوە لەبارەی فارسەکان.

٩–دەستبژێرێك لەشعرە عەرەبیە کۆنەکان تاسەردەمی ئومەوی.

١٠–سەردەمی مەنسور.

١١–رێزمانی پەتی عەرەبی.

١٢–کورتەیەکی مێژوی جاهیلی.

١٣–وەرگێڕانی کلیلەو دومنە.

١٤–وەرگێڕانو شەرحی پێنج هەڵواسراو لەحەوت هەڵواسراوەکە.

١٥–چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی زمانی سامی [٦٤].

لیستی سەرچاوە:

ا–کتێبەکان

١–ادوارد سعید: الاستشراق (المعرفة، السلطة، الانشاء)، ترجمة، کمال ابو دیب، ط٧، بیروت، ٢٠٠٥.

٢–انور محمود زناتی: زیارة جدیدة للاستشراق، القاهرة، ٢٠٠٦.

٣–خیری منصور: الاستشراق والوعی السالب، بیروت، ط ٢، ٢٠٠٥.

٤–د. رسول محمد رسول: الغرب والاسلام قراءات فی رؤی ما بعد الاستشراق، عمان، ٢٠٠١.

٥–د. رضوان السید: المستشرقون الالمان (نشوء والتثیر والمصائر)، بیروت، ٢٠٠٧.

٦–سالم حميش: الاستشراق في افق انسداده، رباط، ١٩٩١.

٧–عبدالجبار ناجى: تطور الاستشراق في دراسة القرن العربي، دار حافظ، بغداد، ١٩٨١، ص٢٩.

٨–د.عبدالحميد صالح حمدان: طبقات المستشرقين، مكتبة مدبولي، د. م، د .ت.

٩–لودفيغ هاغمن: المسيحية ضد الاسلام، حوارانتهى الى الاخفاق، ترجمة محمد جديد، دمشق، د.ت.

١٠–محمد فتح لله الزيادى، الاستشراق اهدافه و وسائله، دار قتيبة، بيروت.

١١–د.محمود درابيسة، الاستشراق الالمانى المعاصر والنقد العربية القديم، اربد،٢٠٠٣.

١٢–د.ناصر عبدالرزاق الملا جاسم: الاسلام والغرب دراسات في نقد الاستشراق، عمان، ٢٠٠٤.

١٣–نجيب العقيقى: المستشرقون، الجزء الثانى، الطبعة الرابعة، القاهرة،١٩٨٠.

١٤–د.نعمان عبدالرزاق السامرائي: الهزر العربى والهزر الاستشراقي بين محمد اركون وادوارد سعيد، الرياض، ١٩٨٩.

١٥–هشام جعيط: اوربا والاسلام، ترجمة د.طلال عتريس، بيروت،١٩٨٠.

١٦–يحيى مراد: معجم اسماء المستشرقين، بيروت، ٢٠٠٤.

١٧–يوهان فوط: تاريخ حركة الاستشراق، ترجمة عمر لطفى العالم، دار فنية، د.م،د.ت.

١٨–يوسف كرباج ومنفرد كروب، تأملات في الشرق (تقاليد الاستثراق الفرنس والمانى وحاضر)، ترجمة عدنان حسن ومحمد صبح، بيروت، ٢٠٠٦.

ب–سةرضاوة ئةليكترؤنيةكان

١٩–الاستشراق نافذة لنمو العلاقات العربية الالمانية،www.w٣c.org.

٢٠–مدارس الاستشراق– المدرسة الالمانية www.madinacenter.com

ثةراويَزةكان:

١.خيرى منصور: الاستشراق والوعى السالب، بيروت، ٢،٢٠٠٥، ص٤٩.

٢.د.ناصر عبدالرزاق الملا جاسم: الاسلام والغرب دراسات في نقد الاستشراق، عمان، ٢٠٠٤، ص ١٤–١٥.

٣.سالم حميش: الاستشراق في افق انسداده، ريباط، ١٩٩١، ص,٧

٤. المصدر نفسه: ص,٧

٥.خيرى منصور: المصدر السابق، ص٥٣.

٦.المصدر نفسه، ص,٥٢

٧.د.نعمان عبدالرزاق السامرائي: الهزر العربى والهزر الاستشراقي بين محمد اركون وادوارد سعيد، الرياض، ١٩٨٩، ص٢٠.

٨. يحيى مراد: معجم اسماء المستشرقين، بيروت، ٢٠٠٤، ص١١.

٩. المصدر نفسه، ص,١١

١٠.الاستشراق نافذة لنمو العلاقات العربية الالمانية،.www w٣c.org هشام جعيط، اوروبا والاسلام، ترجمة د.طلال عتريس، بيروت،١٩٨٠، ص,٨٧

١٢.الاستشراق نافذة لنحو العلاقات العربية الالمانية.

١٣.محمد فتح لله الزيادى: الاستشراق اهدافه وسائله، دار قتيبة، بيروت، ص,٧٥

١٤.نجيب العقيقى: المستشرقون، الجزء الثانى، الطبعة الرابعة، القاهرة،١٩٨٠، ص,٣٤٠

١٥.العقيقى: المصدر السابق، ص,٣٤٠

١٦.يحيى مراد: المصدر السابق، ص٣٣–,٣٤

١٧.طليوم بوستيل، رؤذهةلآتناسيى فةرةنسا بو، كة يةكةم كورسى زمانى عةرةبى لةكؤليجى دى فرانس بؤ تةرخانكرا لةسالَى (١٥٣٩)و خزمةتيَكى زؤرى بةرِؤذهةلآتناسيى كردوةء خةلَكى زؤر لةسةر دةستى راهاتون فيَربون. برِوانة: عبدالجبار ناجى، تطور الاستشراق فى دراسة القرن العربى، دار حافظ، بغداد، ١٩٨١، ص,٢٩

١٨.يوهان فوط: تاريخ حركة الاستشراق، ترجمة عمر لطفى العالم، دار فنية، ص٥٤–,٥٦

١٩.محمد فتح الله زيادى: المصدر السابق، ص٧٥، نجيب العقيقي، المصدر السابق،ص,٣٤

٢٠. نجيب العقيقي: المصدر السابق، ص,٣٤

٢١. يوهان فوك: المصدر السابق، ص,٥٦

٢٢.لودفيغ هاغمن: المسيحية ضد الاسلام، حوارانتهى الى الاخفاق، ترجمة محمد جديد، دمشق، ص١٣٠–,١٤٣

٢٣.مدارس الاستشراق: الاستشراق الالمانى، www.madinacenter.com.

٢٤.هشام جعيط: المصدر السابق، ص٨٧–,٨٨

٢٥. العقيقى: المصدر السابق، ص,٣٤١

٢٦. يوهان فوك: المصدر السابق، ص,٥٦

٢٧.المصدر نفسه، ص٩٥.

٢٨.عبدالجبار ناجي: المصدر السابق، ص,٢٩

٢٩.العقيقي: المصدر السابق، ص,٣٤١

٣٠.يوسف كرياج ومنفرد كروب: تأملات في الشرق (تقاليد الاستشراق الفرنسي والمانى وحاضره)، ترجمة. عدنان حسن ومحمد صبح، بيروت، ٢٠٠٦، ص,٤٣

٣١.هشام جعيط: المصدر السابق، ص,٨٨

٣٢.العقيقي: المصدر السابق، ص,٣٤٦

٣٣.يوسف كرياج ومنفرد كردي: المصدر السابق، ص٤٣. انور محمود زناتى: زيارة جديدة للإستشراق: القاهرة، ٢٠٠٦، ص,١١١

٣٤.يوسف كرباج ومنفرد كروب، المصدر السابق، ص٤٦–٥٠.

٣٥.انور محمود زنانى: المصدر السابق، ص,١٠٣

٣٦.عبدالجبار ناجى: المصدر السابق، ص,٥٨

٣٧.بةلآم محمةد فةتحولَلاّ لةطةلَ ئةو رايةدا نيةو ثيَيواية تةنها لةسةرةتاوة ءابوة، بةلآم رؤذهةلآتناسيى نويَى ئةلَمانى بةتايبةت دواى دؤزينةوةى نةوت ئامانجى ئيستعمارىء سياسى بوة. برِوانة: محمد فتح الله الزيادى، المصدر السابق، ص ٧٥–٧٦,

٣٨.د.محمود درابيسة: الاستشراق الالمانى المعاصر والنقد العربي القديم، اربد، ٢٠٠٣، ص,٨

٣٩.ادوارد سعيد: الاستشراق (المعرفة، السلطة، الانشاء)، ترجمة كمال ابو ديب، ط٧، بيروت، ٢٠٠٥، ص,٥٢

٤٠.د. رضوان السيد: المستشرقون الالمان (نشوء والتثير والمصائر)، بيروت، ٢٠٠٧، ص٢٩–٣٣,

٤١.بؤ زياتر زانيارى لةمبارةوة برِوانة: يوسف كرباج ومنفرد كروب، المصدر السابق، ص٩٣–١٠٥. د. رسول محمد رسول، الغرب والاسلام قراءات في رؤى ما بعد الإستشراق، عمان، ٢٠٠١، ص,٥٩

٤٢.العقيقي: المصدر السابق، ص٣٤٢–٣٤٣,

٤٣.المصدر نفسه: ص ٣٤٤–٣٤٦.

٤٤.العقيقي: المصدر السابق،ص,٣٤٨

٤٥.المصدر نفسه: ص ,٣٤٩

٤٦.المصدر نفسه: ص,٣٥٠

٤٧.سالم حميش: المصدر السابق، ص,١٩

٤٨. العقيقي: المصدر السابق، ص,٣٤٩

٤٩.المصدر نفسه، ص,٣٥٠

٥٠.يوسف كرباج ومنفرد كروب: المصدر السابق، ص,١٠٥

٥١.العقيقي: المصدر السابق، ص,٣٥٣

٥٢.يوسف كرباج ومنفرد كروب: المصدر السابق، ص,٥٠

٥٣.بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەوە بڕِوانە: العفقى، المصدر السابق، ص ٣٥١–٣٥٢، يوسف كرباج ومنفرد كروب، المصدر السابق، ص٩٣–١٠٥. سالم حميش: المصدر السابق، ص,١٩

٥٤ يوهان فوك: المصدر لاسابق، ص,٥٦

٥٥.د.عبدالحميد صالح حمدان: طبقات المستشرقين، مكتبة مدبولي، د. م، د. ت، ص ٢٤–٢٥,

٥٦.مدارس الاستشراق– المدرسة الالمانية.

٥٧.المصدر نفسه.

٥٨.د.عبدالحميد صالح حمدان: المصدر السابق، ص١٥١–,١٥٢

٥٩.انور محمود زناتى: المصدر السابق، ص,١٧٢

٦٠.العقيقي: المصدر السابق، ص,٣٦٠

٦١ يوهان فوك: المصدر السابق، ص ص٢٢٥–,٢٢٦

٦٢.المصدر نفسه، ص ٢٢٦.

٦٣. يوهان فوك: المصدر السابق، ص٢٢٦.

٦٤.مدارس الاستشراق–المدرسة الالمانية.

بەرهەمە بڵاوکراوەکانی ئامادەکار

١. بزوتنەوەی گەلانی ناعەرەب(شعوبیەت) لەئیسلامدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٤، بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی سلێمانی.

٢. مێژووی پێکهاتن و پەرەسەندنی بیری تۆرانیزم، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٨، بڵاوکراوەکانی پرۆژەی کتێبی گۆڤاری(کۆچ).

٣. موقەدەس و کولتور، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٨، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٤. گوتاری ئیسلامی و گرفتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی، لێکۆڵینەوە و وتوێژ، ٢٠٠٩، بڵاوکراوەکانی خانەی ڕەهەند.

٥. ئازادی ڕادەربڕین لەنێوان ئاین و ئازادیدا، لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٩، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی سایە، سلێمانی.

٦. دەربارەی زانستی مێژوو، فەلسەفەی مێژوو، نوسین و ئامادەکردن و وەرگێڕان، ٢٠٠٩، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕێنما، سلێمانی.

٧. عوسمانییەکان، چاپی یەکەم و دووەم، ٢٠٠٨و٢٠٠٩، وەرگێڕان، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی ڕێنما، سلێمانی.

٨. سیستمی پەروەردەیی لەوڵاتانی ئەسکەندەناڤیا، سوید، نەرویژ، دانیمارك، وەرگێڕان، ٢٠٠٩، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی سایە، سلێمانی.

٩. چەردەیەك لەکولتوری دیموکراسیی ئەمریکا، وەرگێڕان بەهاوبەشی لەگەڵ(حەسەن حسێن)، ٢٠٠٩، بڵاوکراوەکانی(٦٠)کتێب دەربارەی پێکهاتە فیکرییەکانی دیموکراسی.

١٠. دەربارەی ئەمریکا، دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرنجو راڤەرکاریی، وەرگێڕان بەهاوبەشی لەگەڵ(حەسەن حسێن)، ٢٠١٠، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
١١. ژیانی سیاسیی لەباشووری کوردستان(١٩٧٥–١٩٩١)، رەوتی سۆسیالیستیو دروستبونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان وەك نموونە(تێزی ماستەرنامە)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١١.
١٢. لەبارەی رۆژهەڵاتناسییەوە، ئامادەکردن، پەرۆژەی کتێبی گۆڤاری(کۆچ).

ئەو بەرهەمانەی لەژێر چاپدان:

– کوردان لەژێر داگیرکاریی فەرەنسا، لاپەڕەیەك لەمێژوی روژئاوای کوردستان، وەرگێڕان.
– تراژیدیای کورد لەسوریا، وەرگێڕان.
– لەبارەی کوردناسییەوە، ئامادەکردن.
– جوڵانەوەی کورد لەبەڵگەنامەکانی فەرەنسا، وەرگێڕان بەهاوبەشی لەگەڵ(حەسەن حسێن).

ناوەرۆك

- وتەیەکی پێویست ٥
- پێشەکی ٩
- خوێندنگە رۆژهەلاتناسییەکان .....و: سەلام عەبدولکەریم..... ١٣
- ئارکۆنو رەخنەی رۆژهەلاتناسیی ..... و. ئومێد تۆفیق..... ٦٣
- چینەکانی رۆژهەلاتناسان ..... و: سەلام عەبدولکەریم ٨١
- رۆژهەلاتناسیی دەرکەوتنو ئامانجەکانی..... د.نەریمان عەبدوڵڵا ١٠١
- رۆژهەلاتناسیی لەنێوان کۆتایی هاتنی رۆڵو .. ئەرسەلان و. تۆفیق ١١٥
- ئیدوارد سەعید بیرمەندە مەزنەکە ..... یاسین تەها ١٢٥
- لەروبەڕوبوونەوەی رۆژهەلاتناسیدا ..... و: سەلام عەبدولکەریم..... ١٣٣
- مرۆڤی یەك مەودا ..... د. موحسین ئەحمەد عومەر ١٨١
- گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر د. موحسین محەمەد ..... ئا: ئارام عەلی سەعید..... ١٩١
- لە رۆژهەلاتناسییەوە بۆ رۆژئاواناسیی..... زریان حاجی..... ٢٠٩
- رۆژهەلاتناسی ئەمریکی..... د.هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم..... ٢٢٣
- هاوئاهەنگی دەسەلات و مەعریفە لە .....حەبیب محەمەد دەرویش...٢٥٥
- تیشکێك بۆ سەر رۆژهەلاتناسیی سۆڤیەتی لازاریف..... د.هیوا عەزیز سەعید..٢٦٩
- کورتەیەك دەربارەی رۆژهەلاتناسیی ئەڵمانی.....د. سامان حسێن ئەحمەد...٢٨٩